# دیوان

**سەرنووسەر**
**سمکۆ عەبدولکەریم**

گۆڤارێکی مانگانەی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی گشتییە
ناوەندی هەولێری مەکتەبی ڕاگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەریدەکات

**خاوەن ئیمتیاز**
**مەسعودی مەلا هەمزە**

**سەرپەرشتیاری گشتی**
**بێکەس حەمە قادر**

**بەڕێوەبەری نووسین**
**محەمەد گۆران**

ژمارە (١٩) کانوونی یەکەمی ٢٠٢٢ زایینی - بەفرانباری ٢٧٢٢ کوردی


## وا ساڵێکی نوێ هاتەوە

بە پێنانە ساڵی نوێی ٢٠٢٣، گۆڤاری دیوانیش پێدەنێتە ساڵێک و نیوی تەمەنی، لەو ماوەیەشدا، هەوڵماندا ڕاستگۆبین بەرانبەر هەموو ئەو گفتانەی هەر لەسەرەتاوە بە هەموانمان دا، بەتایبەتی گفتی ئەوەی، کە بێ جیاوازیی ئەملا و ئەولا درێژە بەوکاروانە بدەین، کە سەردەمانێک، دڵسۆزانی قەڵەم بەدەست، بێ سەلمینەوە لە تەنگەژە سیاسیی و ئابوورییەکان و سەختییەکانی ژیان، بەردی بناغەی ڕۆژنامەگەریی کوردییان دانا و نەوە دوای نەوە ڕۆژنامە و گۆڤاریان دەرکرد.

ئێمە لە کاتێکدا دەستمان پێکرد، نائومێدی و بێ هیوابوون بە ڕۆژنامە و گۆڤاری کاغەز باڵی بەسەر هزر و تێگەیشتنی زۆربەی هەرەزۆری نووسەر و ئەدیب و ڕۆژنامەنووس و ڕۆشنبیران داکێشابوو، کە ئێستەش ئەو بێ ئومێدی و بێ هیواییە زۆریانی بەرنادوە و پێیانوایە ئەو خۆرە چۆن ئاوابووە، جارێکی دی هەڵنایەتەوە، بەڵام لەم ساڵ و نیوەدا هەست دەکەین، تا ئاستێکی باش توانیومانە ئەو بیروبۆچوونانە بڕەوێنینەوە، هەموو ئەوانەی بەو پێشکەوتنە خێرایەی لە بواری سۆشیال میدیادا هاتووەتە ئارا مەستبوونە، هۆشیار بکەینەوە، بەکردەوە بیسەلمێنین، کە ئێمە ڕاستبووین و ئێوە هەڵە، ڕاستبووین لەوەی کە گوتمان، ئەگەر ئێستەش پشت لە کاغەز بکەن، لە ئایندەدا هەر دەبێت بگەڕێنەوە سەر کاغەز، چونکە ئەوەی دواجار دەمێنێتەوە هەر کاغەزە، دەکرێت ئەم تەکنەلۆژیایە بقۆزرێتەوە و ئەوپەڕی سوودی لێوەربگیرێت، بەڵام ناکرێت پشتی پێببەسترێت.

چونکە ئەگەر ئەوە ڕاست بێت، کە سەردەمی بڵاوکراوەی کاغەز کۆتایی هاتووە، خێرە نووسەران وازیان لە چاپکردنی بەرهەمەکانیان نەهێناوە، لە کاتێکدا دەکرێت لە ڕێگەی کەناڵ و بەرنامە بەرفراوان و جۆراوجۆرەکانی تۆڕی ئینتەرنێت، هەموو ئەو بەرهەمانەیان بڵاوبکەنەوە.

لە مێژووی دووردا، کەم نین ئەو شارستانیەتانەی لەنێوچوون و ئاسەوارێکیان نەما و ئەگەر بەڵگە نووسراوەکانی سەر بەرد و کاغەزەکان نەبوونایە، ئێستەش ئێمە هیچمان لە بارەیانەوە نەدەزانی، بۆیە بە دووری مەزانن ڕۆژێک دابێت ئەو شارستانیەت و تەکنەلۆژیایەش هەپروون بە هەپروون بێت و ئاسەوارێکی لێ نەمێنێتەوە.

ئێمە بە تێگەیشتن لەو ڕاستیانە دەستمان پێکرد، هەر بەو تێگەیشتنەوەش بەردەوام دەبین و هەوڵدەدەین لە ساڵی نوێدا بە گوڕ و تینی زیاتر، بەڵام بە پشتیوانی ئێوەی نووسەران و خوێنەران، بەخستنەڕووی ڕەخنە و تێبینی و سەرنجەکانتان، گۆڤاری دیوان ببەینە ئاستێکی باشتر.

سەرنووسەر


هەولێر - شەقامی ١٠٠ مەتری نزیک کۆلێژی دەرمانسازی
govaridiwan@gmail.com
(گۆڤاری دیوان) لەتیلیگرام



تیراژ: ١٠٠٠ دانە
دیزاین: ئاسۆ حەسەن ئەحمەد (٠٧٥٠٤٤٧١٨٢١)
چاپخانەی ڕۆژهەڵات - هەولێر (٠٧٥٠٤٤٩٥٦٥٤ - ٠٧٧٠٤٤٩٥٦٥٤)



هەموو ئەو وتار و بابەتانەی لە گۆڤاری دیوان بڵاودەکرێنەوە، ڕاوبۆچوونی نووسەرەکانیانە

# لەم ژمارەیەدا

* دۆسیە: (حەمەجەزا)
١. باوکم دەیگوت: هەرگیز حەزم نەدەکرد، بەوشێوەیە بمرم / هونەر حەمەجەزا ..... ٤
٢. لەزاری خۆیەوە .. چیرۆک و بەسەرهاتی حەمەجەزا لە شارەوە بۆ شاخ / محەمەد گۆران ..... ٦
٣. حەمەجەزا .. دۆست و خۆشەویستی هەموو گەل / مەحەمەد حەمەباقی ..... ١٤
٤. حەمەجەزا .. وەک هونەرمەندێکی ئەلتەرناتیڤ / رزگار خۆشناو ..... ٢٠
٥. قۆناغەکانی ژیانی هونەریی حەمەجەزا / د. عەبدولواحید ئیدریس ..... ٢٤
٦. حەمە جەزا یەکێکە لە ئەستێرەکانی ناو گۆرانی کوردی / ناسری ڕەزازی ..... ٢٨
٧. بۆ یەکەم جار لە هەولێر من گۆرانیم بە حەمەجەزا گوت / شێرزاد سەرسپی ..... ٣٠
٨. حەمەجەزا هەڵقوڵاوی ژان و ئازاری میللەت و دەنگی شاخ و ناخە / مەجید خۆشناو ..... ٣١
٩. یەکەم ئاهەنگی حەمەجەزا لە هەولێر، لەدوای ڕاپەڕین / وریا ئەحمەد ..... ٣٢
١٠. حەمەجەزا .. هونەرمەندێک هەمیشە لەبەرەی گەل دابوو / جەمالی دەلاک ..... ٣٥
١١. هەولێرەکەم) شیعری حەمەجەزا بە دەستنووسی خۆی ..... ٤٠

* مێژوو:
١. یەکێتیی خوێندکارانی کوردستان (١٩٧٦ – ١٩٨٦) / د. ئەحمەد حەمەدئەمین ..... ٤٢

* ئەدەب:
١. تەڵعەت تاهیر، لەبەر ئاوازێک نایەوێت ببێتە گۆرانی / بۆتان جەلال ..... ٥٤
٢. ئەنفال .. یان / د. ئازاد هیدایەت دەلۆ ..... ٥٧
٣. بەیازی ئازار / داستان بەرزان ..... ٥٩

* ڕۆشنبیریی گشتیی:
١. کاریگەریی کەسایەتییە بەڕەگەز کوردەکان لەسەر کۆمەڵگەی عەرەبیی هاوچەرخ / موعتەسەم ساڵەیی ..... ٦٤
٢. هەولێری جاران .. روانگەی فەلسەفە، سۆسۆلۆژیا، رۆشنبیریی / رەنگین عەبدوڵڵا ..... ٧١
٣. ترسان لە مردن (بەشی دووەم و کۆتایی) ڤ / د. زەکەریا ئیبراهیم – و: سەرتیپ ئاغا واحد بەگ ..... ٧٣

* دیدار:
١. دیداری دکتۆر فەرەنگیس قادری ..... ٨٠

* هونەر:
١. شانۆی کوردیی لە هەولێر بەرەو کوێ؟ / حەمەسوار عەزیز ..... ٩٠
٢. سروودی ئەی ڕەقیب لە تای تەرازوودا / ئەسعەد قەرەداخی – سوێد (بەشی ٣) ..... ٩٦

* خوێندنەوەی کتێب:
١. پ.د. موحسین محەمەد حوسێن.. بێ ترس و دوور لەسۆز مێژوو دەنووسێتەوە / هۆشەنگ شێخ محەمەد ..... ١٠٢
٢. کردنەوەی دەقەکان ..... ١٠٨

* لەبری بیرەوەری:
١. شەو لەکێوان (بەشی١٣) / د. ئەرسەلان بایز ..... ١١٠
٢. لە گەشتی وڵاتی میسر، فیلمی میسریم بینی!/ ڕەوەست نەوزارد ..... ١١٦
٣. ئەوەی دەیبینی .. وەکو ئەوە نییە، کە دەیبیستی/ عەلی ئەڵوەنی ..... ١٢٣

* وێستگەی دیوان:
١. (١) پرسیار (شەفیقی حاجی خدر) ..... ١٢٦
٢. گۆشەی دیوان.. شەقامی (النصر) لە هەولێر ..... ١٣٣
٣. یەکەم بابەت (غریب پشدەری) ..... ١٣٥
٤. نازناوی بەدرخان / حەمید بەدرخان ..... ١٣٦
٥. بەختیار مستەفا، ئەو هونەرمەندەی لەسەر هونەر باوکی لە ماڵ دەریکرد/ سالار کۆشار ..... ١٣٧
٦. مێژووی بەشی زمانی کوردی ئەو قوتابیانەی (خوێندنی باڵا)یان تەواو کردووە/ د. شوان سلیمان یابە ..... ١٣٩
٧. ساڵۆنی لاپەڕە (٩) ..... ١٤٣

* لاپەرە ١٤٤:
١–فێستیڤاڵی شانۆ لە ئامەد / عەبدولعەزیز مەجید ..... ١٤٤


# دۆسیە

# حەمە جەزا

## ١٩٤٩/٢/٢ - ٢٠١٠/١٠/١

لە ژیانی وەرزشییەوە بۆ دونیای هونەر و گۆرانی، لە کەسابەت و کاری ئازادەوە بۆ فەرمانبەری میری، لە شاری سلێمانییەوە بۆ هەولێر و گیرسانەوە لەوێ، کە وەک خۆی دەڵێت: لە هەولێر هێندە ڕێزی لێگیراوە، دوودڵ بووە لەوەی خۆی بە هەولێری نەزانێت.

تێکەڵبوون بە کاری سیاسیی و دەستگیرکردن و ئەشکەنجەدان و ڕاگرتنی لە ئەمنی عامەی بەغدا و ئەمنی کەرکوک و سلێمانی و هەولێر، دواجار چوونە شاخ و گیرسانەوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەوێشەوە بۆ وڵاتی دانیمارک لە مەنفا.



## باوکم دەیگوت:

# هەرگیز حەزم نەدەکرد، بەوشێوەیە بمرم



**هونەر حەمەجەزا**

(١)

سەردەمی منداڵیم ئەوکاتە بوو، کەماڵمان لە هەولێر بوو، باوکم لە ترۆپکی کاری هونەرییدا بوو، ئەگەرچی ئەوکات ئێمە هەر وەکو باوکێک دەمانبینی، بەڵام هەستمان دەکرد باوکم کارێک دەکات لە کاری باوکەکانی دیکە جیاوازترە، ئەوە ئەوکاتە بوو، کە باوکم فێری ئەو سروودەی دەکردین، کە ئێستەش لە بیرم نەکردووە:

***ئێمە ڕۆڵەی حەمەجەزاین***
***بەو ڕێگایەی ڕاستی شارەزاین***
***بۆ ڕزگاربوونی کوردسان***
***خوێنمان دەڕێژین تا نەمان***
***هەرچەندە منداڵی وردین***
***بەڵام وەکو باوکمان کوردین***

باوکم هەرکاتێک بیویستبا بمانلاوێنێ و دڵمان خۆش بکات، ئەم جۆرە سروودانەی بۆ دەگوتین و فێری دەکردین، کە گەورەش بووین، پتر لەهەرشتێکی دیکە، زیاتر ئەو یادەوەرییە جوانانەی، کە حەمەجەزا لەدڵی ئێمەدا دروستی کردبوو، لامان ببوونە یادەوری.

(٢)

لە ڕاستیدا باوکم، باوکێکی میهرەبان بوو، باوکێکی شیرین زمان بوو، باوکێک بوو، بە مانای باوک، هەرچەندە زۆرجار پێی دەگوتین، باوک نابێت زۆر ناز بداتە منداڵەکانی، بەشێوەیەک منداڵەکە هۆگری باوکی بێت، چونکە ئێمە شۆڕش و شەهیدبوونمان لە ڕێیە، ڕەنگە منداڵەکانمان نەبینینەوە، بۆیە باوک نابێت زۆر هۆگری منداڵەکەی بێت، یان منداڵەکە زۆر هۆگری باوکی بێت، بۆ ئەوەی دوای ڕۆیشتنیان ، یان جیابوونەوەیان لە یەکدی، خەم و خەفەتێکی زۆر بۆ یەکدی نەخۆن، باوکم بەردەوام وابیری دەکردەوە، بەڵام کە ڕۆیشت و بەجێی هێشتین ئەژنۆی هەموومانی شکاند، داخێکی کردە دڵمان هەتا هەتیایە، بەو ئازارە بتلێنەوە، هەروەها باوکم وابیری دەکردەوە، کە دەبێت لەگەڵ منداڵەکانی هەمیشە هاوڕێ و دۆست بێت، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئێمە زۆر هۆگری یەک بووین.

(٣)

زۆرجار کە لەگەڵ دایکم دادەنیشین باسی یاد و یادگارییەکانی باوکمان بۆ دەگێڕێتەوە، بەتایبەتی ئەوسەردەمەی، کە ئێمە هێشتە لە دایک نەبووبووین، هەرخۆیان بوون، دوو گەنجی جوان، یان ئەو سەردەمەی بەیەکەوە لەشاخ بوونە، چونکە سەردەمانێک دایکم و باوکم بە یەکەوە پێشمەرگە بوون، ئێمەش لە شار لە ماڵی نەنکمان بووین، باسی ئەوەی دەکرد، کە چەندە یەکدییان خۆشەویستوە و هۆگری یەکدی بوونە، بۆیە ئەگەر بەو یادگاریانەدا بچین قەت تەواو نابن، کە هەندێکیان خۆش و هەندێکیشیان ناخۆش بوون.

(٤)

دکتۆر باسی ئەوەی دەکرد، کە کار لەکار ترازاوە، بەڵام باوکم زووتر درکی بەوە کردبوو، ئەگەرچی لە ڕووخساریدا هەرگیز ئەوەمان بەدی نەکرد، هیچ جارێکیش ئەوەی بەسەر زاردا نەهات، بەڵام بە هۆنراوەکانییەوە دیاربوو، هۆنراوەکانی شاهیدی حاڵن، کە بۆخۆی نووسیبوون (لە قەترەیەک خوێنی ماخۆلان، لە خۆڕاگریی) لەگەڵ ئەوەش دڵی زۆر بە ژیان خۆش بوو، هیوای بەوەهەبوو، کە مرۆڤ دەبێت بژیت، بەڵام تاکە شتێک، کە زۆر پێیناخۆش بوو، ئەوەبوو باوکم دەیگوت هەرگیز حەزم نەدەکرد، بەوشێوەیە بمرم، ئەوەی

> **باوکم هەمیشە دەیگوت: لە هەولێر هێندە ڕێزم لێگیراوە، دوودڵم لەوەی، کە هەولێریی نەبم**

تەمەنام دەکرد شەهیدبوون بوو، حەزم دەکرد لە پێناو خاک و نیشتماندا شەهید بوومایە، نەک بە نەخۆشیی سەر جێگا بڕۆیشتمایە.

(٥)


لە ڕاستییدا باوکم بەزۆربەی گۆرانییەکانی خۆی سەرسام بوو، بەتایبەتی ئەوانەی خۆی نووسیبوونی و هۆنراوەکانی هی خۆی بوون، وەکو گۆرانی (مەڕۆ مەڕۆ، هۆکاکی پێشمەرگە) بەراستی من زۆر سەرسام بووم بە باوکم، کە هەموو هۆنراوەکانی خۆی و شاعیرانی دیکەش، کە کردبوونی بە گۆرانی، هەمووی لەبەربوون، بەبێ ئەوەی بگەڕێتەوە سەر دەقی نووسراو، تەنیا بەم دوایانە نەبێت، بەهۆی تەمەنەوە و بۆ دڵنیابوونەوە دەینووسینەوە، بۆ ئەوەی هەڵەیەک لە گوتنەوەی تێکستەکەدا نەکات. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، گۆرانییەک، کە هی خۆی نەبوو بێت و بەردەوام لەبەر خۆی گوتبێتییەوە گۆرانی (فاتمۆکی) حەسەن زیرەک بوو. زۆر حەزی لەو گۆرانییە بوو، زۆرجار کە دەیگوتەوە بەدڵ دەیگوت.

(٦)

وەسیەتی باوکم بۆ ئێمە ئەوەبوو، دەیگوت تا ئێستە، کە ئێوەم گەورە کردووە، تاکە شتێک، کە لە ئێوەی داواکارم، ئەوەیە شەرف و نامووس و خاک و نیشتمان بپارێزن، ڕۆژێک لە ڕۆژان بۆ هەر شتێک بێت بیر لەوە نەکەنەوە خیانەت لە خاک و نیشتمان بکەن، بۆیە گەورەترین سەروەت و سامانی باوکم، کە بۆ ئێمەی جێهێشتبێت ئەوەبوو، کە کەسێکی خۆڕاگر و بە ئەمەک و بە وەفا بوو بۆ خاک و نیشتمان، ئێمەش بە هەموو توانایەکمانەوە، هەوڵ دەدەین بە هەمان شێوە بین.

(٧)

دوابەرهەمی باوکم، ئەو بەرهەمە بوو، کە بۆ پێشمەرگە گوترا، دواجاریش تەواوبوو، بڵاومان کردەوە، بەڵام لە بەشێکی دیمەنەکەدا، کە دەبوایە خۆی ڕۆڵەکە ببینێت، من ڕۆڵەکەم بینی، کە تەواوکەری بەرهەمەکە بوو. من و باوکیشم پڕۆژەیەکمان لەبەردەست بوو، کە زۆر دڵم پێی خۆش بوو، بە داخەوە نەکرا، بەرهەمەکەش وەڵامدانەوەی (مەڕۆ مەڕۆ) بوو، وەک هەست و سۆزی باوکێک بۆ منداڵەکەی، بڕیاریش بوو کارەکە بەشێوەی کلیپ لە ئاستێکی باڵادا بکرێت، هەموو ئامادەکارییەکمان تەواو کردبوو، بەداخەوە مەرگ مەودای نەدا.



(٨)

باوکم جیاوازی لەنێوان هیچ شار و شارۆچکەیەکدا نەدەکرد، کوردایەتییەکەی هێندە گەورە و پتەو بوو، لەهەر شوێنێک بووایە، وەکو کوردێک خۆی دەبینی، نەک سەر بەو شار، یان ئەو لایەن و ئەو حزب، ئەو هەمیشە دەیگوت من موڵکی میللەتم.

حەمەجەزا خۆشەویستییەکی لە ڕادەبەدەر و دۆستایەتییەکی زۆری لە گەڵ کەسایەتییەکانی هەولێر هەبوو، ئێستەش کە دەگەڕێنیەوە کوردستان، دەبێت سەردانی هەولێر بکەین و سەر لەو دۆست و خزم و ناسیاوانە بدەین، کە دۆستی باوکم بوون، بەدڵخۆشییەوە ئەوانیش سەریان لێ نەبڕیووین، ئەوەش هەمووی بۆ جوانی حەمەجەزا و ئەو ڕێز و خۆشەویستییەی خەڵکی هەولێرە، کە بۆ حەمەجەزایان هەبوو دەگەڕێتەوە.


باوکم هەمیشە دەیگوت لە هەولێر هێندە ڕێزم لێگیراوە، دوودڵم لەوەی، کە هەولێریی نەبم، هەر هەولێرییەکیش، کە حەمە جەزای بینیبێت هەر بەو چاو و بۆن بەرامەوە حەمەجەزای خۆش ویستووە و تا ئێستەش ئەو خۆشەویستییەی هەر ماوە، لە بەرانبەریشدا باوکم خۆشەویستییەکی گەورە و گرانی بۆ هەولێر هەبوو.

*** ئەم بابەتە لە چوارچێوەی وەڵام و پرسیاردا لە لایەن سەرنووسەرەوە ئامادەکراوە**

"گۆرانییەک، کە هی خۆی نەبووبێت و بەردەوام لەبەر خۆی گوتبێتییەوە گۆرانی (فاتمۆکی) حەسەن زیرەک بوو"



خانەوادەی حەمەجەزا



## لەزاری خۆیەوە

# چیرۆک و بەسەرهاتی حەمەجەزا لە شارەوە بۆ شاخ

ئامادەکردنی: محەمەد گۆران

پێشمەرگە و گەورە هونەرمەندی گەل و نیشتمان (حەمەجەزا کوڕی حاجی عەلی بەگ)ە، بەبنەماڵەیەکی کوردپەروەر و نیشتمانپەروەر ناسراون، لەبنچینەدا لە خۆرهەڵاتی کوردستانەوە هاتوونەتە شاری سلێمانی، حەمەجەزا لەسلێمانی لەدایکبووە. باوکی حەمەجەزا (حاجی عەلی بەگ) دوو ژنی هێناوە، یەکەمیان ناوی (فاتیمە) بووە و کوڕ و کچێکی لێ هەبووە بەناوکانی (خەدیجە و کەریم) ژنی دووەمیان ناوی (ئامینە) بووە، کە دەکاتە دایکی حەمەجەزا.

پێش ئەوەی حەمەجەزا لەدایک ببێت، دایکی سێ کچی هەبووە (نەزیرە و نەسرین و حەلاو) دوای سێ خوشک ئینجا (محەمەد) لەدایکبووە و نازناوەکەیشی بووە بە (جەزا) و ناوەکەی بەسەریەکەوە بووەتە (حەمەجەزا) کە بەبڕوای باوکی، خودا دوای سێ کچ ئینجا کوڕێکی پێ بەخشیوە و جەزای داوەتەوە، بۆیە ناوەکەی کردووە بە حەمەجەزا، دواتر دوو کچی دیکەشیان بەناوەکانی (مریەم و نازەنین) بووە. حەمەجەزا جگە لەم پێنج خوشکەی، چوار براشی هەبووە (قادر، بەکر، عومەر، عەتا) کە لە تەمەن هەموویان لەو بچووکترن


حەمەجەزا ساڵی ١٩٤٩ لەشاری سلێمانی لەگەڕەکی (حەوشی گەورە) کە ئەو سەردەم پێیاندەوت (بازاڕە بچکۆڵە) یان (حەوشە بچکۆڵە) کە سنوورەکەی نزیکی مزگەوتی گەورەی سلێمانی بووە، هاتووەتە دونیاوە. دوای ئەوە لەساڵی ١٩٥٢ باوکی لەپشت باغی گشتی خانووێکی تازە دروست دەکات.

لێرە بەدواوە ماجەرای ژیانی حەمەجەزا هەر لەکاتی لەدایکبوونییەوە، تاوەکو چوونی بۆ قوتابخانە و ژیانی پڕ لەهەوراز و نشێوی هەرزەکاری، ژیانی وەرزشی، دروستکردنی ژیانی هاوسەری و کەسابەت، گیرسانەوەی لەهەولێر و تێکەڵاوی بەدونیای هونەر و سیاسەت، تا ئەوکاتەی بەهۆی فشاری زۆری دەزگا ئەمنییەکانی ڕژێمی بەعس، هەولێر بەرەو شاخ جێدەهێڵێت، هەمووی لەسەر زاری خۆی دەگێڕینەوە:

### بڕوانامەی شەشی سەرەتایی

ساڵی ١٩٦٠ بڕوانامەی پۆلی شەشەمی سەرەتایم وەرگرت و زۆر دڵم بەبڕوانامەکە خۆشبوو، وامدەزانی سەرکەوتنێکی زۆر گەورەم بەدەست هێناوە. بەتایبەتی ئەو ڕۆژە هەستم دەکرد باوکم لەمن زیاتر دڵخۆش و سەرفرازە بەبڕوانامەی من و خەڵاتیشی کردم.

هەر ئەو ساڵە هەستی کوردایەتی وردەوردە




تێکەڵ بەگیان و ژیانی من دەبوو، ڕۆژ بەڕۆژ ئەو هەستە لەزیادبووندا بوو، ئەوەبوو دوای چەند مانگێک لەدوای ئەو هەست و سۆزەی من بۆ کاری سیاسیی و کوردایەتی، شۆڕشی ئەیلوول لەساڵی ١٩٦١ دەستیپێکرد. منیش لەسەرەتای بەرپابوونی شۆڕش وەکو خوێندکارێکی کوردپەروەر هەمیشە چاودێری بەسەرهات و ڕووداوەکانی شۆڕش و خەباتی کوردایەتی بووم، لەگەڵ هاوڕێکانمدا ڕووداوەکانی شۆڕشمان تاوتوێ دەکرد. من ئەوکاتە هیچم لەدەست نەدەهات، تەنیا خەریکی ئەوە بووم ئەو پارە و پولەی کە لە ڕۆژانەکەی خۆم کۆم دەکردەوە، کتێبێکی مێژوویی، یاخود دیوانێکی شیعری کوردی پێبکڕم و بیخوێنمەوە، بۆ ئەوەی زیاتر خۆم پەروەردە و بەهێز و بەتوانا بکەم، بۆ ئەوەی بچمە گۆڕەپانی تێکۆشان و ڕۆڵی خۆم هەبێت.

**دامەزراندنی تیپی تۆپی پێ**

ساڵی ١٩٦١ تیپێکی تۆپی پێم دامەزراند، دوای گەشەپێدانی ساڵی ١٩٦٤ ناومانناا تیپی پێی (بلەکیان) شاری سلێمانی چەندین تیپی تۆپی پێی هەبوو، لەوانە تیپی (شەهید کەمال سەلیم) و تیپی (شەهید یاسین) و تیپی (ئاسۆ) و تیپی (پیرەمەگروون) ساڵی ١٩٦١ تیپی تۆپی پێ و خۆم درووستکرد و هەرخۆشم سەرۆکی تیپەکە بووم. ئەو کۆمەڵە گەنجەی، کە تیپەکەی ئێمەی لێ پێکهاتبوو، دوای ئەوەی گەشەمان بەتیپەکەدا و بڕیارماندا ناوی تیپەکەی خۆمان بنێین (بلەکیان) کە ئەو ناوە گوزارشت لەناوچەیەکی گەشتیاری زۆرخۆش و جوانی سروشت دەکات و دەکەوێتە سنووری پێنجوێن و ناسراوە بە بلەکیان.

یاریزانانی تیپەکە: فائق عومەر تۆفیق، فەریق عومەر تۆفیق، مەحموودی حاجی حوسێن، کە ناسرابوو بە (خولەی حەسکەلوش) حەمەی ئەحەی قۆپچە، کە خوشکەزام بوو، عەلە ڕەش، ڕزگار محەمەد، (قادر)ی برام وەک گۆڵچی، نەوزاد مەحموودی دارتاش، ئازاد مەحموودی دارتاش. ئەم تیپە بەڕاستی ڕۆڵی باشی هەبوو لەیاریکردن و تایبەتمەندی لەبواری تیپی تۆپی پێ لەشاری سلێمانی، بەتایبەتی لەگەڕەکی خۆمان کە گەڕەکی (کانێسکان) بوو.

ساڵی ١٩٦٤ (کەریم)ی برام کۆچی دوایی کرد، کۆچی ئەو زۆر کاریگەری هەبوو لەسەر من، چونکە (کەریم) پەیوەندییەکی گیانی لەگەڵ مندا هەبوو، بێجگە لەوەی برا بووین، زۆر یەکدیشمان خۆشدەویست، ئەوەبوو کۆچی ئەو بووە هۆی ئەوەی بۆ ماوەیەکی زۆر واز لەیاریکردن بهێنم. دەستم لەیاریکردن و ڕاهێنان کێشایەوە و بەهۆی منەوە تیپەکە هەڵوەشایەوە.




**مەنع تەجەولەکەی سلێمانی**


ساڵی ١٩٦٣ زەعیم سەدیق (مەنع تجول)ی لەشاری سلێمانی ڕاگەیاند. ئەو ڕۆژە (کەریم)ی جوانەمەرگی برام زۆر نەخۆشبوو، من زۆر نیگەران و سەرقاڵی ئەو بووم و خەمی ئەو دایگرتبووم، دەترسام بەم نەخۆشییە دەسگیری بکەن، چونکە حکوومەت ماڵ بەماڵ دەگەڕا و هەر پیاوێک تەمەنی لە ١٧ ساڵ زیاتر بووایە دەسگیری دەکرد و ڕاپێچی سەربازگەی سلێمانی دەکرا. بەگوێرەی مەزندەی ئەوکاتە زیاتر لە ١٠ هەزار کەس دەسگیرکران، کە لە هەموو سلێمانی جێگای ٦٠٠ کەس هەبوو وەکو گرتووخانە.

دوای سێ مانگ باوکم ئازادکرا. باوکم یەکێک بوو لەپیاوە هەرە دەوڵەمەندەکانی شاری سلێمانی، کاتێک بەربوو هەستیکرد خەڵک برسییە، چونکە خەڵکەکە دەچوون لە لادێیەکان کەپەکیان کۆدەکردەوە، کە لەبنەڕەتدا بۆ ئاژەڵ ئامادە دەکرا، ئەو کەپەکەیان دەکردە نان و دەیانخوارد. باوکم فەرمانیدا کە دەرگای عەمبارەکەی واڵا بکرێت و ئارد بەیەکسانی بەسەر خەڵکی سلێمانی دابەش بکرێت، دەوڵەمەندەکانی سلێمانیشی هاندا و دەیگوت: «ئیمڕۆ ڕۆژی هیمەتە، ڕۆژی پیاوەتییە،

> “ باوکم یەکێک بوو لە پیاوە هەرە دەوڵەمەندەکانی شاری سلێمانی ”



حەمەجەزا لەگەڵ کۆسرەت ڕەسووڵ



دەستی یارمەتی بۆ هەژاران درێژ بکەن» هەروەها دەیگوت: «ئیمڕۆ ڕۆژی بەهانا هاتن و دڵسۆزی نواندنە، با میللەتەکەمان لەبرسانا نەمرێت و هاواری دەکرد خەڵکی بەشەرەف وەرن، ئەوەی من هەمە لەعەمبار و دوکانەکانم، بیبەن» هەموو ماڵێک بیست کیلۆ ئاردی پێ دەدا، بێ ئەوەی هیچ کەسێک بێبەش و نائومێد بێت.

لەوکاتەوە، ئەو سەروەریی و پیاوەتییەی باوکم بوو بەسەرمایەکی زۆرگەورە بۆ من و بنەماڵەکەمان، من هەر لەوکاتەوە بڕیاری ئەوەم دا، کە ڕێبازی باوکم بەرنەدەم و هەمیشە ئەوەندەی لەتوانامدا بێت خزمەتگوزاری ئەو خەڵکە بم، ئەوەی کە من پێم بکرێت دەیکەم لەڕووی خزمەت و پیاوەتی، بەڵام ئەوەی کە فێری بوومە، لەباوکم فێر بوومە. شانازی بەو باوکە دڵسۆزەی خۆمەوە دەکەم و بەڵێنم داوە کە ڕێبازی ئەو بەرنەدەم و درێغی نەکەم لە خۆشەویستی کوردستان و کوردایەتی و خزمەتکاری خەڵک و نیشتمانەکەم بم.

**ژیانی هاوسەریی و کاسبیکردن**

ساڵی ١٩٦٧ لەگەڕەکی خۆمان، هاوسەرێکم بۆ خۆم دەستنیشانکرد، لەنێوان هەموو کچانی گەڕەک هەڵمبژارد و زۆر حەزم دەکرد ببێت بەهاوسەرم و تاکو مردن بەشداری ژیانم بێت، چونکە بەڕاستی لەکانگای دڵمەوە ئەو کچەم خۆشدەویست و حەزم دەکرد ببێت بەهاوسەرم. خۆشبەختانە باوکم بڕیاری ئەوەیدا، کە بۆم داوا بکات و هەرواشی کرد، بۆمی داخوازی کرد و ماڵی کچەکەش بەخۆشحاڵییەوە ڕازی بوون.


دەمەوێت ئەوەش بڵێم: تاکو ڕۆژی گواستنەوە تەنانەت بەیەک وشەش قسەم لەگەڵ ئەو کچە نەکرد، تەنیا لەدوورەوە جاروبار دەمبینی و دواتر بەدیداری خۆشەویستەکەم شادبووم و ژوورێک و هەیوانێکیان بۆ ئێمە تەرخان کرد. ساڵێک دواتر ١٩٦٨ کوڕێکمان بوو باوکم ناوی نا (تەها) کە باوکم ئەو ناوەی لێنا زۆرم پێ ناخۆشبوو، بەڵام هیچ ڕێگە چارەیەکم نەبوو لەئاست بڕیاری باوکم، چونکە باوکم کابرایەکی خواپەرست بوو.

ساڵی ١٩٦٨ ماوەی ساڵێک بوو ژیانی هاوسەریم پێکهێنابوو، منداڵێکیشمان هەبوو، پێمخۆشبوو، کە خۆم کاسبی بکەم و سەربەست بم، داوام لەباوکم کرد یارمەتیم بدات، تابتوانم کاسبی بکەم. لەگەڕەکی (کانێسکان) نزیک دەروازەی

"

**ساڵی ١٩٨١ لە فەرمانگەی ڕۆشنبیری بانگ کرام و پێیان ڕاگەیاندم دەبێت گۆرانی لەسەر (قادسیەی سەدام) بڵێم، بەڵام ڕەتم کردەوە**

"



خوالێخۆشبوو میرزا کەریم، عەبدوڵڵا عوسمان، حەمەجەزا - بانە ١٩٧٤

سەربازی (باب نیزام) چایخانەیەکی گەورە کە هەمیشە قەرەباڵغ بوو، دەیانفرۆشت (محەمەد حاجی سابیر قلیش) گوتی پێم باشە ئەم چایخانە بکڕینەوە و کاری لەسەر بکەین. گوتی چایخانەکە زۆرباشە و دەرامەتەکەیشی بەشی هەردووکمان دەکات، ڕێککەوتین بە ٤٠٠ دینار، کە هەریەکە ٢٠٠ دینار بدەین و بیکڕین. منیش ئەو بیرۆکەم بە باوکم ڕاگەیاند و ٢٠٠ دیناری دامێ. چایخانە بوو بەهی ئێمە و شاگردێکمان بەناوی (تەها) بۆ گرت و کاروباری چایخانەکەی بەڕێوە دەبرد. ئەوکاتە هەرچی سەرباز و ئەفسەری سەربازگەکە هەبوو لەو چایخانە دادەنیشتن، چونکە سەرەڕێگەی پەیمانگەی سلێمانی بوو، جاریوا هەبوو جێگە نەبوو لێی دانیشن. زۆربەی قوتابییەکان لەبەردەمی چایخانەکەوە تێپەڕ دەبوون، لەئەنجامی توانج لێدانی سەربازەکان شکایەت کرا و قەدەغەکرا، کە هیچ سەربازێک لەچایخانەکە دابنیشێت، بەمجۆرە وردەوردە چایخانە بەرەو کزی ڕۆیشت، لەباتی قازانج هەر زەرەرمان دەکرد.

دیاربوو ڕسقی من سواربوو، دەستم بۆ هەر کارێک دەبرد زەرەرم دەکرد. پاش ئەوە بووم بەپێشمەرگە و چەکم لەشان کرد. دوای خوێندنەوەی بەیانی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠

لەپێشمەرگایەتی گەڕامەوە و بەبێ ئیشوکار لەماڵەوە دانیشتم. ناچار دەگەڕام بەشوێن ئیش و کارێکدا، کە بژێوی ژیانی خۆم و ماڵ و منداڵی پێ بەسەر بەرم (کارگەی شەکری سلێمانی) تازە خەریکبوو دروست دەکرا، لەڕێگەی دۆست و برادەران، لەنێو کارگە دوکانێکی جگەرخانەم بۆ کرێکارەکانی نێو کارگەکە دانا، دوای ئەوە هەستمکرد ئیشەکەم لەکزبوون دایە و خەریکە قازانجی نامێنێت، دوکانەکەم کرد بەدوکانی کفتە فرۆشتن، ماوەی دوومانگێک کفتەم دەبرد و لەدوکان دەمفرۆشت، ئیشوکارم زۆرباش بوو، پارەیەکی باشم کۆکردەوە. دوای ئەوە لەبێبەختی و بێشانسی من، چێشتخانەیەکی گەورە لەناو کارگەکە کرایەوە، بەناچاری کۆتایم بەو ئیشەش هێنا و بێ ئیش مامەوە.

### بەرەو شاری هەولێر

ساڵی ١٩٧٠ وازم لەپێشمەرگایەتی هێنابوو، فیراری سەربازیش بووم. بەناسنامەی تەزویر ڕۆژگارم دەبردە سەر، دەفتەر نفووسی (قادر)ی برام کە لەدایکبووی ١٩٥٥ بوو، هەڵدەگرت. وێنەکەی ئەوم لێ کردبۆوە و وێنەی خۆم لەشوێنی وێنەکەی ئەو چەسپ کردبوو و پێی دەسووڕامەوە. ڕۆژێکیان سەردانێکی خێزانیمان کرد بۆ شاری هەولێر و میوانی (مەحموود محەمەد ڕەسوڵ- مامە خولە) بووین کە ئاوەڵزاوام بوو و بەسیفەتی (کهرەبائی) گواسترابۆوە سەربازگەی هەولێر.


چەند ڕۆژێک لەهەولێر ماینەوە، ڕۆژێکیان لەگەڵ (مامە خولە) و (لەتیف شاکر) و (حەمەی میرزا سەعید) چووین بۆ لای (محەمەدی مەلا سەعید) کە لەکۆمپانیای بەڵێندەر لەبەغدا (مساح) بوو، هاتبووە هەولێر بۆ دروستکردنی کۆمپانیای پەلەوەری هەولێر (دواجنی هەولێر) لەمیانەی قسەکردن و هەواڵپرسین، کاک محەمەد مەلا سەعید ڕووی پرسیاری لەمن کرد و گوتی چی دەکەی لەهەولێر؟ منیش گوتم کاک حەمە گیان لەسەربازی ڕام کردووە، هیچ ئیشوکارێکم نییە و لەگەڵ مەحموودی ئاوەڵزاوام بەنیازی سەردان هاتووم بۆ ئێرە. گوتی من پێم باشە مادام بێ ئیشوکار بیت، لێرە بمێنەوە و ئێمە کەسوکاری یەکین، من وادەکەم لەکۆمپانیای بەڵێندەر وەک (عامل مساح) دابمەزرێیت.

منیش زۆرم پێخۆشبوو، کە دەکەومە سەر ئیشوکار، بۆ بەیانی لەگەڵ ئەودا چووم بۆ شەریکەی مقاوەلات، ئەوکاتە (سلێمان جەبار ئەسعەدی) ئەندازیاری سەرپەرشتیار و لێپرسراوی شەریکەکە بوو، خۆشبەختانە هەر ئەو ڕۆژە بە (عامل مساح) مانگی بە ١٨ دینار دامەزرام. سەری مانگ، کە مووچەم وەرگرت یەکسەر چوومەوە بۆ سلێمانی و بە یەکجاری ماڵم گواستەوە بۆ هەولێر و لەگەڕەکی تەیراوە لەنزیک مزگەوتی (کوێتی) خانوویێکم بەکرێ گرت و جێگیربووم، بەڵام بەداخەوە ئەو ئیشەم تەنیا سێ مانگ بوو، سێ مانگ لەگەڵ کاک محەمەد بووم، پاشان لەگەڵ (سەید تەها ڕەشوانی) کە ئەویش هەر (مساح) بوو، ئیشم کرد. ئەویش گواسترابووەوە هەولێر، ئەوەبوو هەر لەو کاتەدا دەستکرا بەدروستکردنی (کارگەی جگەرەی هەولێر) کاک سەید تەها تەکلیفی لە محەمەد سەعید کردبوو، کە دەبێت حەمەجەزا بنێرێت بۆ لای ئەو، دیاربوو سەید تەها ڕەشوانی زۆر سەرسام بوو بەهەڵسوکەوت و دەنگی من، ئەوەبوو بۆ ئیشکردن چوومە لای ئەو.


### ساڵیادی پارتە کارتۆنییەکە!

دوای کۆتایی هێنان بەمفاوەزاتی ساڵی ١٩٧٠ حکوومەتی عێراقی پاشگەزبۆوە لەبەڵێنەکانی خۆیی و چەندین پیلانی گڵاوی بەرانبەر بەمیللەتی کورد و سەرکردەکان ئەنجامدا. بۆیە سەرکردایەتی کورد سەرلەنوێ بانگی درێژەدان بەشۆڕشی چەکداری ڕاگەیاند، ئەوەبوو گڕی شۆڕش لەساڵی ١٩٧٤ داگیرساوە. منیش یەکێک بووم لەو کەسانەی وەکو پێشمەرگەیەک ڕووم کردە شاخ و دوای هەفتەیەک، ماڵ و منداڵ و خێزانم و (منداڵێکی شیرەخۆرە) هاتن و لە چۆمان گەیشتنە لام، دوای هەرەس و ئاوارەبوون، ساڵی ١٩٧٥ وەکو پێشمەرگەیەکی (شۆڕشی ئەیلوول)ی مەزن، گەڕامەوە شاری هەولێری خۆشەویست و چوومەوە سەر ئیشوکاری خۆم.

لەیادی ٢٩ ساڵەی دامەزراندنی (پارتی دیموکراتی کوردستان) کە لەنێو خەڵک و جەماوەردا بە (پارتە کارتۆنییەکە) ناو دەبرا، مانگی ئابی ١٩٧٥ کە تەنیا پێنج مانگ بوو چەکی شەڕەفم دانابوو، داوەتنامەیەکم لەلایەن (عەزیز عەقراوی) پێگەیشت، بۆ ئەوەی بەگۆرانی گوتن، لەو یادەدا



**“ ڕەشید مۆختار پێی ڕاگەیاندم، کە ئەو پێی باشە هەر ئێستە لەماڵەوە نەمێنم و بچم بەلایەکدا، دیاربوو دەیزانی ئەوجارە بمگرن لەسێدارەم دەدەن، لەبەر ئەوە دە جار زیاتر تەئکیدی کردەوە، کە بڕۆم ”**



> **“ هاتمەوە ژوورەوە و تەلەفۆنم بۆ (کاک کۆسرەت) کرد، کە بەرپرسی یەکەمم بوو لە ڕێکخستن، پێم ڕاگەیاند کە (ڕەشید مۆختار) ئەو قسەی بەمن ڕاگەیاندووە. گوتی (ڕەشید) هەرچی شتێک بڵێت ڕاست دەکات ”**

بەشداری بکەم. کاتێک داوەتنامەکەم وەرگرت قورگم پڕبوو لەگریان، بەڵام ئەو هەلەم قۆستەوە و گوتم دەبێت لەهەولێر شتێک بکەم، یان دەبێت سەری خۆمی تێدا بفەوتێنم، یان دەبێت جەماوەری بەشەرەفی هەولێر و کوردستان تێبگەیێنم، کە من هەر کوڕەکەی جارانم و هەمان پێشمەرگەم و سەنگەرم چۆڵ نەکردووە.

ئاهەنگەکە لەهۆڵی (سینەما سیروان) دەستیپێکرد، ئەوانەی کە وەکو نوێنەری حکوومەت و حزبەکان بەشداربوون: (عەزیز عەقراوی) وەکو نوێنەری پارتە کارتۆنییەکە (ئەبو حیکمەت) وەکو نوێنەری حزبی شیوعی (عەبدولغەفار سایغ) وەکو نوێنەری (بەعس) و (ئەمین عام)ی وەزارەتی ڕۆشنبیریی، هەروەها (محەمەد بانیخێلانی) و (حەمەئەمین حەیدەری) و چەند هونەرمەندێکیش، بێجگە لەمن داوەت کرابوون، وەکو (عوسمان عەلی) و (شەوکەت تۆفیق) ئاهەنگەکە دەستپێکرد (عوسمان عەلی) گۆرانی (ئەو شەو شەوی بەراتە)ی پێشکەش کرد، بەرێککەوت ئەو شەوە هەر بۆ خۆی شەوی بەرات بوو، دوای ئەوە هونەرمەند (شەوکەت تۆفیق) گۆرانییەکی زۆر بەسۆزی (دایە مەگری) پێشکەش کرد. نۆرەی من هات، لەدڵی خۆمدا گوتم: ڕۆژ ئەو ڕۆژەیە حەمەجەزا هەڵوێستی خۆت بۆ میللەتەکەت و شاری هەولێر بسەلمێنی.

دیاربوو، کە هاتمە سەر شانۆ، حەماس لەچاوی خەڵکی شاری هەولێر دەباری، زۆربەی زۆریان لەسیمایان نەهامەتی و گریانی لێ دەباری. بەگۆرانییەکی شۆڕشگێڕانە دەستمپێکرد، کە بۆنی بارودی تفەنگێکی لەسەر پێی لێ دەهات، ئەمە دەقەکەی بوو:

***پەیمانم داوە بەم کوردستانە***
***بەخاکوخۆڵی ئەم نیشتمانە***
***دەبێ بکەوم لەناو سەنگەردا***
***لەبەینی گوللە و تفەنگ و بەردا***
***هەر پێشمەرگە بم شەرتە تا مردن***
***سەرم شۆڕ نەکەم لەئاستی دوژمن***
***بەجێ ناهێڵم قەت ئەم سەنگەرە***
***تا گوللە نەدرێ لەجامی سەرە***
***جلە خاکییەکەم بەخوێن سوور کراو***
***با برژێت لەژێر زەردی خۆرەتاو***
***هەر پێشمەرگە بم شەرتە تا مردن***
***سەرم شۆڕ نەکەم لەئاستی دوژمن***

هۆڵەکە جمەی دەهات، ئاپۆڕەی خەڵک هەر دەهات و زیادی دەکرد، ئەو شەوە شەوێک بوو، هەر ئەو خەڵکەی، کە لەوێ بوون، دەزانن چ شەوێک بوو، ئەو شەوە هەستم دەکرد گڕی شۆڕش و مقاوەمەت گەڕایەوە جەستەی ئەو خەڵکە. دوای ئەوە بۆم گەڕایەوە کە بەڕێوەبەری ڕۆشنبیریی و جەماوەر، گوتبووی: حەمەجەزا تەنیا ئەوەندە مابوو ناوی (مەلا مستەفا) بهێنێت، هەقە بەسزای بگەیێنن و لەسێدارە بدرێت.


**هەڕەشە و دەسگیرکردنی بەردەوام**

ڕۆژێکیان ئەمینداری ڕۆشنبیریی و لاوانی هەولێر (عەبدولغەفار سایغ) بانگی کردمە دائیرەکەی خۆی، چوومە ژوورەوە سڵاوم کرد و وەڵامی سڵاوەکەی نەدامەوە، یەکسەر پێی گوتم: تۆ خیانەت دەکەیت و دوژمنایەتی شۆڕش و حزب دەکەیت، دەتەوێت بەشیعرە سیاسییەکانت شۆڕشەکەی مەلا مستەفا زیندوو بکەیتەوە، ئێمە لەهەموو جموجۆڵەکانی تۆ ئاگادارین و دەزانین چ دەکەیت و چ ناکەیت؟ گوێم لێبگرە، لەوساتەوە پێت ڕادەگەیێنم، کە تۆ قەدەغە کرایت لەگۆرانی گوتن، بەهیچ شێوەیەک لەم شارە چالاکی گۆرانیت نابێت هەبێت، بەڕەسمی ئاگاداری هەموو تۆمارگاکانم کردووەتەوە کە گۆرانی تۆ بڵاونەکەنەوە، کاسێتەکانیشت قەدەغە کراون.

ساڵی ١٩٧٩ لەهەموو لایەکمان ئاشکرابوو کە بەعس خەریکی گۆڕینی پیلان و تاکتیکی خۆی بوو، بەتایبەت دوای ساڵی ١٩٨٠ ئیشوکاری دامودەزگا ئەمنییەکانی بەعس ئەوەبوو، کە چۆن خەڵکە کوردپەروەر و بەرهەڵستکارەکە لەکەدار و ناشرین بکەن و چەندەها جۆری تەکتیکیان بەکاردەهێنا. بۆ نموونە کە لەدائیرە کارمەند بووم، ناوەناوە نووسراوێک بۆ بەڕێوەبەری دائیرەکە دەهات کە دەبێت بۆ ئیشوکاری تایبەت، من بچم بۆ ئەمنی بەلدە. هەر دوو هەفتە جارێک نووسراوێکی لەو شێوە بەشوێن منەوە دەهات، کە دەشچووم بۆ بەردەرگای ئەمنی بەلدە خوا خوام بوو زوو بمکەنە ژوورەوە و کەس نەمبینێت، تا ناحەز و خۆفرۆشەکان پڕوپاگەندەم نەخەنە پاڵ، هەرچەندە لەم بارەیەوە درێغیان نەکرد! هەر لەبەر دەرگا نووسراوەکەم دەردەهێنا و دەمگوت

**لە هەولێر ناوە ناوە نووسراوێک بۆ بەڕێوەبەری دائیرەکەم دەهات، کە دەبێت بۆ ئیشوکاری تایبەت بچم بۆ ئەمنی بەلدە**

من ئەوەتا نووسراوم بەشوێندا هاتووە، با بچمە ژوورەوە بزانم چیان دەوێت؟
ئیدی لەپێش دەرگا ڕایاندەگرتم، یەکێک دەیگوت: «سەید المدیر عند اجتماع» یەکێکی دی دەیگوت: «تالع» ئەوی دی دەیگوت: «هسه بعد شویه یجی المدیر» بەو شێوەیە شەڕی دەروونیان لەگەڵدا دەکردم، هەمووشی بۆ ئەوە بوو، کە ناوی حەمەجەزا لەکەدار بکەن. کە دەشچوومە لای مدیر یەکسەر دەیگوت تۆ سەرکێشی دەکەیت، تۆ گۆرانی دژی ئێمە دەڵێیت، گۆرانی دژی (سەید القائد) و دژی بەعس دەڵێیت، ئیدی ئەو هەموو قسانە، هەر بەقسە خۆشە، کە دائیرەیەکی وەکو بەلدەی هەولێر بە منی بڵێت.
ساڵی ١٩٧٩ بۆ من، ساڵێکی پڕ لەدەردەسەری و قوڕبەسەری بوو، لە ١ی ٤ی ١٩٧٩ دەسگیرکرام و دواتر ئازاد کرام، دوای ئەوە هەر لەهەمان ساڵدا لەمانگی ٩ دووبارە لەلایەن دائیرەی ئەمنی هەولێرەوە دەسگیر کرامەوە، بۆ بەیانییەکەی ڕەوانەی (هەیئەی تەحقیقی کەرکووک) کرام و هەژدە شەوی پڕ لەئەشکەنجەدانم تێدا بەسەربرد و هەر ڕۆژەک، دەکرا بڵێین بەساڵێک زیندانی ئاسایی هەبوو، ڕۆژانە بەیانییەکەی هەر لەگەڵ دەسپێکردنی دەوام بۆ ماوەی کاتژمێرەک دەیانبردم بۆ ڕیازە! واتا فەلاقە.



وشەی فەلاقەش، هەر بەدەم خۆشە، ئەوەی نەیبینی بێت نازانێت چۆنە و چیت لێدەکەن؟ سەرەتای فەلاقەکە هەردوو دەست و چاویان دەبەستمەوە و دەیانبردم بۆ ژووری تایبەتی فەلاقە، بەشەق و زڵە و تێهەڵدان وەکو ئەوەی، کە یاری بەفتبۆڵ بکەن، فتبۆڵیان پێم دەکرد، دەیان جنێو و قسەی ناشرین و کەرامەت شکاندن، بەناشرینترین شێوە مامەڵەیان لەگەڵمدا دەکرد، بەدوای ئەوە هەردوو پێیەکانیان دەبەستامەوە و بەرزیان دەکردمەوە بۆ سەرەوە، بەدوو کەس تاوەکو ماندوو دەبوون بەکێبڵ لەژێر پێمیان دەدا، ئینجا لەهۆش خۆم دەچووم و دوای ماوەیەک یەک تەنەکە ئاوی ساردیان پێمدا دەکرد و بەئاگا دەهاتمەوە، پێیان دەگوتم هەڵسەوە سەرپێ، دوای ئەوەی پێیان دەکردمەوە، نەمدەتوانی یەک هەنگاویش بنێم، بەدوو کەس بن باڵیان دەگرتم و دەیانبردمەوە ژوورەکەی خۆم.



**قادسیەی سەدام**

ساڵی ١٩٨١ ڕۆژێکیان لەفەرمانگەی ڕۆشنبیریی بانگ کرام و پێیان ڕاگەیاندم لەبەغدا چەند گۆرانیبێژێکی عەرەب وەکو (یاس خزر و حوسێن نعمە) سروودیان بۆ (قادسیەی سەدام) گوتووە، تۆش وەک گۆرانیبێژێکی کورد دەبێت گۆرانی لەسەر (قادسیەی سەدام) بڵێیت، دواتر بانگیان کردم بۆ تاوتوێکردنی خۆ ئامادەکردن بەرەو بەغدا، تایەر تۆفیق و سابیر عەبدولڕەحمان و تەحسین تەها، هەموویان چوون بۆ کۆبوونەکە، بەڵام من نەچووم.

ئەوەی من دواتر لەکۆبوونەوەکە زانیم، تەنیا تایەر تۆفیق گوتبووی من تاقەتی سروود و شتم نەماوە و هاتبووە دەرەوە، پاش ئەوە ئاگاداریم بۆ هاتە ماڵەوە و پێیان ڕاگەیاندم کە بەڕێوەبەری ڕۆشنبیریی و جەماوەر (حەمید مەرمەڕچی) بانگت دەکات. پلەی حزبی (حەمید مەرمەڕچی) زۆر زۆر بەرزبوو، کە چووم بۆ لای یەکسەر پێی گوتم: تۆ دوێنێ بۆچی نەهاتبووی بۆ کۆبوونەوەکە؟ پێگموت من تازە لەزیندان بەربوومە و بەڵێننامەیان لێم وەرگرتووە، کە گۆرانی سیاسی نەڵێم، گۆرانی گوتنیش لەسەر (قادسیەی سەدام) خۆی لەخۆیدا سیاسییە، لەبەر ئەوە من نەهاتووم، ئەگەر گۆرانی ئاسایتان دەوێت من ئامادەم، بەڵام گۆرانی سیاسی نا. گوتی: دەبێت بەشداری بکەیت. گوتم بەشداری ناکەم. گوتی: گوتم شتی سیاسی ناڵێم. گوتی زەرەر دەکەیت. گوتم: با زەرەر بکەم، ئێوە هەموو جارێک دەمگرن و لەزینداندا مردن بەئاوات دەخوازم، گۆرانیش بڵێم؟ نایڵێم، چیم لێدەکەن، لێم بکەن، من هەموو جارێک هەر زەرەرم کردووە.


دوای ئەو بانگکردنە، بەیەک شەو دواتر، کاتژمێر ١١و نیوی شەو لەماڵەوە دانیشتبووم، لەدەرگا درا، سەیرم کرد (ڕەشید موختار) لەبەر دەرگا وەستاوە، زۆر شڵەژا بوو، یەکسەر منیش فەرمووم لێکرد، گوتی نایەمە ژوورەوە. گوتی کاکە حەمە من هاتووم سوێندت بدەم و شتێک دەزانم لەسەر جەنابت، هەر ئێمڕۆکە منیان لە (مخابرات) بانگ کردووە و ژمارەی ئۆتۆمبێل و ناوونیشان و ژمارەی خانووەکەی تۆیان لێم وەرگرتووە، لەبەر ئەوەش سوێندت دەدەم کە بەهیچ شێوەیەک ناوم نەدەیت، ئێمە برادەری یەکدین و زەمانێک پێکەوەش ئیشوکاری ڕێکخستنمان کردووە، بۆ خودا پێت ڕادەگەیێنم، کە ئەوان سوورن لەسەر گرتنت، با ئەو نهێنییەش وەعدی شەرەف بێت لەنێوانماندا.

ڕەشید موختار پێی ڕاگەیاندم کە ئەو پێی باشە هەر ئێستە لەماڵەوە نەمێنم و بچم بەلایەکدا، دیاربوو دەیزانی ئەوجارە بمگرن لەسێدارەم دەدەن، لەبەر ئەوە دە جار زیاتر تەئکیدی کردەوە، کە بڕۆم. بۆیە بڕیاری کۆتایی خۆمدا، کە خۆم حەشار بدەم.

**تەلەفۆنم بۆ کاک کۆسرەت کرد**

هاتمەوە ژوورەوە و تەلەفۆنم بۆ (کاک کۆسرەت) کرد، کە بەرپرسی یەکەمم بوو لەڕێکخستن، ئەوکاتە هەر بەناوە ڕاستەقینەکەی خۆی (عەبدوڵڵا) دەمناسی و پێم ڕاگەیاند کە (ڕەشید موختار) ئەو قسەی بەمن ڕاگەیاندووە. گوتی (ڕەشید) هەرچی شتێک بڵێت ڕاست دەکات، تۆش لەماڵەوە مەمێنە و بڕۆ. منیش بەقسەی کاک کۆسرەتم کرد، چەند ڕۆژێک بەوریایی هاتوچۆم دەکرد. کەم لەماڵەوە دەبووم و زیاتر بۆ ماڵی (مەحموود)ی ئاوەڵزاوام دەچووم، کە ماڵەکەی لەگەڕەکی تەیراوە بوو.

دوای ئەو چەند ڕۆژە بڕیارمدا پەیوەندی بە (شۆڕشی نوێ)وە بکەم و ببم بەپێشمەرگە، لەهەمانکاتیشدا لەلایەن ڕێکخستنەوە ئاگادار کرابوومەوە شار بەجێبێڵم و ببم بەپێشمەرگە.



**“ ڕسقی من سوار بوو، دەستم بۆ هەر کارێک دەبرد زەرەرم دەکرد ”**



جەلال بەیار، ؟، فەیسەڵ محەمەد، ڕزگار ئەحمەد، حەمەسەعید ئیبراهیم، عەلی کەریم، حەمەجەزا

## شەوی پێش ڕۆیشتنم، کاک کۆسرەت بڕیاری ئەوەی دابوو، کە نابێت ماڵەکەم بکەوێتە دەستی ئەمن و ئیستخباراتی ڕژێم


شەوی پێش ڕۆیشتنم کاک کۆسرەت بڕیاری ئەوەی دابوو کە نابێت ماڵەکەی حەمەجەزا بکەوێتە دەستی ئەمن و ئیستخباراتی ڕژێمەوە و ئۆتۆمبێلێکی جۆری پیکابی هێنابوو بە ٣ جار ماڵەکەی منی گواستبۆوە و هەر بەشێکی ماڵەکەی لەشوێنێک دانابوو، (تەها)ی کوڕم بەکاک کۆسرەتی گوتبوو کاک عەبدوڵڵا هاتنت بۆ ماڵی ئێمە بۆ تۆ باش نییە، لێرە مەمێنە، بەخوا ئێستە بێن دەتگرن، کاک کۆسرەت گوتبووی تەها کێشە نییە با بێن، لەکاتی گواستنەوەی ماڵەکەم لەڕێگاوە لەنزیک (فولکەی زەعیم) کانتۆرێکیان لێ کەوتبووە خوارەوە و کاک کۆسرەت گەڕابۆوە سەری و وازی نەهێنابوو، دووبارە باری کردبۆوە.

من لەماڵی مەحموودی ئاوەڵزاوام بووم، هەر بەو شەوە تەلەفۆنم بۆ هاوڕێ و برای خۆشەویستم (عیزەدین وەستا خدر) کرد و هەموو شتێکم پێ ڕاگەیاند و کێشەی خۆمم بۆ باسکرد، چونکە من ئەوپەڕی متمانەم بەو پیاوە هەبوو. گوتی کاکە حەمە جەنابت هەرچی ئەمر دەکەیت من ئامادەم و هەر شتێکت دەوێت و پێت باشە، من ئامادەم بیکەم. پێمگوت: کاک عیزەدین ئەگەر ئەزیەت نەبێت بەیانی زوو بەئۆتۆمبێلەکەی خۆت بمگەیەنە سلێمانی. پێشمگوت هەرچەندە زوو بێت بۆ من باشترە. گوتی بەسەرچاو. گوتم چونکە ئەگەر زوو بێیت، ڕێگاوبان کشوماتترە لەسیخوڕەکان و لەوانەشە بەم بەیانییە زووە ناوەکەشم نەچووبێتە سەیتەرەکان.

کاتژمێر ٦ی بەیانی بەمەوعیدی دەرچوونمان، بەئۆتۆمبێلێکی جۆری بیجۆ ٤٠٤ ڕەنگی سپی هاتە بەردەم ماڵی مەحموودی ئاوەڵزام، کە ماڵەکەی دەکەوتە پشتی گازینۆی (کورد و عەرەب) لەگەڕەکی تەیراوە، شەش و نیو لەهەولێر دەرچووین، بەبێ ئەوەی تووشم بەتووشی هیچ کێشەیەک بێت گەیشتمە سلێمانی. ماڵ و منداڵم لەهەولێر بەجێهێشت. لەوکاتەی کاک کۆسرەت ماڵەکەی گواستبۆوە، هەموو پەردەی پەنجەرەی خانووەکەی داخستبوو و پەردەکانی دەست لێ نەدابوون، بەڕاستی زۆر ژیرانە بیری کردبۆوە، چونکە داخستنی پەردەی ماڵەکەم سەری لەدوژمن شێواندبوو، لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەو ماڵە لەشوێنی خۆیان ماون و نەڕۆیشتوون، ماڵەکە خەڵکی تێدایە و چۆڵ نییە، دوای ئەوە بۆ بەیانی (مخابرات) هاتبوون بۆ دائیرەکەم لەمنیان پرسیبوو، سەیریان کردبوو غائیب دراوم و نەهاتووم بۆ دەوام، یەکسەر چووبوون بۆ ماڵەکەم و لەدەرگایان دابوو، کەس نەهاتبووە دەرەوە و دەرگایان شکاندبوو و چووبوونە ژوورەوە، کە سەیر دەکەن پەردەکان داخراون و ماڵەکەش چۆڵە، بەوە شێت ببوون لەو پلانە و سەریان سووڕ مابوو، کە من چۆنم زانیوە (مخابرات) دێن بەشوێنم و دەمگرن.


دوای ئەوە کاک کۆسرەت تەزکیەکی زۆر جوانی بۆ نووسیبووم و ڕەوانی کردبوو، مامۆستا (جەمال تاهیر)یش تەزکیەکی بۆ نووسیبووم بۆ سلێمانی، من لەکاتی خۆی ئیشوکاری ڕێکخستنم لەگەڵدا کردبوو، تەزکیەکانم دا بەکاک قادری حاجی عەلی برام، کۆمیتەیەک هەبوو بەناوی کۆمیتەی ئاگر، کە بەئیشوکاری ڕێکخستنەکانیان دەکرد، برادەرێکیان دیاری کردبوو بۆ گواستنەوەی من لەنێو شار بۆ دەرەوە. تەگبیرم بۆ منداڵەکان کردبوو، کە لەسلێمانی بمێننەوە و من دەڕۆم بۆ دەرەوە و دەبم بەپێشمەرگە، دواتر بۆم دەرکەوت، ئەو کەسەی کە ئەو شۆفێرەی بۆ من دۆزیبۆوە لەنێو شار بمباتە دەرەوە (شێخ فاتیح) بوو، کە باوکی پێشمەرگەیەکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو. منی بەشۆفێرەکە ناساند و بۆ بەیانی منی گەیاندە ناوچەی (دۆڵە ڕووت) کە نزیکبوو لەخەتی بەینی چیای ئەزمەڕ و شاری سلێمانی، کە گەیشتمە ئەوێ سێ تەزکیەم پێبوو.

*** ئەم یادەوەرییانەی حەمەجەزا، پوختەیەکە لەکتێبی (حەمە جەزا هونەرمەند و پێشمەرگە) لەنووسینی (عەبدولا عوسمان عەلی)، ساڵی ٢٠٠٩ لەهەولێر بڵاوبۆتەوە**



**“ ساڵی ١٩٦١ تیپێکی تۆپی پێم دامەزراند، ناومانا تیپی پێی (بلەکیان) خۆم سەرۆکی تیپەکە و قادری براشم گۆڵچی بوو ”**

# حەمەجەزا .. دۆست و خۆشەویستی هەموو گەل



مەحەمەد حەمەباقی

پێوەندیم لەگەڵ هونەرمەندی گۆرانیبێژ حەمەجەزا دا، پێوەندییەکی هەمەلایەنەو مێژووەکەی بۆ زیاتر لە (٥٠) پەنجا ساڵ لەمەبەر دەگەڕێتەوە: بنەماڵەی هەردووکمان لە بنەچەدا (من دایکم و ئەو، باوکی) خەڵکی گوندی (وێڵەدەر)ی نزیکەو (١٠) کیلۆمەتری باکووری خۆرهەڵاتی شاری (سلێمانی)ن. هەردووکیشمان لە ساڵانی (١٩٥٦-١٩٦٠ز)ی سەدەی ڕابوردوودا، لە قوتابخانەی (سەلاحەددین)ی سەرەتایی کوڕان بووین، کە دەکەوتە پشت ڕیزە دوکانێکی سەرشەقامی (نالی) و بەرامبەر مزگەوتی (دوو دەرگا) لە سلێمانی. بەڵام ئەو، ساڵێک (پۆلێک) لە دوای منەوە بوو. مامۆستاکانی ئەو سەردەمەمان، کە وانە و سروودی (کوردی)یان پێدەخوێندین و بە تایبەتیش مامۆستا و شاعیری ناودار و نیشتیمانپەروەر مامۆستا (هەردی) کە خۆی دەنگخۆش و هاندەری قوتابیانی دەنگخۆشیش بوو، هەفتەی جارێک، کە سەرلەبەیانیان لە حەوشەی قوتابخانەدا، ڕیزیان دەکردین و سروودیان پێدەخوێندین، گەلێ بەیانی (حەمەجەزا)ی مێردمنداڵ و دەنگخۆش و ڕۆح سووکی بانگ دەکردە ناوەڕاستی حەوشەی قوتابخانە و گۆرانی و سروودی کوردی پێدەخوێند.

> “
> **ئەوەی لەم ماوەیەدا لە حەمەجەزام سەرنج دەدا، ڕەوشتی بەرزی کۆمەڵایەتی و بەتەنگەوە هاتنی میهرەبانانەی بێ جیاوازیی بوو**
> ”

حەمەجەزا هەر لەوکاتەوە نیشانەکانی دەنگخۆشیی تێدا دەرکەوتبوو. کە مخابن ئەویش وەکو دەیان نموونەی دیکەی وەک خۆی، لە باتی ئەوەی دەستگیرۆیی و ڕێنوێنی زانستانەی ئەو بەهرە زگماک و خۆڕسکەی بکرێت، هەر خۆی و بە عیشقی خۆی، درێژەی بەو بەهرە پاک و ڕۆمانسییەی خۆی دەدا و لە هەموو ژیانیشیدا، دەستبەرداری ئەو خولیا هونەرییەی نەبوو.

ئەگەرچی دوای تەواوکردنی قۆناغی سەرەتایی، لە قۆناغی خوێندنی ناوەندیدا، لە قوتابخانە لە یەکتر دابڕاین، بەڵام بەردەوام لە دەرەوەی قوتابخانە یەکترمان دەدی و دۆستایەتیمان هەر بەدەوام بوو. بەتایبەتی لەسەرەتای ساڵی (١٩٧٤) بەدواوە، کە هەردووکمان لە شۆڕشی ئەیلوولدا، لە نزیکەوە یەکترمان گرتەوە. دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلول و دوای لە یەکتر دابڕانێکی سێ و چوار ساڵە، کە تیایدا بۆ پارێزگەی (رومادی – ئەنبار) دوورخرابوومەوە، دیسانەوە هەردووکمان لە ساڵانی (١٩٧٧-١٩٧٨)دا، لە شاری هەولێر یەکترمان گرتەوە.


بەڵام ئەم یەکترگرتنەوەیە زۆری نەخایاند و دیسانەوە من لەلایەن ڕژێمی سەددامەوە زیندانی کرامەوە و دوای ئازادبوونم، ئەمجارەیان لە ناوەڕاستی ساڵی (١٩٨٠)دا، زۆر لە نزیکەوە و بە پێشمەرگایەتی، لە (ناوزەنگ – مەڵبەندی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتیمانیی کوردستان) یەکترمان گرتەوە، کە ئەمجارەیان دوو تاکە هونەرمەند و نووسەر بووین، بە خێزان وماڵۆچکە و لەمەودای دووریی چەند سەد مەترێکەوە پێکەوە دەژیاین.

حەمەجەزا لەم قۆناغەدا ئەندامی (یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان – کۆمیتەی شاخ) و لەگەڵ تیپی (شەهید کارزان)دا، بەشەوق و تینێکی هونەرییەوە کاری دەکرد و من و (نەجیبە ئەحمەد)ی هاوسەریشم، ئەندامی (یەکێتی نووسەرانی کوردستان)بووین. لەم جارەیاندا حەمەجەزام نزیکتر و وردتر ناسی، چونکە لەم جارەدا و بەو هۆیەوە کە ئەو ماڵانەی لە (ناوزەنگ)دا، لەگەڵ ئەندامانی سەرکردایەتی (یەکێتی نیشتیمانیی کوردستاندا) پێکەوە دەژیاین، هەر (١٠-١٢) ماڵێک و چەند بارەگایەکی بچووکی پێشمەرگە و شوێنەکەش چونکە یەکجار بچووک و سارد و تەلان و ڕەقەن و بە بەرزاییەکی کووڕ و دوورە گوند و شار و شارۆچکە و ئاوەدانیی و هەموو هۆیەکی شارستانیشەوە بوو، دەبوو بەردەوام پێکەوە بین و ئەم پێکەوە بوونەیش، هۆگری یەکتری کردبووین و بەردەوامیش سەردانی

یەکتریمان دەکرد.


ئەوەی لەم ماوەیەدا لە حەمەجەزام سەرنج دەدا، ڕەوشتی بەرزی کۆمەڵایەتی و بەتەنگەوە هاتنی میهرەبانانەی بێ جیاوازیی بوو، بۆ هاوڕێ و دراوسێکانی، بە تایبەتی ئەو کاتانەی هەندێک لەو هاوڕێیانەی لەو چەند ماڵە کەمەی لە (ناوزەنگ) دا پێکەوە دەژیاین و بەکاری پێشمەرگایەتی بەملاولادا دەچوون و خێزانەکانیان لەتەک ئێمەدا جێدەهێشت. لەم کاتانەدا بێئەوەی هیچ کەس و هیچ یەکێک لەو خێزانانە، داوای لێبکەن، یان ڕاسپاردرابێت، دەمودەست دەکەوتە جێبەجێکردنی پێویستییەکانیانەوە، بەتایبەتیش (وەک گوتم)چونکە هەڵکەوتی شوێنەکە، بە چیاو بەندەنێکی زۆر سەخت و ساردەوە بوو، بۆیە هەمیشە بەفرێکی زۆر دەیگرێتەوە و تا ماوەیەکی زۆر لە ژێر زریان و بەفردا بوو، ئیدی هەر ئەوەندەت دەزانی حەمەجەزا، سەربانی ماڵی هاوڕێکانی دەماڵی و دواتریش کە سەربانەکانیان تەڕ دەبوو، دەکەوتە سەربان گێران و پینەکردنی درزی دڵۆپە و خۆشکردنی ڕێچکە و ڕێبازی هاتوچۆی نێوان ماڵەکانیان.

ئەم قۆناغەی پێکەوە ژیانی من و حەمەجەزا و سەرلەبەری ماڵ و بارەگاکانی (ناوزەنگ) تا پاییز و زستانی (١٩٨٣-١٩٨٤)ی خایاند و ئیدی دەست وەشاندنی پێشمەرگە، لە هێزەکانی دوژمن و نەبەردی بەردەوامیان، هێزەکانی دوژمنیان ناچار بە پاشەکشێ بۆ نزیک شارە گەورەکان کرد و زۆرینەی مەڵبەند و بارەگاکانی شۆڕشیش وردە وردە بۆ نزیک پێدەشت و گوند و شارۆچکە و شارەکان کردەوە و جەنگی نێوان عێراق – ئێرانیش هەر خوێناویی تر دەبوو. لەم گۆڵمەزەدا، ڕژێمی عێراق، بەمەبەستی ئەوەی هەندێک گوشار و مەترسیی لەبەرەکانی جەنگ، لەسەر هێزەکانی خۆی کەم بکاتەوە، سەرەتای هاوین و بەهاری (١٩٨٤) دانوساندن و گفتوگۆی لەگەڵ (یەکێتی نیشتیمانیی کوردستان) دەست پێکرد، بەمەش کەمێک حەوانەوە و ئاسایش کەوتە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕش و ئێمە بە ماڵەوە چووینە بناری چیای (ئاسۆس) و لە گوندی (ئاوەژێ)ی ئاوەدان گیرساینەوە و حەمەجەزاش لە گوندەکانی (شارباژێڕ)دا



جێگیربوو. بەڵام پێوەندی و هاتوچۆمان وەکو خۆی مایەوە و گفتوگۆکانی نێوان ڕژێم و یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، نزیکەی ساڵێکی خایاند و دوای ئەو ساڵە هەردوولا گەیشتنە بنبەست و ئیدی شەڕ دەستی پێکردەوە و دوژمن بە تۆپ و فڕۆکە، کەوتە بۆمبارانی بەردەوام و خەستی بنکە و بارەگا و گوند و ئاواییەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕش، بەتایبەتیش دوای ئەوەی هێزەکانی شۆڕش، زۆر جوامێرانە زنجیرە چیای (دابان)یان لە هێزەکانی دوژمن پاک





کردەوە و دوای ئەویش کەوتنە زەبر وەشاندنی کاریگەر، لەسەربازگە و مۆڵگە و هێزەکانی ڕژێم، لەسەرتاسەری کوردستاندا، ئیدی دوژمن وەکو هاری لێهات و بەبێ پەروا کەوتە بەرنامەدانان، بۆ سەرکوت و پاکۆدانی شۆڕشی کورد، بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئەم بەرنامەیەش، زۆرینەی هێزەکانی خۆی، لەناوچەکانی دیکەی عێراقەوە و تەنانەت لەبەرەکانی جەنگی عێراق – ئێرانیشەوە بۆ کوردستان گواستەوە و ئابڵوقەی قەڵەمڕەوی ژێر دەسەڵاتی شۆڕشی دا. لەم سەروبەندەدا (١٩٨٦) بنکە و بارەگاکانی شۆڕش و ماڵەکانی وەک ئێمەومانانی بناری چیای (ئاسۆس)یش، ناچاربووین بە ماڵ و خێزانەوە بگوێزینەوە و لە گوندی (مێولاکە)ی دامێنی دۆڵی جافایەتی جێگیر بین و ماڵی حەمەجەزاش لە گوندی (قزلەر) ی بناری ڕیزە چیای (دابان)و نزیکە و سەعاتە ڕێیەک بەپێ لە ئێمەوە بگیرسێتەوە.

لەم ماوەیەدا سەرەڕای ئەوەش کە هێزەکانی دوژمن، زۆر دڵڕەقانە و درندانە، کەوتنە بۆردومان و کاولکردنی کوردستان و هێرش بۆ سەر گوند و ئاوەدانیی و بنکە و بارەگا سەرەکییەکانی شۆڕش و تۆپبارانی بەردەوام و بۆمبارانی فڕۆکەی جەنگیی، بەڵام هاتۆچۆی خێزانیمان لەگەڵ حەمەجەزادا، زیاتر و پتەوتر بوو، بەتایبەتیش چونکە هەڵکەوتی شوێنەکەمان، ببووە بەرەیەکی ڕاستەوخۆی بەرەنگاریی، لەگەڵ هێزەکانی دوژمندا و زۆرینەی هێزەکانی

> **"ئەوەی لەم ماوەیەدا لە حەمەجەزام سەرنج دەدا، ڕەوشتی بەرزی کۆمەڵایەتی و بەتەنگەوە هاتنی میهرەبانانەی بێ جیاوازیی بوو"**

پێشمەرگەش ڕژابوونە گوندەکانی ئێمە و نزیکمانەوە و شەوانەش هاوڕێ و پێشمەرگەیەکی زۆر، لە ماڵەکانماندا ئاپوورەیان دەبەست، هەر ئەوەندەمان دەزانی حەمەجەزا، بە خۆی و دەفەکەیەوە پەیدا دەبوو. وەک ئەوەی هیچ لە گۆڕێدا نەبێت و هێرش و پەلامارێکیش ڕووی نەدابێت، بۆ دڵدانەوەی هەمووومان، دەستی بە گۆرانی و سروود چڕین دەکرد و دواییش بەهەمان نەفەسی هونەرمەندانەیەوە، دەستی بە گێڕانەوەی نوکتە و قسەی خۆش و لاسایی کردنەوەی ئەم و ئەو دەکرد، کە هەر لە خۆی دەهات، وەکو ئەکتەرێکی تایبەت بە لاسایی، لاسایی هەندێک کەس و هەندێک هونەرمەند بکاتەوە و هەموومانی نوقمی شادی و خۆشیی دەکرد.

ئەمە لە کاتێکدا (وەک گوتم) ناوچەکەمان ببووە سەنگەرێکی ڕاستەوخۆی بەرامبەر هێزەکانی دوژمن و شەو و ڕۆژیش شەڕ و نەبەرد و کوشتار هەر بەردەوام بوو. بەردەوامیش شەهیدمان لەبەرکانی شەڕەوە بۆ دەهاتەوە و لەمەشدا هەر دیسان حەمەجەزا، پێشوازیی لە کەژاوەی پێشمەرگەی بریندار و شەهیدەکان دەکرد و هەرخۆیشی بەپەلە دەکەوتە ئەنجامدانی ڕێ و ڕەسمی گۆڕ هەڵکەندن و ئاوگەرمکردن و شتن و کفن کردنی شەهیدەکان و بەخاک سپاردنیان و تەڵقین لەسەر خوێندنیان. کە من ئەوکاتەش ئەم ئامادەبوونەی حەمەجەزام بە سەرسامیی و لێڕامانەوە وەردەگرت و ڕێزم لەو هەموو سەلیقە و ماندووبوونە نەپساوەی دەگرت، کە ڕۆژ و شەوی وا هەبوون، چەندان شەهیدی بەمجۆرە لە ئەستۆ دەگرتن و دەیبردنە مزگەوتی گوندەکان و لەسەر پێڕەوی ئایینی ئیسلام و بەشکۆیەکی جوان و هەرەوەزی و هاوڕێ و خەڵکی گوندەکانەوە، بەخاکی دەسپاردن.

هەر لەبەرئەمەش بوو لەگەرمەی ئەو نەبەردانەی ئەو پێشمەرگە گیانبازانەی تێدا شەهید دەکران و هەر بە هۆی سەختی شەڕەکانیشەوە، نەدەکرا ژمارەیەکی زۆری پێشمەرگە، لە تەک ئەو بریندار و شەهیدانە دابن، بۆیە هەر حەمەجەزاش دەیناشتن و هەر ئەویش شوێنی زۆربەی گۆڕەکانیان پێدەزانین و ناویانی لەسەر کێلی



حەمەجەزا و خەپە خانی هاوسەری

گۆڕەکانیان دەنووسی و لە ئاکامیشدا وای لێهات، دوای قۆناغی ڕاپەڕین و بەسەرکردنەوەی گۆڕی ئەو شەهیدانە و گوێزانەوەیان بۆ شوێنی خواستی کەسوکاریان، داوایان لە حەمەجەزا دەکرد. تا بۆ دیتنەوەی گۆڕەکانیان، ڕێنوێنیان بکات! چونکە دوای ئەم نەبەردە سەختانە و دوای ئەم هێرشە درندانانە، کە دوژمن هەموو هێز و هەموو جۆرە چەکێکی کۆمەڵکوژیی بەکارهێنا، دیسانەوە ناچاربووین لەم گوندانەش هەڵکەندرێین و هەر خێزانێکمان ڕوو لە جێگەیەک بکەینەوە و گۆڕی ئەو شەهیدانەش، وا بە ئاسانیی نەبینرێنەوە و بەسەر نەکرێنەوە.

ئێمە لەم سەروبەندەدا بە دۆڵی جافایەتیدا هەڵگەڕاینەوە و دیسانەوە بۆ ماوەیەکی کەم و لە ژێر بێ بەزەیی فڕۆکەی جەنگیی و هێرشی نەپساوەدا، لە گوندی (ئاوەژێ)ی پێشووترمان بگیرسێینەوە. بەڵام گیرسانەوەیەکی پڕ لە کارەساتی دڵتەزێن و جەنجاڵ و دڵە خورپە و ڕووداوی خێرا و چاوەنواڕ نەکراودا، کە مەرگی زۆر لە هاوڕێیانی ئازیزمان و کاولکردنی گوندەکانی کوردستانمان بەچاوی خۆمان بینی و سەرلەنوێ هەموو هێزەکانی شۆڕش و بارەگاکانیان و گوندەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕش، ناچاربووین لەسەرتای بەهاری (١٩٧٨) دا، بە کۆمەڵ و لە ژێر بۆمبارانی چڕی دوژمندا، ڕوو لە خۆرهەڵاتی کوردستان بکەین و بەدەم ڕێوە و بەهۆی بەفر و زریانی سەختەوە، دەیان هاوڕێ و خێزان، بە بەرچاومانەوە، لە بەفر و سەرمادا ڕەق ببنەوە و توانای ڕزگارکردنی تاکە کەسێکمانان نەبێت، بەهەر کولەمەرگی و دژوارییەک بووبێت، بەپێ و لە ماوەی (٦-٧) ڕۆژدا، خۆمان بگەیەنینە ئاوەدانیی و گوند و شارۆچکە و شارەکانی خۆرهەڵاتی کوردستان و بەپەرۆشەوە ئامێزی میهرەبانیمان بۆ بگرنەوە و پۆشتە و تێرمان بکەنەوە و هەر کۆمەڵ و دەستەیەکیشمان لە جێگەیەکدا بگیرسێینەوە، کە دیسانەوە من و حەمەجەزاش بە خۆمان و خێزانمانەوە، لە شاری شیرین و جوانی (سەقز) دا جێگیر ببینەوە و سەرلەنوێ ژیانێکی دی و بە جۆرێکی دی دەست پێبکەینەوە.

دوای پشوودان و حەوانەوەمان لە سەقز، هەروەک (یەکێتی نووسەرانی کوردستان) دەستی بەکارو چالاکی و چاپکردنی گۆڤارەکەی (نووسەری کوردستان) کردووە، تیپی (شەهید کارزان)یش کەوتنەوە مەشق و پرۆڤەی کاری تازەی هونەریی و لە ماوەیەکی کورتی جێگیربوونەوەماندا لە (سەقز) چەند کۆنسێرتێکی سروود و گۆرانی و موزیکیان پێشکەش جەماوەری شاری (سەقز)کرد و گیانی هەڵسانەوە و بەرخوردان و شۆڕشیان، لە چەپکێک گۆرانی و سروودی تازەدا ژیاندەوە، کە لەم چەند کۆنسێرتەی تیپی (شەهید کارزان) دا، حەمەجەزا، لە دەنگە ڕەسەن و درەوشاوە و زیندووەکانی ناو ئەم چەند کۆنسێرتانە بوو.


بەر لەم کۆنسێرتەش، حەمەجەزا، وەکو لە هەموو ئەو گوند و ناوچە و شارانەی باشووری کوردستان، کە تیایاندا ژیاوە، جێی ڕێز و خۆشەویستیی تایبەت بووە، لای دانیشتووانی شاری سەقز و شارەکانی دی خۆرهەڵاتی کوردستانیش، کەسایەتییەکی هونەریی یەکجار خۆشەویست و جێی ڕێز بوو. دەستە دەستە خەڵکی میهرەبان و میواننەوازی سەقز و شارەکانی دیش، میوانداریی تایبەتیان دەکرد و ئەویش پەیتا پەیتا ، دۆستایەتی و خۆشەویستی لەگەڵدا پەیدا دەکردن و بەدەم داواکانیانەوە، بۆ میوانداریی و ئاهەنگ گێڕانی تایبەت و دۆستانە، لە ماڵەکانیاندا، دڵی نەدەشکاندن و بەدەنگیانەوە دەچوو. هەموو ئەو دۆستانەی حەمەجەزایان دەناسی، زۆر بەڕێز و نەوازشەوە شانازییان



**“ گەلێ بەیانی (حەمەجەزا)ی مێردمنداڵ و دەنگخۆش و ڕۆح سووکی بانگ دەکردە ناوەڕاستی حەوشەی قوتابخانە و گۆرانی و سروودی کوردی پێدەخوێند ”**



حەمەجەزا و خەپە خانی هاوسەری



به دۆستایەتی حەمەجەزاوە دەکرد، کە ئەمە بەڵگەی ئەوەبوو حەمەجەزا، چەند کەسایەتییەکی هونەرییە، ئەوەندەش کەسایەتییەکی کۆمەڵایەتییە و لەم بوارەدا لە هەردوو بەشی باشوور و خۆرهەڵاتی کوردستاندا، تاقانە هونەرمەندێک بوو، لەگەڵ هەموو چین و توێژو کەسێکدا، دۆستایەتی جیاجیا و تایبەتی هەبوو.

هێشتا چەند مانگێک بوو لە شاری سەقزدا نیشتەجێ ببووین، نیوەڕۆیەک لە ناکاوێکدا حەمەجەزا خۆی و (هونەر)ی کوڕی، کە ئەو کاتە مێردمنداڵێک بوو، لەگەڵ کابرایەکی نەناسدا، خۆیان بەماڵۆچکەکەماندا لە گەڕەکی (سایلۆ – سیلۆ)کرد و بەچرپە، ئاوا باسی کابرای نەناسی بۆم کرد: ئەم پیرەپیاوە، لەسەر شەقامەکانی سەقز گۆرانی دەچڕێ و لەو ڕێگەیەوە نانی بژێوی بۆ خۆی و منداڵەکانی پەیدا دەکات. دەنگیشی لە دەنگی (سەیید عەلی ئەسغەری کوردستانی) دەچێ. ئەگەر حەز دەکەیت، با کەمێکمان بۆ بخوێنێت. بەڵام ئامێرێکی تۆمارکردن ئامادە بکە. ئامێرمان ئامادەکرد و کابرای دەنگخۆشیش دەستی بە گۆرانی چڕین کرد، کە دەنگێکی ناسک و خۆرسک و ڕەسەنی هەبوو. دوای گۆرانی چڕینی کابرا، ئینجا حەمەجەزا خۆی داوای تەپڵ، یان دەفێکی بۆ خۆی لێم کرد، تا هەندێک گۆرانی و سروودی تازە و هێشتا نەبیستراو و تۆمار نەکراویم وەک پرۆڤە و پرس و ڕا، لەگەڵ من، بخوێنێت. کە لێرەدا دڵنیابووم لەوەی هێنانی ئەم کابرا دەنگخۆشەش و لەم کاتەدا بۆ لای من، هەر بیانوو بووە بۆ ئەوەی خۆیشی تاسەیەکی ڕۆحی خۆی بشکێنێ. مخابن تەپڵ و دەفمان لە ماڵدا نەبوو. ئیدی بە ناچاریی و بەو پێکەنینە خۆشەی خۆیەوە، داوای مەنجەڵێکی چێشتلێنانی کرد و بۆمان هانی و هەندێک گۆرانی و سروودی تازەی خۆی بۆ خوێندین و (هونەر) ی کوڕیشی سەربەندی سروودەکەی لەگەڵدا دووپات دەکردەوە، کە دیاربوو پێشتر هەندێک پرۆڤەی ئەم سروودەی لەگەڵ (هونەر)دا کردبوو، کە هێشتا ئەو گۆرانی و تاکە سروودەم وەکو یادگارێک، لەگەڵ دەنگی کابرای نەناسدا، لەسەر نەوار لای خۆم پاراستووە و سروودەکەش ئەوەبوو کە بەم سەرتایە دەست پێدەکات:

**“حەمەجەزا، پێشوازیی لە کەژاوەی پێشمەرگەی بریندار و شەهیدەکان دەکرد و هەرخۆیشی بەپەلە دەکەوتە ئەنجامدانی ڕێ و ڕەسمی گۆڕ هەڵکەندن و ئاو گەرمکردن و شتن و کفن کردنی شەهیدەکان و بەخاک سپاردنیان و تەڵقین لەسەر خوێندنیان”**

***مەڕۆ، مەڕۆ، با بە مەڕۆ، بۆ جێمان دێڵیی!***
***تاکەی ژیان بەرینە سەر، هەروا بە وێڵیی؟!***

کاتێکیش کەسەرەتای سەفەری خێزان و هاوڕێکانمان لەسەقز و شارەکانی دی خۆرهەڵاتی کوردستاندا، بەرەو هەندەران دەستی پێکرد و پەساپۆرتیشیان بۆ من و منداڵەکانم ئامادەکرد و ئێمە بڕیاری مانەوەمان لەسەقز دا، ئاگاداربووم چەندین بنەماڵەی سەقز و شارەکانی دیش، دەچوونە لای حەمەجەزا و بەڵێنی دابینکردنی هەموو پێداویستییەکانی ژیان و مانەوەی خۆی و خێزانیان بۆ دەستەبەر دەکرد، بەمەرجێک نەچێتە هەندەران و بەجێیان نەهێڵێ. ئەمە لە کاتێکدا کە هێشتا جەنگی هەشت ساڵەی عێراق – ئێران نەبڕابۆوە و دانیشتووانی شارەکانی ئێران (بە کوردستانەکەیشییەوە) لەژێر بێ بەزەییانەی فرۆکە جەنگییەکانی عێراقدا، وێران و کاول دەکران و زۆربەی دانیشتووانەکانیشیان، شارەکانیان چۆڵ کردبوو، لە گوند و ئاقار شارەکاندا، ژیانێکی شپرزە و پڕ لە دڵە ڕاوکە و پەرتوبڵاو دەژیان. بەڵام وەکو دیاربوو حەمەجەزاش داروباری خۆی دەزانی و بە چاکی دەزانی سەفەری هەندەران بکات. ئێمەش دوای سەفەری حەمەجەزا، هەستمان بە دابڕانێکی خەمناک دەکرد.

حەمەجەزا دوای سەفەری خۆی و خێزانی بۆ هەندەران و سەقامگیربوونی لە وڵاتی دانیمارک، بە یادی دۆستەکانییەوە لە سەقز و شارەکانی دی خۆرهەڵاتی کوردستان، چەند جارێک گەڕایەوە و سەردانیانی کردەوە، کە نیشانەی پێزانین و ئەمەک و وەفا و خۆشەویستیی خۆی بوو بەرامبەر بەو خۆشەویستانەی لەگەڵ خۆی و خێزانەکەیدا، لوتف و میهرەبانییان نواندبوو. لەم چەند سەردانەیدا بۆ شاری سەقز، هەمیشە سەردانی ئێمەیشی دەکرد و لامان دەمایەوە و دووروودرێژ دەدواین.

لە دوای ڕاپەڕین و ڕووخانی ڕژێمی سەددام و ئازادبوونی عێراق، حەمەجەزا بەر لە من، بە خۆی و خێزانەوە، بۆ وڵات (سلێمانی) گەڕایەوە و مخابن لەو چەند ساڵ لێکدابڕانەی نێوانمان، کە ئێمە هێشتا لە سەقز بووین و ئەو لە سلێمانی، زۆر

کەم بۆمان ڕەخسا و ڕێکەوت یەکدی بگرینەوە. دوای گەڕانەوەی یەکجاریمان و جێگیربوونمان لە هەولێر (٢٠٠٣/١٠/١)، شەوێکیان (کە مێژووەکەیم لە یاد نییە) تەلەفۆنێکی بۆم کرد. لێم پرسی:

– ژمارەی تەلەفۆنەکەمانت چۆن چنگخست؟

–ئیتر پەیام کرد. چونکە مەبەستم بوو. مەبەستیشم لەم تەلەفۆنە بیانوویەکم دۆزیوەتەوە، تا یەکتر ببینین، بیانووەکەش ئەوەیە: کوڕەزایەکەی سەیید عەلی ئەسغەری کوردستانی، هونەرمەند عەلای بابا شەهابی، دوێنی لە تارانەوە بۆ سلێمانی هاتووە و منی دیوەتەوە و حەز دەکات چاوی پێتان بکەوێت. هاتنەکەیشی لەلایەن بەرنامەیەکی (کوردسات)ەوەیە، کە کاک ئیبراهیم ئەحمەد ئامادەی دەکات و ئەمجارەی بەرنامەکەی تایبەت و تەرخانکردووە بە (سەیید عەلی ئەسغەری کوردستانی) بۆیە ئەویش و تۆیشی بۆ ئامادەبوونی ئەم بەرنامەیە، بانگهێشتن کردووە.

– بەخێرهاتنی گەرمی کاک عەلای بابا شەهابی دەکەم و بەڕاستیش حەزدەکەم بە خزمەتی بگەم، بەڵام بڕوا بفەرموون بۆ ئامادەبوون لە بەرنامەی ناوبراودا، ڕەنگە نەتوانم.


– ئەگەر نەیەیت، هەر ئەمشەو، خۆم و کاکە عەلای بابا شەهابی دێیین بە شوێنتا بۆ هەولێر و لەگەڵ خۆماندا دەتهێنین بۆ سلێمانی.

– نا. ببوورن. نامەوێ زەحمەتی کەستان بدەم، کەوایە چۆن دەفەرموون، من دێم بۆ خزمەتتان.

– سبەینێ بەیانی زوو، سەعات (٦) ئوتومبێلێک بە شوێنتا دەنێرین، بۆ ئەوەی هەم یەکتر ببینین و هەم فریای ئامادەبوونی بەرنامەی ناوبراویش بکەویت، چونکە کاکە عەلا زۆر حەز دەکات لەبەرنامەکەدا ئامادە ببێت. دوای تەواوبوونی بەرنامەکەش، لە ماڵی خۆمان میوانیت.


بۆ سبەی بەیانی زوو، سەعات (٦) ئوتومبێلێکیان لەتەک هونەرمەند (ئومێد باڵەبان)دا، گەیاندە بەر ماڵمان و لەگەڵیاندا گەیشتینە سلێمانی و ئامادەی بەرنامەی ناوبراو بووم و دوای تەواوبوونی بەرنامەکە، حەمەجەزا لە ستۆدیۆی تەلەفزیۆنی (کوردسات)دا، چاوەنواڕی بردنەوەمی بۆ ماڵی خۆیان دەکرد. بەڵام بەر لەوەی حەمەجەزا بگات، براکانی خۆم، لە سلێمانی هاتبوونە ستۆدیۆ و حەزیان دەکرد شەو لای ئەوان بم. ئیدی بە هەموومان پۆزشمان لە حەمەجەزا خواست و بەر لەوەی لە یەکدی جوێ ببینەوە، گوتی:

– حەزدەکەم سبەینێ بتبینمەوە، هەندێک گۆرانی تازەم هەیە، حەز دەکەم گوێیان لێ بگریت.
– منیش زیاتر حەز دەکەم.
– بەڵام مخابن، ئەم حەزەی هەردووکمان نەهاتەدی.





# حەمەجەزا
# وەک هونەرمەندێکی ئەلتەرناتیڤ



رزگار خۆشناو

هاتنی (حەمەجەزا) بۆ نێو جیهانی گۆرانی کوردی لە کاتێک دابوو، کە ئەو جیهانە بۆشاییەکی ئاشکراو دیاری بەخۆیەوە دەدیت، ئەوانەی بەدوای ڕێچکەی گۆرانی و هونەری داندراوی کوردیی کەوتبوون و توانیان تۆزێک پەرە بەو بەشە هونەرییە بدەن، خوالێخۆشبوو (شەماڵ صائیب) بوو، دەنا زۆربەی ئەوانی دی وەک (میـزراح) لـە شوێنی خۆیان دەخولانەوە.

(حەمەجەزا) وەکو ئەلتەرناتیڤێک، زۆر نەترسانە لەگەڵ کۆمەڵێک گۆرانیبێژی گەنجی تازە هاتە مـەیـدان، بـەڵام هـەمـوویـان نـەیـانـتـوانـی وەکـو (حەمەجەزا) زوو ڕێچکە و قاڵب و ستایلی خۆیان بدۆزنەوە.

(حەمەجەزا) وەکو زۆربـەی زۆری گۆرانیبێژانی کوردستان بە لاسایی کردنـەوەی هونەرمەندی نەمر مامۆستای قوتابخانەی گۆرانـی کوردی (حـەسـەن زیـرەک) دەستی پێکرد، بـەڵام زۆری نەبرد، لەهەر بەرهەمێکی تازەی کە دەردەچوو زیاتر بـەرەو ستایلی و ڕێچکەی خۆی دەهـات، گوێگرانی کورد بە هەموو بەشەکانییەوە منداڵ و گەنج و پیر و مام ناوەند کەس نەیتوانی وەکو (حەمەجەزا) سەرنجیان ڕابکێشێت و ببنە گوێگری، چونکە (حـەمـەجـەزا) تەنیا گـۆرانـی فۆلکلۆری نەدەوت، یان تەنیا مەقام، ئەو هەموو بەشەکانی گۆرانی و موزیکی کوردی دەگوت وەکو (مەقام، گـۆرانـی میللی، گـۆرانـی فـۆلـکـلـۆری) هـەروەهـا گۆرانی هونەری دانراو (ئاوازی تازە) بەم جۆرە بەرهەمەکانی (حەمەجەزا) بە ماوەیەکی زۆرکەم توانیان شوێنی خۆیان لەنێو دڵی هەموو گوێگرێکی کورد لە منداڵ، هەتا پیر بکاتەوە، لەنێو مەکتەبەی گۆرانی کوردی لەدوای کاسێتی (حەسەن زیرەک) کاسێتی (حەمەجەزا) دەهـات، ئەویش لە کاتێکدا بوو، کە کاسێتی گۆرانی، دوایی قەوان و بەکرەی تازە دەگەیشتە ماڵەکان و جێگەی ڕادیۆیی تۆزێک تەنگ کرد.

لـەگـەڵ حـەمـەجـەزا ڕاهـێـنـانمان لـەسـەر هەموو مەقامەکان دەکرد، لەنێو موزیکی سونەتی ئێران و مەقاماتی عێراقی، کە ئەودەم زۆر باوبوو، من ڕێنیشاندەری حەمە بووم، ئامۆژگاریم دەدایێ، لە دەستپێکی مەقام گۆڕین و وەستان و مامەڵەکردن لەگەڵ وشە و ئۆکتاڤ گۆڕین (قەرار و جەواب) لە مەقامی عەشق و ئازادی، ئەو هارمۆنییەی نێوان هەردووکمان زۆر بە جوانی بەدی دەکرێت.

ناسیاویم لەگەڵ (حـەمـەجـەزا) دەگـەڕێـتـەوە بۆ ساڵی حەفتاکان، کە من هێشتە قوتابی (پەیمانگەی دیراساتی نەغەمی) بووم لە بەغدا ساڵی (١٩٧١ - ١٩٧٧) هەر لەو ماوەیەشدا لەگەڵ یەکدی کرد دەستمان بە ئیشکردن، بە ئاهەنگی ژن هێنان دەستمان پێکرد، بەڵام وردەوردە بەرەو ئاسۆیەکی ڕوونـاک دەچـوو، جگە لـەوەی، حـەمـەجـەزای ڕەحمەتی لە کۆتایی هەموو هەفتەیەکدا، پاش نیوەڕۆی ڕۆژانـی پێنجشەممە، دەهاتە دوام و عودەکەم هەڵدەگرت و لە ڕێگەی کۆیە، بە لادا زەردەکەی بەرەو ماڵی باوکی حەمە لە سلێمانی دەکەوتینە ڕێ، زۆرجاریش لە چوون، یان لە گەڕانەوەدا دەبووینە میوانی هونەرمەندانی گەورە، خوالێخۆشبووان مەلا ئەنوەر و کاک سەردار، کە یەک دوو جاریش لەگەڵمان هاتنە سلێمانی. حەمە لە ماڵی باوکی ژوورێکی تایبەتی هەبوو، هەر دوای خواردنی نانی ئێوارە، دەچووینە ئەو ژوورە، حەمە دەستی بە مەقام و گۆرانی دەکرد و منیش بە عوودەکەم وەڵامم دەداوە! حەمەجەزا دەستگایەکی تۆمـارکـردنـی بـەکـرەی هـەبـوو، کـە زۆربـەی شتەکانمان پێی تۆمار دەکرد و لێمان دەداوە و گوێمان لێ ڕادەگرت! ئەو ئامێرە ناوی گرۆندیگ (تی کەی ٤٦) بوو، گرۆندیگ کۆمپانیایەکی ئەڵمانی بەناووبانگە، لە ساڵی ١٩٦٢ تاک و ساڵی ١٩٦٦ ئەو ئامێرانەی دروست کردبوون. تایبەتمەندی ئەو دەستگایە لەوەدابوو، کە دەنگدانەوە، یان ئێکۆی هەبوو، لەو سەردەمە تەکنیکیکی زۆر دەگمەن بوو!

> **پیاو دەبێت بۆ مێژوو ڕاستگۆ بێت، هەتا ئێستەش لەگەڵ زۆربەی زۆری گۆرانیبێژەکانی کۆن و تازە کاری هونەریم کردووە، بەڵام وەکو (حەمەجەزا) بە دیسپلینم نەدیوە**

ئەو دەنگدانەوە زەوق و هەستێکی زۆر خۆشی دەدا، هەم بە گۆرانیبێژ و هەم بە ژەنیار، لە سەرەتای دەستپێکدا حەمەجەزا، وەکوو زۆربەی گۆرانیبێژەکانی دی بێ موزیک مەقامی دەچڕی و گۆرانی دەگوت، بۆیە کارکردنی پێکەوەی من و ئەو بۆ هەردوو لامان سوودبەخش بوو، من وەکوو گەنجێکی ٢٤ ساڵی خوێن گەرم و تازە دەرچووی پەیمانگەی تویژینەوەی میلۆدی لە بەغدا، من وەکو و ژەنیار و ئاواز دانەر و ڕێنیشاندەرێک، بەتایبەتی لە بواری گوتنی مەقام و تەکنیکی گۆرانی گوتن و هەڵبژاردنی بابەتەکانی گۆرانی و مەقام و تۆمارکردنی بەرهەمەکانی لەگەڵیدا کارم دەکرد، هەتا هەندێک هونەرمەند گلەییان لێدەکردم، کە من بۆ ئەوەندە بایەخ بە (حەمەجەزا) دەدەم.

پیاو دەبێت بۆ مێژوو ڕاستگۆ بێت، هەتا ئێستەش لەگەڵ زۆربەی زۆری گۆرانیبێژەکانی کۆن و تازە کاری هونەریم کردووە، بەڵام وەکو (حەمەجەزا) بە دیسپلینم نەدیوە، کاتێک کە دەمگوت لەو ئاهەنگە ئەو گۆرانیانە بەو جۆرە دەڵێی، گۆرانییەکانم بۆ تەرخان دەکرد، ئەویش بەو شێوەیە بەبێ دەستکاریکردن دەیگوتن، چ کۆنسێرت، چ ئاهەنگ، لە کارکردنی لەگەڵ ژەنیارەکان زۆر ڕێکوپێک بوو وەکو هەندێک گۆرانیبێژ تینو نەبوو، کە هەر نایان دەبڕیەوە، کە دەمانگوت (٣٠) خولەک هەر ئەوەندەی دەگوت و بەس، هەتا ئەو سەردەمە دۆزانی (عود) (سۆلۆ) بوو، وەکو هەمان شێوەی عەرەبی، بەڵام کاتێک من لەگەڵ (حەمەجەزا) دەستم بە ئیشکرد، شارەزای دەنگی ئەو بووم، بیرم لە دۆزانێکی دی کردەوە ئەویش بەرزکردنەوەی دەنگی (عود) بوو لە (سۆڵ) بۆ (لا) کە هەنگاوێکی تازەبوو، خزمەتکردنی زیاتری بە موزیکی کوردیی کرد، بۆ ئەوەی تۆزێک خۆی لە کارتێکردنی موزیکی عەرەبی دوورخاتەوە و زیاتر بەرەو ڕەسەنایەتی بڕوات.


(حەمەجەزا) نەک تەنیا (بەیات)ی لەسەر (لا) دەگوت، بگرە گەیشتە (سی) هەندێکجاریش لەسەر (ڕێ) بۆیە ئەگەر دۆزانی (عود)م نەگۆڕیبا، نەمدەتوانی مەقامی (هیجران)ی مامۆستا (عەلی مەردان) لەسەر (سی) لێبدەم و بەو ڕۆحیەتە دەرچێت، هەر ئەو ماوەیەش بوو، کە من وەتەری شەشەمم بۆ (عود) زیاد کرد، کە تەواوکەری دەنگەکانی دی بوو، بەم شێوەیە جارێکی دی (عود) گەڕایەوە نێو گروپە موزیکییە کوردییەکان، دوای ئەوەی ماوەیەک بوو پشتگوێیان خستبوو.

(حەمەجەزا) پێش بەرهەمی (عەشق و ئازادی) بەرهەمی دی هەبوو، بەڵام بەڕایی من هیچ بەرهەمێکی (حەمەجەزا) وەکو (عەشق و ئازادی) مامۆستا (هێمن) دەنگیان نەدایەوە، لە ڕێگەی ئەو بەرهەمەوە (هێمن)ی شاعیری بە خەڵکی کوردستانی باشوور ناساند (حەمەجەزا) زۆر خۆی هیلاک دەکرد، بۆ ئەوەی فێری شتی نوێ بێت، وەکو (مەقامی تازە، گۆرانی تازە، ڕەزمی تازە) وەکو (٨/٦) کە گروپەکەی ئێمە لەوکاتە زۆر سوودمان لێ وەردەگرت، بە سەدان شەو (حەمە جەزا) و من دانیشتین و خەریکی مەقام گوتن و دۆزینەوەی ئاوازی تازە بووین.


بەشێوەیەک کاسێتی عەشق و ئازادی، بەرووبوومی چەند ساڵی پێکەوە بوون و دانیشتنی دووقۆڵی و ڕاهێنان و پرۆڤەی مەقام و گۆرانی گوتن و لێک تێگەیشتن و بە دواداگەڕان لە موزیکی ڕەسەنی کوردیی و هەوڵدان و هیلاک بوونێکی بێ سنوورە.

(حەمەجەزا) لەو ماوەیەدا سوودی زۆر وەرگرت، وەکو شارەزایی لە مەقامە کوردییەکان و ڕاهێنانی (سۆلفێج) و ڕاهاتنی لەسەر مامەڵەکردن لەگەڵ وشە و هەڵبەست، تاقیکردنەوەی پلەکانی دەنگ ............ هتد، لەبەر ئەوەی (حەمەجەزا) بناغەکەی بە مەقامی کوردی دەست پێکرد، لە هەموو بەشەکانی دی گۆرانی میلیی فۆلکلۆری و ئاوازی هونەریی دانراو زۆر سەرکەوتوو بوو، هەروەها





"حەمەجەزا بە لاسایی حەسەن زیرەک و عەلی مەردان و سیوە و محەمەد ساڵح دیلان دەستی پێکرد، هەتا گەیشتە ڕێچکە و ستایلی تایبەتی خۆی"



دەنگی (حەمەجەزا) دەنگێکی کوردی و تازە بوو، شێوەی گۆرانییەکانی تازەبوون، بۆیە جیاوازی لەگەڵ گۆرانیبێژانی ئەو سەردەمە هەبوو، زۆربەی مەقامەکانی دەکەونە سەر (سکێڵی) (بەیات) وەکو (هیجران، ئای ئایی، دەشت) سەربەست دەیگوت بێ گیروگرفت (ئەڵڵا وەیس، هەمایۆن، حیجاز، سەبا، سەباز زمزم، قەتار، سێگا، عەجەم، ڕەست) هەمووی دەگوت.


بەڕای من (حەمەجەزا) بە مەقامی (هیجران) ی مامۆستا (عەلی مەردان)یش بەناوبانگ بوو، هەرچەندە کاتی خۆی، کە ئەو کۆمەڵە مەقام و گۆرانییانەمان تۆمارکرد بۆ برادەرێکی (حەمەجەزا) کە خاوەنی تۆمارگایەک بوو لە شاری (سلێمانی) تەنیا دەیویست ڕیکۆردە (ئەڵمانی)یە تازەکەی (Grunt Dig tk46) کە (ئیکۆ)ی هەبوو تاقی بکاتەوە، بەڵام ڕۆژی دوایی لە بازاڕ دەفرۆشراو هەندێک تۆمارگە خۆیان پێ دەوڵەمەند کردبوو (حەمەجەزا) و منیش یەک فلسمان لێی قازانج نەکرد، بەڵام دوایی قازانجی هونەریمان کرد.


(حەمەجەزا) بەو بەرهەمە ناوی گەیشتە کوردستانی خۆرهەڵات و لەوێش بەناوبانگ بوو، لە کاتێکدا ئەوسەردەمە، نە سەتەلایت و ئینتەرنێت و مۆبایل هەبوو، نە تەلەفزیۆنیش وەک ئێستە بوو، هەر چەندە (حەمەجەزا) وەکو زۆربەی گۆرانیبێژە کوردییەکانی ئەو سەردەمە، لە فێربوون و گوتنی ئاوازی هونەریی گیروگرفتی هەبوو، ئەوەی کە ئاواز دانەرەکان بۆیان دادەنا، چونکە ئەو بە جۆرێک ئاوازەکەی دەگوت، کە خۆی دەیتوانی، نەک وەکو دەقی ئاوازەکە، بێگومان هۆی ئەو دیاردەیەش لای هەموومان ئاشکرایە نەخوێندنەوەی (نۆتە) و ڕاهێنانی (سۆڵێفج) و زیاتر گوتنی ئاوازی فۆلکلۆری، ئاسانترە لە ئاوازی تازە دانراو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا (حەمەجەزا) زۆر ئاوازی تازەی دەگوت و زۆر سەرکەوتووش بوو، چونکە من لە نزیکەوە ئاگاداربووم، کە چەند پرۆڤەی لەسەر بەرهەمی تازە دەکرد، یەکەم بەرهەمی هونەریمان پێکەوە گۆرانی (حەزم لێکردوی) هەڵبەستی (مەدهۆش) و ئاوازی من و دابەشکردنی گروپ بوو.

بەیارمەتی گروپی (شانۆی لادێ) و کۆمەڵێک لە گەنجی خوێن گەرمی شاری (هەولێر) و باشترین ژەنیار، لێرە دەبێت ناوی دوو هونەرمەند بە جیاواز باس بکرێن، کە یارمەتی منیان داوە و بەم هۆیەوە ئەو بەرهەمە هاتە کایەوە (شێرزاد محەمەد حوسێن) و خوالێخۆشبوو (سەید ئەحمەد بەرزنجی) ئەوانی دیش هەموویان شایەنی سوپاس و باسکردنن، دوو گۆرانیمان ئامادەکرد، کە دووەمیان (دوورم لە یاران)ی خوالێخۆشبوو (قادر زیرەک) بوو، نزیکەی یەک مانگ بۆ ئەو دوو گۆرانییە پرۆڤەمان کرد و لە ستۆدیۆی (تیپی مۆسیقای سلێمانی) هونەرمەند (ئەنوەر قەرەداغی) تۆمارمان کرد، بە بۆچوونی من ئەو دوو گۆرانییە بوون بە سومبولی پێکەوە کارکردن لە شاری (هەولێر) هەروەها بوو بە ڕێگە خۆشکردن بۆ قۆناغێکی تازە، لە ڕێگەی خزمەتی موزیکی کوردیی ڕەسەن، چونکە لە دوای ئەو شۆڕشە هونەرییە (تیپی هونەری هەولێر) دامەزرا، کە زۆربەی زۆری ئەو ژەنیارانە بوون، کە بەژداری ئەو دوو گۆرانییەیان کردبوو.

(حەمەجەزا) وەکو سەلماندنی خۆی کە گۆرانیبێژێکی بەتوانا و بە پرەنسیپ و زیرەکە، کۆمەڵێک لە ئاوازی تازە و ناوداری گوت، لەوانە (شیلانە، ئەی پەری، بەهاربوو، کیژی کوردستان، لایلایە، ساڵان دەچووومە باخی شەقڵاوە...... هتد) بۆیە بە ماوەیەکی کەم بوو بە (سوپەر ستار) کەم ئاهەنگی گەورە هەبوو کە (حەمەجەزا) تیایدا داوەت نەکرێت و بەشداری نەکات، نەک تەنیا ئاهەنگەکانی شاری (هەولێر) بەڵکو بگرە لە شارەکانی (دهۆک و سلێمانی) هەتا لە (بەغدا)ش، بۆیە کارکردنی من لەگەڵ حەمەجەزا تەنیا ئەوەی باسم کرد







حەمەجەزا و ڕزگار خۆشماو

نەبوو، بەڵکو من گرووپێکی پێنج شەش کەسیم دامەزراندبوو، لەبەر ئەوەی تیپی هونەری هەولێر ئەندامی زۆر بوون و نەدەکرا ئەو تیپە گەورەیە لە هەموو بۆنەکان بەشداری بکات، بەتایبەتیش لە یانە و شوێنی بچووک! ئەو گرووپە بریتیبوون لە عوود و ڤیۆلین و باس ئەکۆردیۆن و ڕزم، هەموو گۆرانییەکانی حەمەجەزامان دەرخ بوو، تەنیا پرۆڤەمان لەسەر ئاوازی تازە دەکرد! هەموومان کۆرس بوین، لێرە چەند ئاوازێکم بۆ حەمە دانابوو وەکو (شیلانە) (لایە لایە) (کیژی کوردستان) یان ئەوانەی ئامادەم کردبوون وەکو (گلەیی لە کەس ناکەم) (لێوت خوێنی گەشمە) زۆری دیکەش. بە تەکنیکی زۆر بەرز و هاوچەرخ، کە دوای ئێمە زۆر گرووپی بەناوبانگی کوردستان لاسایيان کردینەوە! ئەو ئەزموونەش، هەم بۆ ئێمە و هەم بۆ حەمەجەزای ڕەحمەتی، زۆر سوودبەخش و پڕ تام و چێژ بوو، بەتایبەتی بۆ حەمەجەزا، کە ڕێ خۆشکەربوو بۆ دۆزینەوەی ڕێچکە و ستایلی تایبەتی خۆی، ئەستێرەی حەمە جەزا زۆر زوو هەڵات و بوو بە گۆرانیبێژێکی بەناوبانگ.

بەهاتنی شەڕی (عێراق ـ ئێران) و بوونە پێشمەرگەی (حەمەجەزا) باری هونەری گۆرانی لە شاری (هەولێر) بە تەواوی گۆڕا، منیش بە ناچاری کوردستانم جێهێشت و چوومە هەندەران و لە (نەمسا) دەستم بە ژیانێکی تازە کرد.

بە داخەوە دووریی من و حەمەجەزا، ئەو لە دانیمارک و من لە نەمسا و سەختی ژیانی ئەوروپا، ماوەی پێ نەداین، لە کاری هونەریی، پێکڕان بەردەوام بین! بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٠ حەمە پەیوەندی پێوە کردم و حەزی کرد سەردانم بکات و بە یادی جاران چەند مەقامێک تۆمار بکەین، منیش خۆشحاڵی خۆم بۆی دەربڕی و گوتم هەرکاتێک هاتی لە خزمەتم! ئەوەبوو دوای ماوەیەک بە دیارکەوتوو میوانی ئێمە بوو لە شاری گراتس. بە یادی جاران، سیدیەکی مەقاممان تەنیا بە عوود تۆمار کرد و لە سلێمانی بڵاوی کردەوە.

ئەو زۆر حەزی دەکرد بچمە دانیمارک و لە یەکدی نزیک بین! بەداخەوە ئەو سەردەمە وەکو دکتۆری موزیک کارم دەکرد، نەدەکرا واز لە کارەکەم بهێنم! بەڵام هەرکاتێک کۆنسێرتێک، یان ئاهەنگێکی گەورەی هەبوایە تەلەفۆنی بۆ دەکردم و منیش بەشداریم دەکرد، وەکو بەرنامەکانی «مێد تی ڤی» لە بڕۆکسلی پایتەختی وڵاتی بەلجیکا.

* ئەم بابەتە تێکهەڵکێشی دوو بابەتە، ئەو بابەتەی کە لە کتێبی (حەمەجەزا، هونەرمەند و پێشمەرگە) بڵاوبووەتەوە، لەگەڵ ئەو وتارە دەنگییەی لە ٢٠٢٢/١٠/١ بۆ ئەو کۆڕەی نارد، کە بە بۆنەی ساڵیادی هونەرمەند حەمەجەزا، بۆ دکتۆر عەبدولواحید ڕێکخرابوو.




حەمەجەزا و ڕزگار خۆشماو

“

**(حەمەجەزا) پێش بەرهەمی (عەشق و ئازادی) بەرهەمی دی هەبوو، بەڵام بەڕایی من هیچ بەرهەمێکی حەمەجەزا وەکو عەشق و ئازادی مامۆستا هێمن دەنگیان نەدایەوە**

”



د. عەبدولواحید ئیدریس



# قۆناغەکانی ژیانی هونەریی حەمەجەزا

حەمەجەزا لە ١٩٤٩/٢/٣ لەشاری سلێمانی لەگەڕەکی بازاڕە بچکۆلە لەدایکبووە، لەخێزانێک کە باوکی بازرگان و کەسێکی کاسب بووە، حاجی عەلی بەگ کەسێکی خۆشەویست و لەشارەکە ناسراو بووە.

حەمەجەزا لەباوەشی ئەو خانەوادەیەدا و لەو شارەدا گەشەی کردووە، هەر لەقۆناغی سەرەتاییەوە هەستی کردووە دەنگی خۆشەو حەزی کردووە گۆرانی بڵێت، بۆیە مامۆستاکانی ڕۆڵیان هەبووە لەپێشکەوتنی هونەری (حەمەجەزا) دا بەتایبەتی مامۆستا (ئەحمەد هەردی) شاعیر،کە لە قوتابخانە مامۆستای وانەی کوردییان بووە،زۆر هانی داوە

بەیانیان لە قوتابخانە یەکێک بووە لەو خوێندکارانەی سروودیان چڕیووە، بەتایبەتی لە بۆنەکان، لەوێوەحەمەجەزا گەشەی بەهونەرەکەی داوە.

یەکەم گۆرانیشی لەگەڵ تیپی هونەرو وێژەی کوردیی لەساڵی ١٩٦٩ کە گۆرانییەکی فۆلکلۆری بووە، بەناوی (لێوت خوێنی گەشەمە) بڵاوکردووەتەوە.

**هونەری حەمە جەزا بەچەند قۆناغێکدا تێپەڕیوە:**

**قۆناغی یەکەم: ١٩٧٠ – ١٩٧٤ کاری لەسەر فۆلکلۆر کردووە.**

لەساڵی ١٩٧٠ هاتووەتە هەولێرو لەوساوە تا ساڵی ١٩٧٥ زیاتر کاری لەسەر فۆلکلۆرو گۆرانییەکانی هونەرمەند حەسەن زیرەک کردووە.

بۆیە دوای ئەوەی هونەرمەندی گەورە حەسەن زیرەک کۆچی دوایی دەکات، وەکو وەفادارییەک بەگۆرانی (ئەی گوڵ ئەی گوڵ تۆم بەگوڵ زانی....) لەگەڵ چەند گۆرانییەکی دی لەهەولێر بڵاودەکاتەوە، تۆمارگەی عەبدولەتیف، کە کۆنترین تۆمارگەی هەولێر بوو، بۆی تۆمار دەکات، لەوێوە حەمەجەزا زیاتر دەردەکەوێت.

**قۆناغی دووەم: ١٩٧٥ – ١٩٨١ قۆناغی شۆڕشگێڕی و شاکاری هونەری:**

حەمەجەزای هونەرمەند لەساڵی١٩٧٤ەوە تا کۆتایی ساڵی ١٩٧٥ و کۆتایی هاتنی شۆڕش پێشمەرگە بووە، بەڵام ئەو لەسەر بیروباوەڕی کوردایەتی بەردەوام دەبێت.


کاسێتێک هەیە لەلای هەمووتان ناسراوە، کاسێتی (لەیلا قاسم) هەموو خەڵک وادەزانن لەشاخ و لەکاتی شۆڕشداگوتراوە و تۆمارکراوە، بەڵام بەڵگە هەیە، ئەم کاسێتە لەدوای هەرەس، دوای ئەوەی خەڵکێکی زۆر تەسلیم دەبنەوە،حەمە جەزا لەماڵی برادەرێک، کە داوەتکراوە بۆ ئەوەی چەند مەقامێک تۆمار بکەن، ئەو کاسێتە تۆمار دەکات.

ڕوونە لەدوای هەرەس و ئاشبەتاڵ خەڵک لەچ ماتەمینییەک و ڕەشبینییەکدا دەژیان،بەڵام حەمەجەزا لەوێ کۆمەڵێک مەقام و سروود تۆمار دەکات، کە ئەمانەن (شاری قەڵادزێ، پەیمان، دایە، لەیلا قاسم، کوردستانە) کە بەرلەدەستپێکردنی،مێژووەکەی تۆمارکردووە، کە بریتییە لە ١٩٧٥/٤/١٦ بەناوی (لەیلا قاسم) کە دەکاتە مانگێک دوای هەرەس.

خۆتان ئەوانەی بە تەمەنن، بێننە بەرچاوتان، ئەوکاتە چ بێ هیوایی و نائومێدییەک باڵی بەسەر ناخ و دەروونی ئەو خەڵکەدا کێشابوو. کەچی لەم کاتەدا حەمەجەزا کۆمەڵێک مەقامات تۆمار دەکات، یەک لەو مەقامانە بەناوی (پەیمان) کە دەڵێت:

***پەیمانم داوە بەم کوردستانە***
***بەخاک و خۆڵی ئەم نیشتمانە***
***ئەبێ بکەوم لەنێو سەنگەردا***
***لەبەینی گوللە و تفەنگ و بەردا***

"سەرەتای هونەری شۆڕشگێڕیی حەمەجەزا لە ساڵی ١٩٧٥ەوە دەست پێدەکات، بەکاسێتی (لەیلا قاسم) کە دواتر لەسەر ئەو کاسێتە چەند جارێک دەستگیر کراوەو سزادراوە"



***خۆڵەمێش برژێ لــــەسەر بــرینم***
***خـوێنی ڕژاوم بــەچـاو بــبـیـنـم***
***هەر پێشمەرگە بم شەرتە تا مردن***
***سەرم شۆڕنەکەم لەئاستی دوژمن***

لێرەوە دەکرێت بڵێین سەرەتای هونەری شۆڕشگێڕیی حەمەجەزا لە ساڵی١٩٧٥ەوە دەستپێدەکات، بەکاسێتی (لەیلا قاسم) کە دواتر لەسەر ئەو کاسێتە چەند جارێک دەستگیرکراوەو سزادراوە، بەڵام ئەو لەسەر ڕێبازی شۆڕشگێڕیی خۆی بەردەوام بووەو کاری لێنەکردووە.

١٩٧٥ تا ١٩٨١ بۆ حەمە جەزا قۆناغی گەشەکردن و دەرکەوتنی بوو بەهونەری شۆڕشگێڕیی و شاکاری هونەری بەتایبەتی ئەو کاسێتانەی لەگەڵ هونەرمەند ڕزگار خۆشناو تۆماری کردن وەکو (عیشق و ئازادی، بوکی ئازادی، ناڵەی جودایی) کە بەشێکیان شیعری مامۆستا هێمن بوون

بەم دواییەش دەرکەوت، کە هێمن شیعری عیشق و ئازادی بۆ شەهید خاڵە شەهاب نووسیوە لەو بارەیەوە.

مەلا محەمەد شەلماشی دەڵێت (هێمن ئەو شیعرەی بۆ شەهید خاڵە شیهاب شێخ نوری نوسیوە، شەوێک خێزانی خاڵە شیهاب هاتە ماڵی ئێمە بۆ ئەوەی ڕێگا چارەیەک بدۆزینەوە بۆ ئازادکردنی خاڵە شیهاب لەڕێ ی حزبی دیموکرات و ڕێکخراوە فەلەستینییەکان.... هێمن کە خێزانی خاڵە شیهابی دیت بەم جۆرە پەشۆکاوییە، چەند کۆپلەیەکی عیشق و ئازادی ئەو کاتە دانا).

ئەو کاسێتەیان زۆر بەسادەیی لەماڵی خۆیان لەسلێمانی لەگەڵ ڕزگار خۆشناو بەئامێری تۆمارکردن جۆری ٤٦ی پێدەڵێن تۆمار کردووە، کە دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو.

دواتریش کاسێتی بووکی ئازادی، کە ئەویش شیعری قانیعی شاعیرە، ئەو شیعرەش بۆ ئەوکاتی زۆر زیندوو بوو، هەوێنی ڕاپەرین و جۆشدانی لاوان بوو.

ناڵەی جودایی مام هێمن، کە شیعرێکی زۆر بەپێزو ناسراوە زۆر لەگۆرانیبێژەکانیش گوتوویانە، بەڵام یەکەمجار هونەرمەند حەمەجەزا، دواتریش هونەرمەند تایەر تۆفیقیش چەند کۆپلەیەکی لێ تۆمارکردووە، بەڵام حەمەجەزا زۆربەی شیعرەکەی گوتووە و لەیەک کاسێتدا تۆماری کردووە، ئەویش دەنگدانەوەیەکی یەجگار زۆری هەبوو.


بەشێکی دیکەی کارەکانی حەمەجەزا لەساڵی ١٩٧٥ تا ١٩٨٠ ئەو کارە هونەرییانە بوون، کە لەگەڵ تیپی مۆسیقای هەولێر تۆماری کردوون، ئەو گۆرانیانە بوونە شاکارو ناسنامەی حەمەجەزا، کە هەتا کورد مابێت،بە زیندوویی و ڕەسەنی دەمێننەوە، وەکو گۆرانییەکانی (حەزم لێکردووی، بەناز بەنازی، کەژاڵ، چارەنووس، لایەلایە، کۆڵانی تەنگەبەر، کۆچ و یادی، مرۆڤێکم بێ چارە، کیژی کوردستان، بیبی خانم, شیلانە) و چەندان گۆرانی دی.

حەمەجەزا ئەو خەباتەی، کەلە ڕێگەی هونەرەوە دەیکرد، زۆرجار لەسەری دەگیراو ئازار دەدرا، بەڵام ئەو هەر بەردەوام بوو.

لەئاهەنگەکانیش، بەگۆرانییەکی دڵداری و ڕۆمانسی دەستیپێدەکرد، بەڵام لەو نێوەدا بەمەقام، یان شیعرێکی نیشتمانی خەڵکەکەی جۆشدەدا، بەتایبەتی بەشیعرەکانی مام هێمن، بۆ نموونە شیعری (بۆت نووسیبووم بۆت بنووسم ئەمن چیم) و (دەمگرێ ئەمما لەگرتووخانە ڕق ئەستورترم)


لە ئاهەنگی نەورۆزی ساڵی ١٩٧٦ لەنێو یاریگەی هەولێر، کە چەندین هەزار کەس ئامادەی بوون، حەمەجەزا بەگۆرانی (بەناز) کە گۆرانییەکی دڵدارییە دەستی پێکرد، بەڵام لەنێو گۆرانییەکەدا ئەم شیعرەی گوت:

***(دەمگرێ، ئەمما لە گرتووخانە ڕق ئەستوورترم***
***لێم دەدا، ئەمما لەسەر داوا ڕەواکەم سوورترم***
***دەمکوژێ، ئەمما بــەگژ جەللادەکەم دا دێمەوە***



حەمەجەزا و د. عەبدولواحید ئیدریس

**"حەمەجەزا لەگەڵ تیپی مۆسیقای شەهید کارزان، چەند بەرهەمێکی تۆمارکرد، کە تا کورد لەشۆڕش و خەباتدا بێت، ئەو بەرهەمانەی بە زیندوێتی دەمێننەوە"**



"پێشتر کەم کەم شیعری دەنوسی بۆ گۆرانییەکانی بەڵام لەم دواییەدا زۆرتر شیعری دەنووسی، لەبەر ئەوەی بەدوای هەندێک شیعردا دەگەڕا، لەلای شاعیران نەبوو"

***کوردم و نـاتوێمەوە، نـاتوێمەوە، نـاتوێمەوە)***

ئەمە بۆ ئەوکات شۆڕش بوو، ساڵی ۱۹۷٦ ئەو شیعرە لەناو هـەزاران کەس لەسەر شانۆ بیڵێی ئەوە شۆڕشێک بوو بۆ خۆی

ساڵی۱۹۸۰ لەیادی دامەزراندنی ئێزگەی ڕادیۆی کوردی، لە بەغدا لەنێو گۆرانی (یەڵڵا مسافر) شیعرێک دەڵێت:

***(بۆت نوسیووم بۆت بنووسم ئەمن چیم؟***
***دوندی قەندیل گۆرەپانی هـــەڵگورد نیم***
***بـــەرەو بەرزایی دەچم ئەگەرچی ووردم***
***خـــاکی بەرپێی تێکۆشەرێکی کوردم)***

**قۆناغی سێیەم: شاخ و تفەنگ و تیپی مۆسیقای شەهید کارزان:**

بـەڕاسـتـی تـائێستە، لـەنـێـوان هـونـەرمـەنـدی شۆڕشگێر و هونەرمەندە شایەرەکانی جیاوازیمان نەکردووە، لەو هەولێرە چەندان بەناو هونەرمەند هـەبوون، سرووودیـان بۆ قادسیە گوت، کەچی حەمەجەزا یـەک لـەو هونەرمەندانە بوو لەگەڵ هونەرمەند تایەر تۆفیق چەندینجار بانگکران، بـەڵام ئـامـادە نـەبـوون بـەشـان و بـاڵی ڕژێمی بەعس هەڵبدەن، بۆیە گۆرانییان لێ قەدەغە کرا، ژیانی هونەرییان زۆر لێ تەسک کردەوە، دەیان کەسیش لەسەر کاسێتەکانی حەمەجەزا خرابوونە کونجی زیندانەکان، هەبوون لە سێدارە درابوون. بەسەدانیش ببوون بەپێشمەرگە، بۆیە چیدی نەیدەویست ئـەو لـەدوورەوە خەڵکی هانبدات. دواجار بەخۆشی چووە ناو کورەی خەبات، ئێمە لەدەرەوەی وڵات هونەرمەندمان هەیە، سرووودی بۆ پێشمەرگە گوتووە کەچی ئامادەنەبووە یەک سەعات ببێت بەپێشمەرگە، بەڵام حەمەجەزا بۆ خۆی لەساڵی ۱۹۸۱ چوو بوو بەپێشمەرگە، لە تیپی ۳۷ی شارباژێر.

هەرچەندە ئێمە وەکو ئەوانەی حەزمان لەدەنگی بوو، حەزمان دەکرد بـەردەوام خەریکی کاری هونەری بێت، بەرهەمی هونەری شۆڕشگێریی پێشکەش بکات، نـەک بـەکاری پێشمەرگەیاتی سـەرقاڵ بێت، بـەڵام ئـەو بـڕوای وابـوو، دەبێت لەگەڵ پێشمەرگە بژیێت و لە نزیکەوە ئاشنای ژیانی پێشمەرگەیاتی بێت، هـەر ئـەوەش بوو وایکرد شیعرێک بۆ پێشمەرگە بنووسێت و بیکاتە سروود (هۆ کاکی پێشمەرگە) کە وەسفی ژیانی پێشمەرگە دەکات نەک باسی ئازایەتی، ئەوەش یەکەمجار بوو سرووودێک لەشیعرو ئاوازی خۆی لەگەڵ تیپی شەهید کارزان تۆمار بکات.

حەمەجەزا لەشاخ بەدوو جۆر کاری دەکرد، دوو کاسێتی هەیە، یەکێکیان زۆر بەناوبانگە، کۆمەڵە شیعرێکە بەبێ مۆسیقا ساڵی ۱۹۸۳ لەگوندی باراو تۆماری کردووە، بەو ئامێرەی تۆمارکردنەی کە هەیبوو، سـرووودەکـان یەکیان شیعری شێرکۆ بێکەس ( لەشەوێکدا)، هەروەها شیعری (پاکانە) کە شیعری (موزەفەر نواب) بوو شەهید دڵشاد مەریوانی کردبوویە کوردی. لەگەڵ چەند شیعرێکی شەهیدی نەمر شەهید (مەلا عەلی) کە بەسروود گوتوونی و لەدوای ڕاپەرینیش بەشێوەیەکی دی تۆماری کردوونەتەوە.

حەمەجەزا لەگەڵ تیپی مۆسیقای شەهید کارزان چەند بەرهەمێکی تۆمارکرد، کە تا کورد لەشۆڕش و خـەباتدا بێت، ئـەو بەرهـەمانەی بە زیندوێتی دەمێننەوە، وەکو: (هۆ کاکی پێشمەرگە) هەروەها (مەڕۆ مەڕۆ بابە مەڕۆ) کە ئەم سرووودەی ساڵی ۱۹۹۰ لەشاری سەقز، لەیادی هەڵەبجەو نەورۆز تۆمارکراوە.

سرووودەکەش بۆخۆی چیرۆکێکە، لەبەر ئەوەی منداڵەکانی هـەر ڕۆژەی لەماڵێک بـوون ڕۆژێ لەماڵی باپیرەیان، یـان پوریانن زۆر هەست بەبێزاری دەکەن، کچە گەورەکەی نامەیەکی بۆ دەنوسێت و دەڵێت: بابە ئێمە دەمانەوێت بێینە لای تۆ، بێزار بووین، یان تۆ وەرەوەتەسلیم بەوە، یان ئێمە دێینە لای تۆ و دەبین بەپێشمەرگە، حەمـەجـەزا لەپشتی ئـەو نامەیە ئـەو شیعرەی بۆ دێت و دەینووسێت، کە شاکارێکی گەورەی هونەریە، ئەمە کۆپلەیەکە لەو شیعرە: لەوەڵامی


هێمن موکریانی و حەمەجەزا

منداڵەکانیدا

***ئەڕۆم ئەڕۆم زوير مەبن وردیلەکـــــــانم***
***تاسەربەستی وەدەست دێنم بۆ کوردستانم***
***تـــــاکو نەخشەی ئەم وڵاتە نەگۆڕینەوە***
***دڵنیابن ڕۆڵــەکـــانم نـــــاگـــەڕێینەوە***

سروودی (مەتەرێزی شەڕەف) ئەمەش شیعری (هێمن)و ئاوازی خۆیەتی، لەگەڵ تیپی مۆسیقای شەهید کارزان تۆماری کردووە.

دیارە ژیانی پێشمەرگایەتی، هەر شاخ و چەک و شەڕ نییە، پێویستی بەڕۆمانسیەت و دڵداریش هەیە، بۆیە لەسەر ئەو بیروباوەڕە، گۆرانی فۆلکلۆریشی لەوێ تۆمارکردووە، کە (هەرمێ هەرمێ)یە لەگەڵ مەقامەکەی سێوەی نەمر تێکەڵی کردووە.

لەفێستڤاڵەکەی هەڵەبجەو نەورۆزیش گۆرانییەکی دەروێش عەبدوڵڵا (بارانە)ی بەدەف گوتووە.

حەمەجەزا تا مانگی پێنجی ساڵی١٩٩٠ لەئێران دەمێنێتەوە، بەڵام دواجار بەناچاری، بۆ ئەوەی منداڵەکانی چیتر سەرگەردان نەبن، سەرکردایەتی ڕێگەی ئەوەی بۆ دادەنێت، بچێتە دەرەوەی وڵات و لەوێ پەرە بەهونەرەکەی بدات.

**قۆناغی چوارەم: گیرسانەوە لەهەندەران و سێ ئەلبوومی سروود و مەقام و گۆرانی:**

ساڵی١٩٩٠ ڕوو لەهەندەران دەکات و لە وڵاتی دانیمارک دەگیرسێتەوە و دەستدەکات بەکاری هونەری و لە ئاهەنگ و یادە نەتەوەیی و نیشتمانییەکاندا بەشداری دەکات

لەگەڵ چەند هونەرمەندێکی میوزیکژەن تیپێکی بچووک دروست دەکەن


لەو ماوەیەدا سێ ئەلبووم تۆماردەکات، لەو سێ ئەلبومە، دووانی گۆرانی بوون، ئەلبوومی سێیەمی تەنیا مەقامات بوو، (گەردەلولی سپی، شەوگارە سەختەکان، کەرەستەی ژن، پێشینان، لەشەوێکدا) کە خەڵکێکی زۆر ئەوانەی حەزیان لەدەنگی حەمەجەزا دەکرد داوایان لێدەکرد مقامات تۆماربکات، لەبەر ئەوەی مەقامەکانی هەمووی مایەی خۆشحاڵی و جێگەی سەرنج بوون.

دوای جێگیربوون لەوڵاتی دانیمارک و لەسەردانەکانی بۆ کوردستان سێ بەرهەمی لەگەڵ تیپی (زیل و بەم) تۆمار کرد کە هونەرمەند وریا ئەحمەد سەرۆکی تیپەکە بوو دوو گۆرانی (ڕێژنە, شایی ) و مەقامی (کوڕی بابە گورگور)ی تۆمارکرد، لەگەڵ تیپی مۆسیقای سلێمانیش گۆرانی (دەشتی نێرگز، گەشتی شارەزوور) و سروودی (شەهید) کە ٢٥ خولەکە، جگە لە ئەنجامدانی چەند کۆنسێرتێک لەشارەکانی سلێمانی، هەولێر، کەرکوک، خانەقین و بەشداری هەموو بۆنە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی کردووە لەدەرەوەی وڵات، چەند بەرنامەیەکی لەسەتەلایتی کوردسات و میدیا و کوردستان و تەلەفزیۆنەکانی تر ئەنجام داوە، لەو بەرنامانەش چەندان مەقام و گۆرانی تۆمار کردووە.

پێشتر کەم کەم شیعری دەنوسی بۆ گۆرانییەکانی بەڵام لەم دواییەدا زۆرتر شیعری دەنووسی، لەبەر ئەوەی بەدوای هەندێک شیعردا دەگەڕا، لەلای شاعیران نەبوو، دیوانەکەی من ئامادەکاریم بۆ کردو چاپم کرد، دووسەد شیعری تێدایە. بەهیوا بوو ئەگەر ئەو نەخۆشییە نەگریسە ڕووبەڕووی نەبوابایەوە هەمووی ئاوازیان بۆ دابنێت و بیانکات بە گۆرانی و تۆماریان بکات.

پێنج ساڵ بەر لەوەی تووشی نەخۆشییەکەی بێت، ڕۆژێک هاتە کۆیەو هەموو ئەرشیف و بەرهەمەکانی خۆی هێناو ڕادەستی منی کردو گوتی: دەمەوێت تۆ ئامادەکارییان بۆ بکەیت و ڕێکیان بخەیت و بیکەیت بەکتێبێک، منیش بەشانازییەوە ئەو ئەرکەم خستەسەرشانی خۆم و هەموو شیعرەکانیم لەدیوانێک و بەناوی (هۆنراوەکانی هونەرمەند و پێشمەرگە حەمە جەزا) گۆرانییەکانیشی لەکتێبێک چاپم کرد، بەناوی (چریکەو ئاوازی حەمەجەزا).

بەداخەوە مەرگ مەودای نەدا لە ٢٠١٠/١٠/١ دواماڵئاوایی کرد.



“


**تائێستە، لەنێوان هونەرمەندی شۆڕشگێڕ و هونەرمەندە شایەرەکانی جیاوازیمان نەکردووە**

”



حەمەجەزا لەکاتی پێشمەرگایەتیدا

# حەمە جەزا یەکێکە لە ئەستێرەکانی ناو گۆرانی کوردی



ناسری ڕەزازی


حەمەجەزا بەتەمەن لەمن گەورەتر بوو، هەروەها پێش منیش دەستی بەگۆرانی گوتن کردبوو، ئەوسەردەمانەی شۆڕشی (بارزانی نەمر) (شۆڕشی ئەیلول) شکستی هێنا و زۆربەی خەڵکی باشوور ڕوویان کردە وڵاتی (ئێران) دیارە یەکێک لەوانە، کە ئاوارەی ئۆردوگای (زێوە) ببوو لە ئێران جارێکی دی لە (شۆڕشی نوێ) ساڵی ١٩٨٨ دوای پرۆسەی ئەنفال ماوەیک لە شاری (سەقز) بووە، تاوەکو ئێستەکەش خۆشەویستی ئەو شارەیە، جگە لەکوردستانی باشوور لەکوردستانی ڕۆژهەڵاتیش خۆشەویستە، لەم دواییەش، کە لەگەڵ (تیپی مۆسیقای سلێمانی) سەفەرێکی بۆشاری (سنە)ی خۆشەویست کرد سەلماندییان و سەلمێندراش کە (حەمەجەزا) چەندە گەورەیە لە دڵی خەڵکی کوردستان.

(حەمەجەزا)ی هونەرمەند و پێشمەرگە لەبنەماڵەیەکی تێکۆشەر و ناودار و بەڕێز و پاکی شاری سلێمانییە، هەم خۆی و هەم (خەپەخان)ی خێزانی میواندار و دڵسۆزی خەڵک و وەفادارن.

(حەمەجەزا) خەسڵەتی زۆرباشی هەبوو، یەکێک لەخەسڵەتەکانی قسە خۆشەکانی بوو، کە ئەوە لە هەموو ئادەمیزادێکدا نییە، ئەوەش لە خۆیدا بەهرەیەکە، جگە لە قسە خۆشەکانی، کە قسەش دەگێڕێتەوە، وەکو ئەوە وایە لەسەر شانۆ وەستا بێت و تەمسیل بکات، خەسڵەتی نەتەوەیی بوونی (حەمەجەزا) کە لە هەموو ژیانی ڕەنگی داوەتەوە ئەوەیە، کە پیاوێکی کوردی ڕەسەنە، گەل و نیشتمانەکەی خۆی خۆش دەوێت، بە گۆرانییەکانی توانیویەتی خزمەتی نەتەوەکەی بکات، بەشێکی زۆری تەمەنی لە پێشمەرگایەتی بەسەر بردووە و لەگەڵ پێشمەرگایەتیش کاری هونەری شۆڕشگێڕانەی خۆشی بە بەردەوامی کردووە، لەڕووی تەکنیک و موزیکەوە باسی کارە هونەرییەکانی ناکەین، با ئەوە جێبهێڵین بۆ شارەزایانی زانستی بواری موزیک، واتە ئەوانەی لەزانستی موزیک شارەزان، دەبێت ئەوان ئەو هەڵسەنگاندنە لەئەستۆ بگرن.

(حەمەجەزا) دەنگێکی باش و پاراو و ڕەسەنی هەیە، لەنێو سەرجەم گۆرانیبێژانی کورد لەدوای مامۆستا (عەلی مەردان و تایەرتۆفیق و حەمەصالح دیلان) ئەوانەی توانیویانە مەقام بڵێن بەپەنجەی دەست دەژمێردرێن. هەن وەکو (حەمەجەزا و ناسری ڕەزازی) لەم سەردەمەش چەند هونەرمەندێکی دی وەکو (نەجمەدینی غوڵامی، عەدنان کەریم، بەهجەت یەحیا، ئەیوب عەلی ......) گۆرانیبێژی دیش هەن، بەڵام لەدوای ئەوانە، کە باسم کردن، زۆر کەم هەن بتوانن بەپاراوی مەقام بڵێن.

(حەمەجەزا) یەکێکە لەو هونەرمەندانەی، کە توانیویەتی مەقام بەشێوەیەکی باش بڵێت، لە مەقامەکانی شیعری نەتەوەیی بەکارهێناوە، بەو شیعرانەش توانیویەتی هەستی نەتەوەیی خەڵکی ببزوێنێت، ئەوەش بەلای منەوە شۆڕشێکی هونەرییە، شتێکی دی ماوە ئاماژەی پێبکەم (حەمەجەزا) خۆرسک هاتووە زۆربەی گۆرانیبێژانی کورد خۆرسکن و کەس یارمەتی نەداون، هەرچەندە (حەمەجەزا) و خۆمان، خۆمان پێگەیاندووە، دیارە کەسانێکی موزیکژەن یارمەتی ئێمەی داوە، وەکو هونەرمەندی بەتوانا (ڕزگارخۆشناو) یارمەتی من و حەمەجەزای داوە، بەڵام وەکو باسم کرد (حەمەجەزا) بەهەوڵ و کۆششی خۆی بووەتە ئەو هونەرمەندە گەورەیە، سەرەتا لاسایی گۆرانیبێژە نەمرەکانی کردووەتەوە، تا ئەوکاتەی توانیویەتی ببێتە خاوەن




ڕێچکەی تایبەت بەخۆی، کە ئەمڕۆ دەبینین چەندین کەس هەن لاسایی دەکەنەوە، ئەوەش بەڵگەیەکە، کە (حەمەجەزا) خاوەن ڕێچکەی تایبەتی خۆیەتی، بۆیە لاسایی دەکرێتەوە، بەڵام بەشی گرنگی بەرهەمەکانی نیشتمانی و نەتەوەییە، کە ئەمەش جێی شانازییە، وەکو هەموو گۆرانیبێژێکی دی گۆرانی عیشق و دڵداری گوتووە و ئێستە وەکو شاکارێکی هونەریی کوردی تەماشا دەکرێن، ئەمڕۆ کە باسی (تایەرتۆفیق) دەکەین بەر لە هەموو شتێک کوردایەتی و نەتەوەیی بوونی ئەومان دێتەبەرچاو، کە ناوی ئەو دێت بەمانای هەڵوێست و نەتەوەیی بوون دێت، ئێمەش، کە ڕێچکەی ئەو کەڵە گۆرانیبێژانەمان گرتووە، توانیومانە ڕێگەیەک بۆخۆمان دروست بکەین، بۆیە من پێموایە (حەمەجەزا) زۆر سەرکەوتوو بووە و جێی شانازییە.

میللەتی ئێمە لەبەرئەوەی میللەتێکی بندەستە، پێویستی بەوە هەیە لەهەموو بوارێکدا خزمەتی بکرێت، من خزمەتی هونەریی بەگەورەترین خزمەت دەزانم، چونکە جگە لەوەی کە چەندین شۆڕشی میللەتی کورد هەتاکو ئێستە لەخوێن گەوزێنراوە، جگە لەخەباتی تێکۆشەرە سیاسییەکانمان، کە ڕابەڕایەتی شۆڕەکانی کوردیان کردووە، تەنیا شتێک، کە توانیویەتی زمانی کوردیی بپارێزێ لە هەڕەشەی لەناوچوون ئەویش گۆرانی بووە، ئەو گۆرانیبێژانەی، کە توانیویانە بەهەردوو بارەکە خزمەتی میللەتی کورد بکەن، یەکەمین خزمەتیان خزمەتی زمانی کوردیی بووە، کە بووەتە هۆی ئەوەی ئێمڕۆکە شانازی بەمیللەتەکەمانەوە بکەین.


حەزیش دەکەم شتێک بۆخوێنەری ئازیز ئاشکرا بکەم. کاتی خۆی من پێشمەرگە بووم و چووم بۆ هەولێر لەماڵی کاک (حەمەجەزا) میوانداری کرام ساڵی (١٩٨٠) بوو، چەند هونەرمەندێکی موزیکژەن هاتن بۆ ماڵی، لەوانە مامۆستا (وریا ئەحمەد، خوالێخۆشبوو (سەید ئەحمەد بەرزنجی، مامۆستا جان تۆماس) من و حەمە جەزا کاسێتێکمان تۆمارکرد، ئەم کاسێتە نوسخەیەکی لەلای من بوو، وارێکەوت چووم بۆ شاری سلێمانی دکتۆرێک هەبوو بەناوی (د.ئازاد نووری) دیاربوو زۆر حەزی بەدەنگی من و حەمە جەزا دەکرد، ئەو کاسێتەی لەمن وەرگرت و سوێند و قورئانی بۆم خوارد، کە تەنیا لای خۆی دەمێنێتەوە، بەڵام بەداخەوە بڵاوی کردەوە، هەرچەند لەنێو دوکانەکەی خۆی بەڵێنی دا کە بڵاوی نەکاتەوە، دیاربوو بڵاوکردنەوەی کاسێتەکە لەو هەل و مەرجەدا بۆ کاک (حەمەجەزا) زۆر خراپ بوو، لەزەرەری ئەودابوو، بەڵام لەدواییدا دیاربوو (حەمەجەزا) لەملاو لەولا گلەیی و گازاندەی زۆری کردبوو، کە گوایە من ئەو کاسێتەم بڵاوکردووەتەوە، هەرچەند ئەو (د .ئازاد)ە کۆچی دوایی کردووە، بەڵام ئەوە دەڵێم، کە من دوور بووم لەو کارە.

لەکۆتاییدا من (حەمەجەزا) بە یەکێک لەئەستێرەکانی نێو گۆرانی کوردی دەبینم

*** سەرچاوەی ئەم وتارە کتێبی (حەمەجەزا هونەرمەند و پێشمەرگە) عەبدوڵڵا عوسمان عەلی لاپەڕە٣١٥**



**حەمەجەزا و ناسری ڕەزازی**



# بۆ یەکەم جار لە هەولێر من گۆرانیم بە حەمەجەزا گوت

شێرزاد سەرسپی

ناسینی من بۆ ئەو هونەرمەندە مەزنە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٧١) کاتێک خەریکی ئەوە بووین تیپەکەمان ئامادە بکەین بۆ سازدانی ئاهەنگی ساڵانەی (پارتی دیموکراتی کوردستان)

لە کاتی پرۆڤەگردندا چەند کەسێک هاتن و گەنجێکی ئێسک سوکی خەڵکی شاری سلێمانی، کە لە هەولێر فەرمانبەر بوو پێناساندم، گوتیان ئەم گەنجە دەنگێکی زولال و خۆشی هەیە، دەیەوێت لەگەڵتان بەشداری ئەو ئاهەنگە بکات، منیش گوتم بەداخەوە کات نەماوە دەنگی تاقیبکەینەوە و پرۆڤەی پێ بکەین لەوکاتەدا (حەمەجەزا) خۆی بە ئێمە ناساند و کەوتینی قسە گوتی (حەز دەکەم گوێ لە دەنگم بگرن، ئینجا بڕیار بدەن، لەسەر بەشداربوون و نەبوونم) کاتێک کە دەنگی ئەو هونەرمەندەمان بەرگوێ کەوت، هەستمان کرد دەنگێکی ڕەسەن و زولاڵە، بووە جێی سەرنجی هەموو لایەکمان، بەوپەڕی ڕێزەوە بڕیارماندا بەشداری ئاهەنگەکە بکات

هەر سەرەتای ئاهەنگەکە و دەستپێکی گۆرانی گوتنەکەی بوو بە چەپڵە ڕێزانی ئەو خەڵکەی ئەو ڕۆژە ئامادەی ئاهەنگەکە بوون، لە ڕاستیدا هەر ئەو ڕۆژە خەڵکی شاری هەولێر پێیایان وابوو (حەمەجەزا) ئەستێرەیەکی درەوشاوەی ئەو سەردەمە دەبێت و ئەو هونەرمەندە دەبێتە یەکێک لە ئەستێرەکانی دونیای هونەری کوردی، کە بەڕاستیش وابوو، بوو بە ئاوی ئاشی شۆڕش لەنێو جەماوەردا و هەتا بڵێیت خەڵکی ئەو شارەش خزمەتێکی زۆری ئەو هونەرمەندەیان کرد، چونکە دەیانزانی چاوەڕوانی شۆڕشێکی هونەریی ڕەسەنی لێ دەکرێت، بۆیە تا ئێستەش ناوی (حەمەجەزا) بە گەورەیی و نەمریی ماوەتەوە. هونەرمەندێکی گۆرانیبێژی شۆڕشگێڕ و عاشق بە خاک و نیشتمان و پێشمەرگەی سەنگەر ماوەتەوە، کە بەم هۆیەشەوە چەندین جار زیندانی کرا و تووشی ئەشکەنجە بوو، بەشێوەیەک گۆرانی گوتنیشی لێ قەدەغە کرا


کاتێکیش کە ئاهەنگەکە کۆتایی پێهات خوالێخۆشبوو (شێخ ڕەزا) کە ئەوکات بەڕێوەبەری پۆلیس بوو، یەکێک بوو لە ئامادەبووانی ئاهەنگەکە دەستخۆشی لێمان کرد و ئاهەنگەکەی بە سەرکەوتوو وەسف کرد

ئەوکاتیش من باری ئابووریم زۆر خراپ بوو، چونکە قوتابی بووم، ئەوە بوو (شێخ ڕەزا) و کەسانی دیکەش هەوڵیان دا، وەکو چاودێری پەلەوەر لە (دەواجن) دابمەزرێم، کاتێک کە دەست بەکاربووم بینیم هونەرمەند (حەمەجەزا)ش لە هەمان شوێنە و کاری چاودێریی دەکات، لە ڕاستیدا کە ئەوم بینی دڵم زۆرخۆش بوو ڕۆژ لەدوای ڕۆژ پەیوەندیمان بەهێزتر دەبوو، ڕۆژانە یەکدیمان دەبینی و قسەو باسمان لەسەر هونەر و موزیک دەکرد،

لەو ڕۆژەوە بەدواوە چەندین کاری هونەریمان پێکەوە ئەنجام دا، من بەش بەحاڵی خۆم پێموایە (حەمەجەزا) دوای گۆرانی عەشق و یازادی بوو بە هونەمەندێکی گۆرانیبێژی باڵا، کە ڕزگار خۆشناو ڕۆڵی بەرچاوی هەبوو، لە بە ئەستێرەکردنی حەمە جەزا، بەڵام لە بەرانبەریشدا حەمەجەزاش بووە سەرچاوەی ئەوەی ڕزگار خۆشناویش زیاتر ناو دەربکات



حەمەجەزا و شێرزاد سەرسپی




# حەمەجەزا هەڵقوڵاوی ژان و ئازاری میللەت و دەنگی شاخ و ناخە

مەجید خۆشناو

هونەرمەند (حەمەجەزا) یەکێکە لەو هونەرمەندانەی کە هەمیشە بە هەڵوێست و مرۆڤ دۆست و کورد پەروەر بووە، هونەرەکەشی هەمیشە هێمای مقاوەمەت و بەرگری و شان بەشانی شۆڕشەکانی کوردستان لە سەنگەر بووە.
سەرەتای ناسینم بۆ هونەرمەند دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سالانی حەفتاکانی سەدەی رابردوو، کە ئەوکاتە قوتابی بەشی موزیک بووم لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی بەغدا، هاوینان کە دەگەڕامەوە شەقڵاوە، حەمەجەزا لە رێگەی هونەرمەند (رزگار خۆشناو) لە هەولێرەوە دەهاتنە شەقڵاوە، بۆ ماڵی ئێمە، زۆر جار شەوانیش لای ئێمە دەمانەوە. لە شەقلاوەش لە ئاهەنگەکاندا بەشداری دەکرد، یەکێک لەو ئاهەنگانەی، کە بیرم دێت من (کەمان)م دەژەنی و (رزگار خۆشناو) (عود) و (رەنجبەر خۆشناو) و (سەید ئەحمەد بەرزنجی) (کەمان) ئەو گۆرانیانەی لەو ئاهەنگەدا پێشکەشی کردن گۆرانی (لایە لایە) و گۆرانی (سالان دەچوومە باخی شەقڵاوە) و چەندان گۆرانی تر، شوێنی ئاهەنگەکەش قوتابخانەی (کاوێس)ی شەقڵاوە بوو.
کێ هەیە سروودی (بووکی ئازادی) (قانیع) و (ساقیا وا بادەوە)ی (هێمن) و چەندان گۆرانی و سروودی دیکەی هونەرمەند (حەمە جەزا)ی بەبیر دانێت، بەتایبەتی دوای نسکۆی (شۆڕشی ئەیلوول) کە دواتریش دوای هەڵگیرساندنی (شۆڕشی نوێ)ی گەلەکەمان بووە پێشمەرگە، بۆ ئەوەی بە کردەوە بیسەلمێنێت هەر وەک هونەرمەندێکی شۆڕشگێڕ چۆن هونەرەکەی لە خزمەت شۆڕش و بەرگری دایە، خۆشی بەکردەوە خاوەنی هەمان هەڵوێستە، هەر بۆیە من بە شانازییەوە دەڵێم (حەمە جەزا) یەکێک بوو لەو کەسانەی، کە من لە رێگەی ئەوەوە بوومە پێشمەگە. دواجاریش خۆم لە (خڕی ناوزەنگ) و (زەڵێ) و (شێنێ) دۆزییەوەو بووم بە ئەندامێکی (تیپی مۆسیقای شەهید کارزان) کە بەیەکەوە لە چەندان گۆرانی شۆڕشگێڕیی و سروود و ئاهەنگ بەشداریمان کردووە، ئەو وەک گۆرانیبێژ و هونەرمەندی بەرگریی، منیش وەک موزیکژەن.
گۆرانی و سروودەکانی (هۆ کاکی پێشمەرگە) و (مەتەرێزی شەرەف) و دەیان گۆرانی و سروودی دیکە بەرهەمی ئەوکاتەی شۆڕش بوون، هاوکات لەگەڵ دەنگی هونەرمەندی خوالێخۆشبوو (ئازاد خانەقینی) و دەنگ و چریکەی هونەرمەندە شۆڕشگێڕەکانی دی (تیپی مۆسیقای شەهید کارزان) پەنجە کەمانژەنەکەی (ئاراس ئیبراهیم) و ئاوازە بەجۆش و خرۆشەکانی (دلێر ئیبراهیم) و (رزگاری ئۆکۆردیۆن) کە هەموو ئەو دەنگ و ئاوازانە ئاوێزانی یەک ببون، زۆر بوێرانە بەرگری ئەو رۆژگارە سەختەمان دەکرد.
بۆ مێژوو دەیڵێم ئەگەر دەنگی چەند هونەرمەندێکی نیشتمانپەروەر هێمای بەرگری ئەو رۆژگارە بووبن، کە لە دەرەوەی ولات و ئەوروپا دەگەیشتنە ئێمە، ئەوە دەنگی (حەمەجەزا) هەڵقوڵاوی ژان و ئازاری میللەت و دەنگی شاخ و ناخی مرۆڤی کورد بوو، کە لەو رۆژگارە سەخت و دژوارەدا لەنێو دڵی دوژمن بێ باک لە سێدارەو مردن بانگی ئازادی بەگوێی میللەتدا دەدا.
کێ هەیە بەقەدەر (حەمە جەزا)ی هونەرمەند ماندووبوون و سەرما و سۆڵی شاخ و ناخۆشی ژیانی چەشتبێت! کاتێک کە دەپرسی ئەوە بۆچی بووە؟ لە وەڵامدا دەڵێت: لە پێناو ئازادی و سەرفرازی میللەتەکەم.
کاتێک کە (حەمەجەزا)ی هونەرمەند (عەشق و ئازادی) (هێمن) و (بووکی ئازادی) (قانع)ی دەچڕێ زۆر لەو فس فس پاڵەوانانەی ئێستە، کە لافی کوردایەتی لێدەدەن، پیاوی رژێم بوون، کێ هەیە (ناڵەی جوادیی) (مەتەرێزی شەرەف) قەندیلی (شەهید مەلا عەلی) و پاکانەی (موزەفەر نەوابی) (کاکە حەمە)ی نەبیستبێت و گیانی شۆڕشگێڕی وەبەر نەنابێت، ئەی باشە (هۆ کاکی پێشمەرگە، مەڕۆ مەڕۆ، نیشانە، برا دوورو خزم دوور) دەیان لەو گۆرانی و سروودە شۆڕشگێڕانەی، کە ببونە گیانی بەرخودان و بەرەنگاربوونەوە.



مەجید خۆشناو و حەمەجەزا




# یەکەم ئاهەنگی حەمەجەزا لە هەولێر، لەدوای ڕاپەڕین

**وریا ئەحمەد**

هونەرمەندی پێشمەرگە (حەمە جەزا) لە چاوپێکەوتنەکانیدا زیاد لە جارێک ڕاشکاوانە گوتوویەتی: من وەک گۆرانیبێژ سەرەتا لە هولێر دەرکەوتم و ناسرام. جا لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی (١٩٩١) بەبۆنەی گەڕانەوەی ئەو هونەرمەندە نەمرە بۆ شاری هەولێر، دوای ئەوەی ساڵانێک بوو لێمان دووربوو، لەگەڵ ڕۆڵە نەبەردەکانی دیکەی میللەتەکەمان ڕیزی خەبات و پێشمەرگایەتیدا بوو، هات لە (بەڕێوەبەرایەتی چالاکی قوتابخانەکانی هەولێر) سەردانی کردین، ئینجا زانیمان ئەو هونەرمەندە گەڕاوەتەوە بۆ هەولێر، بچێت لە شاری کۆیە لەگەڵ (تیپی مۆسیقای باواجی) ئاهەنگێک ساز بکات. ئەوەبوو ئێمە هونەرمەندان پێشنیازمان بۆ کردو گوتمان: لێرە لە هەولێر وەک - یەکییەتی هونەرمەندانی کوردستان - بە هەماهەنگی (تیپی هونەری هەولێر) ئاهەنگێت بۆ ساز دەکەین، دواتر دەتوانی بۆ کۆیەش بچیت و لەوێش ئاهەنگ ساز بکەیت. حەمە گیان بەو کارە زۆر دڵخۆش بوو، ئیدی بە هەر موزیژەنێکمان دەگوت، با ئەندامی تیپی هونەری هەولێریش نەبووبێت، خۆشبەختانە یەکسەر و بێ دوو دڵی بۆ بەشداری لەو کۆنسێرتە ڕەزامەندی نیشان دەدا، تەنانەت لە کۆیەوە هونەرمەندان (سەردار ئەحمەد) و (جەلال عەزیز)یش بۆ بەشداری کردن لەو ئاهەنگە هاتن. ئەوەبوو لە (هۆڵی گەل) کە ئەوسا لەدوای ڕاپەڕینەوە بە کوێرایی چاوی دوژمنان کردبوومان بە بارەگای (لقی هەولێری یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان) دەستمان بە پرۆڤە کرد، پاشانیش ڕۆژی (١٩٩١/١٠/٣) لە باخچەی یانەی مامۆستایان کە کەوتووەتە تەنیشت هۆڵی گەلەوە دوای نیوەڕۆ ئاهەنگێکی جەماوەریمان بۆ ساز کرد. بێ ئەوەی ئەو ئاهەنگە پێش وەخت (ریکلام)ی بۆ بکرێت، مەبەستم وەک ئەمڕۆ دروشمی لەسەر (فلیکس) ی گەورە بۆ لە شەقامەکاندا هەڵواسرێت یان (داوەتنامە)ی چاپکراوی ڕەنگاوڕەنگی لە شاردا بۆ دابەش بکرێت، یان وەک ئەمڕۆ دەیان کەناڵی تیڤی هەبێت، وەک گوتم ڕیکلامی بۆ بکەین، کەچی هەر بەزانینی گەڕانەوەی حەمە گیان ئەو ڕۆژە خەڵکی شاری هەولێر بە لێشاو ڕژابوونە ئەوناوە، شوێن نەمابوو تیایدا بوەستن، تەنانەت دواجار کاتێک لەناو باخچەی یانەی مامۆستایان کورسی نەما خەڵکەکە هاتن لەنێو (فریز - چیمەن) ەکە لەبەردەمی سەکۆی شانۆ چار مەشقی دانیشتن، شایانی باسە جەماوەری کوردپەروەری شاری هەولێر هەرچەندە بارەکەش ئەوسا زۆر گونجاو نەبوو، چونکە ئەوسا جارێ (سوپای بەعس) هەر لە هەولێر بوو، بەڵام شەوکەت و هەیبەتی شکابوو، تەنانەت سەربازەکانی، کە بۆ نێو بازاڕی هەولێر بۆ شت کڕین و کاری دی دەهاتن، دەبوو سیدارەی سەریان فڕێ بدەن، چونکە نیشانەی بەعسی بەسەرەوە بوو، خۆ ئەگەر سەربازێک ئەمکارەی بە ئەنقەست نەکردبا، یان بیری چووبا، مێرمنداڵ و هەرزەکاری شار دەچوون سیدارەکەیان بۆ فڕی دەدا! جا ئەو ڕۆژە بەبۆنەی هاتنەوەی حەمەجەزا خەڵکی هەولێر بە ژن و منداڵ و پیاو و پیرەوە ئامادەی ئەو ئاهەنگە بوون، تەنانەت سەر دیوار و گوێسەبانەکانیش جمەیان دەهات، وەکو نموونە بۆ قسەکانم: ئەو ڕۆژە بەهۆی زۆری خەڵکی ئامادەبوو، پێشمەرگەکانی بەرەی کوردستانی، کە ئێمە وەک لقی هەولێری یەکیتیی هونەرمەندانی کوردستان بۆ دابینکردنی ئاسایش بە نووسراوی فەرمی داوامان کردبوون، لەبەر لێشاوی ئاپۆرەی خەڵک کە هەمووی دەیویست بە دیدار و سەدای دەنگی هونەرمەندی پێشمەرگە حەمە جەزا شاد

بێت، بۆیە هەر هەمووی بەرەو ژوورەوە شەپۆلی دێناو دواجار پێشمەرگەکان ناچار بوون، هەندێک تەقە ڕووەو ئاسمان بکەن، بۆ ئەوەی خەڵکەکە وشیار بکەنەوە کە ئەو باخچەیە جێگەی ئەو هەموو خەڵکەی تیادا نابێتەوە.

بۆ دەوڵەمەندکردنی ئەم باسەو دوورکەوتنەوە لە هەڵە، ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی (٢٠١٠/١٢/١) بۆ ئەوەی وردتر باسی ئەو کۆنسێرتە بکەین، بۆ لای هونەرمەند (زاهیر عەبدوڵلا) بۆ کتێبخانەی گشتی هەولێر چووم، دیارە ئەو ڕۆژە کاک زاهیر (ئاهەنگێڕ ـ عەریفی ئاهەنگ)ەکە بوو، بۆی باسکردم و گوتی: ڕۆژە ئاهەنگەکە نامەیەکی زۆر لەلایەن خەڵکی هونەر دۆستەوە بۆ حەمە جەزا دەهات، من وەرم دەگرتن و بەر لەوەی لە مایکرۆفۆندا بیانخوێنمەوە سەرەتا خۆم دەمخوێندنەوە، کە خەڵکەکە تیایدا بەخێرهاتنەوەیان دەکرد و داوای گۆرانییان لێدەکرد، جا یەکێک لەو نامانەم خوێندەوە، کە لەلایەن پێشمەرگەیەکەوە نووسرابوو، تیایدا هاتبوو: (من ڕەحمانە شێتم و داوای گۆرانی کاکی پێشمەرگە لە حەمە جەزا دەکەم) کاتێک ئەمەم خوێندەوە، حەمە جەزا مایکرۆفۆنەکەی لە دەست وەرگرتم و گوتی: بەقوربانی هەموو شێتەکانی کوردستان بم! ئید بوو بە پێکەنین و هاڕژنی چەپڵە! ئێمەی هونەرمەندانیش ئەو ڕۆژە ڕەچاوی ئەوەمان دەکرد ئەم مۆزیکژەنە ئەندامی




کام تیپە و ئەوەیان کام تیپ، وەک گوتم: زۆربەی مۆزیکژەنانی هەولێر لەو کۆنسێرتەدا بەشدار بوون.

من ئەو سەردەم سەرۆکی لقی هەولێری (یەکێتیی هونەرمەندانی کوردستان)بووم، هونەرمەندانیش خەلیل موراد وەندی و نامیق عەلی و زاهیر عەبدوڵلا و سەلاح خۆشناو و موحسین محەمەد و غازی غەفووریش ئەندامانی دەستەی کارگێڕی لقەکە بوون.

کاک زاهیر هەروەها گوتی: ئەو ڕۆژە وێنەگری بیانی ئامادەی ئەو کۆنسێرتە بوون و خەریکی وێنەگرتن بوون، تەنانەت یەک دوانێکیان بۆ سەربان چوو بوون و وێنەی ئاپۆرەی ئەو خەڵکە ورووژاوەیان دەگرت، جگە لەوان هونەرمەندان: (سەلام کۆیی) و (ئیبراهیم حەکیم) و (ئەحمەد خۆشناو) و (ئازاد وێنەگر) و ڕەنگە هی دیکەش بە کامێرای (ڤیدیۆ) وێنەی ئەو کۆنسێرتەیان گرتبێت.

پێم باشە ئاماژە بەوەش بدەین هونەرمەند (نەجات جەوهەر) کە






ئەو ڕۆژە، جگە لە موزیکژەنین لەگەڵ سیروان ڕواندزی دانانی ئامێری دەنگ بۆ کۆنسێرتەکە ئەم وێنانەیشی گرتبوو، کاک نەجات ئەمڕۆ لەگەڵ خێزانی لە وڵاتی (هۆڵەندا) ژیان بەسەر دەبات، ئەویش بە سوپاسەوە بە ئیمەیل هەندێک زانیاری دەربارەی ئەو ئاهەنگە بۆ ناردم، دیارە خۆیشی ئەوکاتە فەرمانبەری (بەڕێوەبەرایەتی چالاکی قوتابخانەکان) بووە، ئەویش ڕۆڵی دیاری هەبوو لە سازدانی ئەو کۆنسێرتە.

ئەندامانی (تیپی هونەری هەولێر) هی کۆنسێرتی ئەو ڕۆژە، کە هەندێکیان زووتر ئەندامی ئەو تیپە نەبوونە، بەڵام لەخۆشی حەمە جەزا ئەو ڕۆژە هەر هەمووی بەشداری کرد ئەمانەبوون:

١. شەریف جەردیس.. بە ئامێری (تەپڵ) ٢. وشیار.. بە ئامێری (ڤینگۆس) ئەندامی (تیپی مۆسیقای سلێمانی)یە، بە میوانی هاتبوو. ٣. خەلیل عوسمان.. بە ئامێری (دەف) ٤. نەجات جەوهەر.. بە ئامێری (درامز ـ جاز. ٥. موخلیس حەسەن. بە ئامێری (کیبۆرد) لە دواوە دیارە. ٦. کۆچکردوو موحسین عەباس.. بە ئامێری (ئۆکۆردیۆن) ٧. ڕەحیم ڕەشید.. بە ئامێری (باڵەبان) ٨. سەردار ئەحمەد کۆیی.. بە ئامێری (شمشاڵی قامیش) ٩. شێرزاد محەمەد سەرسپی.. بە ئامێری (عوود) ١٠. وریا ئەحمەد.. سەرۆکی تیپ، بە ئامێری (عوود) ١١. جەودەت شاکر.. بە ئامێری (کەمان)، ڕیزی پێشەوە ١٢. ڕەنجبەر حەسەن خۆشناو.. بە ئامێری (کەمان) ١٣. کۆچکردوو: ئەحمەد عەبدولکەریم بەرزنجی.. بە ئامێری (کەمان) ١٤. جەلال عەزیز زەینەل.. بە ئامێری (کەمان) ١٥. ئازاد محەمەد ئیسماعیل.. بە ئامێری (کەمان)، ڕیزی دواوە ١٦. مستەفا ڕەنجەڕۆ.. بە ئامێری (کەمان) ١٧. کارووخ زرار.. بە ئامێری (کەمان) ١٨. فوئاد محەمەد ڕواندزی.. بە ئامێری (کەمان) ١٩. برزۆ خۆشنووس.. بە ئامێری (ساز)، دوای کەمانژەنانی ڕیزی پێشەوە دانیشتووە ٢٠. بژار سەعید.. بە ئامێری (گیتار).

*** تێبینی: هەڵدانەوەی ئەم لاپەڕە شاراوەیەی ژیانی هونەری هونەرمەندی نەمر (حەمەجەزا) و جەماوەری هونەر دۆست و نیشتمانپەروەری شاری هەولێر، دەستپێشخەری هونەرمەند (نەجات جەوهەر) بوو، وێنەکانیش هەر ئەو ناردوویەتی.**





# حەمەجەزا .. هونەرمەندێک هەمیشە لەبەرەی گەل دابوو

جەمالی دەلاک

(١)

نسکۆی ساڵی (١٩٧٥) سەرەتای ئاشنابوونم بوو بەدەنگێکی ناسکی خۆش، ئەویش حەمەجەزا بوو، لەڕێی مەقامی (لەیلا قاسم) و ( گۆرانی لێوت خوێنی گەشمە و بیبی خانم) و دواتر لەساڵی (١٩٧٧) بەهاوکاری دەست و پەنجە شیرین و ژەنینە کوردییانەکەی هونەرمەند (ڕزگار خۆشناو) حەمەجەزای عاشقی هونەر و کوردایەتی کاسێتێک تۆمار و بڵاودەکاتەوە، بەرهەمەکانی بریتی بوون لە (عیشق و ئازادی، جوتێ پێلاو، لەدەستم دێ، شاکاری گەردوون و شیلانە و ...تاد) دەنگی ناسکی خۆشی حەمەجەزا و دەست و پەنجە و ژەنینە هەست بزوێنەکەی ڕزگار خۆشناو بەئامێری (عوود) وا ڕۆچووبوونە نێو هەناوی بەستە و مەقامەکانەوە، لەکەمترین ماوەدا ئەو کاسێتە شەقام و کوچە و ماڵەکانی وڵاتی داگیرکرد و لەلای جەماوەر گەیشتە لوتکە.


کاتێک ئەو کاسێتەم لەتۆمارگای عوسمان لەشاری سلێمانی کڕی، دوای چەند ڕۆژێک لە بڵاوبوونەوەی، واتە لەساڵی (١٩٧٧) لەبەردەمی چایخانەی شەعبەوە تێپەڕبووم، لە ناکاو چاوم کەوتە سەلا ئۆتۆمبێلێکی جۆری (لادا)ی ڕەنگ زەرد، لەبەردەم کتێبخانەی سلێمانی وەستاو، حەمەجەزای هونەرمەند بەپۆشاکێکی جوانەوە دابەزیی و چووە نێو کتێبخانەی سلێمانی، ئای چەند خۆشحاڵبووم، بەوسیما جوان و قژە درێژە ڕەشە قەترانییەی.

(٢)

ڕۆژ و مانگ و ساڵ تێپەڕین و شۆڕش لەگەرمەی کڵپە سەندندا بوو، ڕۆژانە پێشمەرگە قارەمانێتی و سەرکەوتنی نوێیان تۆماردەکرد، لەڕێی ڕادیۆی شۆڕشەوە بەرهەمە سروودە بەرگرییەکانی حەمەجەزا و تیپی شەهید کارزان دەدرا بەگوێماندا، ساڵی (١٩٨٣) بوو کاسێتێکی سروود و مەقام بەناوی (پاکانە)



ئاپۆڕای جەماوەر لەکاتی ناشتنیدا



لەهۆنراوەی شاعیری عەرەب (موزەفەر نەواب) لە وەرگێڕانی بۆسەرزمانی شیرینی کوردیی (شەهید دڵشاد مەریوانی) هەست و سۆزە پڕ جۆش و خرۆشەکەی هونەرمەند حەمەجەزا لەوکاسێتەدا گوێگری کەمەندکێشی دونیا جوانەکەی بەرگری و بەرزڕاگرتنی هەستی کوردایەتی بوو.

**(٣)**

لەئاهەنگی جەژنی نەتەوەیی نەورۆزی ساڵی (١٩٨٤) لەسورداش، جارێکی دیکە لەدوورەوە بەسیماو دەنگی هونەرمەند و پێشمەرگە حەمەجەزا شادبوومەوە، لەبەر ئاپۆرای جەماوەر دەرفەتم بۆ نەڕەخسا لەنزیکەوە بەدیداری شادببمەوە.

**(٤)**

لەسەرەتای مانگی (٤ی ١٩٨٤) لە چایخانەی (غەریبە) بووم لەکۆتەڵ، لەوبەری جادەی شارێی سلێمانی و دوکان، چەند خانەوادەیەک هاتبوون بۆسەیران، لەناکاو دوو پێشمەرگە چوونە لای خانەوادەکان و سڵاویان کرد، هەمووان لەبەریان هەستان، دیاربوو بۆ نانی نیوەڕۆ لای ئەو خانەوادانە میوان بوون، لەکاتژمێر (٢بۆ ٣)ی پاش نیوەڕۆ دەنگی تەسجیلی ئەو خانەوادانە بەرزبۆوە، دەنگە شادی بەخشەکەی هونەرمەند (سەید محەمەدی سەفایی) بەدەنگ و میلۆدییە خۆشەکانی هەمووانی هێنابووە جووڵە و شان هەڵتەکاندن، ڕیزی هەڵپەڕکێ بەسترا، دوای چەند خولەکێک یەکێک لەپێشمەرگەکان دەسماڵی گرتە دەست و چووە سەرچۆپی، منیش لەوبەری جادەکەوە لێیان دەڕوانم، لەلایەک دەنگ و هونەرەکەی سەید محەمەدی سەفایی و لەلایەک شێواز و جوانی لەش و لار و قیافەی پێشمەرگانەی سەرچۆپی سەرنجی ڕاکێشام و پەلکێشی کردم بۆ ئەوبەری جادەکە، کاتێک لێیان نزیک بوومەوە کاکی سەرچۆپی بەتاقمی مەخزنی تفەنگەکەی و دەمانچەیەک بەقەدییەوە، قاتێک شاڵی خورمایی و جامانەیەکی دەستووری سلێمانی لەسەردا، هەڵپەڕینەکەی هێندە جوان و سەرنج ڕاکێش بوو، سەرنجی هەمووانی ڕادەکێشا، کە جوان لێم ڕووانی هونەرمەند و پێشمەرگە (حەمەجەزا) بوو، ئامادەبووان چەند چێژیان لەگۆرانی (مەنێ مەنێ)ی ئاغای سەفایی وەردەگرت، دووهێندەش چێژیان لەباڵاو جوانی لەشولار و هەڵپەڕکێی هونەرمەند و پێشمەرگە (حەمەجەزا) وەردەگرت، لەوێش دەرفەتم بۆنەڕەخسا تا لەنزیکەوە لەئامێزی بگرم، دیارە شەرمکردن بوو.

> “ نافەرین بۆ تۆ حەمەجەزا، بتوانی خۆشەویستی خۆت بخەیتە نێو دڵ و دەروونی ئەو هەموو مرۆڤەوە ”

**(٥)**


لەمانگی (٥ی ١٩٨٤) کۆششم دەکرد بۆ تاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵ، چونکە قوتابی پۆلی شەشەمی ئامادەیی بووم، لەماڵەوە جێگای کۆششکردنم نەبوو، هاتبوومە لای برادەرێکی پێشمەرگەی دیموکرات بەناوی (مەمەندە ڕەش) بەداخەوە شەهید کرا، ئەوکاتە چایخانەیەکی لەکۆتەڵ دانابوو بەناوی (غەریبە) لەسەر پێشنیاری ئەو چوبوومە ئەوێ، بەیانیەکی ئەو مانگە بەرووکاری (تابین) ئەوکاتە ئەوە گۆڕستان و دارستانێکی چڕ بوو، بەداخەوە دەستی چەپەڵی بەعس ئەویشی وێرانکرد، سەعیم دەکرد لەدووری منەوە بە (٢٠٠) مەترێک خانەوادەیەک هاتن و لەبن سێبەری دارێکدا هەواریان خست و هەریەک سەرقاڵی شتێک بوو، دیاربوو خاتوونەکانیان سەرقاڵی خواردن ئامادەکردن بوون، من سەرقاڵی سەعی کردن بووم، دواتر گوێم لەدەنگێکی خۆشبوو لەگەڵ ژەنینی دەفێکدا، دەنگەکە ئاشنابوو بەگوێم، بەهەرحاڵ کات بوو بەنیوەڕۆ، گوێم لەدەنگێک بوو، ئاوڕم دایەوە یەکێک لەنو ئەو خانەوادەیە هەڵساوەتە سەرپێ و کراسێک و شەرواڵێکی لەبەردایەو، گوتی کاکە زەحمەت نەبێت تائێرە نایەیت؟! منیش بەرەولای ئەوان چووم، کەنزیک بوومەوە بە لوتفەوە هەستانە سەرپێ و سفرە ڕاخرابوو، سینیەک لێوان لێو لەیاپراخ، کەچوومە پێشەوە ئەو بەڕێزەی بانگی کردم هاتە پێشەوە و دەستی هێناو تەوقەی لەگەڵدا کردم، هونەرمەند و پێشمەرگە حەمەجەزا بوو، پێی گوتم کاکە داوای لێبوردنت لێدەکەین ئێمە بەگۆرانی و دەف لێدان نەمانهێشت تۆ سەعییەکەت بکەیت، فەرموو نان ئامادەیە و لەگەڵمان بخۆ، گوتم سوپاستان دەکەم ئێوە نانی خۆتان بخۆن، من

دەبێ بڕۆم! بەڵام کاکە حەمەجەزای سینگ و دڵ ئاوەڵا و میوان دۆست و خانەدان گوتی تا لەگەڵمان نەخۆیت نایەڵم بڕۆیت، بەهەرحاڵ نانمان خوارد و پاشان بەدەم چاخواردنەوە کاکە حەمەجەزا کەوتە پرسیارکردن، گوتی کاکە پێ ناچێت خەڵکی ئەم ناوە بیت، گوتم نەخێر خەڵکی سلێمانیم، گوتی لەسلێمانی لەدایکبووی؟ گوتم منداڵی  حاجی حانم!

گوتی باشە بۆ لێرە سەعی دەکەیت؟ گوتم لەماڵەوە شوێنی سەعیکردنم نییە و ئەوماوەیە لەلای ئەوبرادەرە ڕۆژهەڵاتییانە دەمێنمەوە و سەعیەکەش دەکەم، گوتی دڵنیام کرێچیشن، گوتم بەڵێ!


سەیرێکی کردم و ئاخێکی هەڵکێشا و گوتی ئای هەژاری بۆ ئەوەندە بەئازاری وەرە لەوڵاتی خۆت و لەسەر خاک و ئاوی خۆت بیت و کرێچیش بیت، دوایی بۆ دڵنەوایی کردنم، ڕێنمایی کردم کە بەردەوام بم لەخوێندن، ئەوکاتە من نەمدەناسیی کاکە عەتای برا بچووکی لەگەڵیاندابوو، گوتی عەتا گیان دەفەکە بێنەو شتێکی خۆشمان بۆ بڵێ تا ئەم کاکەیە بەجوانی و بەئارامی سەعییەکەی بکات، کاکە عەتاش بەدەنگە خۆشەکەی دوو گۆرانی خوێند و کاکە حەمەجەزا دەفەکەی بۆ دەژەنی، لەنێو گۆرانی دووەمدا کاکە حەمەجەزا بەعەتای برای دەگووت بژیت  و ئافەرین، دوای ڕووی کردە من  و گوتی خۆزگە منیش ئەوەندەی عەتای برام دەنگم خۆش بووایە!

بەداخەوە ئیدی هونەرمەند و پێشمەرگە حەمەجەزام نەبینیەوە، تا دوای ڕاپەڕین، لەساڵی (١٩٩٣) لەخوار دوکانی کاک (ئەحمەدی گوڵەی جگەرچی) دوکانێکی سەرتاشینم دانا، کاکە حەمە جەزا لەوڵاتی دانیمارک بەسەردان گەڕابۆوە وڵات، لەڕێی کاکە عەتای برایەوە هاتە سەرتاشخانەکە و سەرم بۆ چاک دەکرد، تا تاساڵی (٢٠٠٦) لەسەرتاشخانەی ڕەزازی چەندجارێک لە خزمەتیدا بووم. بەهۆی کاری فەرمانبەرێتیمەوە ڕاژەکەم گواسترایەوە بۆشاری هەولێر و لەوشارە نیشتەجێ بووم، چەند جارێک لەرێی تەلەفۆنەوە پێوەندیم لەگەڵ هونەرمەند و پێشمەرگە حەمەجەزا دا هەبوو، بەڵام بەداخەوە کاتێک هەواڵی نەخۆشییەکەی بڵاوبۆوەو خەم و خەفەت و ناڕەحەتی بەسیمای هونەردۆستان و هونەرپەروەراندا دیاربوو، کاتێکیش لەهەندەرانەوە بەوجەستە شەکەت و ماندووەی نەخۆشییەکەی هێنایانەوە بۆ زێدەکەی بۆشاری سلێمانی، وەک ئەرکێکی سەرشانم بەپێویستم زانی کە بەرەو شاری سلێمانی بەڕێ بکەوم و بچمە خزمەتی و دەستە پیرۆزەکانی زیارەت بکەم، گەیشتمە بەدیوەخانەکەی لە شاری سلێمانی، هەرچەندم کرد نە پەنجەکانم هێزی تیامابوو تا لەدەرگا بدەم و نەقاچەکانم بەدوامدا دەهاتن، هەستێکی زۆر ناخۆش ڕۆحی داگیر کردم، لەبەردەم دەرگای ماڵەکەیان گەڕامەوە دواوە، گوتم ئەو هونەرمەندە خۆشەویستە، ئەو دلسۆزەی هونەر و کوردایەتی، ئەوپیاوە جوان و قەشەنگ و شیکپۆش و زمان شیرین و سیما بەخەندەیە، کە هەمیشە هێز و وزەی بەخشیوە بە بەرانبەر و گوێگرەکانی، پێشتر کە وێنە و سیما جوانەکەم بینیبوو، گوتم با هەر ئەوشێوەیە لە یادەوەریمدا بمێنێتەوە، نەک ئەوشێوە تێکشکاوەی ئێستەی.




## (٦)

لەڕێکەوتی (٢٠٠٩/١٠/٢٦) لەشارە دێرینەکەی



حەمەی دەلاک، حەمەجەزا



کوردان، لەشارە خۆشەویستەکەی هەولێر، کە هونەرمەند حەمە جەزا تەمەنێکی زۆری ژیانی تێدا بەسەر بردبوو، هەموو ڕۆژەکانی لەو شارەدا دونیایەکی پڕ لە داهێنان و بەهرەمەندی و زێتر خۆ ئامادەکردن بوو بۆ برەودان بەکاروانی هونەری و هەستی نەتەوایەتی و جۆشدانی هەستی بەرگری لە هونەر و نیشتمانەکەی دژ بە داگیرکەران، لەو ڕێکەوتە و لەو شارە سەربەرزەدا وەزارەتی ڕۆشنبیریی ولاوان لە (هۆڵی پێشەوا) خەلاتی ڕێزلێنانی بەخشییە هونەرمەند و پێشمەرگە (حەمەجەزا) ئای لەو ڕۆژە، لەناخەوە قوڵپی گریانم دەهات و فرمێسک لە چاوەکانمدا قەتیس مابوون خۆشی و ناخۆشی تێکەڵاو بوو بوون، لەبەر دووهۆکار:

یەکەمیان: زۆر خۆشحاڵ بووم بەوەی میللەتەکەم گەیشتووەتە ئەو ئاستەی بەر لە کۆچکردنی کەسایەتییەکانی ڕێز لە هونەرمەند و بەهرەمەندەکانی خۆی دەگرێت، ڕێز لەخەباتی پێشمەرگایەتی و هونەرە بەرزەکەی کاکە حەمە جەزا دەگرێت، هۆڵی پێشەوا لێوان لێو ببوو لەکەسایەتی و هونەرمەند و هەوادارانی دەنگە بەسۆزەکەی کاکە حەمە و هاوسەنگەرانی، کە لە تەواوی شارەکانی کوردستانەوە ئامادەی ئەو مەراسیمە بەرزە بوون.




مەراسیمی خەلاتکردنی حەمەجەزا

## لەڕێی ڕادیۆی شۆڕشەوە بەرهەمە سروودە بەرگرییەکانی حەمەجەزا و تیپی شەهید کارزان دەدرا بەگوێماندا

دووەمیان: کاکە حەمە جگە لەکەسایەتی هونەری و نەتەوەیی، هەمیشە بەکەسێکی ڕووخۆش و قسەخۆش و جوان و قەشەنگ و شیک پۆش بەبەرگی کوردییەوە، خاوەنی سیمایەکی زۆرجوان و میهرەبان و ناسراوبوو، بەڵام لەو ڕۆژەدا هەستم بەبێتاقەتی و بێهێزی دەکرد و بەسیمای دا دیاربوو، کە ئەو هێز و توانایەی جارانی نەماوە، چونکە سەرەتای نەخۆشییەکەی بوو، بۆمن جێگەی خۆشحاڵی بوو، لەجێی هونەرمەند و هاوڕێ و هاوسەنگەری کاکە حەمەجەزا (ناسری ڕەزازی) کە ئەوکاتە لەهەندەران بوو، چەپکە گوڵی ڕێز و خۆشەویستی و وەفاداری پێشکەش بکەم و لەئامێزی بگرم، بەختم باشی هێنابوو، سەربەرزم بەوەی، کە لە نزیکەوە چەندجارێک لەخزمەتی ئەو مرۆڤە گەورە و ڕووح سپییەدا بووم و چەند جارێک قژە ڕەش و جوانەکەیم بۆ تاشیوە، هەرگیز ئەو ڕۆژانەم لەیاد ناچێت، بۆساتێکی کەم لەخزمەتی ئەو هونەرمەندە ئازیزە دا بووم.

ئەو ڕۆژە هەواڵی مەرگی کاکە حەمە تاساندمی و لە ناخەوە هەژاندمی، نازانم چۆن گەیشتمە شاری سلێمانی، بەدرێژایی ڕێ قوڵپی گریانم دەهات و فرمێسک بەچاوانمدا ڕێچکەی بەستبوو، ئەو ڕۆژانە دەهاتەوە یادم کە دەنگی ئەو هونەرمەندە زیاتر بە هۆنراوەکانی (هێمن و عەبدوڵا پەشێو، شێخ ئەنوەر و شەهید مەلاعەلی و شەهید دڵشاد مەریوانی) ئاشنای دەکردین و بەسروودەکانی پیرۆزی خاکی کوردستان و پێشمەرگەی لەلا گەورەتر و شیرینتر دەکردین، و هەستی نیشتمانپەروەری لەناخماندا دەچاند و پێی دەگوتین یەک دەست بن و ئەم خاکە پێویستی بەهێز و بازووی ئێوەیە و نیشتمان و خاک و ئاوی وڵاتەکەتان خۆش بووێت، بیرم لە

وتە خۆش نەستەقەکانی دەکردەوە، دەگەڕامەوە بۆ ئەو هەست و زەوقە جوانەی بەرانبەر بە ئامادەکردنی خواردن هەیبوو.

کاتێک گەیشتمە مزگەوتی شێخ قادری چوێسە و هاوشارییەکانم دی، خەم و پەژارە باڵی بەسەر ئاسمانی شار و مزگەوتەکەدا کێشابوو، هەموو غەمناک و چاو بە فرمێسک بوون و لەنێو یەکدا دڵنەوایی و سەرەخۆشیمان لەیەکدی دەکرد، چونکە هونەرمەند حەمەجەزا تەنیا موڵکی بنەماڵەی (حاجی عەلی بەگ) و خانەوادەکەی نەبوو، بەڵکو موڵکی ئێمە و هەمووان بوو، موڵکی هەموو میللەتی کورد بوو، پاشان بەرەو گردی شێخ مارف لەگردی سەیوان و بینینی ئەو هەموو جەماوەرە غەمبار و ئازار چەشتووە، کە لەتەواوی کوردستانەوە ئامادەی مەراسیمی بەڕێکردن و ماڵاوایی لە هونەرمەندی گەل و پێشمەرگەی شۆڕشەکانی کورد بوون.

بە (عەتای بازرگان)م گوت، کە یەکێک بوو لەهاوڕێ نزیک و خۆشەویستەکانی کاکە حەمە جەزا. کاک عەتا بنوارە ئەو خەڵکە زۆرە لەهەموو چین و توێژەکانی تێدایە، هونەرمەند بە هەموو بوارەکانییەوە، پێشمەرگەی دێرین و هاوسەنگەرانی، هاوڕێ نزیکەکانی و جگە لەخەڵکانی ئاسایی.

ئافەرین بۆ تۆ حەمەجەزا بتوانی خۆشەویستی خۆت بخەیتە نێو دڵ و دەروونی ئەو هەموو مرۆڤەوە، کە لەهەموو چین و توێژەکانی میللەتەکەم پێکهاتبوو، ئەوکاتە میللەتەکەم زیاتر لەلا خۆشەویستتر و ئازیزتر بوو، شانازیم دەکرد کەتاکێکی ئەم گەلەم و نەتەوەکەم ئەوەندە خەمخۆری کەسە ئازیزەکانیەتی و بەپەرۆشەوە بەرەو دونیای فانی بەڕێی دەکەن.


بەڕاستی نەتەوەکەم سەلماندیان لە بەخاکسپاردن و مەراسیمی پرسە لەمزگەوت لەشاری سلێمانی و شاری هەولێر و تەواوی کوردستان و هەندەرانیش، چەند بەئەمەک و بە پەرۆشن بۆ لەدەستدانی ئەو کەڵە هونەرمەندە.

چۆن لەمەراسیمی ڕێزلێنانەکەی کاکە حەمە چەپکە گوڵی خۆشەویستیم پێشکەش کرد، بەداخەوە ئەمجارەش لەجێی هونەرمەندی ئازیز کاکە ناسری ڕەزازی، کە ئەوکاتیش لەشاری سلێمانی نەبوو و گەڕابۆوە بۆ وڵاتی سوید، چەپکە گوڵی گەورەیی و ماڵاوایم لەسەر گڵکۆکەی کاکە حەمە جەزا دانا.

لەگەڵ بڵاوبوونەوە ئەو هەواڵە ناخۆش دڵتەزێنە، لەڕێگەی ڕۆژنامەو گۆڤارو سایتەکانەوە لێرەو لەوێ چەندین بابەت لەسەر کۆچی دوایی هونەرمەند و پێشمەرگە حەمەجەزا بڵاوکرایەوە و هەریەک لەڕوانگەی خۆیەوە خوێندنەوەی بۆ کەسایەتی ئەو هونەرمەندە کردووە، چی لەبارەی ئەو هونەرمەندە گەورەو خۆشەویستەوە نوسرابێت هێشتە کەمە لە ئاست مێژووی هونەری و خەباتە ڕەواکەی، لەنێو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلەکەیدا، چونکە زۆر لایەنی جوانی شاراوە لەژیانی ئەو پیاوەدا ماوە هێشتە پەی پێ نەبراوە.

ئەگەرچی لەدەرگای زۆر بواری ژیانی کاکە حەمە دراوە و خراوەتە بەر دیدی خوێنەر، بەڵام هاوکارێک و هاوڕێیەکی ژیانی هەمیشەیی ڕۆژە سەختەکان فەرامۆش کراوە و کەسێک ئاوڕی لەماندووبوونی ئەو کەسایەتییە خۆڕاگر و ماندوونەناس و نەفەس درێژە نەکردووەتەوە، هەرچەندە من لەمەراسیمی ڕێزلێنان لە کاکە حەمەجەزا لەنێو هۆڵی پێشەوا پێشنیازم کردوو ڕووبەڕوو پێمگوت تکایە ڕێگەم بدە با دەستەکانت ماچ بکەم (گولزار _خەپە) خان، بەڕێزتان زۆر گەورەیت و تۆ لەپشتی ئەو کەڵە هونەرمەندەوەیت و بەشێکی سەرکەوتنی ئەو هونەرمەندە دەگەڕێتەوە بۆ بەڕێزتان.


گوڵزار خان جگە لەوەی هاوسەری ئەو هونەرمەندە مەزنە بووە، لەهەمانکاتیشدا دایکی شەش جگەرگۆشەکەی کاکە حەمە بووە، هاوسەنگەر و هاوخەباتی بووە، لە ڕۆژە سەختەکاندا، لەشاخ و لەناوچە ئازادکراوەکاندا، هاوڕێی بووە، لە دەربەدەری و ئاوارەیدا لەناوەو و دەرەوەی کوردستان، ئەو خاتوونە زۆر گەورەیە پشت و پەنا و هاوکار و کارئاسانی کاری کاکە حەمە بووە، هەروەها خانەدان و میوان بەڕێخەری دیوەخانەکەی کاکە حەمەجەزا بووە.



“

سەربەرزم بەوەی، کە لە نزیکەوە چەندجارێک لەخزمەتی ئەو مرۆڤە گەورە و ڕووح سپییەدا بووم و چەند جارێک قژە ڕەش و جوانەکەیم بۆ تاشیوە

”



هەولێرەکەم

هەولێرەکەم شاری پڕ شکۆ و دێرینم
هەولێرەکەم شاری بەنرخ و زێڕینم

هەولێری من خەباتی ڕابوردووت دیارە
هەولێری من ئەی شاری قەڵا و مینارە

لەم شارەدا باڵای هونەرم هەڵچووە
لەم شارەدا چرای ئاوازم هەڵبووە

لەم شارەدا یادگاری پیرەوەریم جێ هێشتووە
بۆ هاوڕێی خۆشەویستەکانم فرمێسکی زۆرم ڕشتووە

بەبیرتان دێ کە زەمانێ من بەستەیێکی شیوەن بووم
لەسەر ڕێیەوە و کوردستانم وێڵی ئەو شاخ و کێوە بووم

هونەرمەندەکانی جارانم ئێستاکە وتوونە هەندەران
بەبیرتان دێ کە سەردەمی چۆن هەستی ئێوەم بزوان

بەگۆرانی تەنگەبەرو سروودی عشق و ئازادی
بەشیعرەکانی قانع و بێکەس هێمن مهابادی

دەنگی خۆم کردە زریانێ و بەگوێی ئێوەدا ئەم چریان
دەنگی کاکی پێشمەرگە بوو چرای ئازادی داگیرسان

هەولێرەکەم تۆ خاوەنی سەرداری شێخ حەمیدی کاوەری
خاوەنی حەسەن کوێستانی و ڕێباز و جەمیل ڕەنجبەری

هەولێرەکە تۆ خاوەنی سەرداری صۆفی و کارزانی
چیای سەفین هێشتا تەڕە لە خوێنی تەحسین کاوانی

ئەوا ئێستا ڕاپەڕینە لە چوار پارچەی کوردستانە
بۆ سەرکردەیەکی کورد گرێی گرتووە ئەم جیهانە

عەلقەی زنجیر کراوە تە دەستوپێی قارەمانێ
ئیرهابەی کوردی پێ دەکەن چۆن ئەبێ دیلیانە زانێ

دیاربکر و مهاباد و سنە و شاری سلێمانی
سەقز و بۆکان و ڕانیە و قەڵادزەکە پڕ خوێناوی

هەموو تێکڕا هاوار ئەکەن وا بەیەکدە دەنگ ئەڵێنەوە
بۆ ڕزگاری بەڕێز ئاپۆ دەمرین و ناگەڕێینەوە

هەولێرەکەم بۆ بێدەنگی کاکی من بۆلێم ناڕەوانی
دنیا سووتا قوچەی لاشە هەمووی خۆی کردە قوربانی

هەولێرەکەم هەر تۆ ماوی دەنگ و بڵێسەی ئاگرگری
هەولێرە هەر تۆ ماوی کە جوان و لاوی ڕاپەڕی

ئەمڕۆ ڕۆژی کێ تەمانە ڕۆژی هەڵوێستی کۆشانە
ڕۆژی ڕزگاری میلەتەو ڕیسوابوونی دوژمنانە

هەولێرەکەم من دڵنیام ئێوە هەرگیز ڕانەوەستن
لە شاڵاوی تورکی خوێنڕێژ چەندی زۆر و چەند بەهەستن

چی هەیە بڵێ من کوردم ئەمڕۆ نەجوڵێ وێژدانی
کەس ماوە لەم چوار پارچەیە نەسووتێ بۆ کوردستانی

تەنها مەبەستی ئاپۆ ئەیە شاڵاوی ڕقمان هەڵدەستێ
تەپ و دووشڵ لەلای دوژمن هەر دوولا پێکەوە دەسووتێ

ئاپۆکانی هەڵقوڵاوی خوێنی گەشی میلەتە
بۆیە دەبینن شێرانە چاوەڕێی کەسی داوەڕیەتە

بیلانی دوژمنی خوێنڕێژ بە ئاپۆشمان ڕانەوەستێ
دەستولاقی زنجیر کردوین دەیەوێ دەممان ببەستێ


لە مووسادی ئیسرائیل و میتو جەندرمەی خوێنڕێژ
ئای لەو وەیلای ئەوانەی ئەمڕۆ بۆیان دەبنە دەرویش

شێخ سەعیدی پیران دەڕوا لە دوای خۆی تفەنگی جێ دێڵێ
قازی محەمەد دەڕوا خاچ و چوارچرا جێ دێڵێ

شێخ محمودی نەمر دەڕوا بەسەدە قارەمان جێ دێڵێ
شارامی پەنجەرەم دەڕوا کتێب و عەرینێکی جێ دێڵێ

عبداللە ئۆجەلان بڕوا هەزاران وەک خۆی جێ دێڵێ
ئەوەی کە لە دوای ئەمان بێ باکێڵگەی ئاشتی بکێڵێ

١٩/٢/٩٩٩
دانمارک
حەمە ڕەزا



# مێژوو

- ***یەکێتیی خوێندکارانی کوردستان (١٩٧٦ – ١٩٨٦)***

د. ئەحمەد حەمەدئەمین

# یەکێتیی خوێندکارانی کوردستان ١٩٧٦ ـ ١٩٨٦

د. ئەحمەد حەمەدئەمین

## پێشەکی

لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شۆڕش لە دوای نسکۆی ساڵی ١٩٧٥، بزووتنەوەی خوێندکارانی کوردستان بۆ دامەزراندنی ڕێکخراوێکی پیشەیی خوێندکاران کەوتنەوە جموجۆڵ. بۆ ئەو مەبەستەش ژمارەیەک تێکۆشەری کورد هەوڵەکانیان خستەگەر و بە شێوەیەکی فەرمی لە ٢٦ی نیسانی ١٩٧٦ دامەزراندنی یەکێتیی خوێندکارانی کوردستان-یان ڕاگەیاند[١].

ئەنجام ئەو ڕێکخراوە تا ساڵی ١٩٨٦ توانی لە گۆڕەپانی خەباتدا جێ پەنجەی خۆی بنەخشێنێت و ڕۆڵی بەرچاو ببینێت. لەو سۆنگەیەوە بەپێویستمان زانی لەم توێژینەوەیەدا ئاوڕێک لە ڕۆڵ و تێکۆشانی ئەو ڕێکخراوە بدەینەوە.

ناوەڕۆکی ئەم توێژینەوە لە پێشەکییەک و سێ تەوەر و ئەنجام پێکهاتووە. لە دەروازەدا کورتەیەک لەبارەی مێژووی بزووتنەوەی خوێندکاران لە باشووری کوردستان بەر لە دامەزراندنی یەکێتیی خوێندکارانی کوردستان باس دەکەین. لە تەوەری دووەمدا ئاماژە بە هەلومەرجی باشووری کوردستان و هەوڵی دەستەی دامەزرێنەری یەکێتیی خوێندکارانی کوردستانی دەکەین. لە تەوەری سێیەمدا کار و چالاکییەکانی ئەو ڕێکخراوە تاوتوێ دەکەین، پاشانیش لە ئەنجامی توێژینەوەکەدا ئاماژە بەو خاڵانە دەکەین، کە لە دوو توێ توێژینەوەکە پێی گەیشتووین.

**تەوەری یەکەم: کورتەیەکی مێژوویی لەبارەی بزووتنەوەی خوێندکاران لە باشووری کوردستاندا**

بزووتنەوەی خوێندکاران لە باشووری کوردستاندا وەکو بەشێکی گرنگ و دانەبڕاو لە بزووتنەوەی ڕۆشنبیرانی خەڵکی کوردستان و هەماهەنگ لەگەڵ گەشەکردنی بیری کوردایەتی سەری هەڵداوە و چەندین قۆناغی جۆراوجۆری لە خەباتی پیشەییدا بڕیوە و بە گەلێک ئاراستەدا تێپەڕیوە، لە هەموو ئەو قۆناغ و سەردەمانەدا وەکو یەکێک لە توێژە گرنگ و هەستیارەکانی کۆمەڵگە ڕۆڵی کاریگەری بینیوە و بە بۆچوونێکی جیاواز لە دیاردە و گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگە و کێشە و گرفتەکانی ڕوانیوە[٢].

هەر ئەمەش وایکردووە لە باشووری کوردستاندا لەگەڵ دامەزراندنی خوێندگەکاندا لەلایەن خوێندکارانەوە هەوڵ بۆ پێکهێنانی دەستە و گروپ و ڕێکخراوی تایبەت بدرێت[٣]

دوای کۆتایی هاتنی جەنگی دووەمی جیهانی (١٩٣٩ – ١٩٤٥) لە ئەنجامی گرنگیدا پەرەسەندنی ڕەوشی ڕۆشنبیریی، ڕەوشێکی لە بارتر بۆ خوێندکاران هاتە کایەوە، بەو هۆیەوە خوێندکاران وەکو توێژێکی هەستیار ڕۆڵی سەرەکیان بینی لە شۆڕش و جووڵانەوە نەتەوەییەکاندا و بوون بە بەشێکی دانەبڕاو لە خەباتی ڕەوای گەلی کورددا[٤]

لەو پێودانگەدا لەپێناوی بەدیهێنانی مافەکانی خوێندکاران و بەدەنگەوە چوونی داخوازییەکانیان لە باشووری کوردستاندا چەندین هەوڵ بۆ دامەزراندنی ڕێکخراوی تایبەت بە خوێندکاران درا. ئەنجام ساڵی ١٩٤٧ (کۆمەڵەی پێشکەوتنی خوێندەواری) (K.P.X) لە کۆیە لەلایەن جەلال تاڵەبانی (١٩٣٢ –٢٠١٧) و وریا مەلا عەلی دامەزرا[٥]

هەرچەندە ئەم ڕێکخراوە ناوچەیەک و سنوورێکی فراوانی نەگرتەوە و ژمارەیەکی

زۆر لە خوێندکارانی لەخۆ نەگرت، بەڵام بواری ڕەخساند خوێندکاران ڕاستەوخۆ بێنە مەیدانی کاری ڕێکخراوەیی فراوان و بیر لە دامەزراندنی ڕێکخراوێکی دیکە بکەنەوە و سنووری کاری ڕێکخراوەیی بەشێوەیەکی فراوان گەشە پێبدەن.

ڕێکخراوی یەکێتیی گشتیی قوتابیانی عێراق لە نیسانی ١٩٤٨ و دامەزرا و یەکەمین کۆنگرەی لە ١٤ی هەمان مانگ و ساڵدا لە شاری بەغدا بەست و ژمارەیەکی زۆری خوێندکاری کوردی لە دەوری خۆی کۆکردەوە و بەشداربوون لە ئاهەنگی ڕاگەیاندنی لە گۆڕەپانی (سیباغ). کاتێکیش ئەو ڕێکخراوە پەیوەندی بە خوێندکارانی کوردەوە گرێدا و ژمارەیەک لە کوردەکان تێیدا بوونە ئەندام، کارەکانی ڕێکخستن بە لیژنەیەکی ئامادەکاری سپێردرا و بڕیاریدا لە دامەزراندنی لقی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان – عێراق درا[٦]

هەر لەو قۆناغەدا خوێندکارانی عەرەب بۆ جووڵانەوەیەکی خوێندکاری عەرەبی، کە سەرجەم ڕێکخراوە خوێندکارییەکانی وڵاتە عەرەبییەکان لەخۆ بگرێت، هەوڵی دا. یەکێتیی گشتیی قوتابیانی عێراقیش ببێت بە ئەندام لەم جووڵانەوەیە، وەلێ خوێندکارانی کورد لەم ڕێکخراوەدا پشتگوێ خران و بوونە پاشکۆی ڕێکخراوەکە، لەم کاتەشدا پەرەسەندنی هەستی نەتەوایەتی لەلای خوێندکارانی کورد لە گەشەکردندابوو، هەستیان بەوە کرد مانەوەیان لەنێو ئەم ڕێکخراوەدا تواندنەوەیە لەنێو فۆڕمی نەتەوایەتی عەرەبیدا، چونکە ئەندامانی کورد بەڕێژە کەمتر بوون لە عەرەب و نەیاندەتوانی ململانێیان لەگەڵدا بکەن، تا لە ڕیزەکانی یەکێتیی گشتیی قوتابیانی عێراقیدا بمێننەوە. ئیدی ئەنجامی ئەوانەی ئاماژەمان بۆ کردن بوونە هۆی ئەوەی قۆناغێکی نوێ لە خەباتی ڕێکخراوەیی خوێندکاری لە باشووری کوردستاندا دەستی پێ بکات، کە بریتی بوو لە قۆناغی ململانێی نێوان فۆڕمی عێراقی – عەرەب و کوردستانی، ئەمەش لە ئەنجامی پشتگوێخستنی داخوازییەکانی خوێندکارانی کورد و هەستکردن بەو ڕاستییەی داخوازییەکان و ئامانجەکانی خوێندکارانی کورد لەنێو ئەم ڕێکخراوەدا ناتوانرێت بەدی بهێنرێت. بۆیە تا دەهات پێویستبوونی ڕێکخراوێکی خوێندکاری کوردی، کە گوزارشت لە کێشە و ئازار و خواست و ئامانجەکانی خوێندکارانی کورد بکات خۆی دەنواند[٧]. بەمەش دەتوانرێت بگوترێت هەموو ئەوانەی ئاماژەمان بۆ کردن زەمینە خۆشکەربوون بۆ دامەزراندنی ڕێکخراوی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان لە ١٨ی شوباتی ١٩٥٣، کە ئامانجی یەکخستن و بەدەنگەوە هاتنی مافەکانی خوێندکارانی کورد و ڕێکخستنی خەباتیان بوو شان بەشانی خەباتی گەلی کورد لەپێناو مافە ڕەواکانیدا[٨]

بیرۆکەی دامەزراندنی ئەم ڕێکخراوەش دەگەڕێتەوە بۆ بیرۆکەی چەند خوێندکارێکی نشتمانپەروەری ئەو سەردەم، کە بریتی بوون لە: ئەحمەد عەبدوڵڵا[٩]، جەلال تاڵەبانی، حەیدەر حەمەدئەمین، حیلمی عەلی شەریف (١٩٣١ – ١٩٩٨) محەمەد فەرەج، غەفور ڕەشید ئاغا و ... هتد» ئەوانە بە گشتی ژمارەیان نزیکەی (٣٠) خوێندکار دەبوون[١٠].

یەکەمین کۆبوونەوەیان لە شاری بەغدا لە ماڵی کاکە زیاد حەمە ئاغای کۆیە (١٩٤١ – ١٩٩١) ئەنجامدا، لە کۆبوونەوەکەدا بەخۆ پاڵاوتن و دەنگدان ئەحمەد عەبدوڵڵا بە سەرۆک و جەلال تاڵەبانیش بە یەکەم سکرتێری یەکێتیی قوتابیانی کوردستان هەڵبژێردران[١١]

دامەزراندن و هاتنە مەیدانی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان وەکو هەڵسانەوەیەکی گرنگی کاری ڕێکخراوەیی توانی سەرجەم خوێندکارانی کورد لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە و ڕیزەکانیان یەک بخات و بەشداری هەموو بۆنە نیشتمانییەکان بکات، هەروەها شانبەشانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد لە خەباتی بەردەوامدابێت تا ساڵی ١٩٧٤ و چەندین چالاکی گرنگ ئەنجام بدات[١٢]

ساڵی ١٩٧٥ بەهۆی نسکۆی شۆڕش ئەندامانی ئەو ڕێکخراوەش پەرتەوازە بوون و لە خەباتی ڕێکخراوەیی دابڕان[١٣]

ئەگەرچی بەشی زۆری ئەندامانی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان هەوڵیاندا لە خەباتکردن بەردەوام بن، بەڵام سەرکەوتنییان بەدەست نەهێنا، چونکە بڕیاری کۆتایی پێهێنانی شۆڕش

> “ساڵی ١٩٤٧ (کۆمەڵەی پێشکەوتنی خوێندەواری) لە کۆیە لەلایەن جەلال تاڵەبانی و وریا مەلا عەلی دامەزرا ”

درابوو[14]

بە کۆتایی هاتنی شۆڕش، باشووری کوردستان کەوتە بارودۆخێکی تازەوە، ئەم بارودۆخەش دواتر ڕێگەخۆشکەر بوو لە ئان و ساتێکی دیکەدا خوێندکاران ڕێکخراوێکی دیکە دابمەزرێنن، بەناوی یەکێتیی خوێندکارانی شۆڕشگێڕی کوردستان.

**تەوەری دووەم: بارودۆخ و هەلومەرجی دامەزراندنی یەکێتیی خوێندکارانی کوردستان**

دوای ئەوەی شۆڕشی ئەیلوول ساڵی ١٩٧٥ دووچاری نسکۆ هات و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد لە باشووری کوردستاندا بۆ ماوەیەک چالاکی نەما[15] بەو هۆیەوە ڕێگە بۆ ڕژێمی بەعس خۆش بوو سیاسەتی بە عەرەبکردن، ڕاگواستن، بە بەعسیکردن، بۆ مەبەستی سڕینەوەی ناسنامەی کورد جێبەجێ بکات[16]

ئەوەش لە کاتێکدا بوو هیچ وڵاتێک بە ئاشکرا پشتیوانی لە گەلی کورد نەدەکرد و ئامادە نەبوو تەنانەت لە دەزگا ڕاگەیاندنەکانی باسی نەهامەتی گەلی کورد بکات[17] لەو پێودانگەدا ڕژێم ئارەزووی بوو بارودۆخەکە بقۆزێتەوە و پلانەکانی خۆی جێبەجێ بکات، ڕێگە نەدات جارێکی دیکە بزووتنەوەی چەکداری سەرهەڵبداتەوە[18]


چەند مانگی دوای نسکۆی شۆڕش ڕژێم دێهاتەکانی سنووری نێوان (عێراق- ئێران) (عێراق – تورکیا)، کە لە زیاتر (٥٠) دێهات دەبوو بەدرێژایی (٣٠)کم بۆ ئۆردوگا زۆرە ملێکان ڕاگواست[19] هەر لەو چوارچێوەیەدا لە خوێندگاکاندا کەوتنە پیلاندانان بۆ نەهێشتنی زمانی کوردی لە وانەکانی خوێندن، سەرباری ئەوەی بەزۆری خوێندنی بەرنامە و ڕۆشنبیری بەعسی لە ناوەندەکانی خوێندندا سەپاند. بەگشتی ئەو هەنگاوانە جەنگێکی دەروونی لای خوێندکاران دروستکرد، چونکە لە دامودەزگاکاندا بەتایبەتی لە ناوەندەکانی خوێندن و زانکۆی سلێمانیدا، کە تاقە زانکۆی بوو لە کوردستان، لە ڕێگەی مامۆستای هاوردەی عەرەب و بەکرێگیراو ئەندامانی سەر بە بەعس لە هەوڵی نانەوەی دژایەتی بوو لەنێوان خوێندکارانی کورددا، لەوەشدا هەم مەبەستی سڕینەوەی ڕووخساری نەتەوەیی، هەمیش دابڕان بوو لە یەکدی[20]

یەکێک لەو بڕیارانەی ڕژێم دوای نسکۆ بریتی بوو لەوەی هەر ڕێکخراوێک، یان حیزبێک بەنهێنی دابمەزرێت، دامەزرێنەکانی لە سێدارە دەدرێن. بەمەش هەناسەیەکی ئازادی نەما گەلی کورد بەئاشکرا هەڵیمژێت[21] لەم بارودۆخە نالەبارەدا لە ١ی حوزەیرانی ١٩٧٥ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان وەکو هەستانەوەیەک بۆ درێژەدان بەخەباتی ڕەوای گەلی کورد و ڕەتکردنەوەی ئەو پلانە نێودەوڵەتییەی، کە بە هۆیەوە شۆڕشی ئەیلوول نسکۆی هێنا، دامەزرانی خۆی ڕاگەیاند. پاشان بۆ دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری لە ١ی حوزەیرانی ١٩٧٦ یەکەم مەفرەزەی پێشمەرگەی نارده شاخ و لەناو شارەکانیش شانەی نهێنی دروستکران، دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری ئەو بارە نائومێدییەی ڕەواندەوە، کە ماوەیەک بوو باڵی بەسەر باشووری کوردستاندا کێشابوو[22].

ساڵی ١٩٧٦ کارەکان وردە وردە خەریک بوو دەکەوتنە سەر هێڵی خۆیان، بڵێسەی شۆڕشیش تادەهات بەتینتر و موژدە بەخشتر دەبوو. لەو کاتەدا جەلال تاڵەبانی سکرتێری گشتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان نامەیەک بۆ شاسوار جەلال (ئارام) دەنووسێت و باس لە پێویستی خەباتکردن بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوێکی خوێندکاران دەکات[23] بۆ ئەو مەبەستە زنجیرەیەک کۆبونەوە لە کەرکووک و سلێمانی بۆ باسکردنی شێوەی کارکردن و چۆنیەتی پێکهێنانی سکرتاریەتێک و کارکردن بۆ پەیوەندی کردن بەو خوێندکارانەی متمانەیان پێدەکرێت، ئەنجام دەدرێن. ئەنجام چەندین شانەی نهێنی لە سەرجەم ناوچەکانی کوردستان پێکدەهێنرێن و ئازاد هەورامی[24] بۆ سەرپەرشتیکردنیان ڕادەسپێردێن. لەو میانەدا توانرا لە ماوەیەکی کورتدا ژمارەیەکی زۆر لە خوێندکاران ئاگادار بکرێنەوە بۆ ئەوەی سەبارەت بە دامەزراندنی ڕێکخراوێکی خوێندکاری شۆڕشگێڕیی گفتوگۆیان لەگەڵدا بکرێت[25]

پاش ئەوەی ئامادەکاری تەواوکرا، سەرکردایەتی کۆمەڵە (کۆمیتەی هەرێمەکان) ئەرکی

> **"ڕێکخراوی یەکێتیی گشتیی قوتابیانی عێراق لە نیسانی ١٩٤٨ دامەزرا و یەکەمین کۆنگرەیی لە ١٤ی هەمان مانگ و ساڵدا لە شاری بەغدا بەست و ژمارەیەکی زۆری خوێندکاری کوردی لە دەوری خۆی کۆکردەوە"**


ریبازی
خویندکاران
ژمارە ٨ نیساني ١٩٨٢

دامەرزاندنی ڕێکخراوێکی تایبەت بە خوێندکارانی بە چەند کەسێک سپارد. ئەنجام لە ٢٦ی نیسانی ١٩٧٦ یەکەم کۆبوونەوەی فەرمی دامەزراندنی یەکێتیی خوێندکارانی شۆڕشگێڕی کوردستان لە کەرکوک لە گەڕەکی ئیمام قاسم لە ماڵی حەسەن حاجی خورشید کرا، بە ئامادەبوونی: شوان عەلی سەعید (شامیل)[٢٦] ڕەئووف کامیل[٢٧] کۆسرەت ڕەسووڵ عەلی، محەمەد حەسەن خورشید و لەتیف شێخ عومەر. لەو کۆبوونەوەیەدا گفتوگۆ دەربارەی ناوی ڕێکخراوەکە و پێڕەو و پرگرامی کرا، دواجاریش لەسەر کاتی بڵاوکردنەوەی یەکەم بەیاننامەی دامەزراندن ڕێککەوتن[٢٧]

دامەزراندنی یەکێتیی خوێندکارانی شۆڕشگێڕی کوردستان لەو قۆناغەدا مانای زۆری دەبەخشی، لەبەر ئەوەی لە لایەک دامەزراندنی ڕێکخراوێکی شۆڕشگێڕیی جەماوەری بوو بۆ توێژێکی کاریگەر، کە خوێندکاران بوون. لەلایەکی دیکەش ڕەتکردنەوەی زۆرداری و بەگژداچوونەوەی زۆرەملێ و دەستپێکی خەباتی نوێی جەماوەری دەگەیاند. ئەوە سەرەڕای ئەوەی مانای کۆڵنەدانی بزووتنەوەی خوێندکاری بوو لە باشووری کوردستاندا[٢٨]

یەکێتیی خوێندکارانی شۆڕشگێڕی کوردستان دوای دامەزراندنی لەنێوان ساڵانی (١٩٧٦ – ١٩٨٦) بووە پێشەنگی خەباتی ڕێکخراوەیی خوێندکاران و چەندین قۆناغی سەختی بڕی و بەردەوام بوو لە چالاکییەکانی لە باشووری کوردستاندا.

### تەوەری سێیەم: چالاکییەکانی یەکێتیی خوێندکارانی کوردستان (١٩٧٦ – ١٩٨٦)

چالاکییەکانی یەکێتیی خوێندکارانی شۆڕشگێڕی کوردستان لە دوای دامەزراندنی بەدەرکردنی بەیاننامەی دامەزراندن و گفتوگۆکردن لەسەر دارشتنی پێڕەو و پرۆگرام بەڕێکی دەستپێ دەکات[٣٠] لێرەشدا جێ خۆیەتی ئاماژە بۆ ئەوە بکەین، کە دوای دەرکردنی بەیاننامەی دامەزراندنی ڕێکخراوەکە بڕیاری ئەوە درا لە یەکەم ڕۆژی دەستپێکردنی ساڵی خوێندنی (١٩٧٦ – ١٩٧٧) بە هەموو شارەکانی کوردستان بەگشتی و لە بەغدا پایەتەخت بەتایبەتی بڵاوبکرێتەوە، بێ گومان بڕیاردانی ئەوکارەش دواتر بە سەرکەوتوویی ئەنجامدرا و دەنگ و سەدایەکی گەورەی لەنێو خوێندکاران و جەماوەردا لێکەوتەوە و گڕوتینێکی خستە نێو خوێندکاران بەگشتی و هەموو ئەوانەی کە ورەیان بەردابوو بەتایبەتی، ئاکام ئومێدێکی تازەی پێبەخشین[٣١]

یەکێتیی خوێندکارانی شۆڕشگێڕی کوردستان بۆ مەبەستی هەنگاوی باشتر و کارکردن، وەکو هەنگاوی یەکەم سکرتێر و لێپرسراوی لقەکانی دیاری کرد، لەو چاوپێکەوتنەیەشدا شوان عەلی سەعید (شامیل) وەکو سکرتێر، کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی لێپرسراوی لقی هەولێر، محەمەد حەسەن خورشید لێپرسراوی لقی کەرکووک، لەتیف شێخ عومەر لێپرسراوی لقی سلێمانی و ڕەئوف ئاکرەیی بە لێپرسراوی لقی مووسڵ و دهۆک، دیاری کران[٣٢]

وێڕای ئەوەی ڕێکخراوی پیشەیی نابێت مۆرکی ئایدۆلۆژیای هەبێت، بەڵام یەکێتیی خوێندکارانی شۆڕشگێڕی کوردستان دوای دەستنیشانکردنی لێپرسراوی لقەکان بیرۆکەی چەپی شۆڕشگێڕی کردە بیروباوەڕی خۆی، ئەوەش بە بیانووی ئەوەی لەکاتی نەبوونی دیموکراسیدا خوێندکار بۆ بەدی هێنانی مافە پیشەییەکانی ناچار بێت پەنا بۆ خەباتی شۆڕشگێڕیی ببات، چونکە خەباتی پیشەیی ناتوانێت بەسەر دیکتاتۆریەت و زۆرداریدا سەربکەوێت[٣٣]

یەکێتیی خوێندکارانی شۆڕشگێڕی کوردستان وەکو ڕێکخراوێکی چەپی شۆڕشگێڕی گۆشکراو

> “ لە کۆبونەوەکەدا بەخۆ پاڵاوتن و دەنگدان ئەحمەد عەبدوڵڵا بە سەرۆک و جەلال تاڵەبانیش بە یەکەم سکرتێری یەکێتیی قوتابیانی کوردستان هەڵبژێردران ”

به بیروباوەڕی مارکسیی دەستیکرد بە ڕێکخستنی چەندین شانەی نهێنی لە شارەکاندا و لە ماوەیەکی کەمدا توانی ژمارەیەکی زۆر لە خوێندکاران لە دەوری ئەم ڕێکخراوەدا کۆبکاتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی ڕێکخستنەکان بۆ مەبەستی پاراستنیان زۆر نهێنی بوون، لە ئێستەدا ئەستەمە ناو و ژمارەی ئەندامی ڕێکخراوەکە بزانرێت.

هەروەها بە هۆی بارودۆخی سەخت و چەوساندنەوەی نەتەوایەتی و پێڕەوکردنی سیاسەتی لەنێوبردنی کورد لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە، یەکێتیی خوێندکارانی شۆڕشگێڕی کوردستان بە ئامانجی بەدیهێنانی مافەکانی سەرجەم چین و توێژەکانی خەڵکی کوردستان خەباتی خۆی بە خەباتی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کوردەوە گرێدا. لەو سۆنگەیەوە کەوتە بڵاوکردنەوەی بیری نشتیمانپەروەری، تاکو بەشداری چالاکانە بکات لە خەباتی کوردایەتی و هێنانەئارای گۆڕەپانێک، کە بە هۆیەوە خوێندکاران بتوانن ئامانجە پیشەیی و دیموکراتییەکانیان بەدی بهێنن[٣٤]

لە لایەکی دیکەشەوە هەنگاوی نا بۆ سەر لە نوێ ڕێکخستنەوەی خوێندکاران و سوود وەرگرتن لە تواناکانیان، بۆ ئەوەی ببنە ئومێدێکی موژدەبەخش بۆ بەگژداچونەوەی هەموو سیاسەتە نامرۆڤایەتییەکان لەنێو جەماوەردا. جگە لەوەش هەر لەو چوارچێوەیەدا وەکو پشتیوانیکردن لە کۆمەڵە و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و هێنانە ڕیزی خوێندکاران بۆ نێو ڕێکخستنەکان و بەشداریکردنیان لە چالاکییەکانی نێو شار و ناردنی زانیاری و پێویستییەکانی دی بۆ هێزی پێشمەرگە لە شاخ، کەوتە هەنگاو نان[٣٥]

یەکێکە لەو کار و چالاکییانەی، کە یەکێتیی خوێندکارانی شۆڕشگێڕی کوردستان گرنگی و بایەخی پێداوە دەرکردنی بڵاوکراوە و بابەتی ڕاگەیاندن بووە. لەو چوارچێوەیەشدا ئەگەرچی بەهۆی قەدەغەبوون و کەمی ئامێری چاپ کەمتر توانیویەتی ڕۆڵی خۆی ببینێت[٣٦] بەڵام دیسانەوە ڕۆڵی دیار و بەرچاوی هەبووە، بە بەڵگەی ئەوەی دوای بڵاوکردنەوەی پێڕەو و پرۆگرام لە ساڵی خوێندنی (١٩٧٦ – ١٩٧٧) لە هەموو شوێنە جیاوازەکان و دامودەزگاکان، یەکێتیی خوێندکاران ئەندامەکانی بەشداربوون لە بۆنە و ڕووداوەکاندا.

دوای ئەوەی یەکێتیی خوێندکارانی شۆڕشگێڕی کوردستان ڕێچکەی خۆی گرت و شۆڕشی چەکداریش پەرەی سەند، ئیدی بە ماوەیەکی کەم ئەو ڕێکخراوە توانی دەنگی خۆی بگەیەنێتە سەرجەم خوێندکاران و کۆیان بکاتەوە، بەمەش شان بەشانی پێشمەرگە چەند چالاکییەکیان ئەنجامدا، بەو هۆیەوە ڕژێم کەوتە پەلەقاژە و فشاری زیاتری خستە سەرە ناوەندەکانی خوێندن، ئەنجام لە مایسی ١٩٧٧ ژمارەیەک لە ئەندامانی یەکێتیی خوێندکاران دەگیرێن، ئیدی باردۆخ گۆڕا و ماوەیەک چالاکی و پەیوەندییەکان پەکیان کەوت[٣٧]

دوای ئەوەی سەرکردایەتی شۆڕش هەست بە کەمبوونەوەی کار و چالاکییەکانی یەکێتیی خوێندکاران دەکات، داوا دەکەن جارێکی دیکە ئەم ڕێکخراوە بەخۆیداپچێتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش جەلال تاڵەبانی نامەیەک دەنێرێت. ناردنی نامەکە کاریگەری دەبێت لەسەر هەوڵدان بۆ دووبارە خۆ ڕێکخستنەوە، ئەنجام لە ڕۆژانی ٥ – ٩ی ئابی ١٩٧٨ لەژێر دروشمی «خوێندکاران جۆگەیەکی ڕۆشنبیرن بۆ شۆڕشی دیموکراتی نیشتیمانیی لە کوردستاندا» یەکێتیی خوێندکارانی شۆڕشگێڕی کوردستان یەکەمین کۆنفرانسی خۆی بە مەبەستی دووبارە پێداچوونەوەی پێکهاتەی ڕێکخراوەکە گرێ دەدات[٣٨]

یەکەمین کۆنفراسی خوێندکاران لە ماڵی دلاوەر ئەحمەد مەجید لە شاری سلێمانی دەست بەکارکانی دەکات و تێیدا نامەی جەلال تاڵەبانی دەخوێندرێتەوە، ئیدی لەسەر داوای تاڵەبانی ناوی ڕێکخراوەکە دەگۆڕیت بۆ یەکێتیی خوێندکارانی کوردستان-عێراق وشەی شۆڕشگێڕ لادەدرێت، بە بیانووی ئەوەی شۆڕشگێڕ بۆ چینێک بەکاردێت دەسەڵاتی سیاسی هەبێت، هەروەها وشەی شۆڕشگێڕ مۆرکی ئایدۆلۆژیای پێوەیە ناکرێت بخرێتە پاڵ ڕێکخراوێکی پیشەیی[٣٩]. جگە لەوە هەر لەو لە کۆنفرانسدا پێڕەو و پرۆگرامێکی تازە دەنووسرێتەوە، بەڵام وەکو دەگوترێت بە شێوەیەکی ورد و پوختتر لە جاری یەکەم[٤٠].

"جەلال تاڵەبانی سکرتێری گشتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان نامەیەک بۆ شاسوار جەلال (ئارام) دەنووسێت و باس لە پێویستی خەباتکردن بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوێکی خوێندکاران دەکات"




ناوەڕۆکی کۆنفراسی یەکەم سەرلەنوێ داڕێژتنەوەی پێکهاتەی ڕێکخراوەکەی بە خۆیەوە بینی و سکرتاریەتێکی تازەی شەش کەسی دانراو و قادر حاجی عەلی (١٩٥٥- ٢٠٢٠) وەکو سەرپەرشتیار هەڵبژێردرا[٤١] پاشان ئازاد حوسێن چوارتایی و موژدەی مەلا کەریم کران بە لێپرسراوی ڕاگەیاندن و لێپرسراوی لقی سلێمانی، ڕێکەوت عوسمان کرا بە لێپرسراوی لقی مووسڵ، محەمەد عوسمان بە لێپرسراوی لقی هەولێر، محەمەد حەسەن بە لێپرسراوی لقی کەرکووک، دلاوەر ئەحمەد مەجید بە لێپرسراوی لقی بەغدا[٤٢]

یەکێتیی خوێندکارانی کوردستان بە درێژایی ماوەی نێوان (١٩٧٧ – ١٩٧٩) زیاتر لە (٩) بەیاننامەی لە زانکۆی سلێمانی بڵاوکردەوە، ئەوەش هاوکات بوو لەگەڵ هەوڵەکانی ڕژێم بۆ گۆڕینی وانەکانی خوێندن بۆ زمانی عەرەبی و هەڵمەتی دەستگیرکردن و کوشتنی تێکۆشەرانی کورد لە تێکڕای ناوچەکانی باشووری کوردستان و هێنان و دانانی مامۆستایانی عەرەب بۆ شوێنی مامۆستا کوردەکان[٤٣]

دوای هەڵگیرسانی جەنگی ئێران – عێراق تا دەهات زوڵم و زۆرداری ڕژێم بەرانبەر بە گەلی عێراق بەگشتی و گەلی کورد بەتایبەتی زیاتر پەرەی دەسەند. یەکێتیی خوێندکارانی کوردستان وەکو ئەرکێکی نیشتیمانی و نەتەوەیی و بە ڕێنماییەکانی یەکێتیی نشتیمانیی کوردستان کەوتنە خۆئامادەکردن بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم ڕەوشە. بۆ ئەو مەبەستەش بەشداریان لە سەرجەم خۆپێشاندانەکاندا کرد[٤٤]

لەو چوارچێوەیەدا لە ٢٤ی نیسانی ١٩٨٢ خوێندکاران بە هاوکاری جەماوەر و لەسەر ڕاسپاردەکانی ڕێکخستنە نهێنییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەگشتی و کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بەتایبەتی لە یادی تۆپبارانکردنی قەڵادزێ سەرەتا لە قەڵادزێ ڕاپەڕین و پاشان ناوچەکانی دیکەی گرتەوە، خوێندکاران بەشداری بەرچاویان تێیدا کرد و ڕۆڵی دیاریان تێیدا بینی[٤٥]. داواکاری خوێندکاران لەو خۆپیشاندان و ڕاپەڕینانەدا بریتی بوون لە: گێڕانەوەی دێهاتە ڕاگوێزراوەکان، ئازادکردنی زیندانییەکان، کردنەوەی پرۆسەی خوێندن بە زمانی کوردی، نەمانی زۆرداری و تۆقاندن لە شارەکان و ئازادی ڕادەبڕین، نەهێشتنی جیاوازی لەنێوان خوێندکارانی کورد و عەرەب، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم ڕاپەڕینانە لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە بە ئاگر و ئاسن وەڵام درایەوە و چەندین شەهید و بریندارى لێ کەوتەوە و ژمارەیەکی زۆریش دەستگیرکران[٤٦] ئەنجامی وای لێنەکەوتەوە.

دوای ئەو قۆناغە یەکێتیی خوێندکارانی کوردستان لە چالاکییەکانی بەردەوام دەبێت. لەو چوارچێوەیەدا لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٨١ – ١٩٨٢) هەشت ژمارەی گۆڤاری ڕێبازی خوێندکاران بە قەربارەی نیو فولسکاب دەردەچوێنێت[٤٧] هەروەها لقی کەرکووکی ئەو ڕێکخراوە ساڵی ١٩٨٢ چەند نامیلکەیەکی لەسەر بزووتنەوەی سەندیکایی لە ئەدەبیاتی حیزبی شیوعیی سۆڤێتی لە عەرەبییەوە وەردەگێڕێت بۆ سەر زمانی کوردی، سەرباری ئەوەش ساڵی ١٩٨٣ یەک ژمارەی گۆڤاری باوەگوڕگوڕی بە قەبارەی نیو فولسکاب لە چاپخانەی ئیبراهیم عەزۆ لە بەرگەڵوو بەچاپ دەگەیەنێت[٤٨]

ئیدی جیا لەوانەی ئاماژەمان بۆ کرد لە بۆنەکانی ساڵی تازەی خوێندن و نەورۆزدا بەیاننامەی جیاجیا لەلایەن یەکێتیی خوێندکارانی کوردستان

**"لە ٢٦ی نیسانی ١٩٧٦ یەکەم کۆبونەوەی فەرمی دامەزراندنی یەکێتیی خوێندکارانی شۆڕشگێڕی کوردستان لە کەرکووک لە گەڕەکی ئیمام قاسم لە ماڵی حەسەن حاجی خورشید کرا"**

> **“ یەکێتیی خوێندکارانی کوردستان بەدرێژایی ماوەی ساڵانی (١٩٧٦–١٩٨٦) توانی قۆناغێکی سەخت و پڕ لە ڕووداو و کارەسات ببڕێت و لاپەڕەیەکی گرنگ لە خەباتی نهێنی بنەخشێنێت و ببێتە پێشڕەوی خوێندکاران لە خۆپیشاندان و مانگرتنەکانی دژ بە عەرەبکردن و ڕاگواستن و بەعسیکردن ”**

بۆ پشتگیریکردن لە داواکارییەکانی خوێندکاران و بەرزڕاگرتنی بۆنە و یادەکانی، کە تایبەت بوون بە گەلی کورد، دەردەچوون[49]

یەکێتیی خوێندکارانی کوردستان بۆ دووبارە خۆڕێکخستنەوە و پێداچوونەوە بە باری ناوخۆیی، لە ڕۆژانی ٢٤ و٢٥ی حوزەیرانی ١٩٨٢ لە دێی (بارەپان) ناوچەی پشدەر دووەمین کۆنفرانسی خۆی بە ناوونیشانی «بەرەو گەشەپێدانی یەکێتییەکەمان و توندکردنی خەباتەکان بە خەباتی خەڵکی چەوساوەی کوردستانەوە، لەپێناوی شۆڕشی ڕزگاریی نیشتمانیی دیموکراتی کوردستاندا» ئەنجام دا. لە کۆنفرانسەکەدا پێڕەوی ناوخۆ و پرۆگرام تاوتوێکرانەوە و دەستەیەکی بەڕێوەبردنی پێنج کەسی بۆ ڕێکخراوەکە پێکهات، کە بریتی بوون لە: جەمال عەبدوڵلا ڕۆستەم (هەڵکەوت عەبدوڵلا) سکرتێر، ئاوات ئەحمەد عەلی لێپرسراوی لقی سلێمانی، ساڵح عەزیز ڕەشید لێپرسراوی کەرکووک، عیسا نامیق لێپرسراوی لقی مووسڵ، سیروان کەریم لێپرسراوی لقی هەولێر و عیدۆ قاسم شوکر (شوان) لێپرسراوی لقی دهۆک دیاری کران[50]

ئەو کۆنفرانسە گرۆتینێکی نوێ بە خوێندکاران بەخشی، چونکە دوای کۆنفرانس دەزگای ڕۆشنبیریی و ڕاگەیاندن لە شاخ بۆ سەرپەرشتیکردنی ڕێکخستنەکان و چاپکردنی بڵاوکراوەکان دامەزرا، هەروەها ئەوەش دوپات کرایەوە، کە بۆ درێژەدان بە خەباتی نهێنی شار و شاخ خوێندکاران هەمیشە پاڵپشتی هێزی پێشمەرگە و جەماوەر دەبن.

جێی خۆیەتی بگوترێت، دواتر کۆنفرانسی دووەم بە ماوەیەکی کەم بەهۆی چوونە دەرەوەی وڵات و وازهێنانی ژمارەیەک لە لێپرسراوی لقەکان، ئەرک و بەرپرسیاریەتییەکان بۆ کەسانی دیکە گواسترانەوە، بە شێوەیەک لە جێگەی (جەمال عەبدوڵلا ڕۆستەم) (عیسام نامیق) بوو بە سکرتێر، لە جێگەی (سیروان کەریم) (ساڵح عەزیز ڕەشید) بوو بە لێپرسراوی لقی هەولێر، لە جێگەی (ساڵح عەزیز ڕەشید) (خالید محەمەد فاتیح) بوو بە لێپرسراوی لقی کەرکووک. هەرچی پەیوەندی بە لقی سلێمانی هەیە لە شوێنی (ئاوات

> **لە مایسی ١٩٧٧ ژمارەیەک لە ئەندامانی یەکێتیی خوێندکاران دەگیرێن، ئیدی باردۆخ گۆڕا و ماوەیەک چالاکی و پەیوەندییەکان پەکیان کەوت**

ئەحمەد عەلی) (جەزا ئەحمەد کوردە) ئەرک و بەرپرسیاریەتییەکەی وەرگرت[51].

ماوەی نێوان (١٩٨٣ – ١٩٨٥) لەگەڵ ئەوەی ڕژێمی بەعس لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە دانووستاندا بوو، کەچی بەردەوام بوو لە فشار خستنە سەر خوێندکاران و پەلکێش کردنیان بۆ سەربازگەی عەسکەری و دەرکردنی چەندین بڕیار لە زانکۆکان و خوێندگاکاندا، کە بەگشتی دژی بەرژەوەندی خوێندکارانی کورد بوون[52]

بەو هۆیەوە لە ٥ی نیسان تاوەکو ٢ی حوزەیرانی ١٩٨٤ (واتە ماوەی پەنجا و هەشت ڕۆژ) لە سەرجەم شار و شارۆچکەکانی کوردستان بە بەغدای پایتەختیشەوە خۆپیشاندان و ڕاپەڕینی ئەنجام دران[53]

ئەگەرچی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە دانوستاندا بوو لەگەڵ ڕژێمدا، بەڵام یەکێتیی خوێندکارانی کوردستانی بە بەیاننامەیەک پشتیوانی خۆی بۆ خۆپیشاندانەکان ڕاگەیاند[54]

لەو پێودانگەدا یەکێتیی خوێندکارانی کوردستان بەمەبەستی هەڵسەنگاندن و پێداچوونەوەی کارەکانی لە ٧ تا ٩ی تەمووزی ١٩٨٤ سێیەمین کۆنفرانسی خۆی لە گوندی خەتێی دۆڵی خۆشناوەتی لەژێر دروشمی «بەرەو پتەوکردنی ڕیزەکانی یەکێتیمان و گەشەپێدانی خەباتمان و گرێدانی خەباتی سەرجەم جەماوەری شۆڕشگێڕی کوردستانەوە» گرێدا. دوای سێ ڕۆژ لە تەواوبوونی کۆنفراس، بڕیاردرا بایەخی

تـەواو بـدرێت بـە خـەباتی نێو خوێندنگاکانی شار و هەڵوێستی دلێرانە بنوێنرێت لە ئاست گۆڕانکارییەکان و پەیوەندی توندوتۆڵتر بکرێت لەگەڵ خوێندکاران، هەروەها داوا لە سەرکردایەتی یەکێتیی نشتیمانیی کوردستان کرا هاوکاری زیاتری یەکێتیی خوێندکارانی کوردستان بکات[٥٥]

لەو کۆنفرانسدا هەڵبژاردن بۆ لێپرسراوی لقەکانی کەرکووک، سلێمانی، هەولێر، مووسڵ، دهۆک و بەغدا ئەنجام درا، پاشان لە ٢١ی تەمووزی ١٩٨٤ لە شاری سلێمانی لە گەڕەکی کانی ئاسکان لە ماڵی ئەحمەد مەحموود محەمەد ناسراو بە (ڕەئووف) لێپرسراوی لقی سلێمانی یەکێتیی خوێندکارانی کوردستان هەڵبژاردن بۆ دیاریکردنی سکرتێر ئەنجام درا و تێیدا ئیسماعیل مەحمود ئەحمەد ناسراو بە سمکۆ شوانی بە سکرتێر هەڵبژێردرا[٥٦]

لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٨٥ بـەدواوە ڕژێمی بەعسی داگیرکەر بێ گوێدانە هیچ یاسایەک بەرنامەی لەناوبردنی یەکجاری کوردی لە باشووری کوردستاندا داڕشت و دەستی بە تاوانی بەناو ئەنفال و کیمیابارانکردنی خەڵکی کوردستان کرد، بەو هۆیەوە سەرکردایەتی شۆڕش بڕیاری ڕاگرتنی سەرجەم کار و چالاکییەکان لە شارەکان دا، بە یەکێتیی خوێندکارانی کوردستانیشەوە، ئیدی چالاکییەکانی ئەم ڕێکخراوە تا دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ چووە قۆناغی متبوون. لە دوای ڕاپەڕین جارێکی دیکە لەژێر ناوی کۆمەڵەی خوێندکاران و لاوانی کوردستان دەستیان بە چالاکی کردەوە.

بەگشتی یەکێتیی خوێندکارانی کوردستان بەدرێژایی ماوەی ساڵانی (١٩٧٦-١٩٨٦) توانی قۆناغێکی سەخت و پڕ لە ڕووداو و کارەسات ببڕێت و لاپەڕەیەکی گرنگ لە خەباتی نهێنی بنەخشێنێت و ببێتە پێشڕەوی خوێندکاران لە خۆپیشاندان و مانگرتنەکانی دژ بە عەرەبکردن و ڕاگواستن و بەعسیکردن.

**ئەنجام**

لە دووتوێی ئەم توێژینەوەیەدا گەیشتووین بەم خاڵانەی خوارەوە:

– بزوتنەوەی خوێندکاران لە باشووری کوردستاندا هەوڵی زۆریان داوە تاوەکو ڕێکخراوی خوێندکاری سەربەخۆیان هەبێت، تا بتوانن خواست و ئارەزووەکانی خۆیانی تێدا بهێننەدی.

– هیچ کاتێک دوژمنانی کورد ڕێگەیان بە خوێندکارانی کورد نەداوە تا ڕێکخراوی پیشەیی ئاشکرا ڕابگەیەنن و بە سەربەخۆیی کارەکانیان ئەنجام بدەن.

– یەکێتیی خوێندکارانی کوردستان لە سامناکترین بارودۆخدا لە دایکبووە، ئەوەش لە کاتێکدا بووە خوێندکاران هیچ هیوایەکیان بەوە نەمابوو جارێکی دیکە ناوی ڕێکخراوێکی پیشەیی یاخود هەڵسانەوەی خەباتی شۆڕشگێڕی ببیستن.

– دروستبوونی یەکێتیی خوێندکارانی کوردستان کارێکی لاسایی کردنەوە و سەرپێیی نەبووە، بەڵکو لە ئەنجامی پێویستی ئەو ڕۆژگارە سەختەبوو، کە دوای نسکۆی ساڵی ١٩٧٥ بەرنامەی بۆ داڕێژرابوو.

– یەکێتیی خوێندکارانی کوردستان خاوەن هەڵوێستی جوامێرانە بووە لە سەرجەم ڕووداوەکانی گۆڕەپانی باشووری کوردستان، بۆیە بێ گوێدانە ئەوەی ئەنجام بەچی دەگات ئەندامەکانی بەشداری ژمارەیەکی بەچاوی ڕووداوی ئەو کاتەیان کردووە.

– یەکێتیی خوێندکارانی کوردستان لە جێگای خەباتی پیشەیی، کە لەو ڕۆژگارەدا بوونی نەبووە بۆ خوێندکاری کورد، خەباتی شۆڕشگێڕی و نیشتیمانی ئەنجامداوە و لەو پێناوەشدا چەندین سەرکردە و کادیری بوونە قوربانی و بە هەزاران کادیری لە ڕیزەکانی خۆیدا پێگەیاندووە بۆ بەشداریکردن لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کوردستان.

**پەراوێز و سەرچاوەکان**

(١) سەرەتا ئەو ڕێکخراوە بە ناوی یەکێتیی خوێندکارانی شۆڕشگێڕی کوردستان دامەزراوە، بەڵام دوای دوو ساڵ و سێ مانگ و چەند ڕۆژێک لە تەمەنی خۆیدا لە یەکەمین کۆنفرانسیدا لە مایسی ١٩٧٨ وشەی شۆڕشگێڕ لێدەکرێتەوە، ئەنجام لە ماوەی توێژینەوەکەی ئێمەدا زۆرترین ماوەی مێژوویی ناوی یەکێتیی خوێندکارانی کوردستان بووە، بۆیە بە باشترمان

> “ لە ڕۆژانی ٥ – ٩ی ئابی ١٩٧٨ لەژێر دروشمی «خوێندکاران جۆگەیەکی ڕۆشنبیرن بۆ شۆڕشی دیموکراتی نیشتیمانیی لە کوردستاندا» یەکێتیی خوێندکارانی شۆڕشگێڕی کوردستان یەکەمین کۆنفرانسی بە مەبەستی دووبارە پێداچوونەوەی پێکهاتەی ڕێکخراوەکە گرێ دەدات ”

زانی ناوونیشانی توێژینەوەکەمان بەو ناوەوە هەڵبژێرین.

(٢) ڕەسەنایەتی، دیموکراسی، هاوچەرخی بوون و پەیوەندییان بە ڕێکخراوە خوێندکارییەکان، گفتوگۆیەک لەگەڵ هەڤاڵ مەلا بەختیار، سازدانی سامان جەلال و هونەر ڕەسول (بێ شوێنی چاپ، لە بڵاوکراوەکانی ڕاگەیاندنی ک.خ.ک، ٢٠٠٢) ل٥ بەدواوە.

(٣) پێشڕەو ئەحمەد، شەمەندەفەری خوێندکاران و کورتە لێکدانەوەیەک (سلێمانی، چاپخانەی زانست، ٢٠٠٠) ل١-١٢.

(٤) بۆ زانیاری لەبارەی ڕۆڵی خوێندکاران لە ڕووداو و پێشهاتەکاندا بڕوانە: مەهدی محەمەد قادر، پێشهاتە سیاسییەکانی کوردستانی عێراق ١٩٤٥- ١٩٥٨ (سلێمانی، ٢٠٠٥) ل٢٢١ بە دواوە.

(٥) شوعلە عەلی و پێشڕەو ئەحمەد، ١٩٧٦/٤/٢٦ لێدوانی بەڵگەنامەکانی شەهید شوان عەلی سەعید (شامیل)ی کۆمەڵەی ڕەنجدەران و یەکێتی خوێندکارانی شۆرشگێری کوردستان (سلێمانی، چاپخانەی ئاسا، ٢٠٠١) ل٥١ – ٥٢.

(٦) کیفی عبدالله فتح الله، کورتەیەک لە مێژووی بزووتنەوەی خوێندکاران (کۆیە، ٢٠٠٢) ل١٨ – ١٩.

(٧) پێشڕەو ئەحمەد، بەرەو یۆبیلی ئاڵتونی خوێندکاران ئاقاری ڕاستەڕێی خەبات، گۆڤاری پەیڤین، ژمارە (١١-١٢) (سلێمانی، چاپخانەی دانەر، ٢٠٠١) ل٣٢٨.

(٨) هەڵگورد جەلال، پێگەی خوێندکاران لە مێژوودا، گۆڤاری ئاماژە، ژمارە (٦) (سلێمانی، بەهاری ٢٠٠٢) ل١٠.

(٩) ئەحمەد عەبدوڵلا لە ئامێدی لە دایکبووە، لە قوتابخانەدا زیرەک بووە و قۆناغەکانی بە سەرکەوتوویی بڕیوە و دەرچووی خانەی مامۆستایانی بەغدایە. ناوبراو ساڵی ١٩٤٨ بووەتە ئەندامی پارتی دیموکراتی کورد، ساڵی ١٩٥٣ یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان. ماوەی نێوانی ساڵانی ١٩٥٤- ١٩٥٨ ڕۆڵی لە بووژانەوەی لقی بادینانی پارتی دیموکراتی کوردستان بینیوە. ساڵی ١٩٥٩ لە کۆنگرەی چوارەمی پارتی بووە بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی. ساڵی ١٩٦١ بووەتە پێشمەرگە. ساڵی ١٩٦٤- ١٩٦٧ بووە بە بەرپرسی لقەکانی هەولێر، بەغدا، بادینانی پارتی دیموکراتی کوردستان باڵی مەکتەبی سیاسی، بەردەوامبووە تا ئەوەی لە ١٤ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٧ لە هەولێر کوژراوە. شەهیدانی ڕێگەی ڕزگای.. ئەحمەد عەبدوڵلا، گۆڤاری ڕزگاری، ژمارە (٥) (سلێمانی، ٢٢ی حوزەیران، ١٩٦٩) ل٦.

(١٠) کامەران ئیسحاق پەری، ١٨ی شوباتی ١٩٥٣ دەستپێکی قۆناغی نوێ لە خەباتی ڕێکخراوەیی خوێندکارانی کوردستان، ڕۆژنامەی کورستانی نوێ، ژمارە (١٨٠٦) ١٩٩٩، ل١٠.

(١١) پێشڕەو ئەحمەد، بەرەو یۆبیلی ئاڵتونی خوێندکاران ... ل٣٢٧ – ٣٢٨.

(١٢) سالار مەحمود، لە ساڵرۆژی دامەزراندنی (ی.ق.ک)دا بڕسکی ڕێکخراوە خوێندکارییەکان لە پەرتەوازەوە بۆ پاشکۆبوون، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٢٦٨٧) ٢٠٠٢/٢/١٨، ل١٠.

(١٣) کامەران ئیسحاق پەری، دەستپێکی قۆناغی نوێ لە خەباتی ڕێکخراوەیی خوێندکارانی کوردستان، ل١٠.

(١٤) سەروەر عەبدولڕەحمان عومەر، یەکێتیی نیشتمانی کوردستان (١٩٧٥ – ١٩٧٦) دامەزراندن و دەست پێکردنەوەی شۆرش، چاپی یەکەم (سلێمانی، چاپخانەی تەما، ٢٠٠٢) ل٢٠- ٢١.

(١٥) بۆ زیاتر زانیاری لەمەڕ شۆرشی ئەیلوول و ئەنجامەکانی بڕوانە: مسعود بارزانی: بارزانی و شۆرشی ئەیلول ١٩٦٨-١٩٧٥، بەرگی سێیەم بەشی یەکەم و دووەم، چاپی یەکەم، (هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ٢٠٠٤).

(١٦) سەلاح حوسێن، شۆڤێنیزمی بەعس و مەرگی زانکۆیەک (سلێمانی، چاپخانەی دلاوەر، ٢٠٠٦) ل٢١.

(١٧) مەڵبەندی دووی کەرکووک، چەند چرکەیەکی درەنگ وەخت بۆ شەهید ئازاد هەورامی (کەرکووک، چاپخانەی ئاسا، ٢٠٠١) ل٨.

(١٨) جەلال تاڵەبانی: گوتار لە کۆنگرەی دووەمی (ک.خ.ک) گۆڤاری ڕێبازی خوێندکاران، ژمارە (٣٢) (سلێمانی، ئابی ١٩٩٩) ل٨.

(١٩) شەماڵ عەبدوڵلا: (ی.ن.ک) ئاسۆیەک بۆ گۆڕان و نوێبوونەوە، چاپی یەکەم (سلێمانی، ٢٠٠٦) ل٩٧.

(٢٠) سمکۆ مەحموود، ئەوکاتەی خوێندکاران پەنا بۆ خەباتی نهێنی دەبەن، گۆڤاری زنار، ژمارە (١) (هەولێر، ئابی ١٩٩٧) ل٩ –١٠.

(٢١) کەمال ئەحمەد: کێشەی خوێندکاران، گۆڤاری نواڵە، ژمارە (٤-٥) (سلێمانی، تشرینی دووەم و کانوونی یەکەمی ١٩٩١) ل٥٢.

(٢٢) شەماڵ عەبدوڵڵا (ی.ن.ک) ئاسۆیەک بۆ گۆڕان ونوێبوونەوە، ل١٠٠ – ١٠٥.

(٢٣) سامان فەوزی، شەهید شوان ناسنامەی بزووتنەوەی خوێندکاران (سلێمانی، چاپخانەی دیلان،٢٠٠١) ل٢٥. نەجمەددین فەقێ عەولا، لە دیمانەیەکدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات زۆر پێش ئەوکاتە سەرکردایەتی کۆمەڵەی مارکسی – لینینی بیری لە دامەزراندنی ڕێکخراوێکی تایبەت بە خوێندکاران کردبووەوە، ناوبراو ئاماژە بۆ ئەوە دەکات لە کۆبوونەوەکاندا شەهابی شێخ نووری (١٩٣٢ – ١٩٧٦) ڕاسپاردووە کار بۆ هەنگاوێک لە نێو ڕیزەکانی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان بنێت، بەڵام بەهۆی دەستپێکردنەوەی شەڕ ساڵی ١٩٧٤ لە هەوڵەکانیان سەرکەوتوو نەبوونە. دیمانەیەک لەگەڵ نەجمەددینی فەقێ عەولا (سلێمانی، ١ی تەمووزی ٢٠١٢).

(٢٤) ئازاد عەبدولمەجید غەفار ناسراو بە (ئازاد هەورامی) ساڵی ١٩٥٥ لە گەڕەکی ئیمام قاسم لە شاری کەرکووک لە دایکبووە، قۆناغەکانی خوێندنی لە کەرکووک تەواو کردووە، ساڵی ١٩٧٠ تێکەڵاوی کاری سیاسی بووە، ساڵی ١٩٧٢ بووە بە ئەندامی سکرتاریەتی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان. دوای نسکۆ بەشداربووە لە دامەزراندنی کۆمیتەی هەرێمەکان، یەکەم سەرپەرشتیاری یەکێتیی خوێندکارانی شۆڕشگێڕانی کوردستان بووە، دواتر چووەتە شاخ و بووە بە پێشمەرگە، ساڵی ١٩٨١ لێپرسراوی لقی (٣)ی کەرکووک و سلێمانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بووە، ساڵی ١٩٨٨ بووە بە لێپرسراوی مەڵبەندی بادینان، ناوبراو لە خەباتکردن بەردەوام بووە، تا ئەوەی لە ٣١ی ئابی ١٩٨٨ کوژراوە. لوقمان غەفور لە یادی (١٥) ساڵەی شەهید ئازاد هەورامی، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٢١٥٨) (سلێمانی، ٢٠٠٢/٨/٣١) ل٥.

(٢٥) مەلا بەختیار، لەمەڕ ڕێکخراوە دیموکراتییەکانی باشووری کوردستان، چاپی یەکەم، (سلێمانی، چاپخانەی دانانز، ١٩٩٨) ل٤٦ – ٤٨.

(٢٦) شوان عەلی سەعید (شامیل) ساڵی ١٩٥٧ لە سلێمانی لە دایکبووە، ساڵی ١٩٧٢ پەیوەندی بە کۆمەڵەی مارکسی – لینینی کوردستان کردووە، نابراو پەیوەندییەکی پتەوی هەبووە لەناو خوێندکاران و خەڵکیدا و دەورێکی کاریگەری هەبووە لە هێنانەڕیزی خوێندکاران بۆ خەباتکردن لە ڕیزەکانی یەکێتیی خوێندکارانی کوردستاندا، هەروەها دەستەی دامەزرێنەری ئەم ڕێکخراوەیە و یەکەم سکرتێر و شەهیدی یەکێتیی خوێندکارانی کوردستانە. ناوبراو لە ٥ی مایسی ١٩٧٧ فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەردەچێت بە هۆیەوە دەچێتە شاخ، دواجار لە ٣ی ئەیلوولی ١٩٧٧ لە گوندی قازانقایە دەکوژرێت. سامان فەوزی، شەهید شوان ناسنامەی بزووتنەوەی خوێندکاران، ل٤٠ – ٤١؛ شوعلە عەلی و پێشڕەو ئەحمەد، ١٩٧٦/٤/٢٦ لێدوانی بەڵگەنامەکانی ... ل٢٨- ٣٠.

(٢٧) ڕەئووف کامیل ڕەئووف ساڵی ١٩٥١ لە ئاکرێ لە دایکبووە، هەر لەمنداڵییەوە خولیای خوێندنەوە بووە، ساڵی ١٩٧١ لە کۆلێژی کارگێڕی و ئابووری مووسڵ وەرگیراوە، ساڵی ١٩٧٤ جێی هێشتووە، نابراو دەستەی دامەزرێنەرانی یەکێتیی خوێندکارانی کوردستانە، لە دوای شوان (شامیل) ساڵی ١٩٧٧ بووە بە سکرتێر. لە پاشان لە خەباتکردن بەردەوام بووە. ڕەئووف کامیل لە شەوی ٢٦ لەسەر ٢٧ی مایسی١٩٩٣ لە شاری دهۆک تیرۆرکراوە. لە دوانزەمین ساڵیادی شەهید ڕەئوف ئاکرەیی دا، ڕۆژنامەی گوڕان، ژمارە (١٠٨) ٢٠٠٥/٥/٢١.

(٢٨) محەمەد حەسەن خورشید (حەمەی سانیە) کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان (١٩٧٦ – ١٩٨٠) چاپی دووەم (سلێمانی، چاپخانەی حەمدی، ٢٠٢٢) ل٢٢ – ٣٤.

(٢٩) شوعلە عەلی و پێشڕەو ئەحمەد، ١٩٧٦/٤/٢٦ لێدوانی بەڵگەنامەکانی ... ل٧٧.

(٣٠) بۆ زانیاری زیاتر لەمەڕ پێڕەو پرۆگرامی بڕوانە: شوعلە عەلی و پێشڕەو ئەحمەد، ١٩٧٦/٤/٢٦ لێدوانی بەڵگەنامەکانی...ل٢٠٤-٢١٣.

(٣١) محەمەد حەسەن خورشید (حەمەی سانیە)، کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان... ل٤٩.

(٣٢) ئومێد مەلا تایر کلێسەیی، یەکێتیی خوێندکارانی شۆڕشگێڕی کوردستان ١٩٧٦ -١٩٨٩ لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسی کاری ڕێکخراوەیی خوێندکارییە لە کوردستانی باشوور (سلێمانی، چاپخانەی شڤان، ٢٠٠٥) ل٣٧.

(٣٣) سمکۆ محەمەد، ئەوکاتەی خوێندکاران پەنا بۆ خەباتی نهێنی دەبەن، ل١٠؛ یوسف عومەر ڕەشید، ڕێکخراوی خوێندکاری کوردی، لە دەستدانی ماناکانی ڕێکخراوەیی بوون، گۆڤاری ئاماژە،

ژماره (٧- ٨)، (سلێمانی، زستانی ٢٠٠٣) ل ٣٠.

(٣٤) ماکۆک شێخ مەحمود، گوتاری کۆمەڵەی خوێندکاران و ئایندەی کاری ڕێکخراوەیی، ڕۆژنامەی گۆڕان، ژمارە (٩٠) ٢٠٠٣/٣/١٠، ل ٤.

(٣٥) دەربارەی ڕەوانەکردنی خوێندکاران بۆ ڕیزەکانی هێزی پێشمەرگە بڕوانە: محەمەد حەسەن خورشید (حەمەی سانیە) کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان...ل٦٨؛ بابان، هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی مێژوو، ڕۆژنامەی گۆڕان، ژمارە (٦٥)، ٢٠٠١/٨/١٦، ل ٤.

(٣٦) نەوزاد عەلی ئەحمەد، هونەرەکانی ئەدەب لە ڕۆژنامەگەری نهێنی کورددا (١٩٦١-١٩٩١) (سلێمانی، چاپخانەی ڕوون، ٢٠٠٥) ل٦٦.

(٣٧) شوعلەی عەلی و پێشڕەو ئەحمەد، ١٩٧٦/٤/٢٦ لێدوانی بەڵگەنامەکانی ... ل٣٤-٣٥.

(٣٨) ئینسکلیۆپیدیای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ئامادەکردنی: فەرید ئەسەسەرد و ئەوانی دی، بەرگی سێیەم، چاپی چوارەم (سلێمانی، ٢٠٢١) ل٢٤٠٢.

(٣٩) محەمەد حەسەن خورشید ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری یەکێتی خوێندکاران دەڵێت: «نە لە یەکەم کۆبوونەوەی دامەزراندنی یەکێتیی خوێندکارانی شۆڕشگێڕی کوردستان نامەی سکرتێری گشتیی یەکێتیم بینیوە، نە لە یەکەم کۆنفرانسە نهێنییەکەی ماڵی دلاوەری ئەحمەد مەجید» محەمەد حەسەن خورشید (حەمەی سانیە) کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان... ل٦٤.

(٤٠) بۆ زانیاری لەبارەی ناوەرۆکی پرۆگرامی پەسەندکراوی یەکەمین کونفرانسی یەکیتی خویندکارانی کوردستانی عیراق ٤- ٩/ ٨/ ١٩٧٨.

(٤١) ئینسکلیۆپیدیای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بەرگی دووەم، ل١٥٥٣.

(٤٢) شوعلەی عەلی و پێشڕەو ئەحمەد، ١٩٧٦/٤/٢٦ لێدوانی بەڵگەنامەکانی ... ل١٢٨.

(٤٣) ئومێد مەلا تایر کڵێسەیی، یەکێتی خوێندکارانی شۆڕشگێڕی کوردستان ١٩٧٦ -١٩٨٩... ل٥٥.

(٤٤) سمکۆ ئەسعەد ئەدهەم، خوێندکارانی کوردستان ڕێکخەری پێناسە و ڕابەری بەرەنگاری، کوردستانی نوێ، ژمارە (٢٤٣٧) (سلێمانی، ٢٠٠١/٤/٢٦) ل ١٠.

(٤٥) ڕاپەڕینی شارەکانی کوردستان، (بێ شوێنی چاپ، چاپخانەی شەهید ئیبراهیم عەزۆ، ١٩٨٢)، ل ٢ - ٢٧.

(٤٦) سەلاح حوسێن، شۆڤێنیزمی بەعس و مەرگی زانکۆیەک، ل٢٢-٢٣.

(٤٧) ئینسکلیۆپیدیای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بەرگی دووەم، ل٩٨٥.

(٤٨) ئینسکلیۆپیدیای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بەرگی یەکەم، ل٢٠٩.

(٤٩) نەجات مستەفا ڕۆستێ، ٢١ ساڵ خەباتی نەپساوە و پڕ سەروەری، گۆڤاری ڕێبازی خوێندکاران، ژمارە (١٨) (سلێمانی، ١٩٩٧/٤/٢٦) ل٢.

(٥٠) ئینسکلیۆپیدیای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بەرگی سێیەم، ل٢٤٠٢ -٢٤٠٣.

(٥١) ئینسکلیۆپیدیای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بەرگی سێیەم، ل٢٤٠٢ -٢٤٠٣.

(٥٢) بڕوانە: د. ئەحمەد حەمەدئەمین، بارودۆخی سیاسی باشووری لە ماوەی دانوستانەکانی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو ڕژێمی بەعسدا (١٩٨٣ – ١٩٨٥) چاپی یەکەم (هەولێر، چاپخانەی تاران، ٢٠٢١) ل٥٨ – ٥٩.

(٥٣) زێرەڤان محەمەد، بیبلۆگرافیای خۆپیشاندانی قوتابیان لە ٥ی نیسان تا ٢ی حزیرانی ١٩٨٤، گۆڤاری خەباتی قوتابیان، ژمارە (٤٦-٤٧)، ٢٠٠١/٥/٢٤، هەولێر، ل١٨-١٩.

(٥٤) بۆ زانیاری لەمەڕ ڕۆڵ و بەشداربوونی خوێندکاران بڕوانە: سالار ڕەشید، ئەو کاروانەی بۆ هەواری ئێمە نەچوو دەربارەی چەند ئەڵقەیەکی نادیار لە مێژووی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە لە شاری کەرکووک، چاپی یەکەم (بێ شوێنی چاپ، چاپخانەی تاران، ٢٠٢٠) ل٣٧٨- ٣٨٦.

(٥٥) پێشڕەو ئەحمەد، بەرەو یۆبیلی ئاڵتونی خوێندکاران... ل٣٢٩.

(٥٦) سمکۆ شوانی تا ساڵی ١٩٨٦ بەردەوام بوو، دوای ئەوەی ناوبراو لەگەڵ ئەحمەد مەحموود محەمەد دەستیان لە کارکێشایەوە، سامان کەرکووکی بوو بە لێپرسراوی ڕێکخراوەکە. بڕوانە: ئینسکلیۆپیدیای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بەرگی سێیەم، ل٢٤٠٤.

# ئەدەب

- ***تەڵعەت تاهیر، لەبەر ئاوازێک نایەوێت ببێتە گۆرانی***

بۆتان جەلال

- ***ئەنفال .. یان***

د. ئازاد هیدایەت دەلۆ

- ***بەیازی ئازار***

داستان بەرزان



# تەڵعەت تاهیر

## لەبەر ئاوازێک نایەوێت ببێتە گۆرانی



بۆتان جەلال

وەختێک شاعیر زیهنی بە ئاراستەی ئەفسانەدا دەڕوات و زۆرێک لە پاژ و کۆپلەی شیعرەکانی تێکەڵ یان تێکهەڵکێشی بابەتە خورافییەکان دەکات، هەرگیز ئەو مانایە ناگەیەنێت مرۆڤێکی مسیۆلۆژ پەرستە، وێناکردنی خەیاڵ و بابەتە ئەفسانەییەکان ئاماژەیەکی تەندروستن، بەڵکو لە زۆر بۆنەدا زەرورەتێکی ئیستێتیکایە، بە مەبەستی زیرەککردن و بەهێز نیشاندانی شیعرەکە کاری لەسەر دەکرێت.

شاعیر فەرمانبەر نییە لە کۆمپانیایەک خاوەنەکەی فەرمانی ئەرک جێبەجێکردنی پێبکات، جووتیاریش نییە وەکو ئیشی ئاسایی خۆی هەموو سەری وەرزێکی پایز کێڵگەکانی بکێڵێتەوە و تۆی بەسەردا بپرژێنێ و چاوەڕوانی باران بارین بکات، شاعیر خەسڵەتی خوداوەندی هەیە، بە ویستی خۆی هەموو ئارەزووە نەست و هوشیارەکانی تێدەپەڕێنێت بێ ئەوەی پرس بەکەس و لایەنێک بکات، حەزی لە چ فەوزا و پەخشان و تەخشانێک بێت دەیکات، بێنە بەر چاوی خۆت کاتێ خوداوەندی دەستباڵا بیەوێت کارێک ئەنجام بدات، ئایا کەس دەتوانێ ببێتە کۆسپ و ڕێگای لێبگرێت.

تەڵعەت تاهیر لە خوداوەند دەچێت لە چرکەی گڕگرتن و شێت بوونیدا، تۆڕی هەست و نەست و ئەندێشەکانی بەیەکجاری و لەیەک کاتدا دەکرێنەوە، بۆ دەربڕین و گوزارشتە بە جۆشەکانی، دەسەڵاتی ڕەهای هەموو کەناڵەکانی دەبڕێت و جووڵەی هەست و خرۆشانی ڕادەسپێرێت ئامادەی نووسینەوەی ئەو ئیحایە بن کە لە تۆڕەکانی خەیاڵەوە دێنە دەرەوە، بەو واتایە، شاعیر لە چرکەساتی داهێنانی خۆی نەبێت، شیعر نانووسێت، ئەمەشیان خاڵێکە لە سەرکەوتنی کە هەست بە لێپرسینەوەی مێژوو و تۆماری داهێنانەکانی بکات و کاریزمای شاعیرییەتی خۆی بپارێزێت.

لە جوگرافیای شیعر، ئەگەر (عەقڵ) خۆی کردە هاوڕێی (سۆز) و ویستی ببێتە جمکی، بێهێزیەک و سستییەکی تەواو ڕوون لە مانا و شڵەژانێکی گەورەش لە بونیادیدا دەبیندرێت کە لە بەرژەوەندی درەوشانەوە و نەمریی دەقەکە نییە، چونکی عەقڵ و ئەندێشە وەکو ئاو و نەوت تێکەڵ بەیەک نابن. دوو میتڕاڵی لەیەکتر جیاوازن و هەر یەکێکیان خەسڵەتی ئۆرگانی تایبەت بە بنچینەی پێکهاتەی خۆی دەپارێزێت، هیچ نەبێت لە شیعردا ئەمە ڕاستە و سەلماندنی پێویست نییە.

**شیعر وەکو ئەزموون، پرسیار فڕێدان و گەڕانە بەدوای سۆراغی، بەڵام وەڵامەکە لەسەر پەڕاوی تاقیکردنەوە نانووسرێت**

لە شیعری (ڕۆژێ لە ڕۆژان دەبم بە خۆم) لەم پاژەی خوارەوەدا چی ڕوو دەدات:

***ڕۆژێ لە ڕۆژان***

***دەست لە غرووری زیندووان هەڵدەگرم***

***بە دەنگی بەرز ئەو حیکایەتانە دەگێڕمەوە***

***کە تۆز دەخەنە سەر کیمیای مێژووم***

***بێبەری دەبم لەو ڕۆژانەی***

***کە سپێتی دڵم تێکەڵ بە ئێوارەیان نەبوو***

شاعیر سوێی لەوە دەبێتەوە ڕۆژگار و بیرەوەرییەکانی کەوتوونەتە بەر ژەهر و کیمیا، حیکایەتی ئەفسانەی ئەوان کە لای هەندێک تەنیا گێڕانەوەی خورافاتە و تۆزی زەمەنی لەسەر نیشتووە، لای ئەو واقیعێکی تاڵی جەرگبڕە و لە سپێتی دڵیدا خوێن بەردەبێ و مێژوو سوور هەڵدەگەڕێنێت.

کە ناخ کرایەوە، خەیاڵ باڵی گرت، زمان پشکوت (دەق دادەگیرسێت) و دەبێتە کورەیەک لە ئاگر و وزە، کە وزەی زمان توانای دەربڕینی پتەوتر کرد و پڕژا، لە سنووری ئاخاوتنی ئاسایی پەڕییەوە، وێنە و دیمەنی شیعریی دەکەونە ناو منداڵدان و دەق بەرگەی مانەوەیان دەگرێت تا ساتی دەرپەڕاندن وخۆبەتاڵکردن، ئەمەیان کردار و پڕاکتیزەی خولڤاندنی داهێنانە لە شیعر، شاعیری نایاب و ئەزمووندار بەو هەنگاوانە دەبێ تێپەڕێت، ئەگینا ئەوەی بەرهەمیدێنێت لاواز و کرچ و خاوە، شوێنێک لە یادگە و بیرەوەری جێناهێڵێت، نە سوود بە شاعیر و نە بەخوێنەرەکەش ناگەیێنێت، مەگەر لاپەڕە ڕەشکرنەوە و ماندووبوونێکی خۆڕایی نەبێت.

دەقی باش ئەوەیە دەرگای بەسەر تەئویلات و دەلالاتە هێمایی و میسۆلۆژییەکاندا بە کراوەیی بهێڵێتەوە، دەرهاویشتەی شیکار و شیتەڵی فرە و هەمەجۆر بێت، کە هەندێکیان ئاشکرا بن و هەندێکی دیکەشی بە شاراوەیی بمێننەوە، هەموو مانا و ئاماژە و هێماکانی ناو هەر شیعرێک بە ئاسانی و لە ساتەوەختی یەکجار خوێندنەوەیدا بکەوێتە بەردەست و بگەیتە تەفسیری مانا، دیسان ئەو دەقە کامڵ نییە و ماوەیەتی بکوڵێت و ئامادەبێت بخرێتە ناو لستی شیعری فانتازیایی و مەعریفەداری.

فرە دەنگی و هەمەجۆرکردنی میتۆد و مژار لە شیعرەکانی تەڵعەتدا هەوری سپی نێو ئاسمانی شین و سافن، دەتوانرێت بە پەنجەی دەست



ئاماژە بۆ هەر پارچە هەورێک بە جیا، یان لە کاتی تێکەڵبوونیاندا بکەیت، گوتارەکانی شیعریشی بەم ستایلە دادەڕێژێت، لە سیاسەت و گەمەی سیاسەتمەدارانەوە بۆ دیالۆگی فەیلەسووفان و لەوێوە بۆ ڕۆمانسیەت و خۆشەویستی، پاشان ئاراستەی گوتاری بۆ هەرێمی ئیرۆتیک و وێنەی پۆڕن دەگوازێتەوە، جاریواش هەبووە وەکو پیکاسۆ چەندین بابەت لە ڕووبەرێکی کەمی تابلۆیەکیدا نمایش دەکات و سەرنجت بۆ زۆر بابەتی تێکەڵاو ڕادەکێشێت، لە شیعری (ئەگەر لەوێیت .. دێم) لە پارچەی شەشەمیدا دەڵێت:

***لەوێیت ..***

***لە پەنا دیواری کتێبێک دانیشتووی***

***دارستان میوانتە***

***گلەیی لە هەور دەکا***

***هەڵمی دەریایەک هەڵدەمژێ و***

***تنۆک تنۆک دەیداتەوە***

***گلەییی لە با دەکا***

***بەشدارە لەو ناهەقییە***

لە پاڵ هزری مەزن و مانای قووڵی ناو ئەم پارچە شیعرە،پرسیاری وجود (میتافیزیک) گرانترین و ئاڵۆزتریت تەرح و پرسیارێکە لە کرۆکی وێنەکانیدا ڕووبەڕووی خوێنەرانی دەکاتەوە، هەر لە پرسیاری هۆکاری بوون لەسەر زەوی و جووڵە و هێزی سروشت و ئەفسانە و میتۆدە ئاینییەکان، ئەمانە جوگرافیای عەقڵیان فراوان کردووە، زمانیان هێناوەتە نێو کایەیەکی بەهێز و پڕ وزەی وەکو داینامۆیەک دەیسووڕێنێ و هەست و نەست چالاک دەکات، بۆ ئەوەی وشیار بێتەوە و توانای ئەوەی بۆ برەخسێنێت بە دوای وەڵامەکاندا بگەڕێت.

سیحر و تەلیسمی کیمیای (زمان)ی شاعیر کەم وێنەیە، لە شیعری نوێخوازی کوردیدا خودان کەسایەتیەکی ناسراوی زمانەکەیەتی، چڕ و قووڵی مانا و دەستگرتن لە زیادە بەکارهێنانی وشە و کورتی ڕستە و پتەوی کرۆک و ڕیتمی زایەڵەیی و فرە ڕەنگی لە فەزا و دروستکردنی هەدمە و دەهشەی زیهنی و گومانی واقیعبین و دەسەڵاتی ڕەهای مەعریفە و زۆری لێکدانەوەکانی و گونجاندنی ڕەمز و ئاماژە و هێماکان و بەکارهێنانیان لە جێگای شیاوی خۆیاندا و کاریزمایی دەق و شکاندنی زمان و دروستکردنەوەی زمان و شێوازی نوێ لێی و ئەمانە خاسڵەت و ڕواڵەتی زمانی شیعری ئەو شاعیرەن کە (لەبەر ئاوازێک نایەوێ ببێتە گۆرانی)

> **تەڵعەت تاهیر لە خوداوەند دەچێت لە چرکەی گرگرتن و شێت بوونیدا، تۆڕی هەست و نەست و ئەندێشەکانی بەیەکجاری و لەیەک کاتدا دەکرێتەوە**

لە پاژی یەکەمی دەقی (لە بەردەم سێوەکەی بۆدلێردا) شاعیر چۆن لە دیمەنی ژیان ورد دەبێتەوە:

***دوای خوێندنەوەی ـ با ـ***

***باوەڕت بە باران هێنا کە منداڵی ئاوە و***

***میوانە لای ئەو درەختانەی بێچووە گەڵاکانیان دژوونن***

***لودیو دارستانێک لە مەجاز دەبینم،***

***دەنگت بە هەڵم دەشۆیت و***

***بەو گوڵەش دەڵێیت ـ کە ناوی نامێنم***

***(ئاگر شوێنێک ناسوتێنێ فرمێسکی بەرکەوێ)***

نیگەرانی وەکو پڕۆژەی (پرسیارکردن) بە مەبەستی بەرفراوانکردنی دیدگە و هۆشبزواندن بەرجەستەیەکی کرداریی و شیتەڵی بەدوای خۆیدا دەهێنێت، تا بگاتە ساتەوەختی ئامادەبوون لەبەردەم داهێنان و نەمریدا، تەوەری دەلالاتی پرسیار بۆ ڕوونکردنەوەی فەزای تێکستە ئاڵۆزەکان نییە، بەڵکو دیالێکتیکێکی ئاماژەیی و سەرسوڕمانەییە، کە گەنگەشە دیداری هزر پاراو دەکات بۆ چوونە ناو بازنەی تێگەیشتنی زیاتر لە ئامانجی دەقنووس.

شیعر وەکو ئەزموون، پرسیار فڕێدان و گەڕانە بەدوای سۆراغی، بەڵام وەڵامەکە لەسەر پەڕاوی تاقیکردنەوە نانووسرێت، بەڵکو بۆ کاتی کۆتایی دەق خوێندنەوە و دواکاتی تەواو بوونی لە هەموو مەراسیمەکانی گەنگەشەکردنی هێڵ و سکێچەکانیدا دەدۆزرێنەوە، بۆیە ناکرێت بۆ شیعر وەڵامی بەردەست بنووسیتەوە

چیرۆک

# ئەنفال..یان

بەوپەڕی بێزارییەوە لە هۆڵە گەورەکە ڕاوەستا بووی، لە لای ڕاستی دەرگاکەوە، ئەملا و ئەولات کەسوکار و خزمی نزیک و دۆستانت بوون، مەلا موحسین ڕووبەڕووی دانیشتوانی نێو هۆڵەکە بە مایک و بڵندگۆوە دانیشتووە، بە دەنگی بەرز و ئاوازێکی تایبەتی قورئان دەخوێنێت، لەگەڵ هاتن و هەستانی هەر کۆمەڵە کەسێک بە وشەی (الفاتحە) ناوبڕەیەکی دەخستە نێوان سووڕەت و ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز و دووبارە دەنگی لێ هەڵدەبڕییەوە

باوکە ڕدێن سپییەکەت چەند کەسێک ئەولاتری تۆ لەسەر کورسییەک دانیشتووە و توانای خۆ بە پێوە ڕاگرتنی نەماوە، هەر بە دەست هەڵبڕینێکیش بەخێرهاتنی هاتووان و دەرچووانی نێو هۆڵەکەی دەکرد، تۆ بەبینینی ئەو دیمەنانە، بیست ساڵی تەواو ئەندێشەی خەیاڵت گەڕایەوە پاش.

تەمەنم پێنج شەش ساڵان بوو، ئەو ئێوارەیەی باوکم ئێمەی بە (لالۆ عومەر)ی دراوسێمان سپارد و خۆی تاخم و فیشەکدانی بەست و کلاشینکۆفی لەشان کرد و لەگەڵ پۆلێک پێشمەرگە بەرەو خۆرهەلات چوون.

باوکم ساڵانێکە پێشمەرگەیە و ئێمەشی لە ئاوایی خۆمان گواستبووەوە، هەر لەدوای خۆیدا ئەم گوند و ئەو گوندی پێدەکردین تەنیا (کاکە سوارە و دادە خەزاڵم) لەگوندی خۆمان بوونە، ئێمەش هەموومان هەر لە ئاوارەیی.

بەهار و مانگی گوڵان بوو گژوگیا لەنێوان سەوز و بەرەو زەردبوون دەچوو، گەنم لە قەف و گوڵدا بوو، جۆش تازە زەرد دەبوو، خەڵکی لە خۆئامادەکردن دابوون، نزیکەی بیست ڕۆژێکی مابوو، بەوجۆرە (مام فەتاح) کە بە فەتاح دەڕاسەش ناسرابوو، ماوەیەکە خەریکی چاککردن و ئامادەکردنی دەڕاسەکەی بوو، ئێمەی منداڵان هەمیشە لەپەنا و پێچ و پلوچی دەڕاسکە و کەل و پەلە هەڵوەشاوەکانی تریدا چاوشارکێمان دەکرد، گەرمیان یەک پارچە گەنم و جۆ بوو، ساڵەکەی هات و خێر و بەرەکەت بوو، پیاوانی ئاوایی بسکەی ژێر سمێڵیان دەهات و خاوەن مەڕومالات تەواوێک بووژابوونەوە، بەرخەل لە مێگەل جیاکرابوونەوە، لالۆ عومەر یەکێک لە دەوڵەمەندەکانی ئاوایی بوو، نزیکەی هەزار سەر مەڕ و بزنی هەبوو.



د. ئازاد هیدایەت دەلۆ

دوای دوو ڕۆژ لە ڕۆیشتنی باوکم هەر وەکوو ئەوەی ئەوان هەواڵێکیان بیستبێت، بەیانی ڕۆژی پێنج شەممە بوو دەور و بەر خرۆشابوون، هەرچی خەڵکی ئاواییەکانی دەوروبەری شار و نزیک بە جادەی قیر بوون بەرەو ئاواییەکانی ئێمە هاتن، پیاو و ژن و منداڵ و پیر و لاو، شوانەکان مەڕ و ماڵاتیان دابووە پێش خۆیان زۆرێک لە ژن و منداڵ بە پێی پەتی، خەڵکی بێسەروبەر و کۆڵ بە کۆڵ، دەشتودەر و ناو حەوشە و کونجی ماڵان نەیدەگرتن، سێ و چوار ماڵ و خێزان هەر لە ماڵی ئێمە بوون، پیاو ماقووڵ و ڕدێن سپییەکان بە یەکدا دەهاتن و مشتومڕیان بوو، کەس لە ڕاستی مەسەلەکە تێنەدەگەیشت، ماڵی ئێمە تەنیا هەر پێنجمان لەگەڵ دایکم، کاکە سوارە و دادە خەزاڵم ئەوان لاو بوون،

هەموو جارێک باوکم دەیگوت ئەمساڵ بێتەوە ژن بۆ کاکە سوارە دەهێنم. خەزاڵی خوشکیشم دەزگیرانداربوو، پار ئەم کاتانە مردنی داپیرەم نەبووایە ئێستە ئەو لە شار لە ماڵ و مێردی خۆیدا بـوو، سـروەش تەنیا سێ سـاڵ لەمن منداڵتر بوو، حەمەی براشم، کە دوابەرە بوو، تازە کەوتبووە سەرپێ. ئای لەو ڕۆژە شوومە یاخوا کەس نەیبینێت، دایک منداڵی بەر مەمکەی لێ بووبوو بە بار، پیر و پەککەوتە سواری کەر و وڵاخ کرابوون، مەکینە و عەرەبانە و جێبە شڕەکانی کەلار، خەڵکی کفری و بناری زەنگەنە و داودە و هۆزەکانی دەلۆ و گێژ و تیرەکانی جاف و تەنانەت ئەوبەری سیروانیش باجەلان و سورەمێری و کاکەییشیان تیادا بوو، بە تایبەتی ئەو گەنج و پیاوانەی ڕاکـردووی سەربازی بوون- (فیرار) گوندەکانی ئێمە و دەرو دەشت پڕ بـووبـوون، وایـان دەزانـی ئـەم هـەردە و بەرزایی و زورگانە قەڵای قایمە بۆیان، مقۆ مقۆ لە هەموو لایەکەوە پەیدا بوو، لالۆ عومەر لە ناو حەوشە گەورەکەیاندا هەر دەهـات و دەچوو، (دەک ماڵی وێرانم ئێژن ئاواییەکانی سەیدە و شاکەل و دێبنە و وەلی هەیەر و سەیجەژنی و برایم خان و ناساڵەح و هەتا کارێز و کنگربانیش خاپوور کریاوە و خەڵکەکەشیان ڕەشبگیر کردووە) ئەی هاوار وەماڵم ئەو کەس ناوێرێت سۆراخێکیشیان بکات، هەر ئەو ڕۆژە نزیک نانی نیوەڕۆ بوو، چاکم لە بیرە، لە ماڵی لالۆ خواردنێکی زۆر ئامادەکرابوو چەندین کاوڕ و گیسکیان سەر بڕیبوو، گوایە خەڵکەکە لـەوێ نـان بخۆن، لە هـەر چوار لاوە تـۆز و گەردەلوول هەڵدەستا، لە دوورەوە دەنگی تۆپ و تەیارە و مەترەلۆز دەبیسترا، ڕۆژی ڕەش بوو، زۆری پێنەچوو لە هەرچوار لاوە دەور دراین زیل و تانک و دەبابەو ئیڤا و جێب و هەموو کەرەستەی سەربازی، عەسکەری و جاش پیادە بووبوون، هەر لە دوورەوە دەنگی بڵندگۆیان لێ بەرزکردینەوە بە عەرەبی و هەندێک جار بە کوردی، دەینەڕان دیاربوو دەنگی (ف)ی سەرۆک جاشەکان، وەکو مەڕ گاڵەیان لێدەکردین، خەڵکی گوند بەژن و پیاو و منداڵەوە سەریان لێشێوابوو، هەردایک بوو منداڵەکانی لە خۆ نزیک دەکردەوە.

دایکی ڕەحمەتیشم حەمەی برامی لە باوەش گرتبوو، من و سروەش لەملاو لەولایەوە توند چەمکی کەواکەیمان گرتبوو، دادەخەزالیش خـۆی لـەپـاڵ دایکـم حـەشـاردابـوو، وا کاکە سـوارەش لەگەڵ پیاوانی گوند هەرئەمسەر و ئـەوسـەریـانـە، نەخێر تـا دەهـات بـازنـەی گەمارۆدانمان بچووک دەبـووەوە، دەورەیـان داین، بە تووڕەبوون و جنێودان هەموومانیان خڕکرد، قازانە چێشتی ماڵ لالۆ قلپکرایەوە ناو کوانوو ئاگردان، هەروا زیل و ئیڤای سەربازی بوو پڕدەکران لەو حەشاماتە، زیڕەی ژن و منداڵ پڕمە و ناڕەزایی لاو و هەرزەکارەکان، دەڵـەک و پاڵپێوەنان و قۆناغە تفەنگ، هەر زوو هەموومان لە زیلێک پەستێنراین، ئایی ئێستەش نازانم بە چەند قۆناغ و بە چەند ڕۆژ و بە چەند شەو گەیشتینە (نوگرەسەلمان)و لە قەڵا گەورەکەیان چەسپاندندین، هەر لە ڕێگا کاکە سوارە و پیاوەکانیان لێ جیاکردینەوە، دوای سێ ڕۆژیـش (دادە خـەزاڵ)یـان لە پاڵ دایکم پەلکێش کرد و بردیان... بردیان، ئەی (سروە و محەمەد)ی برام خۆ بە هەردووکیان بەرگەی ١٠ ڕۆژیان نەگرت و بەر و دوای یەک لە برسان سیس و لاواز بوون و لاشەی بێ گیانییان لە باوەشی دایکم دەرهێنراو بوون بە خۆراکی سەگە سەر زلەکانی ئەو بیابانە، دایکم شـەوێک و ڕۆژێکیش تـاکو خـۆر لە زەردەی ئێوارێ لاشـەی بێ گیانی سـروەی هەر لە باوەش گرتبوو تاکو بەزۆر لە ئامێزیان دەرکـرد... فرمێسک بینایی لێڵ کـردی، بەو لێڵاییەوە (لالۆ)ت بەرچاوکەوت، کە لە دەسکی گۆچانەکەی چەماوەتر بە ژوورکـەوت و بە ئاستەم وشـەی (الفاتیحا)ی لێ بیسترا، ئەو پیاوەش کەمی پێ نەکرا لە (شەش کچ و چوار بووک و حـەوت کوڕ و چەندین نـەوە) تەنیا خۆی گـەڕاوەوەتـەوە، ئەویش بۆ گێڕانەوەی چیرۆکی ئەنفال و جـەورو جەفا و ستەم و نەهامەتییەکانی ژیانی هاتووەتەوە...

*** پێشکەشە بە د. سەرکەوت مامۆستا غازی لە زانکۆی گەرمیان.**

شیعر

# بەیازی ئازار

قەڵای مەریوان پاڵم دا پێوە
قەڵاکەم ڕمیا پاڵ بەم کێوە؟
لە گۆرانی فۆلکلۆری کوردییەوە
ئیتر بۆ هەمیشە لە ناو میوەکاندا
لە ناو باخە بەرین و
خەیاڵاوییەکاندا
بە تەنیشت کانیاوە بیگەرد و
سازگارەکاندا
لەگەڵ باڵندەی ڕەنگین و
پەپولەی دڵگیر و
درەختەکاندا
یادی ڕۆژانێک بکە
گەرم/ شێدار
تاریک/ دڵتەنگ
بێڕەحم/ بەدڕەفتار
دەستیان لێهەڵنەدەگرتیت
تاکو لێواری مەرگ
تەنگەنەفەس/ هێزلێبڕاو
من لە دەستپێکی ئەم شیعرەوە
لە خەمی تۆیە تەنگەنەفەسم
لە دووری تۆیە هێزلێبڕاوم!
بیری دوو منداڵی ڕووتەڵ بکە
عەسرێکی شینتر لەم شینەم
هەریەک بە تورەکەیەک گریانەوە
سەرمابردوو/ ژیان مردوو
خۆیان بە ماڵەکەتدا کرد
وەک دوو پەناهەندەی لە جەنگ هەڵهاتوو
بەدەم هەنسکی بێدادییەکەوە
سووتابوون وێنەی قەقنەس
داوایان لێکردیت
لە دڵە سەنگین و بیمارەکەتدا
داڵدەیان بدەیت
لە ئامێزتدا گەرمیان بکەیتەوە.
دوو منداڵ/ دوو فریشتە
بۆنی شیری ژانیان لێدەهات
هەڵمی ئازاریان لێهەڵدەستا
تامی کابووسیان دەدا
ڕەنگی بێکەسییان گرتبوو
بوون یان نەبوون
بۆ ئەوان وەک یەک بوو.
دوو منداڵ/ دوو فریشتە
ژیان لە پای هیچدا
تفی تێکردبوون
دوو منداڵ/ دوو فریشتە
ژیان لە پای هیچدا
شەقی تێهەڵدابوون!
ئەوان بێئاگا لەوەی
بۆنی نیگاری سەر سنگیان
تەڕ... تەڕ ماڵەکەتی سەرڕێژکردبوو
لە یادی ساڵانێکی دوورتر
کە تۆ بە تامەزرۆییەوە
خەونیان پێوە دەبینیت
کە تۆ بە جەرگێکی سووتاوەوە
هەموو خولیات بۆتە گەڕانەوەی
ڕۆژێک لەو ساڵانە/ بۆنێک لەو ساڵانە.
ئەوان بێئاگا لەوەی
کە تۆ لە خەونە شکاوەکانیاندا
پارچە.. پارچەی دڵی خۆت
پێکەوە دەلکێنیتەوە
کە تۆ هەر نەبێت



داستان بەرزان

ڕەنگێک/ دەنگێک
لە گیانی خۆتتدا زیندوو دەکەیتەوە
لەو ساڵانەی هەموو خولیات بۆتە گەڕانەوەی
ڕۆژێک/ بۆنێک.
بە دڵی تواوەی ناو چنگیانەوە
هاتن و
لە ماڵەکەتدا
بوونە دوو قومری پێککراو
بوونە دوو مێرووڵەی بەجێماو
بوونە دوو هەناسەی سارد
بوونە دوو برینی بێدەرەتان
بوونە دوو ئاوازی بەر باران
بوونە دوو دەنکە ترێی سەرمابردوو
بوونە دوو ئاواتی لە دەستچوو
بوونە دوو دڵۆپ خوێنی گەرم
بوونە دوو بێچووە ئاهوی شەرم.
تۆ چرا بوویت
تۆ کانی بوویت
تۆ شنە بوویت
تۆ ئارامی
تۆ سەلاری
تۆ ئاگردان.
تۆ مانگ بوویت
بۆ شەوانێکی سووتاو
خۆرەتاو بوویت
بۆ دوو بێ بەرگی هەڵکورماو.
تۆ ڕێنیشاندەر بوویت
بۆ دوو هەڵهاتووی دەستی خێڵ
تۆ لەنگەری دوو کەشتی وێڵ
تۆ دیوار بوویت
لەبەردەم ڕەشەبای ستەمدا
تۆ خەندە بوویت
لە پاش لێشاوێک لە خەما
تۆ هێلانە
بۆ دوو زەڕنەقووتەی بەر زریان
تۆ ڕزگارکەر
بۆ دوو کاریلەی بەردەم کەڵبەی سووری
گوورگەکان.
(وچانێک)
تۆ نەتهێشت شەقام ببێتە ماڵی دوو توتەڵەی
فڕێدراو
تۆ نەتهێشت دوو کانیلەی نەشارەزا
ڕێگایان بکەوێتە بیابان
تۆ لە ناو پانتایی ڕەشی مردندا
ئازایانە/ ژنانە
بێ گوێدانە سەرکۆنەکان
بە ڕەنگی سپی نووسیت: ژیان.
دوو منداڵ/ دوو فریشتە
کە چەند هەنگاوێک
لەولا بۆسەی جەردەکانی شەوەوە
خەویان پێداکەوتبوو
دوو منداڵ/ دوو فریشتە
کە هێندەی چاوتروکانێکیان مابوو
بەدەم خەیاڵەوە
بکەن بە دەستەیەک لە مرۆڤانی/ مرۆڤخۆر.
دوو گوڵاڵەسوورە/ دوو دەنک بەهێ
زۆری نەمابوو هەڵبدرێنە ناو مەنجەنیقی
بێڕەحمییەکانی کۆمەڵ
دوو بێدەرەتان خەریکبوون
بکەونە سەرزاری ئەوانی وەک دەڵ
دوو ڕێبوار/ دوو سەرهەڵگرتوو
ملیان بە ڕێگای نەهاتەوە نابوو
کە تۆ بوویتە سەیوانیان
بوویتە ئامێز
بوویتە گەرمایی
بوویتە سۆز و
دڵنەوایی
بۆ ئەوان/ ئەوانی بەر تۆفان
ئەوانی هەڵهاتوو لە چنگی ژیان.
(وچانێک)
بە ڕۆیشتنی تۆ

ئێمە گوڵەباخ لە دەست دەدەین
چیمەن
حەوشە
گوڵی هەنار
دارنارنج و
سەربان
خۆرەتاو/ مانگ
بۆنی سێو
تامی زەیتوون
خولیای سەرمان.
ئێمە زۆر شەوان مانگمان بینیوە کە خەوتووە
لە پاش تۆ هیچ مانگێک نابینین!
لە پاش تۆ ئێمە مانگمان نییە!
مانگەکەی ئێمە تۆ لە کوێی؟
(وچانێک)
تۆ ئێمەت لە ڕۆژی ٣/١٦ ی شاری هەڵەبجە
پاراست
تۆ ئێمەت لە گەرداوی ئەنفال دەرباز کرد
ئێمە دوو گوندی بچکۆلەی قەدباڵی چیایەک بووین
و
تۆ نەتهێشت بکەوینە بەر شەپۆلی ڕاگواستن
ئێمە دوو گەنجی باریکەلەی سەر شەقامێکی
سلێمانی بووین
تۆ نەتهێشت ملازم موحسین بە بینینمان خوێن
بیگرێت و
هەر لەوێدا گولەبارانمان بکات
ئێمە دوو منداڵ بووین بۆ دەستڕێژی فیشەک
ڕیزکرابووین
تۆ هیوایەکی وەهات پێداین ئێمە باڵبگرین.
ئێمە دوو پێشمەرگە بووین لە زیندانی ئەبووغرێب
لەگەڵ ژماردنی کاتی گەیشتن بە سێدارە
سروودەکانی ڕەنجدەران لە گەرووماندا
ئێمە دوو شەڕڤان بووین لە عەفرین
لە پاڵ گرمە گرمی بۆمبێکدا
(ئەی ڕەقیب)مان دەبێژا
ئێمە دوو گەریلا بووین لە دامێنی چیا
بەدیار چاوی تیژی دڕۆنێکەوە
(نەخشەی کوردستان)مان بەسنگەوە
ئێمە دوو خەباتگێڕبووین لە دەشتێکدا
لەتەک هوژە..هوژی موشەک
(ئاڵای کوردستان)مان هەڵکردبوو
تۆ وەک دەستی خودایەک
کە دەمێکە مرۆڤی پشتگوێخستووە
هاتیت و بۆ ئاسمانت هەڵکێشاین...
بە لەدەستدانی تۆ ئێمە دوو مەسیح
هەریەک خاچی خۆمان بە کۆڵەوە و
شار تەی دەکەین
کۆڵان... کۆڵان
شەقام... شەقام
بۆ ڕۆژانێک تۆ لێرەبوویت
بۆ ڕۆژانێک تۆ چەتربوویت
لە پاڵ تۆدا
ئێمە دوو شۆڕگێڕی سەربەرز
دەم و داوێن و دەست و دەرلینگ و دەمار و
دینارمان پاک
کە لێرەنیت
دەم و دەمارمان بەسترا
داوێن و دەرلینگمان دڕا
دەست و دینارمان شکا
هۆ خەڵکینە پێمان بڵێن:
لە کوێیە خوا؟
(وچانێک)
بە دڵشکاوی ڕۆیشتی
لە سەردەمێک کە لەگەڵت سۆزی نەبوو
ڕۆرگارێکت بەجێهێشت
ڕووی لێت نەبوو
بە بێگەردیت باکی نەبوو
چاوقاییم بوو/ پەردەی نەبوو
تۆ پەڵەیەک خەڵکت جێهێشتن
کە مایەی نیگەرانیت بوون
ئەهلی بێ دڵی و
قسەی ڕەق

سەرمەستی حەز
شەیدای بەها پوچەکانی
دنیای سەرمایەداریی بوون
تۆ بێدەنگ بووی
تۆ پەرێشان
لەبەردەم مرۆڤ
چلۆن خۆی لەبیرچۆتەوە
نەتدەزانی بۆچی وەها
بەهای دڵان کاڵبۆتەوە
هەرچی دێت و
لاف لێدەدات
بە جانتا و
بۆن و
مەکرەوە
سەیرێک ناکات
چەند سادەیە
چەند بێخەون و
بێ بادەیە
سەیرێک ناکات
چەند گوناهە
نرخی خۆی داوە بە بادا
ئەو نازانێ بەڵێ ڕاستە
مارکە بەرزە
براند بەرزە و
کولیتی زۆر بەرزتر
ئەوەی گچکەیە و
هەتاکو دێت هەر کچکەتر
هاکا نەما و بووبە هەڵم
خۆیەتی و لە خۆی واوەتر
تۆ کە لە نەسلی باران بوویت
کەڵکی تۆی نەمابوو ژیان
تۆ کە بەخشندەیی خودا و
ئارامی ئەیوب لە گیانتدا
بێ باکانە/ دڵتەگانە
شەوگارت دەبەست لە ڕۆژان

ئێوە نەوەیەک کە دەڕۆن
لەگەڵ خۆتان زۆر شت دەبەن
پێمان بڵێن.. بەر لە ڕۆیشتن
چی بکەین بۆ ئەوەی دوای ئێوە
برێک وەک ئێوە مرۆڤ بین؟
چی بکەین بۆ ئەوەی پاش ئێوە
وەکو ئێوە فریشتە بین؟
بۆ وادەڕۆن؟
دنیا بۆچی واچۆڵ دەکەن
کێ دەتوانێت بەبێ ئێوە
بەرگەی بگرێت و
درەختێک بێت بە پێوە؟
وەها دنیاکەتان چۆڵ کرد
هەر دەنگێ دێت
هەر بە تەنیا دەنگدانەوەی خۆی دەبیستێت
هەر ڕەنگێک دێت هێندە نابات خۆی بیردەچێت!
ئێوە مرۆڤانێک بوون
کە خودا لە پارچەی خۆی
لە دڵی خۆی
لە ڕووناکی و
لە پاکی خۆی
ڕەوانەی زەمینی کردن
تاکو نیشانمانی بدات
بە چ جۆرێک هێزی هەیە
مرۆڤی پەتی وەکو خۆی
مرۆڤی ڕوون و
بە نرخ بەدیبێنێت...
ئێوە کە جێگەی ئومێدی خودا بوون
کە نیشانتان دەدا مرۆڤ تاکو کوێ
هێزی هەیە هەر مرۆڤ بێت
ڕۆیشتن و بە بێزاریی
پشتان کرد لە سەردەمێک
هەموو شتێک تێیدا بە نرخە
مرۆڤ نەبێت!

# ڕۆشنبیریی گشتیی

- **کاریگەریی کەسایەتییە بەڕەگەز کوردەکان لەسەر کۆمەڵگەی عەرەبیی هاوچەرخ**

**موعتەسەم سالەیی**


- **هەولێری جاران .. روانگەی فەلسەفە، سۆسۆلۆژیا، رۆشنبیریی**

**رەنگین عەبدوڵلا**

- **ترس لە مردن (بەشی دووەم و کۆتایی)**

د. زەکەریا ئیبراهیم - و: سەرتیپ ئاغا واحد بەگ

# کاریگەریی کەسایەتییە بەڕەگەز کوردەکان لەسەر کۆمەڵگەی عەرەبیی هاوچەرخ



موعتەسەم ساڵەیی

گەر بەوردی بڕوانینە ڕەوتی کۆمەڵگەی عەرەبیی هاوچەرخ، بۆمان دەردەکەوێت، کە کورد لەزۆر ڕووەوە دەورێکی باڵای هەبووە لەپێشخستنی ئەو کۆمەڵگەیەدا، نەک بەتەنیا لەسەردەمی نوێدا، بەڵکو لەسەردەمانی کۆنیشدا کورد کاریگەریی خۆی هەبووە بەسەر کۆمەڵگەی عەرەبی و ئیسلامییەوە. واپێناسەی وڵاتی میسر دەکرێت، کە دڵی وڵاتانی عەرەبییە و هەر وەرچەرخانێک لەو وڵاتەدا ڕوویدات، کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر تێکڕای وڵاتە عەرەبییەکانی دی دەبێت. سەرکردەی بەڕەگەز کورد سەلاحەدینی ئەیوبی باشترین نموونەیە، وەکو سەرکردەیەکی ئیسلامی لەوڵاتی میسر و تێکڕای وڵاتە ئیسلامییەکاندا، دەورێکی کاریگەر و هەستیاری لەمێژووودا گێڕا، کە بووە وەرچەرخانێکی بنەڕەتی لەسەر ئاستی سیاسی و ئایینی و کۆمەڵایەتیدا. چەندین کەسایەتی و بنەماڵەی کورد لەوڵاتی میسردا، دەستیان هەبووە لەچالاکیی سیاسی و ئەدەبی و هونەریی و فیکریی.

هونەرمەند عەلی مەردان لەبیرەوەریەکانیدا نووسیویەتی و دەڵێت (ئەحمەد شەوقیی شاعیر زیافەتێکی چاکی کردم بۆ ماڵەکەی خۆی کە پێیان دەگوت (کرمە إبن هانی) لەناوچەی (الجیزە) پێی گوتم کە کوردە و لە کوردەکانی تورکیایە. باوباپیرانیشی لەپاشا گەورەکانی میسرن)[١]

بۆنموونە بنەماڵەی تەیموریە کوردەکان چەندین بەهرەمەندی ئەدەبی و فیکرییان تێدا هەڵکەوت، وەکو ئەحمەد تەیمور و مەحموود تەیمور و خاتوو عائیشە تەیموری خوشکیان. لەساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا لەچاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنیدا نووسەری ناسراو خاتوو (د. سهیر ألقلماوی) گوتی کە بەڕەگەز لەبنەماڵەیەکی کوردە. نووسەرێکی میسری بەناوی (عبدألحي دیاب) لەبارەی عەباس مەحموود عەقادی نووسەری میسریەوە نووسیویەتی و دەڵێت: (باپیرەی کە ناوی محەمەد ئاغا شەریف بوو، بەهەردوو زمانی تورکی و کوردی دەدوا. ئەگەر بەزمانی عەرەبیش قسەی بکردبایە دەتزانی بەڕەگەز عەرەب نییە)[٢]

دەرهێنەری سینەمایی میسری (ئەحمەد بەدرخان) لەبنەماڵەی بەدرخانییەکانە، عەلی بەدرخانی کوڕیشی دەرهێنەرێکی سینەمایی بەتوانایە، مێردی ژنە ئاکتەری سینەمایی (سوعاد حوسنی) بوو. ئەم ژنە ئاکتەرەیش خوشکی گۆرانیبێژی ناسراو (نجاة الصغیرة)یە، هەردووکیان کچی کابرایەکی کوردی سوریایین بەناوی (محمد حسني الخطاط) هەردوو وێنەکێشی برا (سیف وانلی و أدهم وانلی) بەڕەگەز کوردن، بەپێشەنگی هونەرمەندانی وڵاتی میسر دادەنرێن. هەردوو سیاسەتمەداری ناوداری برا (خالید محي الدین و زکریا محي الدین) ئەوانیش بەڕەگەز هەر کورد بوون. میسرییەکان لەبارەی سەرکردەیان جەمال عەبدولناسر دەڵێن: خەڵکی ناوچەی (صعید)ە و بەڕەگەز دەگەڕێتەوە سەر میللەتی کورد. بەو پێیەی سەعیدییەکان لەپاشماوەی ئەو سەربازە کوردانەن، کە سەلاحەدینی ئەیوبی سەرکردایەتی دەکردن و لەپاشاندا لە وڵاتی میسردا جێگیر بوون.

لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا چەندین نووسەر و شاعیر و بیرمەند، بەتایبەتی لە وڵاتی میسر و عێراقدا سەریانهەڵدا، مشووری پێشکەوتنی وڵات و گەل دابووی لە کەللەیان. لەپێناوی ئازادکردن و سەرفرازیی ژنانی عەرەبی و ئیسلامیدا دەنگیان لێ هەڵبڕی، بەوپێیەی ژنان نیوەی کۆمەڵن و هەر دوورخستنەوەیەکیان دەبێتە هۆی ئیفلیج کردنی نیوەی کۆمەڵ. بەشێک لەو بانگەوازخوازانەی وڵاتانی میسر و عێراق بەڕەگەز کورد بوون. بەدرێژایی مێژوو کۆمەڵگە عەرەبی و ئیسلامییەکان بەشێوەیەکی گشتی داخراو و دوور لەشارستانیەت

بوون. بەکۆیلەکردنی ژنان و زەوتکردنی مافەکانیان، یەکێکە لەخاسیەتە هەرە سەرەکییەکانی میللەتانی دواکەوتوو. بەتایبەتی ژنانی ئەم ناوچەیەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، بێبەش کرابوون لەمافە ڕەواکانیان و لەنێو دیواری ماڵدا زیندانی کرابوون. بەڵام ئەوەی مایەی دڵخۆشییە، ئەوەیە میللەتی کورد بەڕادەیەکی زۆر لەم دابونەریتە داخراوە دوور بووە. ژنی کورد بە بەراورد لەگەڵ میللەتانی دەوروبەردا بەئازادی و سەرفرازی خاوەنی کەسایەتیی خۆیان بوونە. هەموو گەڕیدە و خۆرهەڵاتناسەکان کاتێک سەردانیی ناوچەکەیان کردووە، شایەدی ئەم ڕاستیە دەدەن و لەنووسینەکانیاندا تۆماریان کردووە. لەشیعر و هەڵبەستی کلاسیکیی کۆنی کوردیدا، بەڕادەیەکی زۆر باسی حیجاب و ڕووبەندی ئافرەتان نەکراوە. بەڵام لەشیعر و ئەدەبیاتی عەرەبیی کۆندا زۆرجار ئەم بابەتە خراوەتەڕوو.

شاعیرێکی سەردەمی عەباسی لەسەر زمانی خۆیەوە، بەئافرەتێکی شۆخی دەم و چاو هەڵپێکراو بەڕووبەندی ڕەش هەڵدەڵێ، کاتێک لەڕۆژی هەینیدا لەبەردەم دەرگای مزگەوتدا دەوەستێت. هەر لەو کاتەیشدا شاعیر لەنێو حەوشەی مزگەوتدا قۆڵی لێ هەڵماڵیوە و دەستنوێژ دەگرێت. شاعیر لەهەڵبەستەکەیدا داوای لێدەکات بیکات بەخاتری ئاینی محەمەد و نوێژ و ڕۆژووەکەی لێ بەتاڵ نەکات و بۆیی بگێڕێتەوە:

***قل للمليحة فی الخمار الاسود***
***ماذا فعلت بناسک متعبد***
***قد كان شمر للصلاة ثيابه***
***حتى وقفت له بباب المسجد***
***ردي عليه صلاته و صيامه***
***لا تقتليه بحق دين محمد***[3]

لەسەردەمی پێش ئیسلامدا ژنانی عەرەب بە ڕادەیەکی زۆر سەرفراز و ئازاد بوون. چەندانیان کاری بازرگانییان دەکرد، لەڕووی ئەدەبیشەوە چەندین شاعیری ناسراویان تێدا هەڵکەوت. (الخنساء) یەکێک بوو لەو ژنە شاعیرانەی ئەو سەردەمە. بەشێکیان سەرپۆشیان لەسەردەنا و دەم و چاویشیان دەردەکەوت. جلبابیان لەبەردەکرد کە بریتی بوو لەپارچە کوتاڵێک و سنگ و مەمکیانی دادەپۆشی. لەسەردەمی ئیسلامدا حیجاب بەتەنیا

**بنەماڵەی تەیموریە کوردەکان چەندین بەهرەمەندی ئەدەبی و فیکرییان تێدا هەڵکەوت، وەکو ئەحمەد تەیمور و مەحموود تەیمور و خاتوو عائیشە تەیموری خوشکیان**

بۆ ئافرەتانی ئازاد بوو. کەنیزەکان بۆیان نەبوو حیجاب بپۆشن. ئیمامی عومەر نەیدەهێشت کەنیزەکان حیجاب بپۆشن، دەیگوت چۆن دەبێت ئافرەتی کەنیزە چاو لە ئافرەتی ئازاد بکات (فيم ألاماء يتشبهن بألحرائر؟)[4]

گەر بمانەوێت لەبارەی هەڵسانەوەی هزری، یاخود ڕاپەڕینی فیکریی هاوچەرخی وڵاتی میسر بکۆڵینەوە، نابێت ناوی بیرمەندی ناسراوی ئەو وڵاتە قاسم ئەمین فەرامۆش بکەین. ئەم نووسەرە بەکەسێکی پێشەنگ دادەنرێت لەبواری داکۆکیکردن لەمافی ئافرەتان، نەک لەوڵاتی میسر بەتەنیا بەڵکو لەناوچەکەدا بەگشتی. باوکی بەڕەگەز کوردە و خەڵکی شاری سلێمانیە، کاتی خۆی ئەفسەر بووە لەسوپای عوسمانیدا و لە وڵاتی میسردا جێگیر بوونە. قاسم ئەمین لەساڵی (١٨٦٣)دا لەوڵاتی میسر لەدایک دەبێت. لەساڵی (١٩٠٣)دا هەر لەو وڵاتەدا کۆچی دوایی دەکات[5]

لەسەرەتادا قاسم ئەمین وەکو کەسێکی خۆرهەڵاتیی موتوربەکراو بەبیری داخراو خۆی دەنوواند. ئەوەبوو کابرایەکی فەرەنسایی بەناوی (دۆک دارکۆر) لەساڵی (١٨٩٣)دا کتێبێک بەزمانی فەرەنسی بڵاودەکاتەوە، سەبارەت بەدۆخی ناهەموار و نالەباری ژنانی میسری و ئیسلامی. ئەمەیش هەروەکو ئەوەی پەنجەی نابێتە بانی برینێکی قەتماخە بەستووی سەدان ساڵەی کۆن و کولاندبێتیەوە وەها بوو. ئەم ڕووداوەیش ئازاری تەواو بەقاسم ئەمین دەگەیەنێت و لەناخەوە دەیهەژێنێت. بەو ڕادەیەی پاش خوێندنەوەی کتێبەکە بەبرادەرەکانی خۆی گوتبوو لەداخانا بۆماوەی دە ڕۆژ نەخۆش کەوتووە. بۆ پەرچدانەوەی ئەو نووسەرە فەرەنسییە، لەساڵی (١٨٩٤)دا کتێبێک بەزمانی فەرەنسی بڵاودەکاتەوە و بەتوندی بەڕوویدا هەڵدەشاخێت، ڕەخنەی لێ دەگرێت و داکۆکی لەئافرەتی میسری و هزری


ئەحمەد تەیموور


مەحموود تەیموور


عائیشە تەیموور

خۆرهەڵاتی دەکات. گوایە لەپێناوی سەقامگیریی خێزان و کۆمەڵدا، پێویستە پارێزگاری لە دیاردەی تەڵاق و فرەژنی بکرێت. هەروەها پۆشینی حیجاب و دوورخستنەوەی ڕەگەزی نێر و مێ لەیەکدی، کۆمەڵگە لەبەرەڵایی و بەدڕەوشتی دەپارێزێت. نووسەر خەم و پەژارەی خۆی دەربڕی بوو، دەرهەق بەو کەسانەی کە دابونەریتی ئیسلامییان پشتگوێ خستووە و لاسایی هەڵسوکەوتی ئەوروپایی دەکەنەوە. بەو پێیەی ڕێبازی ئیسلامی بریتیە لەڕێکخستنی کاروباری کۆمەڵایەتی و لەناخی سۆشیالیستیەوە نزیکە، بۆیە مافی ئافرەتان و هەژاران بەتەواوەتی دەپارێزێت. هەروەها قاسم ئەمین وەهای بۆچووبوو، گوایە هەڵەیەکی گەورەیە گەر بگوترێت ژنی میسری لەنێو ماڵدا زیندانی کراوە، بەڵکو بەوپەڕی ئازادی و سەربەستییەوە هاموشۆ دەکات. لەو ڕووەوە لەکتێبەکەیدا نووسیویەتی (ئایا تێکەڵاوبوونی ژن و پیاو نابێتە هۆی مەترسی بۆسەر ئاشتەوایی خێزان، یاخود نابێتە مایەی هەڵوەشانەوەی شیرازەی ئاکار و ڕەوشتی کۆمەڵگە؟

ئاینەکەمان پێمان ڕادەگەیەنێت نەخێر بۆ بەدڕەوشتی. ڕێنماییمان دەکات کە دەبێت پیاوان کۆڕی دانیشتنی تایبەتیی بە خۆیان هەبێت، تاقە ئافرەتێکیش تێکەڵیان نەبێت. ژنانیش مەجلیسی خۆیان هەبێت، تاقە پیاوێک نەچێتە ناویانەوە. لەپێناوی بنەبڕکردنی ڕەگ و ڕیشەی خراپەکاریدا ئەو هەنگاوانە دەنرێن، چونکی هەردەم لاوازی و بێهێزی لەناخەکاندا قەتیس ماون)٦

پاشتر نووسەر هاوڕێتیی بانگەواز خوازی ناودار محەمەد عەبدە دەکات و دەکەوێتە ژێر کاریگەرێتیی ئەو بیرمەندەوە. سەردانی وڵاتی فەرەنسا دەکات و زمانیان فێردەبێت. لەساڵی (١٨٩٤)دا زەینەب ناوێک دەکات بە خێزانی خۆی، کە کچی ئەمیراڵی دەریایی تورکی ئەمین تۆفیق دەبێت، کاتی خۆی دایەنێکی ئینگلیزی سەرپەرشتیی ئەو ئافرەتەی کردبوو. هەموو ئەم فاکتەرانە بە یەکانگیری دەبنە هۆی ئەوەی قاسم ئەمین بەبیر و بۆچوونەکانی خۆیدا بچێتەوە، بەڕێژەی سەد و هەشتا پلە گۆڕانکاریی بەسەردا بێت. لەقالبی کەسێکی مێشک تەنراو بەبیری خۆرهەڵاتی بگۆڕێت بۆ قاوخی کەسێکی خۆراوایی. ئەوەبوو لەساڵی (١٨٩٩)دا کتێبێکی بەزمانی عەرەبی بڵاوکردەوە بەناوونیشانی ئازادکردنی ئافرەت (تحرير ألمرأة)

لەم کتێبەیدا بەپێچەوانەی بۆچوونەکانی پێشووی، بەتوندی دەچێت بەگژ دابونەریتی باوی خۆرهەڵاتیدا. پاشتر لەساڵی (١٩٠٠)دا کتێبێکی دیکە بەچاپ دەگەیەنێت بەناوونیشانی ئافرەتی نوێ (المرأة الجديدة) لێرەدا خاڵی وەرچەرخانی بنەڕەتی لەهزر و بیری نووسەردا سەرهەڵدەدات، بەو ڕادەیەی بەهەمان شێوازی دۆک دارکۆری فەرەنسایی بیر دەکاتەوە، کە چەند ساڵێک لەوەوبەر بەرپەرچی بۆچوونەکانی دابووەوە. نووسەر لێرەدا سەرسوڕمانی خۆی دەربڕیبوو سەبارەت بەتەڵاقدان و جیابوونەوەی پیاو لە ژنەکەی و دەڵێت نازانم چۆن دەشێت بەتاقە وشەیەک، بەبێ شایەد و مەحکەمەکاری و بەبێ دابینکردنی هیچ مافێک، پیاو بتوانێت دەستبەرداری ژنی خۆی بێت و لێی جیابێتەوە! لەبارەی حیجابەوە دەڵێت هۆگری ژنان بۆ حیجاب تەندروستیان تێکدەدا و ڕەنگیان زەرد هەڵدەگەڕێنێت، بێ بەشیان دەکات لەهەوای سازگار و تیشکی خۆر و هەموو جۆرە وەرزشێک (حیجاب دەبێتە مایەی زیندانیکردنی ژنان لەبازنەیەکی تەسکدا. بەو ڕادەیەی وادەکات لەشتی لاوەکی بەولاوە، هیچ دیاردەیەکی بایەخداریان چاو پێنەکەوێت و هیچ دەنگێکی بەسوودیش نەبیستن. ئەمەیش دەبێتە هۆی ئەوەی ژنان دووربن لەدونیای زیندوو، کە دونیای بیرو جووڵە و کارکردنە)٧

ئەم بیروبۆچوونانەی قاسم ئەمینی بەڕەگەز کورد، گەلێک کێشە و تەنگ و چەڵەمەی بۆ نایەوە. بەڵام توانیی شۆڕشێکی فیکریی و سیاسیی و ئایینیی و کۆمەڵایەتی بەرپا بکات، کە تاوەکو ڕۆژی ئەمڕۆمان نووسینەکانی مایەی مشتومڕن، نەک لە وڵاتی میسر بەتەنیا، بەڵکو لەسەرجەم وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامیدا. نووسەر لە ساڵی (١٩٠٣) دا کۆچی دوایی دەکات و هەر لەوڵاتی میسردا دەنێژرێت. لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا چەند نووسەر و شاعیر و بیرمەندێکی میسری، ویستیان شۆڕشی ڕاپەڕینێکی فیکریی وەکو سەردەمی ڕێنسانسی ئەوروپا بەرپابکەن، کە سێسەد بۆ چوارسەد ساڵ پێشتر لەوڵاتانی ئەوروپاییدا سەریهەڵدابوو. هەرچۆن کڵێسە و پیاوانی ئایینیی

"ئەم بیرو بۆچوونانەی قاسم ئەمینی بەڕەگەز کورد، گەلێک کێشە و تەنگ و چەڵەمەی بۆ نایەوە. بەڵام توانیی شۆڕشێکی فیکریی و سیاسیی و ئایینیی و کۆمەڵایەتی بەرپا بکات"

و خەڵکانی کۆنەویست، بەربەستبوون لەبەردەم بیرمەندەکانی سەردەمی ڕێنسانسی ئەورووپایی، بەهەمان شێواز توندڕەوە ئایینیەکانی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی ڕووبەڕووی هەموو جۆرە گۆڕانکارییەک بوونەوە. لەوڵاتی میسردا چەند گۆڕانکاری خوازێک دەنگیان بەرز کردەوە، جاڕی گۆڕانکاریی و پێشکەوتن خوازیان دا، وەکو قاسم ئەمین و محەمەد عەبدە و عەبدولڕەحمان کەواکبی و تاها حوسێن و سەلامە موسا و .. هتد. دەگوترێت نووسینەکانی قاسم ئەمین وەکو وشەی نهێنیی (إفتح یاسمسم)ی حیکایەتەکانی هەزار و یەک شەوە وابوو، بۆ دەرچوونی مرۆڤی عەرەبی و ئیسلامی لەئەشکەوتی تاریکی و نەزانی. یاخود نووسەرێکی نابینای بلیمەتی وەکو تەها حوسێن، خاوەنی بیرو هۆشێکی کراوە بوو، بەڕادەیەک بەگەلێک قۆناخ پێش سەردەمەکەی خۆی کەوتبوو. لەوڵاتی فەرەنسا خوێندبووی و ژنەکەیشی فەرەنسی بوو. هەردەم سەرسام بوو بەپێشکەوتنەکانی وڵاتانی خۆراوا لەکتێبی (مستقبل الثقافة فی مصر)دا دەیگوت (پێویستە لەهەموو شتێکدا ئەورووپایی بین)[8]

گەر ڕووی خۆمان بەرەولای وڵاتی عێراقدا وەرگێڕا، دەبینین هەروەکو وڵاتانی دیکەی ناوچەکە، ژنان لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا لەبارودۆخێکی تابڵێی ناهەموار و دژواردا دەژیان، بەڵام هەروەکو ئەوەی پێشتر ئاماژەمان پێکرد، ژنانی کورد بە بەراورد لەگەڵ ژنانی وڵاتانی دی عەرەبی و ئیسلامیدا، بەڕادەیەکی زۆر لەبارودۆخ و هەلومەرجێکی پڕ لەئازادی و سەربەستیدا دەژیان. بەڵام ئەمەیش مانای ئەوە نییە، کە ژنانی کورد دوور بوونە لەستەم و چەوسانەوەی خێزانی و کۆمەڵایەتی. لەگوند و لادێکانی کوردەواریدا ئێستایشی لەگەڵدا بێت پەچەوعەبا هەرگیز نەبووە. ژنانی لادێ بەوە ناسراون کە بەشەو و بە ڕۆژ لە جم و جۆڵدان و دەست بەکارن، بێگومان پۆشینی پەچە و عەبایش لەجووڵە و پەل و پۆیان دەخات. بەڵام لەنێو شارەکانی کوردستاندا پەچە و عەبا بەدی دەکرا. مێژوونووسی عێراقی (خیري ألعمري) وەسفی بارودۆخی ژنانی وڵاتی عێراق لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەم دەکات و دەنووسێ (ناوچەکە نوقمی خەوێکی قووڵی جەهل و نەزانی بوو. داب و دەستوری بەدەویی خێڵەکی باڵی کێشابوو

**دەرهێنەری سینەمایی میسری (ئەحمەد بەدرخان) لەبنەماڵەی بەدرخانییەکانە، عەلی بەدرخانی کوڕیشی دەرهێنەرێکی سینەمایی بەتوانایە، مێردی ژنە ئاکتەری سینەمایی (سوعاد حوسنی) بوو**

بەسەر بەها کۆمەڵایەتیەکاندا. بەو ڕادەیەی هیچ نرخ و بەهایەکی مرۆڤایەتیان بەژنان نەدەبەخشی. ژنان لەپەراوێزی ژیاندا لەنێوان شوورەی بەرز و بڵندی داب و نەریتی سواوی کۆندا دەژیان. بواریان پێ نەدەدرا بڕواننە دونیای دەرەوە، جگە لەکونی دەرگاو درزی پەچەو حیجابەوە نەبێت. بەڵکو مێینە بەعەیب و عار دادەنران و دەبوو بەدوو عەبای ڕەشەوە خۆیان بپێچنەوە. پیاوانیش لەکۆڕ و دانیشتنەکانیاندا وەکو نەنگییەک و ئابڕووچوونێک نەدەبوو ئیشارەت بەژنەکانیان بکەن)[9]


ئەحمەد بەدرخان

بەپێی فەرمانی سوڵتانی عوسمانی لە شاری ئیستانبوڵ لە ساڵی (١٩٠٤)دا والی شاری بەغدا (عبدالوهاب پاشا) بڕیاری دا ئافرەتانی عێراقیش لەپرۆسەی سەرژمێریی وڵاتدا ناونووس بکرێن. ژنانیش هەروەکو پیاوان ناسنامەی کۆمەڵایەتیان پێ ببەخشرێت. کاتێک ئەم هەواڵە لەنێو دانیشتوانی شاری بەغدا بڵاوبووەوە، هەموو خرۆشان بەمل یەکدا و دونیایان لەبەرچاو تاریک بوو، گوایە ئەم ڕووداوە لەگەڵ دابونەریتی عەرەبیدا ناگونجێت و شەرەف و ناموسی هەموانیش دەڕوشێنێت. پیاوانی گەڕەکەکانی شار بەتفەنگ و شمشێر و دەمانچە و کوتەک و تەپڵ لێدان و هۆسەکردن دەرچوونە دەرەوە. وەکو ناڕەزایی دەربڕینێک خۆپیشاندانیان بەرپاکرد. سەید ئەحمەد نەقیب و موختاری گەڕەکەکان کەوتبوونە پێشی لێشاوەکە و ڕێپێوانیان دەکرد. پێش ئەوەی بگەنە بەردەم سەرای و لەگەڵ جەندرمەکاندا پێکدادان ڕووبدات، والی ناچاربوو بڕیارەکە هەڵبوەشێنێتەوە. ئەم بڕیارەیش خۆشیی خستە نێو دڵی هەموانەوە و پاشەکشەیان لێکرد و بەسەرکەوتنێکی مەزنیان دانا بۆ داب و نەریتی عەرەبیی باوی لەبەرچاوگیراو)[10]


سوعاد حوسنی


نەجات سەغیرە

لەساڵی (١٩٢٢)دا پەیمانگەی زانستی لەبەغدا فێستیڤاڵێکی شیعریی بەناوی (سوق عکاظ) سازکرد.

**“لەسەردەمی پێش ئیسلامدا ژنانی عەرەب بە ڕادەیەکی زۆر سەرفراز و ئازاد بوون. چەندانیان کاری بازرگانییان دەکرد، لەڕووی ئەدەبیشەوە چەندین شاعیری ناسراویان تێدا هەڵکەوت. (الخنساء) یەکێک بوو لەو ژنە شاعیرانەی ئەو سەردەمە”**

دەبوو کچەزای (شیخ أحمد داود) وەکو ڕەگەزی ئافرەت بەشداری لەو فێستڤاڵەدا بکات. ئەوەبوو شێخی عەمامە بەسەر (عبدالرحمن الكيلاني النقيب)ی سەرەک وەزیرانی ئەوسا، ڕێگری لەو کچە کرد کە لەو ئاهەنگەدا شیعر بخوێنێتەوە. لەکاتێکدا ئەو کچە شاعیرە لەژێر دەستی ئەو کەسایەتیەدا بابەتی فەرموودە و فیقهی خوێندبوو. لەهەمان کاتدا توندڕۆکانی بەغدا گوتیان گەر ئەو کیژە شیعر بخوێنێتەوە، خوێنی بەرپرسانی فێستڤاڵەکە دەڕێژین. هەر لەو ساڵەدا شاعیری بەڕەگەز کورد مەعرووف ڕەسافی لەسەر شانۆی سینەما ڕۆیاڵ هەڵبەستێکی خوێندەوە و تووشی هێرشی توندڕۆکان بووەوە. شاعیر پارێزگاریی خۆی بۆ مافی ژنان دەربڕی بوو. ڕەخنەی لەکۆنە ویستان گرتبوو، گوتبووی مافی ژنانیان پێشێل کردووە، چونکە خۆیان وەکو کۆیلە بەزەلیلی لە ئامێزی کەسانی کۆیلە پەروەردە بوونە. شاعیر خەڵکی خۆرهەڵاتی سەرزەنشت کردبوو، تاوەکو تووڕەیان بکات. بەپێی بۆچوونی شاعیر ناشیرینترین نەزانیی دانیشتوانی خۆرهەڵات، ئەوەیە، کە بەکەسانی نەزان و جاهیل دەڵێن عالیم و زانا:

***لقد غمطوا حق ألنساء فشددوا***
***عليهن فی حسب وطول ثواو***
***ألم تر إنهم أمسوا عبيدا لانهم***
***على ألذل شبوا فی جحور إماء***
***أقول لاهل ألشرق قول مؤنب***
***وإن كان قولی فسخط ألسفهاء***
***وأقبح جهل فی بنی ألشرق إنهم***
***يسمون أهل ألجهل بألعلماء***

پاش بڵاوبوونەوەی شیعرەکە، ڕۆژنامەی (دجلە) هێرشی توندی کردە سەر ڕەسافی. پیاوانی ئایینیش عەرزوحاڵیان دەرهەقی بڵاوکردەوە، فتوای کافربوونییان ڕاگەیاند. شەڕی نێوان لایەنگرانی سفور و حیجاب زیاتر گەرم بوو. کاتێک جێنشینی پاشای وڵات ئەمیر غازی لەشاری لەندەن لەخوێندن گەڕایەوە، کچانی قوتابخانەکان بەسەری ڕووتەوە پێشوازییان لێکرد. پیاوانی ئایینی و موحافزکاران ڕق و تووڕەیی دایگرتن. لەسەرووی هەموویانەوە پیاوی ئایینیی توندڕۆ (محمد بهجت ألاثري) بوو، کە شاعیر مەعرووف ڕەسافی ناوی نابوو پۆلیسی ئاسمان (بوليس ألسماء)[11]

شاعیری بەڕەگەز کورد (جميل صدقي الزهاوي) کە بەزمانی خۆی دەڵێت لەخێڵی بابانەکانە، لەپێشەنگی ئەو کەسانە بوو، کە داکۆکی لەخوێندنی ڕەگەزی مێ لەخوێندنگاکاندا دەکرد. لەسەردەمی عوسمانیدا لەساڵی (١٨٩٩)دا دەورێکی باڵای گێڕا بۆ کردنەوەی قوتابخانەی کچان. خوشکی ئەم شاعیرە (أسماء ألزهاوی) لەساڵی (١٩٢٣)دا یانەی (ألنهضە)ی ئافرەتانی لەشاری بەغدا دامەزراند. چەند ئافرەتێکی دیکەی بەڕەگەز کورد هاوکارییان کرد وەکو کچی موفتی عێراقی (محمد فيضی ألزهاوی) و ژنەکەی جەعفەر عەسکەری و ژنەکەی نوری سەعید. پیاوانی ئایینیش بەتوندی دژایەتیی ئەم یانەیەیان کرد. بەڵام زەهاوی و ڕەسافی دوو لایەنگری بەهێزی یانەکە بوون. گەرچی هەردوو شاعیر زەهاوی و ڕەسافی بەڕەگەز کورد بوون، بەڵام بەحوکمی ئەوەی لەشاری بەغدا دەژیان، بەدرێژایی ژیانیان خاوەنی بیرۆکەی عەرەبی بوون، هیچ هەستێکی کوردایەتیان نەبوو. ئەم دیاردەیەیش لەبەشێک لە شیعر و هەڵبەستەکانیاندا دەردەکەوێت. گەرچی لەسەردەمی ئەواندا هێشتا وشەی عەلمانی سەری هەڵنەدا بوو، بەڵام دەتوانین بڵێین بەدیدگەیەکی عەلمانیی پێشکەوتنخوازانەوە هەڵسوکەوتیان دەکرد. لەوڵاتێکی دواکەوتووی خاوەن کلتوری خێڵەکیدا، ئەم دوو کەسایەتیە پێش سەردەمی خۆیان کەوتبوون. ئەمەیش وایکردبوو، کە هەردەم لەلایەن پیاوانی ئایینی و خەڵکیی ڕاهاتوو لەسەر کلتوری کۆنی باو، ڕوبەڕوی هەڕەشەیەکی زۆر ببنەوە. بەتایبەتی زەهاوی، کە پێشەنگ بوو لەبواری داکۆکیکردن لەمافی ژنان. داوای سەربەستیی ژنانی دەکرد و بەگژ دیاردەی حیجابدا دەچوو. سەرەڕای هەموو لەمپەر و ئاستەنگەکان، بەڵام بازنەی نوێخوازی و تازەگەریتی لەوڵاتدا هێدی هێدی لەفراوانبووندا بوو. ئەمەیش گوڕوتینێکی زیاتری خستە بەردەم کەسێکی وەکو زەهاوی. ڕووی دەمی کردە ژنان و داوای لێکردن حیجاب فڕێبدەن، سفور بن و خۆیان لە ڕواڵەتی کۆن ڕزگار بکەن. تاوەکو بتوانن وڵات پێشبخەن و بەرەو دونیای تازە و نوێ هەنگاو بنێن. شاعیر پێداگرییەکی زۆری دەکرد، داوای کۆدەتایەکی کۆمەڵایەتیی سەرانسەری دەکرد. دەیگوت ئەی کچی عێراقی سفوربە و حیجاب پەتایەکی کۆمەڵایەتییە. گەر هەموو شتێک بەرەو

نوێخوازی بڕوات، بۆچی پێداگری لەسەر کۆن بکرێت. ئەی کچی عێراقی حیجاب فڕێدە چونکە ژیان کۆدەتایە. بە پەلە حیجابەکەت بدڕێنە و بیسووتێنە، چونکە پاسەوانێکی درۆزنە. ئەوەتا زەهاوی بەزمانی عەرەبی لەهەڵبەستەکەیدا، بانگەوازی خۆی دەداتە بەر گوێی کچێکی عێراقی و پێی دەڵێت:

***إسفري فالحجاب يا إبنة فهر***
***هو داء في الاجتماع وخيم***
***كل شيء إلى التجدد ماض***
***فلماذا يقر هذا القديم***
***تا دەگاتە ئەوەی دەڵێت:***
***مزقي يا إبنة العراق الحجابا***
***وإسفري فالحياة تبغي انقلابا***
***مزقيه وإحرقيه بلا تريث***
***فقد كان حارسا كذابا***

لەژێر کاریگەریی ئەو شیعرەی زەهاوی، فایەق بێکەسی شاعیری نەتەوەخواز لەهەڵبەستێکیدا ڕووی دەمی دەکاتە نەسرین ناوێک، داوای سەرفرازی و سەرپۆش فڕێدانی لێدەکات و پێی دەڵێت:

***نەسرین دەمێکە داخت لەدڵمە***
***گیرۆدەی بەندی، ژیانت زوڵمە***
***وامن پێت ئەڵێم چونکە لەسەرمە***
***هەستە تێکۆشە تا خوێنت گەرمە***
***سەرپۆش فڕێدە چ وادەی شەرمە***

لەساڵی (١٩٠٨)دا دەستوری عوسمانی ڕاگەیەنرا. بەو بۆنەیەوە لەشاری بەغدا ئاهەنگ و فێستڤاڵ گێڕدرا. ئەوسا مامۆستای مافناس جەمیل سدقی زەهاوی لەهەڕەتی لاوێتیدابوو. بەهەلی زانی بیروبۆچوونە ڕزگاریخوازییەکانی خۆی بخاتەڕوو. ئەوەبوو لەڕێککەوتی مانگی ئۆگوستوسی ساڵی (١٩١٠)دا بەناوێکی خواستراوەوە بابەتێکی لەڕۆژنامەی (ألمؤيد)ی میسریدا بڵاوکردەوە. تیایدا داوای سەرفرازیی ژنانی کردبوو لەهەموو کۆت و زنجیرێکی نارەوای کۆمەڵایەتی. هەروەها داوای لەدادگا شەرعییەکان کردبوو، کە وەکو پیاوان مافی ژنانیش دابین بکەن. بۆ پاڵپشتی کردنی بۆچوونەکانی ئاماژەی بەئایەتێکی قورئانی کردبوو (ولهن مثل ألذى عليهن) ڕۆژنامەکە گەیشتە شاری بەغداو خەڵکی خوێندیانەوە و هەموان ڕق و کینە و تووڕەیی دایگرتن دەرهەق بەنووسەرەکەی. وەها دەرکەوت کەسانێک هەبوون ژێر بەژێر گزیریان کردبوو، کە بابەتەکە گەرچی بەناوی خواستراوەوەیە، بەڵام لەنووسینی زەهاویە. ئەمەیش بووە هۆی ئەوەی زەهاوی تووشی هێرش و دەستدرێژی ببێت لەلایەن ناحەزو نەیارەکانیەوە. والی ئەوسای بەغدایش نازم پاشا ناچارکرا بەزووترین کات هەڵبستێت بەدەرکردنی زەهاوی لەکارەکەی .

لەساڵی (١٩٢٤)دا ڕۆژنامەیەک لەشاری بەغدا بەناوی (الصحيفة)وە دەرچوو. چەندین بابەتی لەبارەی دۆخی ژنانەوە بڵاوکردەوە. داوای چاکسازی و دابین کردنی مافی ڕەگەزی مێینەی دەکرد. هەروەها لەچەند ژمارەیەکیدا پێداچوونەوەی بۆ نووسینەکانی نووسەری میسری قاسم ئەمین کردبوو. بەتایبەتی هەردوو کتێبی ئازادکردنی ژنان و ژنانی نوێ. لەژمارە سێی ڕۆژنامەکەدا هەڵبەستێک لەدانانی کەسێک بەناوی بەسیم بڵاوبووەوە. تیایدا داوای فڕێدانی سەرپۆش و حیجابی کردبوو بۆ ژێر بەردی گۆڕستانەکان. هەروەها شاعیر وەکو نەنگیەک لەبارەی باڵاپۆشی ژنانەوە دوابوو. داوای لەژنان کردبوو کە ڕاپەڕن و خۆیان سفور بکەن، چونکی ئەو کردەوەیە عەیب و نەنگی نییە، بەڵکو لەگەڵ ڕەوتی سەردەمدا هەنگاو دەنێت. لەپاشانیشدا داوای لە ئافرەتان کردبوو ڕوبەندەکانیان وەلاوە بنێن، فڕێبیدەنە ژێر ئاگری مەنجەڵەکانەوە:

***إرفعيه.. مزقيه .. وإطرحيه***
***بين أحجار ألقبور***
***وأنهضي سافرة ألوجه وغني***
***هكذا كان ألسفور***
***ليس عارا أو شنارا***
***أن يجاري سير ألدهور***
***فإرفعي ألبرقع عنك وإطرحيه***
***تحت نيران ألقدور***

بڵاوبوونەوەی ئەم هەڵبەستە لەلایەن سەربازێکی خوێندکاری لاوەوە، هەرایەکی گەورە و گرانی بەدوای خۆدا هێنا. لەمەیدانی مەشقدا ئەفسەرەکەی بەبەرچاوی هاوەڵەکانیەوە سووکایەتی پێکرد، لەماڵەوەیش باوکی دەریکرد، لەمزگەوتەکانیشدا

**“ ژنانی کورد بە بەراورد لەگەڵ ژنانی وڵاتانی دی عەرەبی و ئیسلامیدا، بەرادەیەکی زۆر لەبارودۆخ و هەلومەرجێکی پڕ لەئازادی و سەربەستیدا دەژیان. بەڵام ئەمەیش مانای ئەوە نییە، کە ژنانی کورد دوور بوونە لەستەم و چەوسانەوەی خێزانی و کۆمەڵایەتی ”**

فەتوا دەرەکان و خوێنیان حەڵاڵ کردو داوای کوشتنیان کرد، بەو پێیەی گوایە بانگەواز بۆ بەد ڕەوشتی و فسق و فجور دەکات .

پاش لەنێوچوونی دەسەڵاتی عوسمانی و داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئینگلیزەکانەوە، ئەوەبوو ئینگلیزەکان دەورێکی باڵایان گێڕا، بۆ گەشەپێدانی وڵات و ڕزگارکردنی دانیشتوانەکەی لەعەقڵیەتی کۆنی سواو. بنەماڵەی پاشایەتیش خاوەنی مێشکێکی کراوە بوون و هەماهەنگیان لەگەڵ ئینگلیزەکاندا کرد. خاتوو (گیرتورد بێل) ڕاوێژکار لەساڵی (١٩٢٠)دا یەکەم هەنگاوی نا، بەئامادەبوونی کۆمەڵێک لەخانمانی شاری بەغدا یەکەم قوتابخانەی کچانی کردەوە. پاش ئەوەیش لەنێوان ساڵانی (١٩٢٠ــ ١٩٢١)دا چوار قوتابخانەی دیکەی کچان کرانەوە. لەنێوان ساڵانی (١٩٢١ــ ١٩٢٢)دا ژمارەکە زیادی کردو گەیشتە بیست و حەوت خوێندنگاو قوتابخانەی کچان. لە ساڵی (١٩٣٢) ژمارەکە گەیشتە چل و نۆ قوتابخانە.١٢

سەردەمی پاشایەتی سەردەمی زێڕینی وڵات بوو. چونکە وڵات لەهەموو بوارەکانی ئاوەدانی و زانست و خوێندن و ئەدەب و هونەر پەرەی سەند. پاشای وڵات و نوری سەعیدی سەرۆک وەزیران دووربوون لەقەومچێتی و مەزەب پەرستی. کوردیش لەزۆربەی جومگەکانی وڵاتدا باڵادەست بوون. تەنانەت چەند سەرچاوەیەک دەیسەلمێنن کە خودی نوری سەعید بەڕەگەز کوردبوو. بەداخەوە بەناوی پێشکەوتنخوازیەوە، بەچەپڵە ڕێزان ڕژێمی پاشایەتی لەنێوبرا. ئەمەیش وەهای کرد کە پاشتر کەسانی خێڵەکیی خوێن ڕێژی وەکو عەبدولسەلام عارف و سەدام حوسێن دەسەڵات بگرنە دەست. ئاکامەکەیشی ئەوەبوو وڵاتیان نوقمی کوێرەوەری و فرمێسک و خوێن کرد. لەسەردەمی پاشایەتیدا وەکو ئێستە ئافرەتی مامۆستا و فەرمانبەر بەدوو سەرپۆش سەریان نەدەپێچایەوە. یاخود دیاردەی نەرگیلە کێشان لەنێو گەنجان و لاواندا وەکو ڕۆژی ئەمڕۆمان بەدی نەدەکرا. لەساڵانی پەنجاکاندا دەبوو میللەتی عێراق بەگشتی ڕێپێوان و خۆپیشاندانیان بکردایە، لەپێناوی هێنانەکایەوەی سیستەمی دیموکراسی و دابینکردنی خۆشگوزەرانی و لەنێوبردنی دەرەبەگایەتی، نەک لەنێوبردنی ڕژێمی پاشایەتیی ئەو سەردەمە. باشم لەبیرە کە بەتەمەن زۆر منداڵ بووم، کەسانێکی بێ ئاگا یاخود مێشک تەنراو بەئایدیۆلۆژیەت، بەناهەق گوایە نوێنەرایەتیی چینی بەزاز و کوتاڵ فرۆش دەکەن، هوتافیان دەدا و داوای کوشتنی سەعید قەزازیان دەکرد. لەکاتیکدا سەعید قەزازی وەزیری ناوخۆ کەڵەپیاوێکی کورد پەروەر بوو. بۆنموونە خاوەنی ئۆتۆمبیل و خانوی تایبەتیی خۆی نەبوو. ڕۆژێک سەردانیی شارۆچکەی چەمچەماڵ دەکات و لەحاڵ و گوزەرانی دانیشتووانەکەی دەپرسێت. چەند کەسایەتیەکی شارۆچکەکە داوای ئەوەی لێ دەکەن شارۆچکەکەیان لەلیوای کەرکوک دابېڕدرێت و بخرێتە سەر لیوای سلێمانی. ئەویش پێیان دەڵێ ڕۆژی دوو شەممە بێن بۆ شاری بەغدا بۆلام و داواکاریەکەتان پێشکەش بکەن. لەڕۆژی دیاریکراودا وەفدەکە دەگەنە ژووری وەزیر. ئەویش لەئاستی خۆیەوە ڕوویان لێ گرژ دەکات و پێیان دەڵێ، ئەو ڕۆژە موتەسەڕیفی شاری کەرکوکم لەگەڵدابوو کە عەرەبە، بۆیە وەڵامم نەدانەوە، بۆی سەعید قەزاز پێیان دەڵێت: هەرگیزا و هەرگیز بۆ جارێکی دی داوا نەکەن چەمچەماڵ بخرێتە سەر سلێمانی، من وەکو کوردێک گەر دەستم بڕوات شاری سلێمانیش دەخەمە سەر شاری کەرکوک.

“ شاعیری بەڕەگەز کورد (جمیل صدقی الزهاوی) کە بەزمانی خۆی دەڵێت لەخێڵی بابانەکانە، لەپێشەنگی ئەو کەسانە بوو، کە داکۆکی لەخوێندنی ڕەگەزی مێ لە خوێندنگاکاندا دەکرد ”

## سەرچاوەکان:


١ ـ عەلی مەردان، بیرەوەری و گەڵای ژیان، ئا: عەبدولقادر عەلی مەردان، وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان، هەولێر (٢٠١٢) لاپەڕە (١١٧)

٢ ـ عبدالحميد دياب، مع ألعقاد وتطوره ألفكرى، ألقاهرة ١٩٦٥ ص: ٩

٣ ـ كامل ألنجار، ألدولة ألاسلامية بين ألنظرية وألتطبيق، دار تاله، طرابلس ٢٠٠٧ ص:٧٤

٤ ـ سەرچاوەی پێشوو ... لاپەڕە (٧٤)

٥ ـ مجلة ألمعرفة، ألسنة ألخامسة ١--- ٥ --- ١٩٧٥

٦ ـ ألاعمال ألكاملة قاسم أمين، ألجزء ألاول، ألمؤسسة ألعربية للدراسات و ألنشر. بيروت، ١٩٧٦ ص: ٢٩٣

٧ ـ ألاعمال ألكاملة، ألجزء ألثانى، ص: ٥٦

٨ ـ جورج طرابيشى، من ألنهضه إلى ألرده، دار ألساقى بيروت (٢٠٠٩) ص:٣٩

٩ ـ جريدة ألمدى، ملحق ألذاكرة، بدايات ألصراع لتحرير ألمرأة فى ألعراق، فاروق عبدألجبار (٧ أب ٢٠١٧)

١٠ـ سەرچاوەی پێشوو.

١١ـ سەرچاوەی پێشوو.

١٢ـ جريده ألمدى، ملحق ألذاكرة، تحرير ألمرأة فى صفحاتها ألاولى، موفق خلف ألعلياوى (٢٧ شباط ٢٠١٧)



# هەولێری جاران

## ڕوانگەی فەلسەفە، سۆسۆلۆژیا، ڕۆشنبیریی

بۆ ئەوەی پێناسەی شار بکەین، پێویستمان بەوە نییە بەدوای موفرەداتی وەک بەرزی باڵای باڵەخانە و ئەپارتمانەکانی، ناونیشانی ئەورووپی قاوەخانەکانی، کوالێتی و براندی ناو مارکێتەکانی، یاخود ژمارەی بووکەڵەکانی سۆشیال میدیا و کیژۆڵە مۆدێلەکانی بگەڕێین، بەڵکو شار لە شوناسە گشتییەکەیدا ئەبێت جێگەیەک بێت بۆ جیاوازیی و فرەیی و لەگەڵیشیدا یەکتر قبوڵکردن و تۆلێرانس (لێبوردەیی) مەرجی سەرەکی کامڵبوونی شارە. دیدێک پێیوابێت شار یەک ڕوانگەی هەیە بۆ بوون بە شار تەواو هەڵەیە، چونکە شار بە چەمکە گشتگیرەکەی لە یەککاتدا ڕەنگە، ڕۆحیەتە، ستایلە و هەروەها مێژووە.

هەولێر شار و پایتەختی ڕەسەنی کوردەوارییە، بەدرێژایی مێژوو لەژێر جۆرەها ناونیشان جێگەی خۆی کردۆتەوە، هەر یەک لەم ناونیشانانە دەلالەتی مێژوو، فەرهەنگ و شوناسەکەی لەخۆگرتووە، هەموو ئەمانە پێکەوە هاوشان لەگەڵ ڕەهەندی کۆمەڵناسیی، بنەمای ئابووریی، تەلارسازیی و دێرینیی شارەکە دەبن بە هێمای ناسینەوەی ئەوێندەر، ئەوییەک هەندێک بە (هۆلاکۆ بەزێن) ناویدەبەن و هەندێک بە (هەولێرە ماست) و بەشێکیش بە نیشتمانی شەڕە مەزنە مێژووییەکەی (گواگامێلا) و ئێستاش بە (قەڵا و منارە) مەشهورە، هەموو ئەمانەش تابلۆی شاری هەولێر تەواو دەکەن. بۆ تێگەیشتنی زیاتری ئەم ناونیشانانە و شیکارکردنی ڕەهەندەکانی شار و جێبەجێکردنیان لەسەر هەولێر پێویستە خوێندنەوەیەکی کورت بۆ چەند بنەمایەک بکەین.

**هەولێر و فەلسەفەی شار**

بنەماکانی شار لە فەلسەفەی گریکدا لەسەر چەمکگەلی ڕۆشنبیریی و فەلسەفە ڕادەوەستا، چونکە لەبنەڕەتەوە دەوڵەت - شاری یۆنان بنەماکانی دروستبوون و گەشەکردنی لەسەر پرەنسیبی پلەبەندییە ڕۆشنبیریی و بیرییەکان دامەزرابوو، بەو مانایەی بۆ ئەوەی شوێنێک لە شار بچێت بە پێوەرە گریکییەکان، دەبووایە لە کێبڕکێی بەرهەمهێنانی فکر و فەلسەفە لەوانی دیکە بباتەوە و پێشیان بکەوێت، لەکاتێکدا لەسەردەمی مۆدێرنێتە شار لەسەر بنەمای دابەشبوون بەسەر گروپەکان و جیاوازیی و ململانێ و یەکتر قبوڵکردن سیما سەرەکییەکانی پێک دێت. ئەم پێوانە فەلسەفییانە لەنێوان هەردوو قۆناغی سەرەوە بۆ شار، ئەگەر لەسەر (هەولێر) بەجۆرێکی تر ئەزموون بکرێتەوە، چ لەسەر ئاستی بەرهەمهێنانی ڕۆشنبیریی ئازادانە و چ لەسەر بنەمای جیاوازیی و ململانێی گروپەکان، ئەوەی ڕوون دەبێتەوە ئەمەیە، کە هەولێر لە ڕۆژگارێکی مێژوویدا لە یەککاتدا هەردوو تایبەتمەندییە فکرییەکەی لەخۆیدا کۆدەکردەوە، لەلایەک (ڕەشاد موفتی) و (عەبدولخالق مەعروف) و (فەرهاد پیربال) و (شێرزاد حەسەن) و ئەوانی دیکە وەک سەرچاوەی ڕۆشنبیرییەکی ڕچەشکێن و ناباو بەرهەمدێنێ و ریفۆرمی ئایینیی و دیدگای هاوچەرخی ژیاندۆستانە دەخاتە سەرپشت، بە پێوەرەکانی مۆدێرنێتەش جیاوازییەکان لە خۆی دەگرێت، بەجۆرێک ڕۆژگارێک چەپەکان فولکەیان هەیە و بیروباوەڕی خۆیان لەشەقامەکانی شارەوە بۆ کۆمەڵگا دەگوازنەوە و لە شەقامێکی



ڕەنگین عەبدوڵڵا

ئەولاتریش منەوەر و شوێنکەوتوانی ئایینە جیاوازەکان بەدوای باوەڕەکانی خۆیان دەکەون. هەر لەم هەولێرە ڕۆژگارێک سروتە ئایینییەکان بە تەنها لە گەڕەکەکان قەتیس نەکرابوون و (عەنکاوە) تەنها تایبەت نەبووە بە کریستانەکان و تەواوی شاریش شوێنکەوتوانی ئیسلام بن، بەڵکو کۆی هەولێر بە یەک دەست جیاوازیی ئایینیی و فرەیيان کردبووە شوناس بۆ شارەکە، نەتەوەکان لەو ڕۆژگارەدا بەیەکەوە دەژیان و بێ هیچ گوتار و سیاسەتێکی بارگاوی بەرق بە زمانەکانی یەکتر قسەیان دەکرد هەولێر هی هەموان بوو، نەک وەک ئێستا هەر یەکێک خەریکی خۆخواردنەوە بێت لەناو شوناسی تایبەت و بوغزاندنی ناسنامەدا. کەوابێت بەپێی پێوەرە فەلسەفیی و فکرییەکان، هەولێر شار و پایتەختی دێرینی کورد، ئەگەرچی لەناو رابردووی زێرینی شاردا دەژی، کەچی ئێستا بەهۆی سەپاندنی شوناسێکی سیاسیی زەق و گۆڕینی پێوەرەکانی شار دەستکاریی زۆرێک لە ماناکانی کراوە.

## هەولێر و بنەمای کۆمەڵناسی

زۆرێک لە بیرمەندانی بواری سوسیۆلۆژی لە پێناسەکردن و ووردکردنەوەی شوناسی شار کۆکن لەسەر ئەوەی بێ تێگەیشتن لە مرۆڤەکانی شارێک، تێگەیشتن لە شار ئەستەمە، پاساوی ئەم بۆچوونە کۆمەڵناسییە بۆ شار لەوەوە بنەما دەگرێت، کە وەک چۆن مرۆڤ بوونەوەرێکە خاوەن کۆمەڵێک تایبەتمەندییە لە بیرکردنەوە و رەفتار، شار خۆیشی رەنگدانەوەی تایبەتمەندی مرۆڤەکانیەتی و دواجار کۆی ئەم خەسڵەتانە کەلتورێک وەک شوناسی شارەکە پێکدێنن. ئەم دیدگایە لەبنەڕەتەوە ئیشکردنە لەسەر شارێک کە دیمۆگرافیا و دانیشتوانەکەی نەگەیشتبێتە دۆخی گۆڕانکارییەکی ریشەیی و پارێزگاریی لە فۆرم و ستایلە سەرەکییەکەی خۆی کردبێت، بەڵام پرسیاری جەوهەریی دەرهەق رەهەندی کۆمەڵناسیی هەولێر لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە ئاخۆ هەمان ئەو شارە دێرینەیە کە سیاسەت و حوکمڕانیی پارێزبەندی بۆ پاراستنی دۆخی دیمۆگرافیی و کۆمەڵناسییەکەی دانابێ و بیەوێت ئەم ئەسڵە بپارێزێ؟، هەڵبەت بە سەرنجدان لە دۆخی گەشەکردنی هەولێر و گۆڕینی دیمۆگرافی، باڵاکردنی ستوونی شار و جوڵقاندنی فرەییەکی دەستکرد، جێگەبوونەوەی جۆرەها ئەجێندا شوناسی شارەکە لەژێر مەترسییەکی گەورەدایە، لەرووی ئابوورییەوە هەولێری کردووە بە دوو بەش، یەکێکیان لەژێر هێڵی هەژارییەوەیە و ئەوی دیکە خاوەن ڕەقەمی خەیاڵی دۆلار و دینار، لە هەمانکاتدا بەشێکی پارێزگاریی لە نەریتە مێژووییەکانی شارەکە دەکات و ئەوی تریش بووکەڵەی سیاسیی و میدیایی و فەرهەنگیی بەڕێوەی دەبەن، لەم گرەوی دابەشبوونەی هەولێر نازانرێت کێ دواجار دەیباتەوە، ئاخۆ ئەنسارِ و رەسەنەکان دەتوانن پارێزگاریی لە رەسەنایەتی شارەکەیان و دۆخە کۆمەڵناسییەکەی بکەن، کە بریتییە لە فەرهەنگێکی هاوبەشی دانیشتوانەکەی، یاخود موهاجیرین و دانیشتوانە هاوردەکەی کە نەک لەگەڵ هەولێر خۆیان نەگونجاندووە، بەڵکو ئامانجیان تەنها گۆڕینی دیمۆگرافیا نییە، بەڵکو گۆڕینی کەلتوور و فەرهەنگەکەشیەتی.

## هەولێر و بنەمای ڕۆشنبیریی

هەڵبەت شار وەک ئێتارێکی کۆمەڵایەتی، کەرەستە و ئامرازی تەلارسازیی نییە تا هاوردە و تەقلید بکرێتەوە، بەڵکو گەشەی رۆشنگەریی و رۆشنبیریی تاکەکانیەتی کە فۆرمی شار دادەڕێژێ، بەو مانایەی کە فەرهەنگ و کەلتووری شار هاونیشتمانییەکانی دایدەڕێژن و بونیادی دەنێن، ئەم فەرهەنگە لە هونەر و جواننوسییەوە دەست پێدەکات و دەگاتە ئەدەب و رۆمان، لەوێوە بۆ میوزیک و کۆی ژانرەکانی دیکە، شوناسێکی لەو جۆرەی رۆشنبیریی و فەرهەنگیی رابردووی هەولێر شتێکە و ئێستای شتێکی تر، جێگەی خۆیەتی بپرسین ئایا حەسەنەکان (سیساوەیی) و (حەیران)، دەنگ و سەدای (رەسوڵ گەردی)، جواننووسی (زادە)ی خۆشنووس، زانا و منەوەرەکان، نواندنەکانی رەجەب، شێرزاد و خەلفەکانی، ئەوینداەرەکانی مەحمود زامدار، فولکەی چەپەکان و شوێنکەوتووەکانی، مەچکۆ و چاییە رەشەکانی، هی هەولێرەکەی جاری جارانە، یان ئەوانیش وەک هەموو شتەکانی دیکە، لەسایەی دیزاینەمۆدێرنەکان بۆ شار سەرتاپا گۆڕاوە و پێویستە بەدوای مەدلولی تردا بگەڕێین بۆ هەولێری پیرە شار!.



# ترس لەمردن



ن: د. زەکەریا ئیبراهیم
لەعەرەبییەوە: سەرتیپ ئاغا واحد بەگ

## بەشی دووەم و کۆتایی

### ئێمە دەزانین دەمرین، بەڵام نازانین کەی دەمرین!

لەڕاستیدا وەک (باسکال) گوتویەتی: (هەموو ئەوەی کە دەیزانم ئەوەیە هەردەبێت بەم نزیکانە بمرم، بەڵام لە شتێک بەئاگام بەئەندازەی بێ ئاگاییم لەو مردنەی لە بەرانبەریدا هیچم لەدەست نایەت، مرۆڤ لەمردن دەدوێت، یاخود هەوڵ دەدات باسی ئەزموونێک بکات و ناوی دەنێت ئەزموونی مردن، بەڵام لەهەمان کاتدا لە ژیانیش دواوە، هەروەک چۆن ئەو ئەزموونەی لەم حاڵەتەدا باسی دەکات، تەنیا دەتوانێت شێوەیەک بێت لەشێوەکانی ئەزموونە زیندووەکان، یان شارەزاییە ژیاوەکان! تەنانەت کاتێک مرۆڤ لەبارەی (کاتی مردن)یشەوە دەدوێت بەو واتایەی (ساتی ئازادبوون)ە، لەم کاتەیشدا باسی خودی (کاتی مردن)ەکە ناکات: چونکە ئەم ئان و ساتە بە تەواوی نغرۆی هەمیشەیی ژیانێکی بەردەوام بووە، بەتەواوی ئاوێتەی سەیر و سەمەرەی کاتێکی زیندوو بووە! نیشانەی ئەمەیش ئەوەیە کە ئەم ئانوساتە بەردەوام لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی دی و لە ڕۆژێکەوە بۆ ڕۆژێکی دی دوادەخرێت، بەبێ ئەوەی لە هیچ چرکەساتێکدا ئامادەبێت. بەبێ ئەوەی لەتوانای هزری مرۆڤێکی زیندوودا بێت و هیچ کاتێکی دیاریکراوی بۆ بدۆزێتەوە! وێڕای ئەمەش پێویستە بوونی هزرمەند بمرێت، جا چ زوو، یان درەنگ بێت! مردن ڕاستەقینەیەکی ناسراوە بەوجۆرەی کە ڕووداوێکە، بەڵام ڕووداوێکی بەڕێکەوتی نەزانراوە بەوجۆرەی، کە ڕووداوێکی مێژووییە! واتای ئەمەش ئەوەیە پێویستە بزانم دەمرم، بەڵام ئەستەمە بزانم، ئەمە کەی دەبێت! لەنێوان بوونی ئەو ڕاستەقینەیەی دەربارەی مردن کە هەمە و نەبوونی ئەو ڕاستەقینەیەی لەبارەی ساتی ڕوودانەکەی هەمە، یان وەک زانایە خوداناسەکان دەڵێن: کێشەی مردن بەتەواوی دەخلیسکێتە ناخی بوونم، دەبێتە کێشەی کێشەکانی ئەو بوونە مرۆیەی کە (دەزانێت) دەمرێت و ناشزانێت (کەی) دەمرێت! کەچی هێشتە ئەو بوونە مرۆیەی کە نازانێت (کەی)یە، بە هەموو ڕێگایەک هەوڵ دەدات خودی ئەم نەزانینە بکێشنێتەوە بۆسەر (زانینی مردنەکەی- وەرگێڕ) بەم جۆرە هەوڵ دەدات بێ ئاگابێت لەو ڕووداوەی نازانێت (چۆن)ە، نازانێت (کەی)یە، نازانێت (لەکوێ)یە ..... تاد. جا چۆن مرۆڤ گوێ بەڕووودانی نەزانراوێک دەدات کە وادەکەی (موعد) نازانێت، لەدیدیدا بەهیچ مۆرکێکی دیاریکراو تایبەتمەند نەکراوە؟ ڕاستە مرۆڤ ڕووبەڕووی چەندین مەترسی دەبێتەوە، هەروەها ڕاستیشە هەر هەڕەشەیەک هەڵگری واتای مەترسی مردنە، بەڵام هەرکە لە مەترسییەکان و هەڕەشەکان ڕزگاری دەبێت دەستبەجێ لە (مەترسی مردن)ەوە دەگوازرێتەوە بۆ (وەستاندنی جێبەجێ)کردنەکە! لەمکاتەدا بەو بەساڵاچووە جەنگاوەرە دەچێت، بەخت یاوەری بووە لە مانەوەیدا، فیشەکەکان بەدەوروپشتی کەوتوون بەبێ ئەوەی ئەو بپێکێت، مەترسییەکان لەهەموو لایەکەوە دەورییان داوە بەبێ ئەوەی هەڵکوتنە سەری،

> **هەندێک لە بانگەشەکارانی ڕەشبینی هەوڵ دەدەن خەڵک بخەنە گومان لە بەهای ژیاندا**

تاكوو لەکۆتاییدا گەیشتووەتە ئەو باوەڕەی (قەڵایەکی پۆڵایینە و زیانی بەرنەکەوتووە) ڕەنگە هیوایەکی درۆ بێت و بکەوێتە بیری مرۆڤەوە، کە پێویست ناکات مردن بەسەریدا بسەپێندرێت، یان بەلایەنی کەمەوە لەکاتی ئێستەدا هیچ ڕێگریەک نییە بۆ مانەوەی لە ژیاندا! ئایا مردن تاکوو ئێستا ئەوی لەبیرنەکردووە کەواتە چی ڕێگری دەکات بۆ تاهەتایە لەبیربکرێت؟! یان (بەلایەنی کەمەوە تاکاتێک) جا ئەگەر ئەزموونەکەش هات بۆ ئەوەیە، تاکوو بیری بخاتەوە، مردن ڕاستییەکە بۆ هەموو مرۆڤێک، وەڵامەکەشی ئەوەبووە (لێرە و ئێستە)دا نابێت، بەڵکوو لە وانەیە (دواتر) یاخود لە (داهاتوویەکی دوور)دا ڕوودەدات، لەهەر حاڵەتێکدا بێت ڕووداوێکە تاکاتێکی نادیار دواخراوە! ڕاستە بە شێوەیەکی گشتی لەبەرواریکی دیارینەکراودا من دەمرم، بەڵام بەشێوەیەکی تایبەت لە(ئێستە)دا و لەم بەرواره دیاریکراوەدا نامرم! ناشێت نموونەی ئەم ڕووداوە گشتییە دیارینەکراوە شتێکی گرنگ بێت لە ناخی بوونی ئێستامدا، بەس بایەخی پێنەدەم، تاکوو بە هەموو گرنگییەکمەوە ڕووبکەمە سەرقاڵییە گرنگەکانی ژیانی ڕاستەقینە! ئەگەرنا دەبێت ئەو ڕووداوە چی بێت

> **بەردەوامبوونی ژیان زۆرجار بەهای ئەو بوونەمان لە بیردەباتەوە کە پێی دەژین**

کە مێژوویەکی نییە، یاخود ئەو ڕووداوە گشتییە چییە، کە بێ کات و شوێنە؟ ئایا باشتر نییە بۆم بە ڕێگەی (باسکال، یان شیللر، یان ڕوسیل .... تاد )فەرامۆشی بکەم ؟! ئایا لەسەرم وەک ئەرکێک نییە کە بژیم وەک ئەوەی ڕۆژێک نەبێت بمرم؟ ئایا پێویست ناکات بڵێم: (مردن ڕاستەقینەیەک نییە، هەروەها وەکو چۆن کاتیش ڕاستەقینەیەک نییە؟ کەواتە ئایا مافی ئەوەمان نییە هەموو ترسانێک لە مردن لە دڵ و ئاوەزمان دەربکەین، تا ئەوکاتەی مردن ڕووداوێکی نەزانراو و گشتیی و دیارینەکراو بێت، یان تا ئەوکاتەی لە ژیانی ئاسایی و سیخناخماندا شوێنێک نەبینین بۆ ئەم کەلێنە خاڵییەی بە مردن ناودێرکراوە؟)

**ئایا خۆشەویستیمان بۆ ژیان بەهێزترە لە ترسمان بۆ مردن؟!**

لەڕاستیدا ئێمە بەدڵنیاییەوە دەزانین کە مەرگ ژیانی لەئامێزگرتووە، یەکەم ترپەکانی دڵی تازە لەدایکبووێک لەهەمان کاتدا یەکەم هەنگاوەکانییەتی لەسەر ڕێگەی نەبوون، چونکە خودی ژیان مردنێکی بەردەوامە (لەبەرئەوەی ئێمە هیچ چرکەساتێک لەبونیادنانی مردنماندا ناوەستین) بەڵام ئێمە لەگەڵ ئەوەشدا جگە لە گوزەراندنی ژیانی ڕۆژانە و سەرقاڵییە ئاساییەکان هیچی دیمان لەدەستدا نییە، وەکو ئەوەی کە مردنێک نەبێت لە کۆتاییدا چاوەڕێمان بکات! ئێمە لەئەزموونی زەمانییانەی خۆماندا (نەبوون)ی ئەو شتە تاقیدەکەینەوە، کە چیدی نەماوە (نەبوون)ی ئەو شتەش تاقیدەکەینەوە، کە هێشتە نەبووە، بەزەحمەت بڕوادەکەین، چنینی ژیانمان بریتیبێت لەم سێگۆشەیەی (نەبوون)ە بۆنموونە: ژیانمان بە بڕوای ئێمە پڕبوونێکی چڕ و بەردەوام و یەکگرتووە، وەکو ئەوە وایە (هەموو) یەکە شوێنێکی تێدا نییە بۆ نەبوون، یان(هیچ شتێک) بۆیە خودی (ئۆنامۆنو) دژایەتی ئەو گوزارشتە بەناوبانگەی سلێمانی حەکیم دەکات، کە لەبارەی ژیانەوە دەدوێت و دەڵێت: (هەمووی پوچەڵییە و ڕەنج بەباچوونە) وەکو ئەوە وایە ئۆنامۆنو بیەوێت دەستەواژەی پوچەڵی پوچەڵییەکان جێگەی ئەو دەستەواژەیە بگرێتەوە کە تیایدا دەڵێت: (هەمووی پڕە و پڕبوون پڕیکردووە) ئێمە لە ژیانماندا لە نکوڵیکردنی مردن و ڕەتکردنەوەی نەبوون و تالانیی نەمان ناوەستین، وەکو ئەوەی ئێمە ناتوانین بژین، تا وائەندێشە نەکەین تا هەتایە دەژین، یان وا خەیاڵ بکەین کە ژیانمان بەبێ کۆتاییهاتن بەردەوام دەبێت، یاخود ئەگەر بەخەیاڵماندا بێت، بوونی ئێمە لە قوماشی نەمرییەوە ڕستراوە! واتای ئەمەش ئەوەیە (مەترسییەکانی ژیان) دێن و بەترسان لەمردن لەنێوی دەبات، بەمەرجێک، بوونی مرۆیی بزانێت چۆن جەخت بکاتە سەر (بوون) و لە (ئێستە)دا چۆن دەڕوانێتە (کاتییەتی/ الزمانية) بەو پێیەی ڕێگەی تایبەتیمانە لە ژیاندا!

لەڕاستیدا دەزانین کە خۆشی زوو تێدەپەڕێت و ئاسوودەیی نامێنێت و جوانیش تەمەنی کورتە، بۆیە ئێمەش وامان لەخۆمان کردووە، ئەو شتانە بپەرستین کە دووجار نایانبینین! لەگەڵ ئەمەشدا ئێمە دەستمان بەهیچ شتێک نەگرتووە هێندەی دەستمان بەم ژیانە کورت خایەن و فانییەوە گرتووە! (ژیان لەلامان سەرچاوەی هەموو بەهاییکە، ئێمە هەموو ڕۆژێک ئەوەی لەژیاندایە لە لاوازیی و نەتوانین و هەڵوەشانەوە و پیربوون و نەمان تاقییان دەکەینەوە، کەچی وێڕای ئەمانەش هەردەبێت بڕوابوونمان بەژیان بەکردارە جۆراوجۆرەکانمان و خولیا و سۆزەکانمدا، تەنانەت لەترسانیشمان لە مردندا دەربڕین، ئایا ترسان لە مردن تەنیا خۆپێوەلکاندنێک نییە بەم بەهایە ڕەهایە کە ژیانە؟ ئەو ژیانەمان کە فانیی و لاوازە و بریتییە لە هەموو شتێک لەلاماندا؟

لێرەدا هەندێک لە بانگەشەکارانی ڕەشبینی هەوڵ دەدەن خەڵک بخەنە گومان لە بەهای ژیاندا، بەڵام ئەزموونی خودی ژیان وەک گەواهیدەرێک دێت بەسەر هەموو ئەو بەهایانەی کەلەبووندا هەن لەم یەکەم هەستەی بەبەهای ژیانەوە هەڵدەقوڵێت. نووسەری ئەم دێڕانە لە شوێنێکی دی هەوڵیداوە باسی ئەو ئەزموونە بکات و نووسیویەتی و دەڵێت: (بۆم دەردەکەوێت ئەو کەسەی ژیانی خۆشدەوێت و دەزانێت چۆن تامی چێیەتەکەی بکات، زانایە بەوەی کە ژیان هەمیشە تێکڕای خۆی بەخشیوەتە دەستی ئەو، ئەگەرچی لەگەڵ ئەوەشدا هەمیشە لە ناخی بوونیدا لە ئاشکراکردنی لایەنە نوێیەکانی بۆ ئەو ناوەستێت؛ دەڵێم نموونەی ئەم کەسە نابێت لە مردن بترسێت، چونکە بەتەواوەتی خاوەنی ژیانە و لەگەڵیشیدا واهەست دەکات کە لە توانایدا هەیە لەگەڵ خۆیدا هەڵیگرێت، تەنانەت بۆ ئەستێرەکانیش! بەڵام ئەوەی ژیان ڕەتدەکاتەوە، یان ڕق وکینەی لێیەتی، پێیوا بووە هیچ بەختێکی لێی نەبووە، بۆیە بە سروشتی حاڵ دەبێت لە مردن بترسێت، چونکە دەزانێت کاری مردنە کە حاڵەتەکەی بۆ تاهەتایە دیاری بکات، لەکاتێکدا لەوانەیە کاریگەری لەسەربەردەوامبوون لە ناڵین و چاوەڕوانکردندا هەبێت! دەشێت ئەمە ئەو هۆکارە بێت کە سڵەمینەوە لەمردن بەهێزتر بێت لەوەی لەلای کەوتووەکان و بۆڵەبۆڵکارەکانی ژیاندا هەیە، لەکاتێکدا بەزەحمەت ئەو کەسانە خەو لەچاوەکانیاندا دەزڕێت کە هەست بە بەهای ژیان دەکەن. یەکەمینەکان (کەوتووەکان و بۆڵەبۆڵکارەکان-وەرگێڕ) هەست بەخاڵیبوونی ژیانیان دەکەن، دەیانبینین بە ترس و دڵەڕاوکێ و تۆقینەوە پڕی دەکەنەوە، لەکاتێکدا متمانەی ئەوانی دی (ئەوانەی ژیان ڕەتدەکەنەوە-وەرگێڕ) بە ژیان، تا مردن درێژ دەبێتەوە، دەیانبینین بەدڵخۆشییەوە خەیاڵ دەکەن، خودی مردن کەمتر لە ژیان بۆیان میهرەبان نابێت! کاتێکیش ڕووناکییەکانی ژیان دێن و لە قووڵاییەکانیاندا تاریکییەکانی مردن دەگرنەخۆ، جا لەوێدا گیان بە متمانەوە و باوەڕ بە مردن قبوڵ دەکات، بەجۆرێک تێیدا هێمایەک بۆ ئەم ئارامییە گیانییە دەبینێت کە بەدوایدا دەگەڕێت، قەڵایەکی نەبەزیوە کەتێیدا چێژ لەکارایی ڕۆحییەکانی خۆی وەردەگرێت، کە سەرچاوەی هەموو بەختەوەرییەکە ......)

### ئەوەی نەمرێت ناشێت ژیا بێت

سپینۆزا دەیگووت: (مرۆڤ لە تێکڕای شتەکاندا بوونەوەرێکی گەندەڵە، ئەستەمە هەموو بوونەوەرێکیش گەندەڵ نەبێت. ئەوەی حەز بکات گەندەڵ نەبێت، حەزناکات هەبێت؛ ئەوەی حەزیش بکات کە نەبێت، بەبێ گومان حەز لە خودی گەندەڵی دەکات، وەک ئەوەی حەزبکات گەندەڵ بێت، حەزبکات کە گەندەڵ نەبێت، حەزیش بکات هەبێت، حەزیش بکات کە نەبێت، ئەمەیش ئەستەمە و بە خەیاڵی کەسی عاقڵدا نایەت ..) لە واقیعدا زیندوویەک زیندوو نابێت تەنیا بەو مەرجە نەبێت کە فانی بێت. ڕاستە ئەوەی نەژیەت ناشمرێت، بەڵام بەدڵنیاییەوە ئەوەی نەمرێت ناژیەت! خۆ ئەگەر گرنگی تاشەبەردێک ئەوەبێت نەمرێت، یاخود گرنگی گوڵێکی دەستکرد ئەوە بێت کە هەرگیز هەڵنەوەرێت، تەنیا لەبەرئەوەیە کە ئەو ژیانە تاهەتاییەی کە تاشەبەردەکە، یان گوڵە دەستکردەکە چێژی لێوەردەگرێت بریتییە لە جیاتی مردنێکی تاهەتایی! بەواتایەکی دی، دەتوانین بڵێین تەنیا ئەو کەسەی کە دەمرێت زیندووە، وەک چۆن (جان فال) گوتویەتی: (تەنیا ئەو کەسەی لە ژیاندا دەژیت دەتوانێت مردن قبوڵ بکات) خۆ ئەگەر مردن نەبووایە ژیان شایەنی ژیان نەدەبوو، بۆیە پێوستە لەسەرمان لەگەڵ (ئەبکتاتوس)دا بڵێین: (ئەو ژیانە بڕزێت کە بە مردن کۆتایی نایەت)

ڕاستە ئێمە هیوای ژیانێکی بەردەوامی بێکۆتایی، یان بوونێکی نەمریی بەبێ پچڕان دەخوازین، بەڵام نموونەی ئەم ژیانە جگە لە خودی دۆزەخێک هیچی دی نییە،

## ئەو کەسەی ژیانی خۆشدەوێت، دەزانێت چۆن تامی چێیەتەکەی بکات

نموونەی وەکو ئەم (بوون)ە دەبێت تەنیا سزادانێکی هەمیشەیی بێت! ڕاستییەکە ئەوەیە ژیان کۆتایی نایەت، بەڵکو بریتییە لە بێزاربوونێکی پڕ لەئازار، یان ئەشکەنجەیەکی بەردەوامە! دۆزەخ دەتوانێت چی بێت! ئەگەر مەحاڵبوونی مردن نەبێت؟ کەواتە ئایە مافی ئەوەمان نییە، بڵێین هەردەبێت یەکێک لەم دووکارە هەڵبژێرین: یان (پڕبوون) لە قووڵاییەکانی کۆتایی هاتندا، یاخود (نەمریی) لە نهێنییەکانی نەبووندا؟! ئایا کەسێک دەتوانێت نکۆڵی ئەوە بکات کە هەر ئەم مردنە زیندوویەیە کە ژیانی فانیمان دەکاتە چارەنووسێکی ورووژێنەر؟

لێرەدا لەوانەیە هەندێک بانگەشەکارانی ڕەشبینیی هاوار بکەن و بڵێن: (خۆشبەختە ئەوکەسەی لەدایک نەبووە؛ ئینجا خۆشبەختە ئەو کەسەی ئەگەر لەدایک بوو، پەلە بکات لە کۆچ کردن) بەڵام ئەو کەسانە لەبیریان دەچێتەوە کە داوای (مردن) ناکەن، نەک لەبەر ئەوەی وا ئەندێشە دەکەن کە ژیان ڕاستییە، یاخود ڕاستتر، ئەوان ژیان ڕەتناکەنەوە، چونکە لەوانەیە لە ژیاندا

مردنێکی ڕاستەقینەییان تێیدا ببینێت! ڕەنگە باشترین ڕێگاش بۆ دوورکەوتنەوە لە مردن ئەوە بێت کە مرۆڤ هەر لەبنەڕەتدا هەرگیز نەژیابێت، چونکە ئەوەی ئێستە نەژیت ڕۆژێک مردنی لەسەرنابێت! لەوانەیە ڕاست بێت ئەو کەسەی کە ناژی، ناکرێت ئازار، یان نەخۆشی، یاخود پیربوون، یان سەرەمەرگ، یان مردن بناسێت؛ بەڵام (نامرێت) تەنیا لەبەرئەوەی پێشتر (مردووە) دەشێت مردووەکان (نەمر) بن بەو واتایەی ئەوان چیدی ناتوانن بمرن، بەڵام کێ لە ئێمە نموونەی ئەم (نەمر)یەی بۆ خۆی دەوێت؟

ڕوون و ئاشکرایە کە (توانای ئازارچەشتن) و (توانای لەناوچوون) هەردووکیان بەواتایەک لەواتاکان دوو ئاماژەن لە ئاماژەکانی زیندوویێتی، یاخود دوو نیشانەن لە نیشانەکانی گۆڕانی زیندوویی و جووڵەی زیندوویێتیی. ئێمەش دەزانین مۆمیاکراو نامرێت، هەر بۆیە هەرگیز ناگۆڕێت، وەک چۆن گوڵی دەستکرد بەپارێزراوی دەمێنێتەوە و بەبەردەوامبوونی ڕەنگەکانیشی، بەبێ ئەوەی گۆڕانی بەسەردا

**مردن ئەوشتەیە کە بۆمان دەسەلمێنێت هیچ شتێک لە ژیان بەنرختر نییە**

بێت و هەڵبوەرێت، بەڵام ئەم گوڵە دەستکردە بەبەردەوامی بەبێ بۆن و هەمیشە بەوشکیی دەمێنێتەوە، چونکە چێژ لە هیچ ژیانێک وەرناگرێت! ئایا چاکتر نەدەبوو، کە هەر لە بنەڕەتەوە نەژیابایین، تاکوو بەبڕای بڕ نەمردبایین؟ یاخود باشترە بۆمان ڕۆژێک مردن قبوڵ بکەین، تاکوو بتوانین گەر بۆ ماوەیەکی کورتیش بێت چێژ لەخۆشی ژیان وەربگرین، کە هیچ چێژێکی دی هاوتای نییە.

ئێمە لێرەدا لەبەردەم (پێوانەیەکی ناچار)ی داین، چونکە هیچ ڕێگەیەک بۆ دەربازبوونمان نییە جگە لە یەکێک لەم دوو ڕێگەیە: یان ژیانمان بمرێنین، یان مردنمان بژیەنین (وەک هرکلیتیس دەڵێت)

ڕوونە مردن لە هەردوو حاڵەتەکەدا، تاکە ڕێگای دەرچوونمانە! بەڵام مادام ئەو کارە بەهەرشێوەیەک بێت پێویستە ببێت، ڕەنگە بۆ ئێمە باشتر بێت بەلایەنی کەمەوە گەر بۆ جارێکیش بێت دوای ئەوەی تامی ژیانمان کرد بمرین! نیعمەتی ئەو ژیانەی کە نانرخێندرێت، بێگومان شایانی ئێمەیە ئەزموونی تاڵیی و ئازاربەخشی مردن قبوڵ بکەین! بۆیە ناشێت لەم ژیانەی دونیایەدا مرۆڤ بژیت کە لۆژیکی کۆتاییهاتن بەڕێوەی دەبات، مەگەر تەنیا بۆ خۆی ڕازی بێت ڕۆژێک دەستبەرداری ژیان بێت! ئێمەش دەزانین تەنیا مردنە ڕێگە دەدات ئەگەرەکانمان بێننەدی، ئەگەر خودی ئەویش خۆی نەبێت کە ئەو ئەگەرانە دروست بکات، بەڵام کاتێک مەرگ بۆمان ڕژد دەبێت بە ساڵەکانی تەمەن، یاخود کاتێک ڕەزیل دەبێت بۆمان بە چرکەساتەکانی ژیان، لەوانەیە بەتەواوی ڕێگری بکات لەنێوان ئێمە و نێوانی هێنانەدی خودی خۆماندا، خۆ ئەگەر ئەرکی ئەو (ساتەی بەدی نەهاتووە)ش ئەوەبێت کە هەمیشە لەودیوی مردن بمێنێتەوە (بەو پێیەی کە ڕووداوێکی کتوپڕە هەمیشە لەکاتی دیارینەکراو دێت)

بەڵام ئەگەر بگوترێت گوڵێکی تازە لە باخچەیەکی جواندا هەیە، کە لەسەری نووسراوە دوای ماوەیەک وشک دەبێت؛ ئەوا زۆرجوانترە لەو گوڵە وشک بووەی، کە لە لەوەرگایەکی وشکدا هەیە، ئەگەر قەدەریشی وابێت کە بۆ هەمیشەیی و تاهەتایی بمێنێتەوە، ئەوا وەڵامی ئێمە ئەمەیە کە (گەشاوەیی نەمری)بێت گومان باشترە لەم و ئەودا! وەکو دیارە بوونی مرۆییش ناتوانێت بە (جێگرەوەکان/بدائل) بژیت، چونکە ژیانی دەوێت و تاهەتاییشی دەوێت، یاخود بوونی مرۆیی (ژیانێکی تاهەتایی) دەوێت، کە کۆتاییهاتن و دواییهاتن و نەمان ناناسێت! بۆیە بیرۆکەی (ئەفلۆتین) لەبارەی (ژیانێکی تاهەتایی) دا، یان تیۆری (باسکال) لەبارەی (گرەو)دا جگە لە واتای ئارەزووی مرۆڤ بۆ کۆکردنەوەی نێوانی (ژیان) لەلایەک و (نەمریی) لەلایەکی دی هیچیدی نییە ! بێهوودەییە کە فەیلەسوفێکی وەک (جانکلفچ) هەوڵ دەدات بمانخاتە بەردەم ئەو پێوەرە ناچارییە (احراج) کە پێمان دەڵێت: (یان ژیانێکی بێ نەمریی، یان نەمرییەکی بەبێ ژیان) ئیدی ئێمە تەنیا وەکو ئەو منداڵە دەتوانین هەڵسووکەوت بکەین کە هەردووکیانی دەوێت، چونکە ئێمە (ژیان)و لەهەمان کاتیشدا (نەمری)یشمان دەوێت! ڕاستییەکە ئەمەیە ئێمە لەواتای ئەو کۆتاییە تێناگەین کە دێت و سنوورێک بۆ شتێکی بەردەوام دادەنێت، کە پێویست بوو بەبێ کۆتایهاتن بەردەوام بێت!

بۆیە ئێمە زەحمەتە پاساوێک بۆ وەستاندنی بوونێک دوای دەستپێکردنی، یان پچڕاندنی دوای بەردەوامبوونی بدۆزینەوە! لەبەرئەمەیە ئێمە داوای نەیاریی (نەمریی) دەکەین بەوەی ڕووداوی نەمانی تەواوەتی بسەلمێنێت بۆمان، بەبێ ئەوەی ئەرکی بەڵگاندن لەسەر ئەگەری مانەوە لە دوای مردن لە ئەستۆ بگرین!

### ئایا مردنە کە هەموو بەهایەکی ژیانمان پێشکەش دەکات؟!

گومان هەڵناگرێت کە (بەردەوامبوون) وادێتە بەرچاومان کە هەمیشە ڕووداوێکی سروشتییە لە خۆیەوە، وەکو ئەوەی کارێکی سروشتی بێت هەموو (ئێستە)یەک داهاتوویەکی هەیە، یان وەکو ئەوەی سروشتیی بێت، هەموو (سبەی)نەیەک (دووسبەی)یەکی هەیە! بەڵام ئێمە زۆرجار لەبیرمان دەچێت، یان لەبیرمان دەچێتەوە کە ئەم (بەردەوامبوون)ە تەنیا دیاردەیەکی کاتییە و دەکەوێتە نێوان خاڵی سەرەتا و خاڵی کۆتایی، کە ئەوەیش نابێتە (مێژوو)یەک، مەگەر تەنیا (مردن) بێت و بە کۆتاییەکەی مۆری بکات، بیکاتە مۆرکی شتە تەواوکراو و بەدیهاتووەکە! ئەگەر تێبینی ئەم ژیانی دنیایە بکەین، ئەوە ئەرکی (واتا)ی بەردەوامبوونە کە (بێ واتایی) پچڕانمان بۆ ئاشکرا بکات، بەو واتایەی ڕاستی مردن (گەورەترین ڕووداوی میتافیزیکی)یە و دێت و ئەوەمان بۆدەردەخات کە (بێ واتایی) پچڕانە، کە(واتا)ی بەردەوامبوونمان بۆ ئاشکرا دەکات! لە واقیعیشدا مردن بەواتایەک لە واتاکان ئەوەیە کە هەموو بەهایەک لەبەر ژیاندا دەکات: چونکە دەریدەخات ئەوەی لەنێو دەستەکانماندایە لە (چرکەساتەکان) خۆی لە گەنجینەیەکی بەنرخ دەنوێنێت و نابێت زیادەڕۆیی تیایدا بکرێت، ئەوا مردنە کە ژیان تەرخان دەکات: چونکە مردن ئەوشتەیە کە بۆمان دەسەلمێنێت هیچ شتێک لە ژیان بەنرختر نییە، ئێمەش تەنیا یەک جار دەژین، بۆیە نە ئەو ئەرکەمان هەیە نە ئەو مافەش کە ساڵەکانی تەمەنمان لەبادا بەفیڕۆ بدەین! ڕاستە بەردەوامبوونی ژیان زۆرجار بەهای ئەو بوونەمان لەبیردەباتەوە کە پێی دەژین، بەڵام ئەوە ڕاستیبوونی مردنە کە دێت بەهای بێکۆتایی ژیانمان بیردەخاتەوە! جا ئەو (گرەوە)ی کە (باسکال) لەبارەیەوە بۆمان دەدوێت هەرچییەک بێت، ئێمە ناتوانین زیادەڕۆی لە (ژیان)دا بکەین لەتەماحی بردنەوەی (نەمریی)دا لەبەرئەوەی ئێمە لە کرۆکی ناخمانەوە دەزانین هەردەبێت (لێرەو لە ئێستە)دا بژین! ئێمەش نامانەوێت قوربانی بەو چۆلەکەیە بدەین کە ئێستە لەناو دەستەکانماندایە لە پێناو بەدەستهێنانی ئەو دە چۆلەکەیەی کە لەسەر لقەکانی درەختێکدا دەنیشنەوە، چونکە دەترسێین لەوەی دەرفەتەکەمان لەدەست دەربچێت و لەهەمان کاتیشدا دەزانین خودی ژیانمان دەرفەتی دەرفەتەکانە، گەر نەڵێین تاکە دەرفەتمانە لە کرۆکی تاهەتاییدا!

### ئایا لە کۆتاییدا بوون و نەبوونم وەکوو یەکن؟

ڕەنگە هەندێک کات وامان بەخەیاڵدا بێت کە (ژیان) ڕاستەقینەیەکی ئەزموونگەراییە، دەکەوێتە نیوان دوو نهێنی: نهێنی لەدایک بوون و نهینی مردن، بەڵام لە واقیعدا خودی ژیان نهێنییەکی میتافیزیکییە و ڕووداوی بەردەوامبوونی کاتەکی (الزمانی) بەس نییە بۆ ڕاڤەکردنی. ڕاستە ڕەنگە ئاشنابوون وامان لێنەکات پەی بەو نامۆییە قوڵە ببەین کە بە

**هەندێک لە بانگەشەکارانی ڕەشبینی هەوڵ دەدەن خەڵک بخەنە گومان لە بەهای ژیاندا**

مۆرکەکەی کۆتایهاتنی ژیانی مرۆڤانەی ئێمە تایبەتمەند دەکات، بەڵام بە دڵنیاییەوە کاتێک قەدەر بەگۆچانە ئەفسانەییەکەی لە کەسێکی خۆشەویستی ئێمە دەدات، ئەوا ئێمە لەم کاتەدا زۆری پێناچێت لە بێهۆشچوونی هزریمان بە هۆشخۆمان دێینەوە، تاوەکوو لەژێر ڕۆشنایی بیرکردنەوەمان لە مردندا لەژیان ڕابمێنین! لە ڕاستیدا مردن دەچێتە شوێنگەی (میتافیزیک) بۆ ئەو کەسانەی میتافیزیک ناناسن (مەبەستم ئەو کەسانەیە کە ژیان هیچ سەرسوڕمانێکی میتافیزیکییان لەلادا ناوروژێنێت) ئەگەر مەرگ نەبوایە (باسکال) نەیدەتوانی بنووسێت و بڵێت: (من وا هەست دەکەم ڕەنگە بۆم بکرابایە کە نەهاتبامایە بوون...بەڵێ، دەکرا ئەو ئەگەرەم هەبووایە (من ئەو کەسەی کە بیردەکەمەوە بەهیچ شێوەیەک نەبام) بۆ نموونە: گەر دایکم بەرلەوەی منی ببێت مردبا، کەواتە، بوونی من

پێویست نەدەبوو، یان بوونم پێویست دەبوو) هەروەها ئەگەر مردن نەبووایە، ئەوا ڕەسەنایەتی ژیانی میتافیزیکی هەڵندەقوڵا لە گێژاوی بێفەڕیی ئەزموونی ڕۆژانەییدا! کاتێک ئەفلاتوون گوتی: (ژیان بریتییە لە تێڕامان لەمردن) لەمەدا ئەمەی مەبەست بوو کە مردن خاوەن مۆرکێکی فەلسەفییە وادەکات هەستکردن بەنامۆیی، یان هەستکردن بە سەرسوڕمان لەلامان لەدایک بێت! بەڵام فەیلەسوفی میتافیزیکی ئەوکەسەیە کە پێویستی بە (مردن) نییە لەپێناو بیرکردنەوەی لە ڕەسەنایەتی ژیاندا و نغرۆبوونی لە دۆشدامانی نهێنی ئەنتۆلۆجییدا: لەبەرئەوەی هەرلەسەرەتاوە پەی دەبات کە خودی بەردەوامبوونی کاتەکی (الزمانی) بریتییە لە نهێنی نهێنییەکان! کاتێک فەیلەسوفی ڕواقی (سنگا) گوتی: (پێویستە ئێمە لەهەموو چرکەساتێک لە چرکەساتەکانی کات (الزمان)دا بژین وەکو ئەوەی ئەوە دواهەمین سات بێت) ئەو بەمە دەیەوێت بیرمان بخاتەوە کە مۆرکی (کۆتاییهاتن) چنینی ژیانی مرۆڤایەتیمانە،

**هیچ ڕێگەیەک بۆ دەربازبوونمان نییە جگە لە یەکێک لەم دوو ڕێگەیە: یان ژیانمان بمرێنین، یان مردنمان بژیەنین**

لەبەرژەوەندیشماندا نییە چاوەڕوانی مردن بکەین، تاوەکوو لەسەر (نهێنی) بەردەوامبوونی کاتیی (الزمانی) بوەستین!

لەڕاستیدا جیاوازییەکی گەورە لەنێوان (ئەوەی نەهاتووەتە بوون) لەبنەڕەتدا، (ئەوەی چی دی بەهەبوو ناژمێردرێت)دا هەیە نموونەی ئەمەیش ئەوەیە، تەنانەت کاتێک مردن دێت و ژیانی بوونی مرۆیی دەپێچێتەوە جا چ بۆتاهەتایی، یان بۆ کاتێک بێت، ژیانی ئەم بوونە مرۆیەی ژیاوە بۆ ماوەیەک لە زەمەندا دەمێنێتەوە، وەکو ڕووداوێکی چەسپاو، ئەستەمە هیچ هێزێک لە بووندا هەبێت بیسڕێتەوە، یان وایلێبکات وەکو ئەوەی نەبووبێت! ئەمەیش ئەو واتایە دەگەیەنێت لە دیدی بووندا ناکرێت ئەمە یەکسان بێت بەوەی کە ژیابیت و بوونت هەبووبێت بەکردەوە، یان نەبووبیت، یان هەرلەبنەڕەتەوە نەژیابیت! ئەگەر لەتوانای مردندا هەبێت هەموو ئەو شتانەی کە بوونێکی زیندوو هەیەتی وێرانی بکات، یان هەموو ئەو شتانە لەناو ببات کە چێژی لێوەرگرتوون (مردن-وەرگێڕ) هەرگیز ئەو هێزەی نابێت کە ڕووداوی بوونەکەی هەڵبوەشێنێتەوە بەجۆرێک وایلێبکات وەک ئەوەی نەبووبێت.


ڕاستە ئەم ڕووداوە تەنیا ڕووداوێکی کتوپڕی زوو تێپەڕە، بەڵام خودی ئەم ڕووداوە زوو تێپەڕە لەلایەنی میتافیزیکییەوە ڕاستەقینەیەکی تاهەتایی نەمرە! لە توانای هەموو هێزێکی بووندا هەیە کە مەشخەڵی ژیان و خۆشەویستیم بکوژێنێتەوە، وەک ئەوەی هەر لەبنەڕەتدا نەژیابم، یان وەکو ئەوەی ڕۆژێک هەرخۆشەویستیم نەکردبێت! کاتێک کە (لامارتین) لە دوماهی هەڵبەستە بەناوبانگەکەی (دەریاچە)دا هاواری کرد و گوتی: (با بڵێت هەرچی دەیبیستین و دەیبینین و بۆنی هەڵدەمژین، یەکدییان خۆشویست و ئاشقی یەکبوون) مەبەستی لەمەدا ئەمەبوو کە ڕووداوی بوون و خۆشەویستییەکەیان، بۆ تاهەتایە لە تۆماری زەماندا تۆماردەکرێت، دوای هەزاران ساڵ هیچ کەسێک ناتوانێت جگە لەمە بڵێت: (یەکدییان خۆشویست، ئەوان ژیان) بەڵام ئەگەر پێمان بڵێن، دڵنەواییەکی هەرزان دەبێت بۆ ئەو بوونە مرۆییەی کە پێی بڵێین: (ڕووداوی بوونەکەی ژیاوە) کە ڕووداوێکی نەمرە و ئەستەمە نەمان باڵبکێشێت بەسەریدا، ئەوە وەڵاممان بۆ ئەم ناڕەزایەتییە ئەمە بووە کە ڕووداوی مردن وا لە هەموو بوونێک دەکات لە کرۆکی ئەم ژیانی دونیایەدا ببێتە بوونەوەرێکی سەرووی سروشت! ئێمەش هەموومان بوونەوەرگەلێکی کەسایەتیی بێ هاوتاین، کە نە دووبارەبوونەوەیی، نە جێگاگرتنەوەیی قبوڵ ناکات؛ کە هەموو ڕێز و بەهایەکمان لەوەدایە کە بگوزەرێنین و بمرین، بەڵام بەبێ ئەوەی ببین بە نەبوونێکی ڕووت (ئەبستراکت_ وەرگێڕ) وەک ئەوەی هەرگیز نەبووبین، یان وەک ئەوەی ڕۆژێک بوونمان نەبووبێت! ئەگەر کۆتاییهاتن سەبارەت بەئێمە بەهایەکی بێ کۆتایی بێت، ئەوا لەبەرئەوەیە لەلای (نهێنی ئەنتۆلۆجی)یە کە پەرجووی ژیان و پەرجووی مردن بەدیداری یەکدی دەگەن)

**سەرچاوەی لێوەرگیراو:**

مشكلة الحياة، د. زكريا ابراهيم، دار مصر للطباعة.من صفحة ١٦٠ إلى صفحة ١٧٩ .

# دیدار

# دکتۆر فەرەنگیس قادری



ئەگەر سەیری مێژووی ئەدەبی کوردی و ئەنتۆلۆژیاکانی وەرگێڕانی ئینگلیزی بکەیت، ژنان لەڕادەبەدەر پەراوێز خراون



# دکتۆر فەرەنگیس قادری:

## کتێبی مێژووی ئەدەبی کوردیی مارف خەزنەدار، کە لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە تا ساڵی ١٩٧٥ لە خۆدەگرێت، تەنیا دوو ژنی تێدایە

دکتۆر فەرەنگیس قادری توێژەر و مامۆستایە لە پەیمانگای دیراساتی عەرەبی و ئیسلامی لە زانکۆی ئێکسێتێری بەریتانیا. دکتۆر فەرەنگیس سەرۆکی سەنتەری لێکۆڵینەوەکانی کوردی و هەروەها لێکۆڵەری سەرەکی بەشی کوردی پڕۆژەی ئەرشیفی دیجیتاڵی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە زانکۆی ئێکسێتێر.

نووسەری چەندین بابەتی پێداچوونەوەی هاوتا لە سەر شیعر و کولتوری کوردییە و هاونووسەری کتێبی دەنگی ژنانی کوردستانە کە لە ساڵی ٢٠٢١ لە لەندەن چاپ بوو. دکتۆر فەرەنگیس خەڵکی سەقزە لە ڕۆژهەڵات و دیپلۆمی ریازی و فیزیکی بە پلەی بەرز لە سەقز تەواو کرد و پاشان بەکالۆرس و ماستەری لە زمان و ئەدەبیاتی ئینگلیزی لە زانکۆکانی کوردستان (سنە) و شەهید بەهەشتی (تاران) تەواو کرد و لە ئێران وەکوو مامۆستای زمان و ئەدەبی ئینگلیزی کاری کردووە. پاشان بۆ خوێندنی دکتۆرا چووە بەریتانیا و لە ساڵی ٢٠١٦ دۆکتۆراکەی لە سەر سەرهەڵدانی شیعری نوێی کوردی لە زانکۆی ئێکسێتێر تەواو کرد. سەرنووسەری هاوبەشی گۆڤاری زانستی دیراساتی کوردییە، کە بە زمانی ئینگلیزی بڵاودەبێتەوە و هەروەها خاوەنی وەرگێڕانی شیعری کوردییە لە زاراوەکانی هەورامی و سۆرانی بۆ ئینگلیزی.

لەم گفتوگۆیەدا باس لە وەرگێران و سیاسەتی وەرگێڕانی کوردی و نوێنەرایەتیی ژن لە ئەدەبی کوردیی و ئایندەی بەرهەمە ئەدەبی و کلتوورییەکان لە سایەی پڕۆژەی ئەرشیفی دیجیتاڵی کوردی دەکات.

**- دەکری هەندێ باسی پڕۆژە و پرۆسەی وەرگێڕان بۆ کتێبی (Women's Voices from Kurdistan: A Selection of Kurdish Poetry) دەنگی ژنانی کوردستان، هەڵبژاردەیەکی شیعری کوردیمان بۆ بکەیت؟**

+ دەنگی ژنانی کوردستان دەرئەنجامی دەستپێشخەرییەکی بەکۆمەڵ بوو لەگەڵ هاوکارەکانم دکتۆر کلیمەنس سکالبێرت یوجەل و دکتۆر یاسر حەسەن عەلی. ئێمە وەکو شارەزا و لێکۆڵەری بواری ئەدەبی کوردی ئاگاداری ئەوە بووین کە ئەدەبی کوردی بەباشی لە گۆڕەپانی ئەدەبی جیهانیدا نەناسراوە. وەرگێڕانی بەرهەمە ئەدەبییەکانی کوردی لەزیادبووندایە، بەڵام هێشتە لەگەڵ زمانەکانی دی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بەراورد ناکرێت. لە زانکۆی

ئێکسێتێر ژمارەیەک هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا هەبوون. کۆمەڵێک خوێندکار و توێژەریش هەبوون، بەتایبەتی لەسەر ئەدەبیاتی کوردی کاریان دەکرد و ئێمەش وەکو بەشێک لە لێکۆڵینەوەکانمان خەریکی وەرگێڕان بووین، بەڵام زۆرجار ئەم وەرگێڕانانە بە بڵاونەکراوەیی (لەنێو ماستەر و دکتۆرانامەکاندا) دەمانەوە. ناوبەناو هەندێک وەرگێڕان لە بڵاوکراوە زانستییەکاندا بڵاودەکرانەوە، بەڵام تەنیا هەڵبژاردەیەک بوون لە بەرهەمە ئەدەبییەکان، نەک تەواوی بەرهەمەکە. لەو کاتەدا هیچ کام لە ئێمە خۆمانمان بە وەرگێڕی ئەدەبی نەدەزانی.


بینیمان ئەو بەرهەمانە لە ناوەندە ئەکادیمییەکاندا قەتیس دەبن و ناگەنە دەستی خەڵکانێکی زۆر. بە ڕامان لەو پرسە و بەلەبەرچاوگرتنی تواناکانمان، ساڵی ٢٠١٧ میوانداری وۆرک شۆپێکی وەرگێڕانمان کرد، کە لەلایەن (دکتۆر سکالبێرت یوجەل)ەوە سەرپەرشتی کرا و (پەیمانگەی بەریتانی بۆ لێکۆڵینەوە لە عێراق؛ BISI) هاوکاری کردین؛ لە وۆرک شۆپەکەدا هەڵگرانی خوێندکاری دکتۆرا و ئەو خوێندکارانەی کاریان لەسەر ئەدەبیاتی کوردی دەکرد لەگەڵ توێژەرانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی کوردی لە زانکۆی ئێکسێتێر و هاوکارانی بەشی وەرگێڕان لە دەوری یەک کۆبوونەوە. هەر بەشداربوویەک هەڵبژاردەی تایبەتی خۆی هەبوو، بەڵام تەوەری گشتی جێندەر بوو، ئەولەویەتیش بۆ ژنە شاعیرەکان بوو. پێکەوە مەشقی وەرگێڕانمان دەکرد و بۆ ماوەی دوو ڕۆژ گفتوگۆمان کرد. دوای ئەم وۆرک شۆپە، من و کلیمەنس و یاسر بەردەوام بووین لە کۆبوونەوە و گفتوگۆ و کارکردن لەسەر وەرگێڕانەکان و پێداچوونەوەیان. وەرگێڕانەکانمان لە چەند فێستیڤاڵێک لە بەریتانیا پێشکەش کرد و کەوتینە سەودای بڵاوکردنەوەیان. بۆ چاپکردنی ئەو کۆمەڵەیە پەیوەندیمان بە چاپخانەی Transnational Press لەندەنەوە کرد، ئەوانیش زۆر بە جۆش و خرۆشەوە پێشوازیان لە داواکەمان کرد.

ئەوەی بۆ ئێمە گرنگ بوو ئەوە بوو لە پاڵ وەرگێڕانە ئینگلیزەکەدا، دەقەکە بە زمانی کوردیش دابنرێت. ئەم کتێبە کۆمەڵێک شیعری سەدەی نۆزدەهەم، تا شیعری ژنانی هاوچەرخ بە زاراوە جیاجیاکانی کوردی (گۆرانی، کرمانجی، بادینی، سۆرانی) و زمانی عەرەبی لەخۆدەگرێت.

**– یەکەمجار کەی دەستت بە کاری وەرگێڕان کرد و ئەو هەڵبژاردنە بۆ تۆ چۆن بوو؟**

+ لەکاتی خوێندنی دکتۆراکەمدا دەستم بە وەرگێڕان کرد بۆ زمانی ئینگلیزی. لێکۆڵینەوەکانم لەسەر سەرهەڵدانی شیعری مۆدێرنی کوردی بوو. ناچار بووم وەکو بەشێک لە شیکاری ئەدەبی شیعری کلاسیک و مۆدێرنی کوردی لە سێ شێوەزاری (کرمانجی، سۆرانی، گۆرانی) بۆ ئینگلیزی وەربگێڕم. ئەو وۆرک شۆپەی کە باسم کرد بۆ من وەکو وەرگێڕێک بناغەیەکی گرنگ بوو، دوای وۆرک شۆپەکە، من و دکتۆر یوجەل پرۆژەی توێژینەوەیەکمان لەسەر وەرگێڕانی ئینگلیزی ئەدەبی کوردی ئەنجامدا کە ئێستە چاپ کراوە.

هەم وۆرکشۆپەکە و هەم پرۆژەی توێژینەوەکە




**"زاراوەی گۆران تا سەدەی نۆزدە، زمانی ئەدەبی کورد بووە. کاتێک زاراوەیەکی وەها گرنگ بەدەر دەکەیت، یانی میراتی چەندین سەدە بەدەر دەکەیت"**




یارمەتیان دام تا ئاگاداری ڕەوتی وەرگێڕانی ئەدەبیاتی کوردی بم بۆ ئینگلیزی، هەورەها ئاشنای ئەو ئاراستەیەی کە وەرگێڕان دەتوانێت

**ئاوارەبوون، شەڕ، قەدەغەکردنی زمانی کوردیی و ئینکاری ناسنامەی کورد، بوونی میراتی کوردیی خستووەتە مەترسییەوە**

بەرهەمی بهێنێت، یان سەرلەنوێ بەرهەمی بهێنێتەوە و خودی سیاسەتی وەرگێڕان بم. زیاتر ئاشناییم لەگەڵ شێواز و سیاسەتی دەستراگەیشتن پەیدا کرد؛ کە چۆن ئێمە وەکو کۆمەڵێک توێژەری کورد لە زانکۆی ئێکسێتێر ئەگەرچی کاری وەرگێڕانمان دەکرد و وەرگێڕان بەشێک بوو لە کارەکەمان، بەڵام خۆمان بە وەرگێڕ نەدەزانی. بیرم لە مەسەلەی متمانە، پەراوێزکەوتن و پەرواوێز خستن، دەستراگەیشتن (کە بۆ زانایانی کورد کەم و سنووردارە) دەکردەوە. پرۆسەکە بۆ من گەشتێک بووە بۆ بەدەستهێنانی متمانە و تێگەیشتن لەوەی کە کاری وەرگێڕان چی لەخۆدەگرێت و لە هەمانکاتدا پرۆسەیەکی فێرکاری بوو.

**– بۆچی وەرگێڕانی نووسەرانی کورد، بەتایبەتی تیشک خستنە سەر دەنگی ژنە کوردەکان هێندە بۆ ئێوە گرنگە؟**

+ ئەدەبی کوردی ئەدەبێکی زۆر دەوڵەمەندە و مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە. بۆچی بە شێوەیەکی بەرفراوان وەرگێڕانی بۆ نەکراوە؟ بۆ لە ئاستی دونیا نەناسراوە؟ بەشێکی لە پێگەی زمانی کوردی وەکو زمانێکی کەمینە سەرچاوە دەگرێت. بەڵام بەڕاستی گرنگە ئەوە لەبیر نەکەین کە پێگەی کەمینە بەسەر کورد و زمانی کوردیدا سەپێنراوە- ٣٠-٤٠ ملیۆن کەس بە زمانی کوردی قسەدەکەن. ژمارەی ئەوانەی بەم زمانە قسە دەکەن زۆر زیاترە لە هەندێک زمانی ئەوروپی، کە وەکو زمانی کەمینە پۆلێن نەکراون. پێگەی کەمینە ناونانێکی سیاسی و کلتووریی و کۆمەڵایەتییە، دەبێت ئاڵنگاری بکرێت.

وەرگێڕان وا لە ئەدەبیات دەکات دەرکەوێت. هەل بۆ بینینی زمانەکانی جیهان دەڕەخسێنێت. بۆ من وەرگێڕان پابەندبوون و ئەرکە، شێوازێکە بۆ دەرخستنی پابەندبوونم بە ناساندنی ئەدەبیاتی کوردی. بۆ ئەوەی ئەم میراتە ئەدەبییە ناوازەیە ببیسترێت. ئەم ئەدەبە شایەنی ئەوەیە ببیسترێت و دەکرێت وابێت. وەرگێڕان شێوازێکە بۆ بەرخۆدان، بەرەنگاربوونەوەی ئەو سەرکوتکردنە سیاسیانەی کە زمانی

کوردی ڕووبەڕووی بووەتەوە. قەدەغەکردن لە زێدی خۆیدا.

وەرگێڕان دەتوانێت ئاڵنگاری ئەو پشتگوێخستنە بکات. من باس لە پشتگوێخستنی زمانی کوردی دەکەم لە گۆڕەپانی ئەدەبی جیهانیدا، بەڵام لەنێو ئەدەبی کوردیدا، گرنگە بزانین زمانی کوردی زمانێکی فرە شێوەزارییە و تەنانەت لەنێو خودی زمانەکەدا هەندێک ئاوارەتە و پلەبەندیمان هەیە.

بۆ من وەکو توێژەرێک گرنگە ئاگاداری ئەوەبم، دڵنیابم لەوەی، کە کەمینە زمانەوانییەکان و ئەو زاراوانەی کەمتر گرنگیان پێدراوە دەبیسترێن. لە توێژینەوەکەمدا لەگەڵ دکتۆر یوجەل، ئەوەمان دەرخست، کە ئەدەبی زاراوەی سۆرانی زیاتر وەرگێڕدراوە (گۆران و زازاکی) لە وەرگێڕاندا زۆربەکەمی وەرگێڕدراونەتە سەر زمانەکانی دیکە. دەبێت بگوترێت، زاراوەی گۆران تا سەدەی نۆزدە، زمانی ئەدەبی کورد بووە. کاتێک زاراوەیەکی وەها گرنگ بەدەر دەکەیت، یانی میراتی چەندین سەدە بەدەر دەکەیت.

ئەم پلەبەندییە تەنیا لە زاراوەکاندا نییە، ئەگەر سەیری مێژووی ئەدەبی کوردیی و ئەنتۆلۆژیاکانی وەرگێڕانی ئینگلیزی بکەیت، ژنان لە ڕادەبەدەر پەراوێزخراون. کەواتە، بۆ من گرنگە تەحەدای ئەم جۆرە دوورخستنەوانە بکەم.

**– دەکرێ هەندێک زیاتر باس لە کارە بەردەوامەکانت بۆ ئاشکراکردنی دەنگی ژن لە شیعر و ئەدەبی کوردییدا بکەیت؟**

+ ئەمە ئەو پرۆژەیەیە، کە ئێستە کاری لەسەر دەکەم. ئەگەر سەیری مێژوو و وێنەی ئەدەبیاتی کوردیی بکەیت، وێنەیەکی زۆر پیاوسالارییە. ئەگەر سەیری ئەدەبیاتی کلاسیک بکەیت تەنیا چەند ژنێک دەبینیت. ئەم وێنە نێر سەنتەری و پیاوسالارییە، تا ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو بەردەوام بوو، لەوە بەدواوە ددان بە بوونی ئەدەبی ژن دانرا. تا ئەو کاتە وێنەی پیاوسالاری ئەدەبیاتی کوردی لە توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی، وەرگێڕان و ئەنتۆلۆژیادا گرنگی پێدەدرا.

بۆ نموونە یەکێک لە گرینگترین سەرچاوەکان کتێبی مێژووی ئەدەبی کوردیی مارف خەزنەدارە، کە حەوت بەرگە و لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە تا ساڵی ١٩٧٥ لەخۆدەگرێت. ئەم بەرهەمە دەرئەنجامی دەیان ساڵ خەباتی پرۆفیسۆر خەزنەدارە. لە ٧ بەرگدا زیاتر لە ١٦٠ ناو تۆمار کراوە بەڵام تەنیا دوو ژنی تێدایە. لە بەرگی پێنج و شەش و حەوت، کە سەدەی بیستەم دەگرێتەوە ناوی سەد نووسەر تۆمار کراوە بەڵام یەک ژنیش لەو لیستەدا نەهاتووە.

کێشەکە لەوەدایە، ئەم بەرهەمە بووەتە سەرچاوەیەکی سەرەکی و گرنگی زانکۆکان بۆ وانەگوتنەوە و لێکۆڵینەوە لە ئەدەبیاتی کوردیدا، کەواتە، ئەمە ئەو پەیامە دەنێرێت، کە لە ڕووی مێژووییەوە ژن لە ئەدەبی کوردیدا بوونی نییە. ئەو بیرۆکەیە دەخاتەڕوو، کە تەنیا لەم دواییانەدا ژنانی کورد دەستیان بە نووسین کردووە، وەکو ئەوەی پێش هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو ئەدەبیاتێکی بەرچاوی ژنانی کورد هەر نەبووبێت.

بەڵام کاتێک قوڵتر سەیر دەکەین، کاتێک سەیری ئەرشیفەکان دەکەین، و سەیری گۆڤار و ڕۆژنامە سەرەتاییە کوردییەکان دەکەین، نووسینی ژن دەدۆزینەوە. ئەم دەنگە لەبیرکراوانە دەبینیەوە. نموونەیەکی سەرنجڕاکێشی ئەوەش (زەینەب خان)ە کە لە ژێر ناوی خوازراوی (کچە کورد) بابەتی بڵاوکردووەتەوە. ساڵی ٢٠١٨دا کاتێک بنکەی ژین خەریکی لە چاپدانەوەی گۆڤاری گەلاوێژ (یەکەم گۆڤاری ئەدەبی کوردیی، کە لە ساڵانی ١٩٣٩-١٩٤٩ بڵاودەبووە) بوو، بڕیاریاندا پاشکۆیەک بۆ ئەو نووسەرانەی بابەتیان لە گۆڤارەکەدا هەبووە دابنێن. ئەم ناوەیان بەرچاوکەوت و مامۆستا عەبدوڵڵا زەنگەنە وەکو یەکێک لەو توێژەرانەی کە کاری لەسەر ئەو پرۆژەیە دەکرد، بۆی دەرکەوت ئەو ناوە خوازراوی زەینەب خان (١٩٠٠-١٩٦٣) خوشکی گەورەی دڵداری ئەدیبی زۆر بەناوبانگی کورد خاوەنی سروودی نەتەوەیی (ئەی ڕەقیب) بوو. هەرچەندە خێزانەکەی خێزانێکی ئەدەبی بوون و لە ناوەندی ئەدەبیدا بوون، بەڵام دەستنووسەکەی تا ساڵی ٢٠١٨ بە چاپنەکراوی ماوەتەوە. کۆمەڵە شیعرییەکەی

> **“ لە بەرگی پێنج و شەش و حەوت، کە سەدەی بیستەم دەگرێتەوە، ناوی سەد نووسەر تۆمار کراوە، بەڵام یەک ژنیش لەو لیستەدا نەهاتووە ”**



بەڕاستی سەرنجڕاکێشە و کۆمەڵێک تەوەری بەرفراوان لە نیشتمانپەروەریی و پەروەردە و مافی ژنان لەخۆ دەگرێت.

ئێستە خەریکی وەرگێڕانی کچە کوردم. کاتێک

**کاتێک بە هاوکارێکی پیاوم گوت، کە ئامانجی ئێمە لەم سەفەرە لێکۆڵینەوە و چاوپێکەوتنە لەگەڵ ژنە نووسەرەکانی بادینان، پێی گوتم کاتی خۆت بەفیڕۆ مەدە. گوتی، لەوێ ژنی نووسەر نییە، هانیدام بچمە سلێمانی**

سەیری گۆڤارە دەورەییە سەرەتاییە کوردییەکان دەکەیت، تووشی نووسەری دیکە دەبیت کە بە ناوی خوازراوی وەکو کچە کورد دەنووسن، وەکو خۆشکە کورد، ئاشکرایە نووسەری دیکەی ژن هەن کە هێشتە نەدۆزراونەتەوە. بەڕامان لە ئەرشیفەکان دەبینی هەندێک لە نووسەرانی ژن بەناوی خوازراوی پیاوانە، یان بێلایەنیان بەکارهێناوە. بۆ نموونە نووسەر و شاعیری هاوچەرخ سامیە شاکر، یەکەم کۆمەڵە شیعری خۆی بە ناوی خوازراوی «مەشخەڵ» کە لە ڕووی جێندەرییەوە ناوێکی بێلایەنە، نووسی و بڵاوکردەوە . تەنیا لە ڕێگەی لێکۆڵینەوە لە ئەرشیفەکان دەتوانین ئەم دەنگە ونبووانە بدۆزینەوە.

نموونەیەکی دیکە لە ئەدەبیاتی کلاسیکی شێوەزاری گۆران، کە یەکێکە لە ناوە دیارەکان (مەستوورەی) ئەردەڵانە. لە کتێبخانەیەکی بەرلین دەستنووسێک دۆزرایەوە، کە شیعری (گۆران) لەخۆدەگرت، لەوانەش هەندێک لە نووسینەکانی مەستوورە خانم و هەروەها شیعری شاعیرێک بەناوی سوڵتان خانم (بە ناوی خوازراوی عیزەت) کە خوشکی خوسرەو خان مێردی مەستوورەی ئەردەڵان، والی ئەردەڵان بووە. لە خوێندنەوەی شیعری مەستوورەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە لە نووسینەکانیدا باسی بۆ خوشکی مێردەکەی دەکات و لاوانەوەیەکی دڵتەزێنی بۆ مردنەکەی نووسیوە. پێدەچێت گفتوگۆی شیعرییان لەگەڵ یەکدا کردبێت. هێشتە شیعرەکانی عیزەت ئاشکرا نەکراوون، بەڵام ئەگەر یەک شیعریشی کەوتبێتە نێو ئەنتۆلۆژییەکی دەست نووس، دەشێت دەنگێکی ناسراو بووبێت و دەبێت بەرهەمی زیاتری هەبووبێت.

**– تۆ باسی تێڕوانین و گریمانەکان دەکەیت سەبارەت بە نووسەرانی ژن بەگشتی، بەتایبەتی لەو زاراوانەی کەمتر وەرگێڕدراون، وەکو بادینان. ئایا دەتوانیت هەندێک لەسەر ئەو کارەی پێوەی سەرقاڵیت بۆ تیشک خستنە سەر ئەو ژنە نووسەرانەی دەرنەخراون بۆمان بدوێیت، هەروەها دەکرێت بەگشتی باسی ئارەزوی خۆتمان بۆ وەرگێڕان و تیشک خستنەسەر**

**ئەو نووسەرانەی کە مەرج نییە ناسراو بن بۆ بکەیت؟**

+ تەنانەت لە نووسینە هاوچەرخەکانیشدا، چەمکی ڕەتکردنەوە و نەبوونی دەنگی ژنان هێشتە بەردەوامە. لە ساڵی ٢٠١٩ من و دکتۆر یوجەل و دکتۆر یاسر عەلی دەستمان کرد بە توێژینەوەیەک لەسەر دەنگی ژنان لە عێراقی هاوچەرخدا و لە بادینانەوە دەستمان بە توێژینەوەکە کرد، کە تیایدا بە بادینانی قسە دەکەن (سۆرانی زاراوەی باڵادەستە لە کوردستانی عێراق/باشووری کوردستان) کاتێک بە هاوکارێکی پیاوم گوت، کە ئامانجی ئێمە لەم سەفەرە لێکۆڵینەوە و چاوپێکەوتنە لەگەڵ ژنە نووسەرەکانی بادینان، پێی گوتم کاتی خۆت بەفیڕۆ مەدە. گوتی، لەوێ ژنی نووسەر نییە، هانیدام بچمە سلێمانی، کە بە پایتەختی ڕۆشنبیریی ناسراوە. وەکو دەبینیت پلەبەندی زاراوەکـان و پارچەپارچەبوونی سیاسی لە کوردستاندا حەقیقەتە. ئەمە بەو مانایە دێت، کە ژنان ڕووبەڕووی دوو جۆر لە پەراوێزخستن دەبنەوە، لەم حاڵەتەدا بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە بەهدینانی زاراوەیەکی کەمینەی کوردییە و لە پێشینەی کاردا نییە، بۆیە سێ جار پەراوێز دەخرێن.

ئاگاییەکی ئەوتۆ نییە سەبارەت بەوکارە سەرسوڕهێنەرانەی ژنانی نووسەری دەڤەری بەهدینان بەرهەمی دەهێنن. زۆرێک بەهۆی ئەم قەناعەتە پێشوەختەوە ئاگاداری ئەوە نین، کە ژن هەیە بە زمانی بەهدینانی بنووسێت. بەڵام سەرەڕای ئەوەش چەندین نووسەر، ڕۆماننووس و شاعیریمان ناسی. لە سەردانێکی ئەم دواییەمدا بۆ کوردستان، شاعیر (ژیان ڕەفیق حیلمی)م ناسی، کە بە زمانی عەرەبی و کوردی نووسیویەتی، بەڵام لە هیچ ئەنتۆلۆژیای شیعری هاوچەرخدا بایەخی پێنەدراوە. کۆمەڵە شیعرییەکەی بە زمانی عەرەبی تەنیا لە ساڵی ٢٠٢١ چاپ بووە. دەمەوێت ئەوەش زیاد بکەم کە خوشکە گەورەکەی ژیان، دکتۆر پاکیزە ڕەفیق حیلمی یەکەمین پرۆگرامی زمان و ئەدەبی کوردی لە عێراق لە زانکۆی بەغدا داناوە. سەرەڕای ئەوەش ناوی پاکیزە ڕەفیق حیلمی لە مێژووی ئەدەبی کوردییدا دەسڕدرێتەوە. دکتۆر پاکیزە بیرەوەرییەکانی لە ساڵی ٢٠٠٠ بڵاوکردەوە، بەڵام بەهۆی کەمی تیراژەکەیەوە دەستڕاگەیشتن پێی سنووردارە، منیش تەنیا کۆپییەکیم لە (ژیان)ی خوشکی وەرگرتووە.

وەلانـان و بەبچووک سەیرکردنی نووسینی داهێنەرانەی ژنان هەر تایبەت نییە بە ژنانی کـوردەوە، بەڵام فـراوانـی ئـەو هێزانەی کە کاریگەرییان هەیە لەسـەری، هێندەی دیکە شتەکان ئاڵۆزتر دەکـەن. جگە لە مەسەلەی سیستمی پیاوسالاری، کۆمەڵێک ئاوارتەی ئاڵۆزی وەکو بێدەوڵەتی، سەرکوتکردنی کلتووریی و زمانەوانیی، هەژموونی زمانەدەوڵەتییەکان، پـارچـەپـارچـەبـوونـی جـوگـرافـی، سیاسی و زمانـی کـوردی، پەیـوەنـدی دەسـەڵاتی نێوان زاراوە کوردییەکان و پەراوێزخستنی گرووپە بچووکەکانی زاراوەکان پێگەی نووسەرانی ژنی کوردی ئاڵۆزتر کردوە.

**– هەندێک لەو ئاستەنگ و بەربەستانەی، لە وەرگێڕان لە زاراوە کوردییەوەکانەوە بۆ زمانی ئینگلیزی ڕووبەڕووی دەبنەوە چین؟ هەروەها خۆشترین ساتەکانی وەرگێڕان بۆ تۆ چین؟**

+ ئاڵنگاری زۆر هـەن. بۆ من سەختترینیان وەرگێـڕانـی شیعری کلاسیکە، چونکە زمان



**«سامیە شاکر، یەکەم کۆمەڵە شیعری خۆی بە ناوی خوازراوی «مەشخەڵ» کە لە ڕووی جێندەرییەوە ناوێکی بێلایەنە، نووسی و بڵاوکردەوە»**

> "لە سەردانێکی ئەم دواییەمدا بۆ کوردستان، ژیان ڕەفیق حیلمی شاعیرم ناسی، کە بە زمانی عەرەبی و کوردی نووسیویەتی، بەڵام لە هیچ ئەنتۆلۆژیای شیعری هاوچەرخدا بایەخی پێنەدراوە"

لە شیعری کلاسیکدا زۆر ئاڵۆز و فرە ڕەهەندە. زۆر ئاماژە هەن، کە لەگەڵ زمانی زۆر مەجازیدا چەندین مانا بەرهەم دەهێنن و من بۆم دەرکەوتووە لە کاتی وەرگێڕاندا گواستنەوەی ئەو هەموو مانایانە لە زمانی کوردییەوە بۆ زمانی ئینگلیزی مەحاڵە؛ لە وەرگێڕانەکەدا هەندێکیان بە ناچاری ون دەبن. لە شیعری کلاسیکی کوردییدا ئاماژەی زۆر بۆ ئەفسانەکانی ئەدەبیاتی فارسی و عەرەبی و ئەفسانەی کوردیی و ئەفسانەی ئێرانی هەیە، چی لەو هەموو ئاماژەدانە دەکەیت؟

تۆ یەک وشەت لە شیعرەکەدا هەیە، بەڵام ئەو وشە ئاماژەیە بۆ ئەفسانەیەک، ئایا پەراوێزی بۆ زیاد دەکەیت، کە دواتر ڕەوتی خوێندنەوە دەوەستێنێت؟ ئەگەر وابکەیت، پەراوێزەکان هێندە زۆر دەبن، ڕووبەرێکی زۆری لاپەڕەکە دەگرێتەوە. ئێمە لەکاتی بڵاوکردنەوەی کتێبی (دەنگی ژنانی کوردستان) گفتوگۆی زۆرمان لە سەر دانانی پەراوێز کرد؛ لە کۆتاییدا بڕیارماندا پەراوێزەکان دانەنێین، بۆ ئەوەی سەرنجی خوێنەر دوورنەخەینەوە. پرسیارەکە ئەوەیە: بەچی شێوەیەک وەرگێڕان دەکەیت، کە زیانەکان کەم بکەیتەوە؟ چونکە بە باوەڕی من ناتوانی خۆت لەوەلادەی، بەڵام هەوڵدەدەم لە پرۆسەی وەرگێڕاندا ئەم زیانە دادەبەزێنم بۆ کەمترین ئاست.

بۆ نموونە: کە سەیری شیعرێکی مەحوی دەکەی، کە من و دکتۆر ڕەها ڕەفیعی هاوڕێم وەرمانگێڕاوە، دێڕێک لە غەزەلەکەدا هەیە کە وەرگێڕانی ڕاستەوخۆی دەبێتە "وەکوو شێخ ئیختیاری مەزهەبی تەرسا نەکەم، چ بکەم؟!"

ئەمە ئاماژەیە بۆ چیرۆکێکی سۆفیگەری لەکتێبی بەناوبانگی (منطق الطیر)ی فەریدەلدین عەتار و لە گەڵ ئەوەشدا جۆرەها شێوازی ئەم چیرۆکە لە ئەدەب و فۆلکلۆری کوردیدا هەیە. شێخی سەنعان زانایەکی سۆفی و ڕێبەرێکی بەناوبانگی ئایینی بوو، عاشقی کچێکی مەسیحی بوو، کە ئەو مەرجەی بۆ دانا کە ئەگەر دەستبەرداری ئیسلام بێت، لەگەڵیدا دەبێت و ئەویش دەستبەرداری ئایینەکەی دەبێت. مەحوی شاعیر، بیرۆکەکەی وەرگرتووە کە ئەگەر ڕێگەی خۆشەویستی

> **کێشەکە ئەوەیە ئەم بەرهەمەی مارف خەزنەدار بووەتە سەرچاوەیەکی سەرەکی و گرنگی زانکۆکان، ئەمەش ئەو پەیامە دەنێرێت، کە لە ڕووی مێژووییەوە ژن لە ئەدەبی کوردیدا بوونی نییە**

نەگرمەبەر، چی بکەم؟

ئەگەری زۆرە، خوێنەری بیانی ئەم چیرۆکە نەزانێت، کەواتە چۆن ئەمە وەربگێڕدرێت؟ ئەم کنایەیە زۆر جێی سەرنجە، چونکە پەیوەستە بە باقی دێڕەکانی ناو غەزەلەکە و ناوەڕۆکی سەرەکی شیعرەکە، واتە خۆبەختکردن لە ڕێگەی خۆشەویستی، فەنابوون بۆ ئەوەی شوێنی خۆشەویستی بکەویت، بەڵام ئێمە نەماندەویست پەراوێزی بۆدابنێین، لەبەر ئەو هۆکارانەی باسم کرد. بۆیە، لە کۆتاییدا، بەم جۆرە وەرمانگێڕا:

“If I do not choose Shaykh San‘an’s path of heresy for love, what am I to do”؟

ئێمە ڕێگەی بیدعە بۆ خۆشەویستی – ‘path of heresy for love’مان زیاد کرد بۆ ئەوەی کۆنتێکستەکە بخەینەڕوو، بەو هیوایەی ڕەنگبێت خوێنەرێکی زیرەک سەرنجی وشەی بیدعە بدات و بگەڕێت و چیرۆکەکە بدۆزێتەوە. هێشتە، بەڕاستی ناتوانیت هەموو ئەو مانایانە بگەیەنیت، کە لەو دێڕەدا هەن.

لە کۆتاییدا وەرگێڕانەکە وا دەرچوو:

لەگەڵ دەستی مەلا ڕێ ناکەوێ زوونناری زوڵفی یار

وەکوو «شێخ» ئیختیاری مەزهەبی تەرسا

نەکەم، چ بکەم؟!

The mullah cannot touch the Beloved’s sacred braid

If I do not choose Shaykh Sanʿan’s path of heresy for love, what am I to do؟

تەحەدایەکی دی لە شیعری کلاسیکدا، ئەوکاتەیە، کە شیعرەکە فرە زمانییە. شاعیرانی کلاسیک بە ئاسانی بە زمانی عەرەبی و تورکی و فارسی و کوردی دەیاننووسی. کارێکی باو بوو. تەنانەت ئەوکاتەی شاعیران بە کوردیی دەیاننووسی وشەی عەرەبی و فارسی زۆریان بەکار دەهێنا. ئەوە لەبەر نەبوونی وشەی کوردیی نەبوو؛ بەڵکو بە شێوەیەکی داهێنەرانە یارییان بە وشەکان دەکرد. ئەمەش دەبێتە تەحەدایەک. چۆن ئەو یاریکردن بە وشە و داهێنانە لە وەرگێڕانەکەدا پراکتیزە بکرێت؟ لە وەرگێڕانی ئینگلیزیدا فرە زمانی تا ڕادەیەکی زۆر ون دەبێت.

سەبارەت بە خۆشییەکانی وەرگێڕان! ئەوکاتەیە، کە وەرگێڕانێکت بڵاودەبێتەوە و لە نێو خەڵک و خوێنەران دەستاودەست دەکات و سەرنجیان ڕادەکێشێت، و خەڵک بە پەرۆشەوە دەیخوێننەوە! خۆشییەکی تایبەتی هەیە! دوای بڵاوبوونەوەی کتێبی «دەنگی ژنانی کوردستان» چەندین کەس پەیوەندییان پێوەکردین و دەیانویست زیاتر لەبارەی هەندێک لەو شاعیرانەی لە کتێبەکەدا ناویان هاتبوو بزانن. بەڕاستی دڵخۆشبووم ئەم وەرگێڕانە بەو ڕادەیە حەز و سەرنجی بۆ لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی زیاتری ئەم دەنگانەی کە پێشتر نەناسراوبوون وروژاندبوو.

**– زۆر پێم خۆشە زانیاری زیاتر لەسەر پرۆژەی ئەرشیفی دیجیتاڵی کوردی ببیستم کە ئێوە کاری لەسەر دەکەن؟**

+ ئەرشیفی دیجیتاڵی کوردیی، کە من بەرپرسیم بەشێکە لە پرۆژەی ئەرشیفی دیجیتاڵی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست (DAME) لە زانکۆی ئێکسیتێری بریتانیا. ئامانج لێی دروستکردنی ئەرشیفێکی دیجیتاڵی کراوەیە، سەبارەت بەبابەتی کوردیی– دۆکۆمێنتی مێژوویی، کلتووریی و سیاسیی کوردستان کە دەست ڕاگەیشتن پێی ئاسان و ئازاد بێت. ئەوە مەسەلەیەکی گرنگە، چونکە ئەم مەتریاڵانە دگمەنن و بەهۆی دووریی جوگرافی و بەربەستەکانی دیکەی وەکو بەربەستی سیاسی دەستڕاگەیشتن بەو جۆرە بەڵگەنامە و کەرەستانە ئاسان نییە. گرنگە ئاماژە بەوە بکەین کە ئاوارەبوون، شەڕ، قەدەغەکردنی زمانی کوردیی و ئینکاری ناسنامەی کورد، بوونی میراتی کوردیی خستووەتە مەترسییەوە. ئەوەی گرنگە بۆ ئەرشیف لە کوردستان ئەوەیە کە چەندین سەرچاوە و بەڵگەنامە و کەرەستەی فەرامۆشکراو و لەبیرکراو دەخەنەڕوو. لە چوارچێوی ئەم پرۆژە بەڵگەنامەییەدا، لەگەڵ بنکەی ژین و ئەنستیتۆی کەلەپووری کوردیی، کە گرینگترین ناوەندی ئەرشیفیی کوردستانن لێکتێگەیشتنێکمان بەست.



خستنە بەردەستی ئەم سەرچاوانەی بۆ توێژەران لە سەرانسەری جیهان، تێگەیشتنیان سەبارەت بە کوردستان و مێژوو و کلتووری کورد دەگۆڕێت. ئەم تێڕوانینانە دەبنە پاڵنەر بۆ شێوازی نوێی بیرکردنەوە، سەبارەت بە کوردستان و توێژینەوە و بەرهەمی نوێ دەرەخسێنن. ئەمەش ڕێبازێکی گشتگیرتر بۆ لێکۆڵینەوە لە مێژوو و سیاسەت و ڕۆشنبیریی کوردیی فەراهەم دەکات، چونکە ددان بە بەرهەمهێنانی مەعریفەی کورددا دەنێت و بەڵگەنامە و مەعریفەی کوردیی لەبەرچاو دەگرێت. بۆ بواری خوێندنی کوردۆلۆژی کارێکی داهێنەرانە دەبێت.

ئەمساڵ (٢٠٢٢) شەش هەفتەم لە کوردستانی باشوور بەسەربرد و بەنێو ئەرشیفی کوردییدا گەڕام، تایبەت و گشتی.

بۆچوونێک هەیە کە میراتی کورد لەدەستچووە، کە بەداخەوە لە هەندێک ڕووەوە ڕاستە، بەڵام ئەوەی لەم گەشتە لێکۆڵینەوەییەدا دۆزیمەتەوە ئەوەیە، کە بەشێکی بەرچاویش بە سایەی ناوەندە ئارشیفییەکان و هەوڵ و هیمەتی کەسیی پارێزراوە. ئەمەش دەبێت ئاهەنگی بۆ بگێڕدرێت و بانگەوازی بۆ بکرێت.

لێکۆڵینەوە لەم سەرچاوانە، تێگەیشتنمان بۆ ڕابردوو و ئێستە دەگۆڕێت، بۆیە بە دیجیتاڵکردنی ئەرشیفە هەرەشە لێکراوەکەمان زۆر گرنگە. پاراستن و بڵاوکردنەوە مسۆگەر دەکات، ئەمەش دەبێتە هۆی پاراستنی فرەچەشنی کلتووریی ناوچەکە و ئیلهامبەخشە بۆ لێکۆڵینەوەی نوێ.

**– ئایا شاعیرێک هەیە، کە ئێستە بەپەرۆشەوە وەرگێڕانی بۆ بکەیت؟**

+ مەحوی، من یەک دوو وەرگێڕانی کارەکانیم هەیە، کە بەم دواییە لە گۆڤاری Circumference لە ئەمریکا بڵاوکراونەتەوە. ئەم دوو بەیتەم زۆر بەلاوە جوانە.

***لە ڕێی ئەو شۆخەدا خۆم کردە خاک و پێی نەنا پێما***

***دەسا خاکی هەموو عالەم بە سەر خۆما نەکەم، چ بکەم***

***دەمێکە شاری پڕشۆری مەحەببەت مات و خامۆشە***

***بە قانوونی تەجەننون شۆڕشی ئینشا نەکەم، چ بکەم***

I turned myself to dust under the Beloved's feet, yet I was rebuffed

If I do not place a world of grief on my shoulders, what am Ito do?

The once-bustling city of love is somber and silent

If I do not rebel by pen, as madness dictates, what am I to do؟

*** ئەم گفتوگۆیە (هۆلی مەیسۆن بەدرا) بە زمانی ئینگلیزی لەگەڵ دکتۆر (فەرەنگیس قادری) سەبارەت بە وەرگێڕانی کوردی کردوە و لە گۆڤاری (ئاسیمتۆت) کە گۆڤارێکی تایبەت بە وەرگێڕانی ئەدەبییە لە ئەمریکا بڵاوبووەتەوە و بە ڕەزامەندی خۆیان کراوەتە کوردیی و لێرە لە گۆڤاری (دیوان) بڵاوکراوەتەوە.**

*** هۆلی مەیسۆن بەدرا، بڕوانامەی MFA لە شیعر لە زانکۆی جۆرج مەیسۆن وەرگرتووە، ئێستە لەوێ بەڕێوەبەری هاوبەشی پرۆگرامی توێژینەوەی ژنان و جێندەرە. شیعر و وتار و پێداچوونەوە و چاوپێکەوتنەکانی لە ڕۆژنامەکانی The Rumpus، The Adroit Journal، Rabbit Catastrophe Review، The Northern Virginia Review، Foothill Poetry Journal، UA Poetry Center Blog، CALYX، So to Speak و شوێنەکانی دیکەدا دەردەکەون. وەکو شاعیرێکی کورد-ئەمریکی پانێلست بووە بۆ ڕووداوەکانی OutWrite، RAWIFest، و DC's Al-Mutanabbi Street Starts Here. هۆلی لە ئێستەدا لە ستافی ڕۆژنامەی شیعری دەیلیدایە و لەگەڵ هاوسەرەکەی لە ویلایەتی ڤێرجینیای باکوور دەژین.**

**سەرچاوە:**

https://www.asymptotejournal.com/blog/202228/11//a-conversation-on-kurdish-translation-with-farangis-ghaderi/?fbclid=IwAR1CXOE4cRsY93U3kRIKgNfah5-GFA7ZrRWlcKqidetMi0yPfMZ7r6hQqho

# هونـــەر

- **شانۆی کوردیی لە هەولێر بەرەو کوێ؟**

حەمەسوار عەزیز

- **سروودی ئەی ڕەقیب لە تای تەرازوودا (بەشی ٣)**

ئەسعەد قەرەداخی



# شانۆی کوردیی لە هەولێر بەرەو کوێ؟

## لە (هەبوو نەبوو) تا (ڕووتە و سەگ و بەگ)



حەمەسوار عەزیز

بیرمە پێش ٣٠ ساڵی ڕێک، واتە لە ساڵی ١٩٩٢، ئەوکات، کە گەنجێک بووم لە سەرەتاکانی تەمەنی هونەریم، یەکەم وتارم بەم ناوونیشانە (شانۆی کوردیی لە هەولێر بەرەو کوێ؟) لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوکردەوە.

لەو وتارەدا باسی ئەوەم کردبوو، کە هەموو ئاماژەکان ئەوەمان پێدەڵێن شانۆی کوردیی لەم شارە بەرەو تەنگژەیەکی قوڵ دەڕوات، ڕەنگە ئەگەر بەمشێوەیە بەردەوام بێت، داهاتووی کاری شانۆیی لەم شارە توشی قەیرانی گەورە ببێت و شانۆ بەرەو تۆنێلێکی تاریک هەنگاو بنێت.

ئەوکات ئەو قسەیە زۆر کەسی سەخڵەت کردوو و زۆر بە توندی دژی وەستانەوە و لە ژمارەکانی داهاتووی ڕۆژنامەکە وەڵامی توندیان دامەوە و هەموو ئەو پێشبینیانەی منیان ڕەتکردەوە، ئێستەش زۆر بەداخەوەم، کە دوای سی ساڵ لەو مێژووە جارێکی دی قسە لەسەر هەمان بابەت دەکەم و لەژێر هەمان ناوونیشان جارێکی دی لە شارێکی دێرین و داهێنەری گرنگی وەکو شارەکەم (شاری هەولێر) شرۆڤەی ئێستە و داهاتووی شانۆی کوردیی دەکەم، بەڵام ئەمجارە مانشێتێکی لاوەکیم بۆ زیاد کردووە بۆ ئەوەی لە ڕێگەی نمونەیەکی زیندوو ئەو پرسە گرنگە شرۆڤە بکەم، مانشێتی (لە هەبوو نەبوو، تا ڕووتە و سەگ و بەگ) لای هەموان ڕوونە، کە هەبوو نەبوو (یا وەکو ئەوەی کەسانێک پێی دەڵێن تەمسیلی ڕەجەب) یەکێکە لە دیارترین و نایابترین نمایشە شانۆییەکانی هەولێر کە لە سەرەتای هەشتاکان پێشکەشکرا، ئەم نمایشە لە نووسینی نوسەری بەناوبانگی عێراقی (قاسم محەمەد) و وەرگێڕانی (عومەر شێخەڵڵا دەشتەکی) و دەرهێنانی مامۆستای هونەرمەند (سەباح عەبدولڕەحمان) و بەرهەمی تیپی نواندنی هەولێر بوو، کە یەکێک بوو لە باشترین تیپە شانۆییەکانی ئەو سەردەم، ژمارەیەکی بەرچاو لە شانۆکارە داهێنەرەکانی هەولێر لەو نمایشەدا بەشدارییان کردبوو، کە بە بڕوای من و زۆرێک لە شرۆڤەکاران، ئەم نمایشە خاڵی وەرچەرخان بوو بۆ شانۆی کوردیی لە هەولێر، بەتایبەتی

> **من بە هیچ شێوەیەک باسی ئەوەم نەکردووە کە داهێنان لە هەولێری دوێنێ و پێرێ مردووە، بە پێچەوانەوە من هەولێری دوێنێ بە لانکەی داهێنان و هاوشانی شارێکی زیندووی وەکو سلێمانی دەبینم**

بۆ ئەو هونەرمەندانەی، کە وەکو ئەکتەر لەو نمایشە دەرکەوتن، لەوانە (سەعدون یوونس، زاهیر عەبدوڵلا، سەلام کۆیی، ئاواز مەحموود، سەمیرە عەبدۆک، خەلیل یابە، عەلی ئەحمەد، جیهان ئەحمەد، شلێر کۆیی، قاسم عەزیز، جەلال بەیار، ئەنوەر عەزیز، یاسین مستەفا و کۆمەڵێک ئەکتەری دی، تەنانەت وەکو پڕۆسەی دەرهێنان و دروستکردنی نمایشی شانۆیی ئەم کارە بە گرنگترین کاری مامۆستا سەباح عەبدولڕەحمان دادەنرێت و یەکێکە لە گرنگترین کارە شانۆییەکان، کە شانۆکارانی کورد لە هەولێر و هەموو کوردستان دەتوانن شانازی پێوە بکەن، لەوەش زیاتر ئەو کارە شانۆییە، نەک هەر لە کوردستان، لە هەموو عێراقدا دەنگدانەوەی هەبوو، بەتایبەتی کاتێک لە بەغدا پێشکەشکرا، بەڕای زۆرێک لە نووسەر و ڕەخنەگران ئەوکارە توانی خودی نمایشە عێراقییەکە تێپەڕێنێت، کە لە دەرهێنانی قاسم محەمەد و نواندنی دەستەیەکی بژاردە لە شانۆکارە دیارەکانی ئەوکاتەی عێراق بوون.

نمایشی (ڕووتە و سەگ و بەگ) دواهەمین نمایشی شانۆیی بوو، لە مەراسیمی کۆتایی حەفتەمین ڤیستیڤاڵی نێودەوڵەتی هەولێر بۆ شانۆ، لە هەولێر پێشکەشکرا، لە نووسین و دەرهێنانی هونەرمەند سەباح عەبدولڕەحمان و نواندنی هەریەک لە (بەکر مەعرووف، فەیسەڵ محەمەد سالح، زایەر عەبدوڵلا، بەلقیس دۆسکی، سیروان عوسمان، شاهین نەجمەدین، هەدار ئەنوەر) بوو.

ماوەیەک پێش ئێستە لە ژمارە (١٦)ی گۆڤاری دیوان وتارێکم بڵاوکردەوە (بۆچی داهێنان لە هەولێر دەمرێت؟) خەڵکێکی زۆری سەخڵەت کرد و بە ڕاستەوخۆو ناڕاستەخۆ، هەر لە بەڕێز پارێزگاری هەولێر (ئومێد خۆشناو) و بەڕێوەبەری گشتیی ڕۆشنبیریی و هونەری هەولێر مامۆستا فەرهەنگ غەفوور و دەرهێنەری هەردوو نمایشی ناوبراو، مامۆستا سەباح عەبدولڕەحمان، وەڵامیان دامەوە و ئەوەیان ڕەتکردەوە کە لە هەولێر داهێنان بمرێت، بە پێچەوانەوە گوتیان هەولێر ئەو شارەیە کە هەمیشە داهێنان دروست دەکات و زۆرێک لە هونەرمەندی ناوچە و شارەکانی دی کوردستان لە هەولێر ژینگەی داهێنانیان بۆ خۆشکراوە، بەشێوەیەک، کە هاتوونەتە هەولێر کاری داهێنەرانەیان کردووە، تەنانەت هەر بەم بۆنەیەوە مەراسیمێکیان بۆ هەرسێ هونەرمەندی کۆچکردوو (فوئاد ئەحمەد، شەماڵ سائیب، تەحسین تەها) ساز کرد و تیشکیان خستە سەر ئەوەی کە هەردوو هونەرمەندی گەورە شەماڵ سائیب و تەحسین تەها، کە خەڵکی هەردوو شاری سلێمانی و دهۆکن، هەولێر توانیویەتی زەمینە بۆ داهێنانیان ساز بکات و باشترین کاتەکانی داهێنانیان ئەوە بووە، کە لە هەولێر ژیاون و کاریان کردووە.

منیش دەمەوێت ئەوەیان بۆ ئیزافە بکەم کە جگە لەو هونەرمەندانە، هونەرمەندانی وەکو محەمەد جەزا و قادر کابان و خەلیل موڕاد وەندی و زۆرێکی دیش لە هەولێر داهێنانیان کردووە و باشترین کارەکانیان پێشکەشکردووە، تەنانەت لە بواری شانۆ و دراماش هەمان بۆ چوون بۆ کەسانی وەکو تەحسین شەعبان و مەهدی ئومێد و ئەرسەلان دەروێش و ئەحمەد سالاریش ڕاستە.

بەڵام کێشەکە لەوەدایە، کە بەدحاڵیبوونێک لە نێوان من و ئەو بەڕێزانە هەیە، کە وەڵامیان داومەتەوە، من بە هیچ شێوەیەک باسی ئەوەم نەکردووە کە داهێنان لە هەولێری دوێنێ و پێرێ مردووە و دەمرێت، بە پێچەوانەوە من هەولێری دوێنێ و پێرێ بە لانکەی داهێنان و هاوشانی شارێکی زیندووی وەکو سلێمانی دەبینم، لە هەموو بوارە هونەری و ئەدەبییەکان، نموونەشم هێناوەتەوە، کە دەڵێم کاتێک هاوتا ئەسعەد لە هەولێر خەریکی داهێنان و نوێگەری بوو لە گۆرانی و مۆسیقای کوردیی، عەدنان کەریم لەوکاتەدا خەریکی لاساییکردنەوە بوو، بەڵام دواتر چی ڕوویدا؟

بۆیە کێشە لە دوێنێ و پێرێی هەولێر نییە، کێشە لە ئێستە و دوایی و دە بۆ پانزە ساڵی کاری هونەری و داهێنانە لە هەولێر، بۆیە هەوڵدەدەم وەکو نموونە لەسەر ئەو دوو کارە شانۆییەی مامۆستا و هونەرمەند و یەکێک لە دامەزرێنەرانی شانۆی ئەکادیمی لە کوردستان و هەولێر، سەباح عەبدولڕەحمان بوەستم.

لە ڕابــردوودا کــارە هونەرییەکانی سەباح عەبدولڕەحمان ڕووداوێکی هونەری گرنگ بوون،

> **"کێشەی هەولێر ئەوەیە، کە نەیتوانیوە وەکو شار ببێتە ڕەقیب بەسەر کاری هونەرمەند و ئەدیبەکانی، شارێکە هەموو بنەماکانی داهێنان تێیدا شێواوە، ئەوەندەی خەریکی ستایشی دوێنێی خۆیەتی ئاگاداری ئەو کارەساتە نییە، کە ئێستە تێدا نقوم بووە"**



دیمەنێک لە تەمسیلی هەبوو نەبوو

وەکو مارەیی، چلپاو، مرۆڤ و ئازارەکانی، هەبوونەبوو، لاس و خەزال، کەببوونە مایەی باس و خواسی ڕۆژنامەکانی ئەوکاتە و لەڕووی جەماوەریشەوە بینەرێکی یەکجار گەورەیان هەبوو، بەتایبەت هەبوونەبوو، یەکێکە لە گرنگترین ئەو کارە شانۆییانەی، کە بە شانازییەوە دەچێتە ڕووبەری یەکێک لە باشترین کارە شانۆییەکان، کە شانۆی کوردیی دەتوانێت شانازیی پێوە بکات، لەوەش زیاتر سەرەتای وەچەرخانێکی گرنگ بوو لە شانۆی کوردیی و جارێکی دی بوو بە دەروازەیەک بۆ شانۆکاری کورد، کە بگەڕێتەوە نێو کلتوور و کەلەپوور و ئەفسانە و داستانە کوردییەکان، جارێکی دی بتوانێت لاپەڕەکانی مێژووی خۆی هەڵبداتەوە و بیکاتە سەرچاوەیەکی گرنگی داهێنان و دارشتنەوە بۆ بونیادنانی گوتارێکی شانۆیی کوردیی، کە بتوانێت خەسڵەتی کوردبوون وەکو نەتەوە و کلتوورێکی جیاواز هەڵبگرێت و ببێتە بەشێک لە گوتاری بەرەنگاربوونەوە و مانەوە لە ڕووی هەموو ئەو هەوڵە دوژمنکارانەی، کە لەوکاتەدا هەوڵی دەدا شوناس و ناسنامە و زمان و مێژووی میللەتەکەمان بسڕێتەوە و لەنێو پرۆسەی (ڕاماڵین، بە بەعسیکردن، بەعەرەبکردن) کە ترسناکترین پرۆسەی پاکتاو و قڕکردنی نەتەوەیی بوو لە ژێر سایەی سیاسەتی ڕژێمی ئەوکاتەی عێراق پیادە کراو کارەساتی گەورەی وەکو ئەنفال و ڕاماڵین و کیمیابارانکردنی شارەکانی کوردستانی لێکەوتەوە.

❝

**لای هەموان ڕوونە (هەبوو نەبوو) یەکێکە لە دیارترین و نایابترین نمایشە شانۆییەکانی هەولێر، کە لە سەرەتای هەشتاکان پێشکەشکرا**

❞

دوای ئەم سەروەرییانە، کە شانۆی کوردیی لەو قۆناغە مێژووییانەدا تۆماریان دەکات، ئاریشەیەکی گەورەیە، دوای ئەو مێژووە گرنگە و لە دواهەمین ڤێستیڤاڵی نێودەوڵەتی هەولێر بۆ شانۆ بەر تازەترین کاری مامۆستا سەباح عەبدولڕەحمان دەکەوین، ئەویش نمایشی شانۆیی (ڕووتە و سەگ و بەگ)ە، ئەم نمایشە پاش ئەوە دێت، کە مامۆستا سەباح بۆ ماوەی زیاد لە دە ساڵە هیچ کارێکی شانۆیی نەکردووە و لەو ڤێستیڤاڵەی، کە تیاییدا وەکو یەکێک لە ڕابەرانی شانۆی کوردی خەڵاتی ڕێزلێنان و شکۆمەندی و مەدالیای زێڕینی داهێنانی دەکرێتە مل.

دوای ئەوە لەو بۆنەیە و لە مەراسیمی کۆتایی ئەو ڤێستیڤاڵەدا مامۆستا سەباح عەبدولڕەحمان، نمایشێکی شانۆیی، کە وەکو خۆی ناوی لێناوە ئێرتیجالی بە هاوکاری ژمارەیەک شانۆکاری دێرینی هەولێر لە ژێر ناونیشانی (ڕووتەو سەگ و بەگ) پێشکەش دەکات، بە بڕوای من کوالێتی هونەریی ئەم نمایشە بۆ من و زۆرێک لە ئامادەبووانی ئەم نمایشە هەزار و یەک نیشانەی پرسیار و سەرسوڕمانی دروست کرد و ڕووبەڕووی واقیعێکی تاڵی هونەری شانۆی کردینەوە.

من قسەم لەسەر پەیامی هزری و سیاسی نمایشەکە نییە، چونکە پەیامێکی زۆر واقیعی و بوێرانە بوو، کە ویستی پەردە لەسەر ڕەوشی سیاسیی ئێستەی عێراق و کوردستان لابدات و ڕووی ڕاستەقینە و باکگراوندی ئەو سیاسەتە لە فۆرمێکی کۆمیدی وێنا بکات، کە مامۆستا ناوی ناوە ئێرتیجالی، بەڵام من تا ئێستەش تێنەگەیشتم ئەو نمایشە چ پەیوەندییەکی بە شانۆی ئێرئیجالییەوە هەبوو، یان تەنانەت ئێرتیجال وەکو شێوازێکی کارکردنی ئەکتەر لە شانۆدا لە کوێدا دەچێتە نێو پرۆسەی بونیادنانی ئەو نمایشە شانۆییە؟

من بە هیچ شێوەیەک لە ماندووبوون و دڵسۆزیی ستافی ئەوکارە کەم ناکەمەوە، کە لە بارودۆخێکی ناخۆش و سەختی وەکو ئێستە ئەو هەموو کاتەیان بە شانۆ بەخشیوە و ڕۆژانە پرۆڤەیان کردووە و ماندووبوون و بێ بەرانبەر کاریان کردووە، بۆ ئەوەی شارەکەمان بێ ناز نەبێت لە ڕووی کاری شانۆییەوە و ئامادەیی هەولێر


و شانۆکارانی هەولێر لەنێو ڤێستیڤاڵ پەراوێز نەخرێت و هەموو میوانان ببینن، کە هێشتە لێرە شانۆو کاری شانۆیی بەردەوامی هەیە، بەڵام خۆ دەبێت بپرسین ئایا ئەو نمایشە توانی هیچ کامێک لەو ئامانجانە بپێکێت، یان بە پێچەوانەوە بووە نیشانەی پرسیارێکی گەورە لەسەر ڕەوشی کاری شانۆیی لە هەولێر و توانای شانۆکارانی ئەو شارە لە بواری داهێنان و پرۆسەی نوێبوونەوەی شانۆ، سەیرە لە کاتێکدا لە هەمان ڤێستیڤاڵدا سلێمانی (شالیر و جادوکەرانی ماکبێس) نمایش دەکات و هەڵەبجە (سرودێک بۆ ئیکارۆس) پێشکەش دەکات و ناسریە بە نمایشی (مردوو مرد) بینەر سەرسام دەکات و مەهدی حەسەن و هاوڕێکانی بە نمایشی (شەوگار گۆرانیەکانی خۆی دەڵێت) درێژە بە پرۆژە شانۆییەکەیان دەدەن، سەیرە لەو کاتەدا کۆمەڵێک شانۆکاری دێرینی هەولێر لەڕووی هونەرییەوە نمایشێکی سەرەتایی و قوتابخانەیی پێشکەش دەکەن، کە زیانێکی گەورە بەو مێژووە پڕشنگدارەیان دەگەیەنێت! نمایشێک هیچ بنەمایەکی داهێنان و جوانی تێدا نییە و لەسەر تێکستێکی سادەی درامی بیناکراوە، کە ناتوانێت خۆی لە ڕاستەوخۆیی و گوتاری بازاڕی دەباز بکات و بە فۆرمێک پێشکەش دەکرێت، هیچ بونیادێکی جوانکاری تێدا نییە و فۆرمێکی سواو و دووبارە، وەکو ئەوەی زەمەن لە شوێنی خۆی وەستا بێت و شانۆی کوردیی تازە بەر ئەلفوبێی دروستکردنی کاری شانۆیی دەبێت.

ڕەنگە پاساوی بوونی ئەم نمایشە بەو فۆرمە و ئاستە هونەرییە، ئەوە بێت، کە ئەوە نمایشێکە وەکو بڕگەیەکی مەراسیمی کۆتایی ڤێستیڤاڵ پێشکەشکراوە و زیاتر بایەخ بە بواری ئاهەنگسازی و کۆمیدیا دراوە، بۆ ئەوەی کەشێکی چێژبەخش بەو مەراسیمە ببەخشن، بەڕاستی ئەگەر بەم شێوەیە بیریان کردبێتەوە، ئەوە کارەساتەکە گەورەترە، چونکە هەرگیز ناکرێت شانۆ بەو شێوە نادروستە مامەڵەی پێوە بکرێت، نمایشی شانۆیی بونیاد و بنەما و ڕەهەندی هزری و درامی جوانکاری خۆی هەیە، ناکرێت کۆمەڵە شانۆکارێکی دێرینی وەکو ئەو بەڕێزانە ئەو جۆرە نمایشە بەو پاساوە پێشکەش بکەن، ئەوان نمایندەی پەنجا ساڵەی مێژووی شانۆی شارێک دەکەن، ئەوان پێگەیان زۆر لەوە

**لە ڕابردوودا کارە هونەرییەکانی سەباح عەبدولڕەحمان ڕووداوێکی هونەریی گرنگ بوون، وەکو مارەیی، چڵپاو، مرۆڤ و ئازارەکانی، هەبوونەبوو، لاس و خەزاڵ، کە ببوونە مایەی باس و خواسی ڕۆژنامەکانی ئەوکاتە، لەڕووی جەماوەریشەوە بینەرێکی یەکجار گەورەیان هەبوو**

گەورەترە، بەو شێوەیە نمایش دروست بکەن، بەداخەوە هەر چەند لێی ورد دەبمەوە، لەڕووی فۆرمەوە لەو نمایشە ساتێریانە* دەچێت، کە کاتی خۆی یۆنانی و ڕۆمانییەکان لە کاتی پشووی نێوان نمایشە شانۆییە مەزنەکانیان پێشکەشیان دەکرد، بۆ ئەوەی بینەر تۆزێک بە کۆمیدیایەکی بازاڕی خاو بکەنەوە و لەڕووی سایکۆلۆژییەوە ئامادەی بکەنەوە بۆ ئەوەی بتوانێت بەردەوام بێت لە پرۆسەی بینینی تراژیدیا مەزنەکان، کە کات و وزەیەکی زۆری لە بینەر دەویست.

دواتر ڕوونە هونەرمەند و توانای هونەرمەند لە بچووکترین کاری هونەرییدا دەردەکەوێت، هونەرمەندی داهێنەر ئەگەر دیمەنێکی پێنج دەقەییش پێشکەش بکات، دەتوانێت بینەر سەرسام بکات و بینەر بە ئاسانی توانا و داهێنانی ئەو هونەرمەندە لەو دیمەنە کورتە و لەو





دیمەنێک لە شانۆگەریی ڕووتە و سەگ و بەگ

زەمەنە کورتە دەبینێت، چونکە داهێنان و جیاواز بوون و شۆککردنی بینەر بنەمای کاری هونەریی داهێنەرانەیە، هونەر بەرپرسیارێتییە، هەموو بەرهەمێکی هونەریی بەرپرسیارێتییە، ناکرێت هونەر بۆ بۆنە و موناسەبە بچووک بکرێتەوە (وەکو بینیمان لەو چەند ساڵەی ڕابردوو لەم شارە هونەر بەگشتی و شانۆ بەتایبەتی بۆ بانگەشەی حزبی و تەمجیدکردنی سەرکردەکان بەکار هات) هونەر ناکرێت بە ڕاگوزەری کاری لەسەر بکرێت و ببێتە برگەیەکی کات کوشتن، بەتایبەت کاتێک کۆمەڵێک شانۆکاری دێرین ئەو کارە دەکەن، سەباح عەبدولڕەحمان یەکێکە لە ڕابەرانی شانۆی کوردیی لە هەولێر و کوردستان، هەموو جووڵەیەکی هونەریی بە ئەرێنی و نەرێنی

**سەباح عەبدولڕەحمان، لەو شانۆگەریی (ڕووتە و سەگ و بەگ) کە ناوی لێناوە ئیرتیجالی، بە بڕوای من کوالیتی هونەریی ئەم نمایشە بۆ من و زۆرێک لە ئامادەبووان هەزار و یەک نیشانەی پرسیار و سەرسوڕمانی دروست کرد و ڕووبەڕووی واقیعێکی تاڵی هونەری شانۆیی کردینەوە**

لەسەری دەکەوێت، تەنانەت ئەگەر دیمەنێکی پۆلی-صفی، پێشکەش بکات، دەبێت ئاگاداری ئەوە بێت، ئەو ناوێکی گەورەیە و مەرجەعە بۆ دەیان شانۆکاری بە ئەزموون و گەنج، بۆیە ئەم نمایشە مامۆستا ڕووبەڕووی دەیان پرسیار دەکاتەوە، پاش ئەو هەموو ئەزموونە، ئێمە وەکو شانۆکارانی گەنج چاوەڕێی ئەوەمان لە مامۆستا سەباح و هاوڕێ پێشەنگەکانی دەکرد؟

من لەبەر ئەوەی بڕوام بەوەیە کە هونەرمەند و نووسەر و ڕەخنەگر دەبێت ڕاستگۆ بێت و ترسی لە گوتنی حەقیقەت نەبێت، باجێکی گەورەم داوە لە گوتنی حەقیقەت و دڵنیاشم لە داهاتووشدا دەیدەم، تەنانەت دوای بڵاوبوونەوەی ئەم وتارەش دڵنیام دیسان کۆمەڵێک کەس کە ناتوانن ڕووبەڕووی حەقیقەتی کارەکانی خۆیان ببنەوە، بەشێوەی جیاواز هێرشم دەکەنە سەر و ناو و ناتۆرەی جیاوازم بۆ دروست دەکەن، بەڵام من بێباکم، چونکە ئەرکی خۆم بە ڕاستگۆیی پیادە دەکەم و ئەوە دەنووسم، کە بڕوام پێی هەیە، لێرەشدا لە ئێوەی خوێنەری بەڕێز دەپرسم دەبێت ئێمە لەو ڕەوشە بێدەنگ بین، دەبێت من وەکو نووسەرێک و ڕەخنەگرێک لە ڕەوشێک بێدەنگ بم، کە دەبینم کۆمەڵێک شانۆکاری گەورە و دێرینی شارەکەم بەرەو هەڵدێر هەنگاو هەڵدەگرن و هەموو داهێنان و مێژووی دوێنێیان دەخەنە ژێر پرسیار، ئەم کارانە هەر تەنیا زیان بە ناوبانگی ئەوان ناگەیەنێت، ئەمە شکۆی شانۆی میللەتێکە، ئێمە دەیان میوانی غەیرە کوردمان لەو ڤێستیڤاڵە هەبوو، پێمان خۆشبوو، کە چۆن سەرسام بوون بە شالیر و سرودێک بۆ ئیکارۆس و ڕۆژگار گۆرانییەکانی خۆی دەڵێت، ئاگاداریشم نووسین و وتاریان لە ڕۆژنامە و سایتە هونەرییەکانی خۆیان لەسەر ئەو نمایشانە بڵاوکردووەتەوە، پێم خۆش بوو نمایشەکەی مامۆستا سەباح و هاوڕێکانی لە ڕووی داهێنان و جوانکارییەوە تووشی شۆکیان بکات، بەڵام بەداخەوە ئەوە ڕووی نەدا.

لە کۆتاییدا جارێکی دی دەمەوێت ئەوە دووپات بکەمەوە، کە هەولێر و فەزای هەولێر بەرپرسە لەم ڕەوشە خراپەی کە شانۆ تیاییدا دەگوزەرێت، ئەوە فەزای کلتووریی و مەعریفیی شارەکەیە، کە ڕێگە دەدات ئەو کارانە لەسەر شانۆ پێشکەش

بکرێت و بێدەنگ تێپەڕێت، شارێکە هەناسەی ڕەخنەگرتن و گوتنی (نا)ی تێدا کوژراوە، ئەمەش دەرهاویشتەی فەزای گشتیی شارە، لە شارەکانی دی فەزای شار ڕێگە نادات، کە شانۆکار بەناوی شانۆی جیددی و ئەکادیمی ئەمجۆرە نمایشانە پێشکەش بکەن، چونکە شار لێت دەپرسێتەوە، دەتخاتە ژێر بەرپرسیارێتی و بینەری شارەکە سزات دەدات، بەڵام بەداخەوە لێرە هیچ ئاوێنەیەک نییە، هونەرمەند ئاستی کارەکانی تێدا بدۆزێتەوە، کێشەی هەولێر ئەوەیە، کە نەیتوانیوە وەکو شار ببێتە ڕەقیب و چاودێر بەسەر کاری هونەرمەند و ئەدیبەکانی، شارێکە هەموو بنەماکانی داهێنان تێیدا شێواوە، شارێکە ئەوەندەی خەریکی ستایشی دوێنێی خۆیەتی ئاگاداری ئەو کارەساتە نییە، کە ئێستە تێدا نقوم بووە، شارێکە تەنیا ستایش و پیاهەڵدانت لێ قەبوڵ دەکات و ڕەخنە بە خیانەت و دوژمنایەتی دەبینێت.

دواهەمین شت دەمەوێت ئەوە بڵێم کە مامۆستا سەباح عەبدولڕەحمان و هاوڕێکانی هێشتە نموونەیەکی جوانی هونەرمەندی ئەو شارەن، هێشتە دڵیان لای شانۆی شارەکەیە، هێشتە خەم لە واقیعی ئەم شارە دەخۆن، بەداخەوە کۆمەڵە شانۆکارێکی دی ئەو شارە تەنانەت تاقەتیان نییە بەلای شانۆدا گوزەر بکەن، یەک نمایشی شانۆیی نابینن، یەک وشە لەسەر شانۆ ناخوێننەوە، من ڕووی دەمم لە مامۆستا سەباح و هاوڕێکانیەتی، چونکە هەستدەکەم دەتوانن باشتر خزمەتی شانۆی شارەکە بکەن، هێشتە وزەی کارکردنیان تێدا دەبینم، بەڵام پێویستە زیاتر لەوە ورد ببنەوە، زیاتر لە بەرپرسیارێتی سەرشانیان بڕوانن، زیاتر هەست بەوە بکەن، کە نابێت لە پەراوێز سەیری ڕەوشەکە بکەن، نابێت بەو شێوە سەرپێییە مامەڵە لەگەڵ پرۆسەی دروستکردنی نمایشی شانۆیی بکەن، زەمەن گۆڕاوە و ئەگەر هونەرمەند لەو گۆڕانکاریانە تێنەگات، ون دەبێت و بەجێدەمێنێت، کە کارێک دەکەن دەبێت لە ئاست ناوو ئەزموون و پێگەیان بێت لەنێو نەخشەی شانۆی کوردیی، دەنا مێژوو هیچ پاساوێکیان لێ قەبوڵ ناکات، داهێنان تاکە سەرمایەیە، کە کەس ناتوانێت پێت ببەخشێت، نە حزب و نە حکوومەت و نە مێژوو، داهێنان موڵکی خۆتە و ئیرادە و مەعریفەی خۆت دروستیدەکات.

*شانۆی ساتیری: چەند دیمەنێکی شانۆیی زۆر بازاڕی و ئاست نزم بوون، کە لە سەردەمی یۆنان و ڕۆمان وەکو ناوبڕ لەنێوان نمایشە شانۆییەکان بۆ چێژبەخشین و پێکەنینی بینەر پێشکەش دەکرا و هەموو جۆرە کردارێکی تێدا دەکرا بۆ ئەوەی بینەر بخەنە پێکەنین.



دیمەنێک لە شانۆگەریی شەوگار گۆرانییەکانی خۆی دەڵێت



# سروودی ئەی ڕەقیب لە تای تەرازوودا



**ئەسعەد قەرەداخی**
**سوید**

**بەشی سێیەم**

**لایەنی سێهەم: لێکدانەوەی مێژوویی**

هەرچی سەرچاوە مێژووییەکانە گەواهی بۆ ئەوە دەدەن کە ڕەگ و ڕەچەڵەکی کورد دەچێتەوە سەر ماد (یاخود میدیا) ئەو گەلەی کە شاشانییەکی بەرفراوانی بەناوی شاشانیی میدیا لە نزیک٦١٢ پ.ز دامەزراند. بۆ سەردەمانێک ناوچە میدنشینەکان لەژێر دەسەڵاتڕەوی ئیمپراتۆریتی ئاشووریـیدا بوو.

کاتی خۆی، تیرەکانی ماد، کە دەڵێن گوایە لە حەوت تیرەی سەرەکی پێکهاتبوون، لەژێر توانا و لێهاتووی دیاکۆ شا توانرا لە یەکتر نزیک بکرێنەوە و هێزیکی یەکگرتوو ڕێکبخەن. پاش مردنی، کوڕەکەی فراوتیس درێـژە بەو بەهێزکردنە دەدات کە باوکی پیادەی کردبوو. فراوتیس لەنێوان ساڵانی (٦٧٤ - ٦٥٣ پ.ز) دا توانی بە تـەواوی لەشکرێکی بەهێزی ڕیکوپێک و توندوتۆل تەیاربکات. هەر بەدوایدا بۆ تاقیکردنەوەی لێهاتوویی خۆی ئەو لەشکرە بەهێزەی، شاڵاوی کردە سەر ناوچەکانی فارس و سیثیان Scythian و سیمێریان Cimmerian و هەموویانی خستە ژێر دەسەڵاتڕەوییەکەیەوە. بەڵام پاش ماوەیەک لە ڕوبەڕووبوونەوەی لەگەڵ ئاشوورییەکاندا شکستی هێنا و کوژرا.

پاش خۆی، کەیخوسرەو/ی کوڕی( ٥٨٤- ٦٣٣ پ.ز) جێی گرتەوە. ئەم پاشایە ناسرابوو بەوەی، کە سەرکردەیەکی زۆر جەربەزە و سالار و ژیر و زرنگ بوو. بە مەزنترین پاشای میدیا دادەنرێت. لە ماوەی کەمی فەرمانڕانیدا توانی دەسەڵاتی بسەپێنێتەوە بەسەر ناوچەی فارس، خێڵە ڕەوەندەکان جێگیر بکات و دەستوور و قانوون بە یاسا ڕێکبخات. سەرلەنوێ لەشکر بەشێوەیەکی نوێ ڕێبخاتەوە و سوود لە شێوازی شەڕکردنی سایثیانەکان Scythians وەرگرێت. پاش هێورکردنەوە و ڕێکخستنەوەی کاروباری وڵات. ڕێکەوتنی هاوپەیمانی لەگەڵ پاشای بابلی نابۆپۆلاسەر (٦٠٥ – ٦٢٧ پ.ز) Nabopolassar دژ بە زوڵم و زۆری دەوڵەتی ئاشوور دەبەستێت.

لە ساڵی (٦١٥ پ.ز)، لەشکری ماد بە پێشڕەویتی خودی کەیخوسرەو خۆی لە ناوچەی کەرکووک (ئارەبخا) ئـوردووگـای سـەربـازی خست. لە باشووریشەوە، نابۆپلاسەر بەخۆی و لەشکرکەیەوە کەوتنە پێشڕەویی و چوونە نێو شاری بێجی، کە پایتەختی هاوینەی ئاشوورییەکان بوو، گەڕوبەری ناوچەکەیان پاکردەوە و بوونە ڕێگر و هەڕەشە لـەڕووی لەشکری پاشای میسری ئامازیس/ی (هاوپەیمانی دەوڵەتی ئاشوور) نەوەک بە هانای مەلیکی ئاشوور ساراک کوڕی ئاشوور بانیپاڵ/ـەوە بێت. هەردوو لەشکر کەوتنەوە خۆگورجکردنەوە خۆرێکخستنەوە بەرەو نەینەوا بۆ پەلاماردانی یەکلاییکردنەوە. لە کارزارێکی سەختی بەرابەریدا مەلیک ساراک دەکوژرێت. لە نزیک ساڵی ٦١٢ پ.ز شاری نەینەوایان پاککردەوە لە هەموو بەرەنگارییەک. پاشماوەی لەشکرە بەزیوەکەی ئاشوورییەکان کە ئاشوور ئۆبالیت/ی مامی گرتبوویە خۆی، بەرەو چیاکانی شاری حەڕران هەڵاتن. بەڵام بەدوایان کەوتن و زەبرێکی توندیان پێگەیاندن و وایان لێکردن کە ئیدی هیچ هێزێکیان نەمێنێت و لەو سەردەمەدا ناویان لە مێژوودا بکوژێتەوە. ئەم هاوپەیمانییە بووە هۆکارێکی بەهێز بۆ ڕووخاندنی دەوڵەتی ئاشوور کە بەهێزترین ئیمپراتۆریتی ئەو سەردەمە بوو. دەسەڵاتی گەیشتبووە کەنارەکانی دەریای سپی لە خۆرهەڵات و نزیکەی هەموو وڵاتی ئێرانی ئێستە و کوردستانی باکوور و تا نزیک وڵاتی میسر.

ئـەم هـاوپـەیـمـانـییـەی نـێـوان کـەیـخـوسـرەو و نەبوپلاسەر پەرە دەسێنێت و زیاتر لەیەکدی نزیک دەبنەوە. بەرهەمی ئەو نزیکبوونەوەیش خوازبێنی

ئاماتیس/ی کچی کەیخوسرەو شا بۆ نەبوخوزنەسری کوڕی نەبوپلاسەری لێدەکەوێتەوە و دەبێتە ڕێخۆشکەر بۆ زیاتر بهێزترکردنی هاوپەیمانییان.

بەهاتنی ئەو بووکە نازدارە شاخاوییە دەسبەجێ فەرماندەدرێت بە بیناکردنی کۆشکێکی زۆر گەورەی هەڵکشاوی ناسراو بە باخە هەڵواسراوەکانی بابل Hanging Gardens of Babylon بۆ ئەوەی هەمان دیمەن و سروشتە شاخاوییەکانی لەبەرچاوبێت و هەست بە نامۆیی نەکات. بەڵێ سەردەمی ئێستامان، ئەو ساڵی سەرکەوتنە، ساڵی٦١٢ پ.ز ایینی/یە ناودێر دەکریت لە مێژوودا بە دامەزراندنی یەکەم دەوڵەتی میدیا، کە ئێمەی کورد بە باوانمانیان دەزانین.

ساڵی کوردیی کە ئێستە بەکاردەهێنرێت لەو ساڵەوە دەژمێردرێت (بەداخەوە دەسکاریی تێداکراوە لەبەر خاتری ساڵی زایینی) لەوساڵەوە کورد شانازی بەو مێژووەوەی دەکات، کە شاشانشینیی (Empire) و دەوڵەتی هەبوو. ئیدی چۆن شانازی بەو دەوڵەتە و دامەزرێنەری ئەو دەوڵەتە کەیخوسرەو نەکرێت؟ بۆچی لە بۆنە و چالاکی و نووسینەکانماندا ناویان نەهێنین و لە سروودێکی وا پیرۆزی نیشتمانیماندا نەتوانین بڵێین ئێمە ڕۆڵەی میدیا و کەیخوسرەوین؟ بۆچی بۆ فارس ڕەوابێت شانازی بە کورۆش و هاخامنشینەوە بکات؟ بۆچی عارەب شانازی، بە قەعقاع و خالید کوڕی وەلید، هاروون ڕەشید و حەجاج کوڕی یوسفی سەقەفی و موتەنەبی/یەوە بکات؟ بەڵام بۆ ئێمەی کورد بڤەبێت و نابێت، لەبەرئەوەی ناوەکە بە هەڵە هاتووە و کەیخوسرەو کورد نەبووە. جا ئەگەر کورد نەبووبێت، ئێمەیش ناچینەوە سەر مادەکان و بە هەڵەخراوینەتە نێو مێژووەوە.

کەواتە، ئەگەر لە گێڕانەوەی هەندێک لەو مێژوونووسانەی کە لەنێو مێژووی عارەبیدا ناوبانگیان هەیە، دەبێت ئێمەی کورد لە وەچەی گەنجانێکی ونبوو کەوتبینەتەوە و لە چنگی زوڵم و زۆری ئەژدەهاک بەرەو چیاکان هەڵاتبین. مێژوونووسی عارەبیی المَسْعودي لە کتێبی {مروج الذَهَب، ج٢/ لا/١٢٢ – ١٢٣} دەڵێت: «لەنێو ئەو چیایانەدا لە جنۆکە و جانەوەر زاوزێیانکردووە و ناوی کوردیان لێنراوە» هەر هەمان سەرچاوە کردوینی بە عەرەب، بەرەو چیاکان کۆچمانکردووە و تێکەڵ بە عەجەمییان بووین و بەمەیش زوانەکەیان بووەتە عەجەمیی» هەندێکی دیکە بیروڕای وایان خستبووەوە، کە ناچێت بە عەقڵی هیچ مرۆیەکدا ئەویش گوایە لە وچەی جنۆکەین

{الراغِب الأصْبَهاني: محاضرات الأدباء، ١٦٠/١}.

لایەنی چوارەم: بەراوردێکی سروودی ئەی ڕەقیب لەگەڵ هەندێک سروودی دیکە

لایەنی نیشتمانیی و نەتەوەیی

سروودی ئەڵمانیا بەناوی:. سروودی ئەڵمانەکان The Song of the Germans

ساڵی ١٨٤١، لەو دەمەی ئەم هۆنراوە لە لایەن هۆزانڤانی ئەڵمانی ئۆگوست هۆفمان ڤۆن فالڵەرسلێبن August H. Fallersleben (١٧٩٨–١٨٧٤) نووسرا و لەلایەن مۆزیکار جۆزێف هایدن Joseph Hyden (١٧٣٢–١٨٠٩) ناوچەکانی سەرانسەری ئەڵمانیا، زیاتر لە سیانزە گەل و نزیکەی سیی و نۆ هەرێم (ویلایەت) پێکهاتبوون، لەوانەی، کە زۆر دیار و دەسەڵات بوون، برووسیا، باڤاریا، سەکسۆنیا، ئەمانیش هەر یەکە و بە زوانی خۆیان ئاخاوتنیان دەکرد. دەڵێن کاتێکیش، کە ئەم هۆنراوەی داناوە لە گەشتێکی پشوودانا بووە لە لاندی هێلیگۆلاند و لەوێوە بڵاویکردووەتەوە، کە دەبێتە سروودێکی نیشتمانیی، دەنگدانەوەیەکی زۆر گەورە و بەربڵاوی لێدەکەوێتەوە، هەموو پاش ماوەیەکی کەم ئەو سرووده چ وەکو هۆنراوە و چ وەکو ئاواز پەسەندی دەکەن. ئەمەیش دەقی بەشی یەکەمێتی لەو سێ بەشەی کە تاکو ئێستە ماوەتەوە و دەڵێت:

**بۆچی لە بۆنە و چالاکی و نووسینەکانماندا ناویان نەهێنین و لە سروودێکی وا پیرۆزی نیشتمانیماندا نەتوانین بڵێین ئێمە ڕۆڵەی میدیا و کەیخوسرەوین؟**

Das Lied der Deutschen

ئەڵمانیا، ئەڵمانیا لەسەرو هەمووان

Germany, Germany above all else

لە سەرو و هەمووان، لەنێو جیهان

Above all else in the World

ئەگەر هەمیشە پێکرا بوەستن

If it always stands together

برایانە لە بەرگری و بەرخودان

Fraternally in defence and defiance

لەم بەشەیدا، وا لێکدەدرێتەوە کە دەیانەوێت بڵێن تەنیا و تەنیا و بەس بۆ ئەڵەمانەکان هەیە ئەم سرووده بخوێنن.

بەشی یەکەم و دووەم زۆر بە ئاشکرا، نەتەوە پەرستی و گەلی خوابژاردەی پێوە دیارە، ئێستە ئەو دوو بەشەی یەکەمی ئەگەرچــی لە بۆنە فەرمییەکاندا ناگوترێت، بەڵام لە خوێندنگەکاندا هەروەک خۆی ماوە.

لا مارسیللەیز La Marseillaise ی فەرەنسا

لە نزیک ساڵی١٧٩٢ ئەفسەر و شاعیری فەڕەنسایی کلاود جۆزێف ڕۆژێت دی لیسلی (Claude J. Rouget de Lisle 1760–1836) ئەم سروودەی بۆ ئارتەشی ڕاین لە ستراسبۆرگ نووسیوە، کە لە ڕووبەڕووی جەنگدا بووە دژی ئیمپراتۆریتی نەمسا. ئەم دەقە هۆنراوەیە لە ١٧٩٥/٧/١٤ تاکو ساڵی ١٨٠٤، ماوەی نۆ ساڵ سروودی نیشتمانیی فەڕەنسا بووە. لە سەردەمی کۆماری سێیەمینی فەڕەنسایی، بە شێوەیەکی فەرمی و هەمیشەیی کرا بە سروودی نیشتمانیی. لەنێوان ساڵی ١٩٧٤- ١٩٨١، سەردەمی سەرۆکایەتی ڤالێری جێسکار دیسان پێشنیازی ئەوە کرا کە ڕەزمەکەی کەمێک خاوبکرێتەوە، چونکە هەست بە توندییەک دەکرا لە دەقی

**لە کوردییدا وشەی خدێوی هەیە، کە نازناوە بۆ ئەو بنەماڵە کوردە، کە لە ساڵانی نێوان ١٨٠٥ بۆ ١٩٥٢ پاشایەتیی میسر و سودانیان دەکرد**

وشە و ئاوازە ڕەسەنەکەدا.

ئەوەی کە ئێستە دەخوینرێت:ـ

***ڕاپەڕن ڕاپەڕن، ڕۆڵەی نیشتمان***
***وادەمی شکۆ، گەیشتووە پێمان***
***دژی ستەم و زوڵمی زۆرداران***
***کە هەڵیانکرەدووە بەیاخی خوێنڕێژییان***
***دەبیستن لەنێو گشت ئەو گوندانە***
***مڕە و وەڕینی ئەو سەربازە دڕندانە***
***وابەڕێوەن و دێن بۆ سەر ماڵوحاڵتان***
***بۆ قوڕگ بڕینی، ڕۆڵە و ژنانتان***
***چەک هەڵگرن ئەی، هاونیشتمانان***
***ڕێکبخەن دەی ڕێکبخەن، گشت ڕیزەکانتان***
***دەی بۆ پێشەوە، دەی بۆ پێشەوە***
***تێربکەین زێدمان، بە خوێنی پیسیان***
***لایەنی پێنجەم: لێکدانەوەی دینیی***

لێرەدا، لەبەر چەند هۆیەک، حەزمکرد کەمێک بایەخ بە ڕوونکردنەوەی زیاتر و ڕاڤاندنی ئەم لایەنە بدەم. جارێ، بابزانین وشەی ڕەقیب لە زوانی عارەبیدا چۆن هاتووە؟ چونکە ئاشکرایە، کە ئەم وشەیە (ڕەقیب) وشەیەکی عارەبی/یە

ڕەگی ۛوشەکە بریتییە لە رَقِـبَ، وشەکە گەردێنراوە (تَصْریف) بۆ شێوگی هاوەڵناو و بووەتە (رقیب). وشەی ڕەقیب، لەو وانەیە کە لێکدانەوەی ئەرێیی و نەرێیی وەردەگرێت، ئەویش بەپێی ڕەوشی ئەو ڕستەیەی کە تێیدایە. بە چەند مانایەکیش هاتووە، لەوانە؛ چاودێر، پارێزەر ، گەورەیەکی وەکو مەلیک چاودێری کاروباری ڕەویە(رعيّة) و بەندەکانی بکات. لە ڕیزەکانی لەشکردا بەمانای سەر لقی سەربازان.

* رَقِيبٌ ﴿ئایەتی/١٨سورتی/ق﴾ ملك يراقب أعمال العباد. لە سورەتی قاف ئایەتی/١٨:ـ ﴿رقيبٌ عتيدٌ﴾ ما يَلْفِظُ مِنْ قَوْلِهِ إلّا لديهِ رقيبٌ عَتيدٌ (المهيأ و الحاضر). ئەوەی لە واتایەوە گۆی پێدەکرێت، هەردەبێت چاودێرێکی ئامادەکراوی هەبێت. لە سوورەتی هود، ئایەتی/٩٣ ﴿وارْتَقِبوا إنّي مَعَكُمْ رَقيبْ﴾ چاوەنۆڕبن، ئەز لەگەڵتان چاوەنۆڕم؛ چاودێرم. الرقيب: پارێزەر والمَرْقَبْ: المكان العالي الذي يَشْرِف عليهِ الرَّقيبْ. تَرَقّبْ: إحترزْ راقباً، الرَّقوب: المرأة التي تُرَقِّبُ موتَ ولدِها، لِكثْرةِ مَنْ ماتَ لِها مِنَ الأولادِ. لە ئایەتی/١، سوورەتی النِّساء، هاتووە ﴿إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا ﴾ مانای خوا بەسەرتانەوە چاودێر بوو، هەروەها بەمانای المنتظر، حارس، طَليعَة القوم دێت مانای چاوەڕوان و چاودێر، ئاگادار لە هەموو شتێک، پێشەنگی میللەتێک دێت.

ئەم لایەنە ئەگەرچی بە زۆر هەستەنگ (حَسَّاسْ)کراوە، بەڵام هیوادارم بتوانم تروسکاییەکی بخەمە سەر.

سەرەتا دەمەوێت بکەومە بەدواچوونی گوزارەی «ئەی ڕەقیب»

لە دینی ئیسلامدا، ناوەکانی خودا، یان لە ناوەڕۆکی قورئانەوە هەڵگۆزراوە و هەمووی لەژێر ناوی «الأسماء الحسنى» کۆکراونەتەوە، کە بریتییە لە سەد ناو، بێجگە لەناوی ئەڵڵاهـ(الله).

ئەڵڵا(الله) تاکە ناوێکە کە بە کوردیی پێیدەگوترێت خودا، مەزدا، یەزدان. ئەو سەد ناوەی دیکە، هەر هەمووی ئاوەڵناوە (صفة) بۆ ناوی ئەڵڵا، مانای خودای مەزن سەد سیفاتی ڕها: مُطلَقْ: Absoluteی هەیە. بەڵام بە کەم، یان زۆر ئەم سیفەتانەی بەشێوەکی خزمیی Relative بەگشت زیندەوەرانی گەردوونی بەگشتی و بە ئادەمیزاد زۆر بەتایبەتیی بەخشیوە. بەوەی، کە ڕۆحی پێبەخشیوە

کە لە هیچ زیندەوەرانێکی دیکەدا نییە. چونکە ئەو ڕۆحە، کە فەرمانی خودا بە جەستەی ئادەمیزادا کراوە، بریتییە لە ناسین و (زانین)ێکی زۆر کەم ﴿الرُّوحُ مِنْ أَمْرِ رَبِّي وَمَا أُوتِيتُمْ مِنَ الْعِلْمِ إِلَّا قَلِيلًا(٨٥)﴾ سورة الإسراء. فەرمان بە چاکە و نەرێ لەکاری ناپەسەند ﴿تَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَتَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ(١١٠)...آل عمران﴾ مرۆڤ، کە زیندەبوونەوەرێکی ئادەمیزادی بژاردە و پاراوی ئەم گەردوون و سەر گۆی زەوییە، بۆمان هەیە بۆ پیرۆزی و هەڵگری خووڕەوشتی بەرز و ڕەفتاری جوان لەو سیفەتانە بە خۆماندا بپۆشین. بەو سیفەتە بەخشندەیە نەوە بەدوای خۆماندا بخەینەوە لە زەوییدا ﴿إِنِّي جَاعِلٌ فِيالأَرْضِ خَلِيفَةً (٣٠)...البقرة﴾ چون، کە ئادەمیزادی ئافراندوە، ڕێز و بەخشینیشی پێداوە﴿لَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِي آدَمَ (٧٠)... الإسراء﴾ برێک لە سیفاتەکانی خۆیی تێیدا چاندوە. هەروەکو چۆن ڕۆڵەکانمان ناوی ئەو پەیامبەر و مێرخاسانیان لێدەنرێت و بەو سیفتانە پەروەردەکرێن.

وشەی ڕەقیب، کە یەکێکە لە سیفەتەکانی خودا، ڕیزبەندی ناوخاسەکانی خودا (أسماء الله الحسنى)ی بە ژمارە/٤٢ هەڵگرتووە. هەندێک لەو ناوانە، بوونەتە ناوی کەسان لەنێو گەلانی کورد، عارەب، تورک، فارس و گەلێک لەو گەلانەی دیکە کە مسوڵمانیان تێدایە، تەنانەت لە دینی ئێزدیی و یارسان-یشادا، ئەویش دەشێت هەر وەکو چاوەزار و دەربڕینی خۆشەویستیی و خۆنزیکاندن لە سیفەتەکانی خودا، تاکو ئێستەیش ئەم ناوانە باون، لەوانەیش: العلي/٣٥، الولي/٥٤، الوالي/٧٥، النور/٩٣، الرشيد/٩٨... هتد. زۆر ناوی دیکە چ وەکو ناو و چ وەکو پاشناو (لەقەب) هەن، وەکو: الغفور، الشكور، الحليم، المجيد، الحميد، الصابر، الصمد، القادر، السلام، الجبار، الوهاب، اللطيف... هتد بەبێ ئەوەی هیچ کێشەیەکی ناپەسەندی لێکەوتبێتەوە.

لە ئایەتێکی دیکەی قورئاندا فرۆزەی یارانی پێغەمبەر دەکات و دەفەرموێت: ﴿ مُحَمَّدٌ رَسُولُ اللهِ وَالَّذِينَ مَعَهُ أَشِدَّاءُ عَلَى الْكُفَّارِ رُحَمَاءُ بَيْنَهُمْ/٢٩ ... الفتح ﴾ وشەی أَشِدَّاءُ کۆی وشەی شَدِيد/ە وشەی رُحَمَاءُ کۆی وشەی رحيم/ە. لێرەدا دەبینین وشەی رحیم دووەم ناوە لە لیستی (أسماء الحسنى) لەم ئایەتەدا بە ڕوونی و ئاشکرا و بێ پەردە، خودا ستایشی یارانی پێغەمبەر دەکات، بە دڵناسک و بەزەیی ناویان دەبات. ئەم ناوانە زۆر دەبیینرێن و دەبیسترێن چ وەکو ناو و چ وەکو پاشناو (لەقەب) زۆر باون لەنێو میللەتانی خاوەن میانەدا. سەرنجدان لەم وشەی (رقیب)ە لە قورئانی پیرۆزدا، هەمیشە سیفەتی گەشبینی و ئەرێنیی لەخۆگرتووە.

لە کوردییدا وشەی خدێوی هەیە کە نازناوە بۆ ئەو بنەماڵە کوردە (العائلة العلوية الخديوية) کە لەساڵانی نێوان ١٨٠٥ بۆ ١٩٥٢ پاشایەتیی میسر و سودانیان دەکرد. خدێوی محەمەد عەلی پاشا/ی کورد نەژاد (١٨٤٨ – ١٩٥٢)، دامەزرێنەری ئەو دەسەڵاترەوییە بووە (عەلی یەکێکە لە ناسناوەکانی خودا بە ئەلفولامی؛ال مُعَرَّف. لێکدانەوەی وشەی خدێوی/یش، وەکو ناسناو زۆر نزیکە لە ناوی خودا، بەڵام لێرەدا، کە وەکو خاوەن کەسایەتییەکی زۆر بەهێز و توانا و کاریزما تەماشادەکرێت. هەڵگرتنی ئەم ناوەیش وەکو نازناوێکی مەعنەوەییە و وەک وشەیەکی هاومانا بە مەلیک، خەلیفە لێکدەدرێتەوە. یاخود وشەی خودێ، خودان کە لە لاوژەی کورمانجیدا هەیە، بەهەمان چەشن لێکبدرێتەوە. بۆ نموونە؛ بە شێخ ئەحمەدی بارزان دەگوترا خودانی بارزان، ئەوەیش لەبەرئەوەی گوایە ئەوەندە بەرز و خاوەن سەرچاوەیە، بۆ هەموو دەسەڵاتێکی خواپێداو (دەسەڵات پێدراو لەلایەن

**ئەگەر لە گێڕانەوەی هەندێک لەو مێژوو نووسانەی، کە لەنێو مێژووی عارەبیدا ناوبانگیان هەیە، دەبێت ئێمەی کورد لە وەچەی گەنجانێکی ونبوو کەوتبینەتەوە و لە چنگی زوڵم و زۆری ئەژدەهاک بەرەو چیاکان هەڵاتبین**

یەزدانەوە) بەڕادەیەک کە زۆر لە سیفەتەکانی خودای تێدا بەرجەستەبووە. ئەمانە هەمووی لایەنی ئەرێتیی و سیفەتی باشن بۆ کەسانێک، کە ئەم ناوانەیان هەڵگرتووە.

هەر لە زوانی عەرەبیدا بە لایەنێکی نەرێتیی-یش لێکدراوەتەوە. نموونەی نووسەرێکی فەلەستینی فراس حاج محمد دەهێنمەوە، کە لە گوزارەیەکیدا وشەی ڕەقیب/ی بە سیفەتێکی ناپاک و بەدکار و خراپ لێکیداوەتە و دەڵێت: «يحب الإنسان العيش حُرًّا، لا رقيبَ عَلَيهِ سِوى ذاته وأفكاره التي يَقْتَنِعُ بها، ويَحْرِصُ أنْ تكونِ سلوكياته وتصرفاته بناء عليها، ولهذا فقد خلق الله الإنسان حُرًّا في اختيار أفعاله، ليكون جديرا بعقابه أو ثوابه، فلا يحق لأحد أن يراقبك مهما كان نوع هذا الرقيب سياسيا أو اجتماعيا».

لێرەداو دەردەکەوێت، کە بە لێکدانەوەی عەرەبی مانای چاودێر، چاوەنۆڕ بۆ پارێزگاری و پاراستن دەگەیێنێت، لە هەمان کاتیشدا زۆر لە وتار و پەخشان و شیعر و چامەکانیاندا مانای ناپاکیشی گەیاندووە.

ئاشکرایە، لە هەموو دامودەزگای دەوڵەتێکی سەربەخۆدا، بەتایبەتیی ئەو دەزگایانەی بەرپرسن لە دەزگاکانی پەخش و ڕاگەیاندن، بۆ نەشێواندنی زوانی فەرمی و ئاسایشی نەتەوەیی و نیشتمانیی، پێویست دەکات دەستەیەکی کارامە و فەرەزان دابمەزرێنێت بۆ سەرپەرشتی ئەو بڵاوکراوە و چالاکییانەی پێی هەڵدەستێت. بێگومان هەر وڵاتە و ناوێکی بۆ ئەو دەستەی سەرپەرشتییانە دارشتووە. ئەمانە زۆربەی زۆریان، کە وەردەگێردرێنە سەر زوانی عارەبی دەبێتە ڕەقیب. کاتی خۆی لە وەزارەتی ئیعلامی ئێراقدا بەرێوەبەرێتییەکی تێدابوو بەناوی (مديرية الرقابة اللغوية و الأمنية، الرقيب اللغوي، الرقيب الأمني) لە کوردیدا، زۆرجار وشەی سانسۆر بەکار دەهێنرێت، کە ئەمیش هەر بە مانای ڕەقیب دێت. دەزگای دارایی هەرێمی کوردستان لە عەرەبیدا پێیدەگوترێت (مؤسسة الرقابة المالية، دائرة الرقابة الصحية... هتد)

ئەو کادیرەیش وەکو چاودێرێک کاری پێدەسپێردرێت لە عەرەبیدا پێیدەگوترێت (رقيب) لە ئەفسەری سەربازیی و پۆلیسدا پلەیەکی سێتارە هەیە، بەناوی (الرقيب)

**ئەم وشەی (ڕەقیب)ە لەم شیعرە کوردییانەدا بەمانای چاودێر دێت کە بە ناپاکی لێکدەدرێتەوە**

هەروەها بۆ گەلێک نموونەی دیکە...

لەزوانی کوردیشدا هەر بەهەمان لێکدانەوە: بەگشتیی سروشتی هەموو شیعرێک، یاخود هەر ڕستە و پەندێک لێکدانەوەی کشندەیی (مَطاطي) لە ماناکەیدا هەڵدەگرێت. لە دیدی زارشتی (مَنْطِق)یەوە، دەشێت دوو لایەنی لێکدانەوە لەخۆ بگرێت:

یەکەم؛ مەتنەواژە: ڕەوشی واژە؛ سَیاقُ الكلام: Context واژە پێکچنراو Weave together لە ڕستەدا.

دووەم؛ ڕستەسازیی: عِلم النَّحو: بناء الجملة Syntax مانای ڕستە پێکهێنان بِناءُ الجُمْلة، ڕستەندازیی (هەندازەی ڕستە): نَسْقُ الجملة/یش دەگرێتەوە.

بەهەمان چەشن، لێکدانەوەی وشەی (ئەی ڕەقیب) بکرێت، دەتوانرێت ناوەڕۆکی وشەکە یەکلابکرێتەوە و مانای زوانیی و زارشتانە لێ هەڵبگۆزرێت.

وشەی ڕەقیب، یەکێکە لەو وشانەی کە دوو لێکدانەوەی هاودژند: مُتَضادْ بەیەکتر هەڵدەگرێت؛ لایەنی ئەرێ (ئیجابي) و لایەنی نەرێ (سلبي) لایەنە ئەرێکە، ئەو نموونە عەرەبییانە کە بۆ ڕوونکردنەوە هێنامانەوە. لەوانەیە بەس بێت بۆ مانا (ئەرێ)یەکەی و لێکدانەوەی لایەنی نەرێیی، کە دەیهێنمەوە، پێچەوانەی پێشووە.

لە شیعری کوردییدا گەلێک نموونەمان هەیە، لەوانەیش:

مەلای جەزیری دەڵێت:

**پاش فیرقەتێ زۆر موحبەتێ/م ژ طەڵعەتێ چووم حەضرەتێ**

**وصلا حەبیب من بۆ نەصیب مەلعون ڕەقیب ڕەنجوور بوو**

مەحوی دەڵێت:

**ڕەقیب دەرکە، ئەم بەردەگە پاکە پیس ئەکا: فەرمووی**

**کە بەم بەر قاپیە، لازم سەگێکی وایە، بۆ بڕوا؟**

کوردی دەڵێت:

**کە ڕەقیب، دی من و یار پێکەوە نیشتووین لە ڕقان**

**وەک سەگێ پەت بکرۆژێ، دەم و لێوی دەکرۆت**

**غوربەت عەزیزم هەر ئاوی چاوە بەبێ ڕەقیب**

**ناوت دەهێنم هەمیشە بەبێ ترس و باک**

**عومرم ئەوەندە کافییە ساتێ بەبێ ڕەقیب**

**أُنْظُرْ إلى جَمالِكَ روحي يَكُنْ فِداكْ**

ئەحمەد مختار جاف دەڵێت:

**ڕەقیبی سەگ هەتا چاوم کەلا کرد**

**منی دوچاری صەد دەرد و بەڵا کرد**

ئەم وشەی (ڕەقیب)ە لەم شیعرە کوردییانەدا بەمانای چاودێر دێت کە بە ناپاکی لێکدەدرێتەوە.

لێرەدا، دەتوانین بڵێین کە نیاز ڕۆڵی زۆر گرنگ و باڵا دەگێڕێت لە مەبەست و لێکدانەوەدا. کە دەڵێت ڕەقیبم بەسەرتانەوە مانای ئاگادارم بەسەرتانەوە. لەوانەیە هەردوو مانا ئەرێ و نەرێ هەڵگرێت بەڵام ڕەوشەکە لە پێکهێنانی ڕستەدا ئەو نیازە پێشاندەدات.

هەندێک وشەی دیکەیش هەن، کە ناسناوە بۆ خودا و بەڵام ناویشە بۆ مرۆڤ، وەکو؛ سلام، جلال، عليّ، رشيد، ملک، مالک، رؤف، مُصَوِّرْ......هتد. ئەم ناوانەیش ناسناوێکی خزمیی(نِسْبِي)ە بۆ مرۆڤ و ناسناوێکی ڕەها(مُطْلَقْ)یشە بۆ خودا کە مرۆڤ نایگاتێ، بەڵام هەوڵی نزیکبوونەوەی دەدات.

# خوێندنەوەی کتێب

- **پ.د. موحسین محەمەد حوسێن.. بێ ترس و دوور لەسۆز مێژوو دەنووسێتەوە**

هۆشەنگ شێخ محەمەد یوسف

- **کردنەوەی دەقەکان**

پ.د. موحسین محەمەد حوسێن

# بێ ترس و دوور لەسۆز مێژوو دەنووسێتەوە



هۆشەنگ شێخ محەمەد یوسف

دکتۆر موحسین محەمەد حوسێن، زۆربەی کتێبەکانی خۆی بە زمانی عارەبی و کوردی پێشکەش کردووم[1] یەکێک لەم کتێبە گرنگانە کتێبی «پ.د. موحسین محەمەد حوسێن، بێ ترس و دوور لە سۆز مێژوو دەنووسێتەوە» کە هەڤپەیڤینێکە ئەدیب و نووسەر (ئازاد عەبدولواحید) لەگەڵی کردووە.

کتێبەکە بریتییە لە وتوویژێکی دووروودرێژ، دەوڵەمەند، بە بایەخ، پرسیاری باش و وەڵامی ڕاشکاو و بێ پێچ و پەنا، هەردوو وتوویژکارەکە، گەرموگوڕ قسە دەکەن (ئازاد عەبدولواحید) پرسیاری زۆر ورد لەسەر ژیان و خێزان و شاری هەولێر و ڕەوشی پەروەردە و زانست و ڕۆشنبیریی و کۆمەڵایەتیی و سیاسیی و حزبی و هونەریی و مێژوو و گشت شتێکی پێویست دەکات (دکتۆر موحسین محەمەد حوسێن)یش، بێ ترس و دوور لە سۆز وەڵامی پرسیارەکان دەداتەوە، لەئەنجامی ئەوەی گیانی کونجکۆڵی و لێکۆڵینەوە لە هەقیقەت بەسەر وتوویژەکەدا زاڵە، بووەتە کتێبێکی باش!

سەرەتای کتێبەکە بە پوختەی ژیاننامەی دکتۆر موحسین محەمەد حوسێن دەست پێ دەکات، لەو پوختەیەدا بە ژیان و گیانی دکتۆر ئاشنا دەبین، تێدەگەین بۆ ئەوەی کەسێک لەساڵانی پەنجاکان و سەرەتای شەستەکاندا لە بەغدا بخوێنێت و زانکۆ تەواو بکات، دواییش لەزۆر شاری ئێراقدا لە کۆمەڵێ قوتابخانەی سانەوی دەرس بڵێتەوە، ئینجا ماستەر بخوێنێت و دکتۆرا تەواو بکات و ماوەی بیست ساڵی ڕەبەق لە کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی بەغدا کار بکات، لەپاڵ ئەرکی زانکۆیی لە کۆمەڵێ ڕۆژنامە و کۆڤاردا لەبارەی مێژوو، فەلسەفەی مێژوو، لێتۆژینەوەی مێژوو و هزر و هزری ئیسلامی بنووسێت، دوای ڕاپەڕینیش لەبەغدا هەڵبێت و بەرەو هەولێر بێتەوە و لەسەر کاری پرۆفیسۆریی بەردەوام بێت، دواتر بۆ ماوەی پێنج ساڵ لە لیبیا کار بکات.

لە ژیانی پرۆفیسۆریدا سەرپەرشتیاریی کۆمەڵێک نامەی ماستەر و دکتۆرای کردووە، جگە لەم بوارە پەروەردەییە دکتۆر موحسین ئارەزووی هونەری شێوەکاریشی هەبووە، حەزی لەئەدەبیاتە و شیعریی بە زمانی عارەبی نووسیوە و بڵاوی کردوونەتەوە، لێکۆڵینەوەی لەسەر ڕۆمانەکانی نەجیب مەحفووز نووسیوە، ئەمە و چەندین خاڵی دی، کە لە پوختەکەدا سەرنجمان ڕادەکێشن و تێمان دەگەیەنن، کە وتوێژی کەسێک دەخوێنینەوە، کە لە مێژوو، هزر، فەلسەفەی مێژوو، هونەر و ئەدەب و لێکۆڵینەوەکاریدا قاڵە، تێدەگەین کەسێکە پەیامێکی زانستی و فەلسەفی و پەروەردەیی و هزریی پێیە، بۆیە بە شەوقەوە کتێبەکە دەخوێنینەوە!

لێرەدا من تەنیا ئاماژە بە چەند خاڵێکی کتێبەکە دەکەم، چونکە کتێبەکە بابەتگەلی گرنگ و بە بایەخی زۆری تێدایە و خوێندنەوەیان زۆر شت بۆ خوێنەر ڕوون دەکەنەوە، دکتۆر

موحسین لەبارەی زۆر شتی شاری هەولێر و کوردستان و عێراق بە شێوەیەکی گشتی، لە ڕووی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و ڕۆشنبیریی و فەرهەنگیی و ئابووریی و پەروەردەیی و زانستیی و هتد... دەدوێت.

### مەکتەبلی

ئازاد عەبدولواحید بە باسی لەدایکبوون و خوێندنی دکتۆر سەری وتووێژەکە دەکاتەوە، لەو بارەیەوە هەڤپەیڤینەکە کەشی ڕۆمانێکی ئەدەبی وەردەگرێت، ناوی قوتابخانە و مامۆستا و گەڕەکەکانی هەولێر و ناوی خزم و کەس و پێوەندی ناوەکان بە یەکدی و پێوەندی هەموو شتەکانیش بە دکتۆر موحسین ڕوون دەبێتەوە، خوێندنی حوجرە و ماڵ و مەکتەب و کاریگەری مامۆستا و وانەکان لەسەر دکتۆر دەبینینەوە، ترسی باوک لە (مەکتەبلی) نەک لە دابونەریتی میللەت دەربچێت؟!

گواستنەوە لەنێوان مەکتەبەکان، بینای مەکتەبەکان، زمانی مامۆستاکان، توانای مامۆستاکان، توندی و لێدان و دار حەیزەرانی دەستیان، مێژووی خانەوادەی مامۆستاکان، هونەر لە مەکتەبەکانی ئەو سەردەمدا، بەهای خوێندن و چاوەڕێکردنی باوک لەوەی کوڕەکەی ببێتە مامۆستا و معاشخۆر، ئەمە و لەم بەشەدا، هەڤپەیڤینەکە قووڵ ڕۆدەچێتە نێو وردەکارییەکانی خوێندنی دکتۆر و زۆر لایەنی تاریک لەسەر خوێندن و کەشیی گشتیی پەروەردە و فێرکردن لەو سەردەمەدا ڕووناک دەکاتەوە، وەڵامی پرسیارەکان ئەوەندە سادە و خۆڕسک و ساکارن، دەڵێی دکتۆر لەگەڵ خوێنەردا دانیشتووە و قسەی بۆدەکات!

لەم بەشەدا دکتۆر بە یەک دێر پرۆسەی فێرکردن، پێوەندی دین و پەروەردە، درێژبوونەوەی ڕۆحی مەلای حوجرە بۆ نێو پۆلەکانی خوێندن دەردەبڕێت و دەڵێت: (ئەوکاتە وایان دەوت: ئێسقانەکەی بۆ من و گۆشتەکەی بۆ تۆ!)

### زمان

یەکێک لە خاڵە سەرنجڕاکێش و کاریگەرەکانی ژیانی دکتۆر موحسین، زمانە. ئەو دەڵێت لە ماڵەوە بە تورکمانی قسەمان دەکرد و تا ئێستاش هەر بە تورکمانی قسە دەکەین، لە مەکتەب بە عارەبی دەستم بە خوێندن کرد، مەلا قورئانی نیشان دەدام. جێگەی سەرنجە، کە دکتۆر دەڵێت؛ ئەو سەردەم ئەو ماڵانەی کە کورد بوون، بنەماڵەکانی هەولێر، بەتایبەتی لە ماڵەوە بەتورکمانی قسەیان کردووە! ئەمە نەریتێکی باوی ئەو زەمانە بووە و ئاسایی بووە. دەڵێت نەماندەزانی بە چ زمانێک قسان دەکەین؟ دەمانزانی ئەوە قسەکردنی هەولێرییانە، نەماندەوت کوردییە، یان تورکمانییە، دەمانوت هەولێرییە.

### کوردبوون

دکتۆر دەڵێت؛ لە پەنچاکانەوە بوومە شیوعی، کە فۆڕمەکەم پڕکردەوە، دەبووایە بنووسم کوردم، یان عارەب؟ چونکە فۆڕمەکەی حزبی شیوعی تەنیا دوو خانەی تێدابوو، یەکیان عارەب و ئەوەیدیکەیان کورد. من نووسیم کوردم، پەشیمانیش نیم، کە وتم کوردم، شانازی بە کوردبوونم دەکەم، من ڕۆحی کوردایەتیم هەیە، ئەگەر قسەکردنی ماڵەوەمان تورکمانیش بێت، بەڵام ئینتیمام، سۆزم هەر کوردبوونە!

لەم بارەیەوە دکتۆر موحسین کۆمەڵێ قسەی بە بایەخ و گرنگ دەکات و بە قووڵی دەچێتە

> **"کتێبەکە بریتییە لە وتووێژێکی دوورودرێژ، دەوڵەمەند، بە بایەخ، پرسیاری باش و وەڵامی ڕاشکاو و بێ پێچ و پەنا"**



نێو بابەتی کوردبوون و تورکمانبوون و ئەوەی سیاسەتی هەڵە و بەرژەوەندی و دەسەڵات و زاڵبوون و دەمارگیریی و بە سووک تەماشاکردنی مرۆڤ، کاریگەرییەکانی چۆن و چی دەبێت؟ هەر لێرەشەوە ئێمە لە جیاوازیی هەردوو چەمکی کوردایەتی و کوردبوون دەگەین، هەروەها لە کاریگەرییەکانی کوردایەتی دەگەین لەسەر کوردبوونەوە، کە بەداخەوە کوردایەتی وەکو واقعێکی سیاسی و مەعریفی، چ گورزێکی کوشندەی لە کورد، وەک بوون و ڕۆح داوە؟!

## ڕۆشنبیریی

دکتۆر لەنێو خێزانێکدا گەورە دەبێت، کە هەموویان کاسبکار بوون، زۆربەیان خەریکی ئیش و کاری خۆیان بوون، یان خەریکی سیاسەت بوون، بەڵام خەریکی نووسین و خوێندنەوە نەبوون، کەچی ئەو نەک هەر خۆی، بەڵکو خێزانەکەیشی، کە هێناویەتی وازی لە خوێندن هێناوە، بەڵام ڕازی نابێت و دەینێرێتەوە بەر خوێندن و تا ڕادەی وەرگرتنی بەکالۆریۆس وازی لێ ناهێنێت!

دکتۆر، کە باسی ئەو ماوەیەی ژیانی دەکات، کە ژنی هێناوە و لەماڵی باوکی لە ماڵێکی قەرەباڵغدا دەژیەت، زۆر ڕاشکاوانە باسی دۆخی خێزانی و کۆمەڵایەتیی ئەو سەردەمە دەکات، کەشیی باسکردنەکەی لە کەشیی ڕۆمانێکی ماڵە کوردێکی پەنچاکان و شەستەکان دەچێت، بەڵام ئەوەی گرنگ و جێی بایەخە، ئەوەیە، کە دکتۆر دەتوانێت سەرباری سەختی و ڕێگرییەکان، کەچی بە هیوای ژیانێکی ئەکادیمی و پڕ لە نووسین و کتێب و خوێندنەوە و مەعریفەت لە ماڵی باوکی دەربچێت و ڕوو لە بەغداد دەکات، لەوێش کاروانی مەعریفی و هۆشیاری و زانستی خۆی بە مەقامێکی بڵند دەگەیەنێت.

## شیوعی بوون و سروودی ئەی ڕەقیب

دکتۆر دەڵێت، لە ساڵی ١٩٥٧ بوومە شیوعی، باسی وتاری سیاسی ئەو سەردەمە دەکات، بابەتی مارکسیبوون و نەتەوەییبوون و پێوەندییان پێکەوە لە لای شیوعییەکان و پارتییەکان، بە ڕاشکاوانە باس دەکات، هەروەها

> “یەکێک لە خاڵە سەرنجڕاکێش و کاریگەرەکانی ژیانی دکتۆر موحسین، زمانە. ئەو دەڵێت لە ماڵەوە بە تورکمانی قسەمان دەکرد و تا ئێستاش هەر بە تورکمانی قسە دەکەین”

لە ڕێی کۆمەڵێ یادگاری لەگەڵ برادەرانی ئەو سەردەمە، دەڵێت کە تا ئێستاش مارکسییەکی نەتەوەییە.

هەروەها لەم بەشەدا دکتۆر موحسین لەبارەی سروودی ئەی (ڕەقیب)ەوە دەڵێت: کە گوێم لێ دەبوو (کەس نەڵێ کورد مردووە) هەموو تووکی لەشم ڕادەوەستا!

دکتۆر دەڵێت: کە بوومە شیوعی بە ڕێکەوت نەبوو، بەڵکوو بە هەڵبژاردنی خۆم بوو، باوکم لایەنگری بارزانی بوو بێ ئەوەی پارتی بێت، بەڵام ئەو ناچێتەوە سەر پنچی خۆی و پتر بە براگەورەکەی کاریگەر دەبێت. لێرەوە زۆر ورد و جوان باسی باوکی دەکات و دەڵێت؛ بابێکی زۆر عەجایەب بوو، لێی دەترساین، برام دەیویست بە هۆی ئینتیمای بۆ حزبی شیوعییەوە، لە زۆرداری باوکم ڕزگاری بێت!

دەڵێت: تا ئێستا بە ڕەسمی وازم لە حزبی شیوعی نەهێناوە، لە حزبیش دەرنەکراوم، هەوڵیاندا بگەڕێمەوە، بەڵام سەربەخۆیی و مارکسیبوون و نەتەوەییبوون باشترە! لەم بارەیەوە زۆر وردەکاری و چالاکییەکانی خۆی و برای و ماڵەکەی دەخوێنینەوە، کە دیارە دکتۆر سەرباری ئەوەی لەلایەن باوکییەوە زۆر چاودێری کراوە، هەمیشە هەوڵی داوە کوڕەکەی لە هەموو شتێک بپارێزێت، بەڵام دکتۆریش بە زۆر شێوە هەوڵی داوە، زانایانە یاخی ببێت و بە پێی ئایدیۆلۆژیای چەپ و مارکسی، نەتەوەیی و ڕۆحی کوردبوونەوە، ئەزموونی سیاسەت و ژیانی حزبی بکات.

## بەغدا

چوونە بەغدا لە پەنچاو هەشتەوە بۆ خوێندن، واتە کرانەوە بەسەر زانکۆ و کتێبخانە و شانۆ و سینەما و ئازادی! بۆ دکتۆر لەوانەش گرنگتر، خوێندنی مێژوو بوو. هەر لێرەشەوە تێدەگەین کە دکتۆر ئیدی لە بەغداوە، لە گرنگی و پێگە و پایەی هەولێر دەگات، دەزانێت، کە هەولێر سەردەمی زێڕینی خۆی هەبووە، لەوێ بە مێژووی قەڵات و منارە و خانەقا و قەیسەریدا دێتەوە!

لەوێ فێر دەبێت بە دوای سەرچاوە و

کتێبی مێژووییدا بگەڕێت، فێرە کتێبخانە و خوێندنەوە دەبێت، کتێبەکانی ئەو سەردەم کە بە دیاری لە کتێبخانەکە وەریگرتوون، تا ئێستە پاراستوونی، ماوەی شەست ساڵە وەفای بۆ ئەو کتێبانە هەیە و دەبنە هەوێنی فێربوونی قوتابی بۆ ئەوەی کتێبخانە لە ماڵەکەیدا دابنێت! هەروەها باسی شتێکی سەرنجڕاکێش دەکات، کە لەو سەردەمدا چونکە لەبەرگرتنەوەی کتێب نەبووە، بردنە دەرەوە نەبووە، هەڵستاوە بە دەستی خۆی کتێبێکی ٢٥٠-٣٠٠ لاپەڕەیی نووسیوەتەوە!

لەم ماوەیەدا هزر و تێگەیشتنی ئەکادیمیانەی دکتۆر دەخەملێت و وەکو فیلمێکی سینەمایی باسی زانکۆ و هۆڵەکان و کتێبخانە و مامۆستا و قوتابی و کتێب و ناوی فەیلەسووفان و یادداشت و لێکۆڵینەوە و خوێندنەوە و (عەلی وەردی) و دەیان یادگاری ئەو ڕۆژانە دەکات، لەهەمان کاتدا قووڵیش باسی ناوەڕۆکی کتێبەکان و ئەو تۆمەتانە دەکات کە دەدرانە پاڵ ئەو کتێبانەی، بە ڕۆحێکی مارکسییانە مێژوو دەنووسنەوە.


زۆر برگەی ئەو ماوەیە ئەوەندە جوان باس دەکات، بەڕاستی وێنەی کەس و شوێن و جلوبەرگ و هەڵسوکەوتی کەسەکانت دەهێنێتە بەرچاو! بۆ نموونە، باس لە مامۆستایەکی خۆی (جەواد عەلی) دەکات، کە لەگەڵ ژنەکەی لە شەقامی ڕەشید پیاسەی کردووە، دەڵێی بە ڤیدیۆ نیشانت دەدات!

لەگەڵ باسکردنی کەشیی زانکۆ و ئاستی مەعریفیی مامۆستاکان و قوتابییەکانیش، تێدەگەین کە لەو سەردەمدا بە چ ڕۆحێک مەعریفە و پەروەردە لە بەغدا پێشکەش دەکرا. هەروەها کاریگەریی مامۆستا و میتۆدی خوێندن لەسەر ئاستی هۆشیاریی قوتابی و ڕادەی بەرزکردنەوەی ئەو هۆشیارییە دەبینینەوە.

## دامەزراندن

کە تەماشای دامەزراندنی دکتۆر دەکەین، دەبینین شەست ساڵی ڕێک پێش ئێستە واتە ساڵی ١٩٦٢ بۆ یەکەم جار لە عەمارە لە (قلعە سالح) دادەمەزرێت! دوای سێ ساڵ دەگوازرێتەوە بۆ شەقڵاوە، دوایی بۆ سانەویی ڕزگاری و دوایی پەیمانگەی مامۆستایان و خانەی مامۆستایان.

لەم ماوەیەدا وەکو خۆی دەڵێت کودەتا دوای کودەتا ڕووی دەدا، لەم ماوەیەدا نانووسێت بەڵام دەخوێنێتەوە، کتێب و نووسەری نوێ وەکو هێربرت مارکۆزە، فرانتس فانون و سادق جەلال ئەلعەزم دەخوێنێتەوە و شارەزایان دەبێت. لەم ماوەیەدا باسی هەندێک ڕووداوی ساڵانی شەستەکانی هەولێر دەکات. هەروەها ساڵانی هەفتاکان و یەکەم کتێب نووسین و چاپکردن. دوایی وەرگێرانی کتێبەکانی بۆ سەر زمانی کوردیی و ئینجا باسەکە دەچێتە سەر ماستەرنامەکەی (هەولێر لەسەردەمی ئەتابەکییەکان) باسی ئەوەش دەکات، چۆن چووە لە بەغدا تاقیکردنەوەی قبوولکردنی لە خوێندنی ماستەر کردووە، چی لەبەربووە، بە چ قەڵەم و مەرەکەبێک نووسیویەتی، مامۆستای چاودێر و وەرگرتنەوەی ئەنجام




**"شانازی بە کوردبوونم دەکەم، من ڕۆحی کوردایەتیم هەیە، ئەگەر قسەکردنی ماڵەوەمان تورکمانیش بێت، بەڵام ئینتیمام، سۆزم هەر کوردبوونە"**

و ئەم ڕووداوە وردانە، هەر دەڵێی تازە تاقیکردنەوەکەی کردووە؟!

### هەولێر

هەولێر لەسەردەمی ئەتابەکییەکان، ناوونیشانی ماستەرنامەکەی دکتۆرە، لەم بەشەدا، ئازاد عەبدولواحید کۆمەڵە پرسیارێکی گرنگ لەبارەی ئەم تێزە و هەروەها ئەو کتێب و تێزانەی پێش و پاش دکتۆریش لەبارەی هەولێرەوە نووسراون دەکات، دکتۆریش زانیاری و بەشداریکردنی خۆی لەم بارەدا نیشان دەدات، هەروەها بە ڕاشکاویش وەڵامی ئەو کەسانە دەداتەوە کە بە گیانێکی نازانستییانەوە لەبارەی هەولێرەوە قسەیان کردووە، زۆر بە ئاشکراش وەڵامی ئەوانە دەداتەوە، کە هەولێر دەکەنە شارێکی ئاشووریی، یان عارەبی و مێژووەکەی بۆ سۆمەرییەکان دەگەڕێنێتەوە.

لەو بارەیەوە ئەم بەشە زانیاری زۆر و ڕاشکاوییەکی زۆری تێدایە و دکتۆر زۆر شت لەسەر مێژووی هەولێر ڕوون دەکاتەوە.

### سەلاحەددینی ئەییووبی

سەلاحەددینی یووسفی ئەییووبی ناوێکە لای دکتۆر زۆری لەبارەوە نووسراوە و گوتراوە، کتێبی لەسەر نووسیوە، سیمیناری لەسەر کردووە، وتوویژ و گفتوگۆی زۆری لەوبارەوە هەیە، باسی دەکات، ڕەخنەی لێ دەگرێت، زۆر شت لە ژیانی سیاسیی و لەشکری ئەودا دەگێڕێتەوە، کە ڕەنگە بە دڵی نەیارانی بێت و بەدڵی یارانیشی نەبێت، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەمەیە، کە دکتۆر گوێ بە یار و نەیارانی سەلاحەددین نادات و ئەوەی هەقیقەتە دەگێڕێتەوە، ئەوەی ڕاستیی مێژووە بەیانی دەکات! لەم بارەیەوە زانیاری و بۆچوونەکانی دکتۆر جێگەی ڕامانکردن و لەسەر وەستانن، هەندێک دیوی شاراوەی سەلاحەدین بە خوێنەرکانی دەناسێنێت، هەروەها پێشوەختە بڕیاری لەسەر سەلاحەددین نەداوە، بەوەی دژی بێت، یان پاڵپشتی بێت، بەڵکو بە گیانی هەقیقەتخوازێکی ئەکادیمی، لێکۆڵینەوە لە سەلاحەددین دەکات و ئەوەی مێژوو بە بەڵگە دەیسەلمێنێت لەبارەی

> ❝ **دکتۆر موحسین لەبارەی سروودی ئەی (ڕەقیب)ەوە دەڵێت: کە گوێم لێ دەبوو (کەس نەڵێ کورد مردووە) هەموو تووکی لەشم ڕادەوەستا** ❞

سەلاحەددینەوە ئەوە باس دەکات. دیارە دکتۆر کۆمەڵێک بەرهەمی لەبارەی سەلاحەدینەوە هەیە، پێش ماستەرنامەکەی بابەتێکی لەبارەی سەلاحەدینەوە بڵاوکردووەتەوە، دکتۆرانامەکەی لەسەر سووپای سەلاحەدینە، هەروەها وانە و سیمینار و کتێبی دیشی لەبارەی سەلاحەدینەوە نووسیوە، لەهەموو ئەم هەوڵە ئەکادیمیانەیدا هەوڵیداوە بێ سۆز، بە ڕاستی مێژوویی لەبارەی سەلاحەددینەوە بدوێت!

### هەڵاتن لە بەغداوە بەرەو هەولێر

چیرۆکی هەڵاتنی دکتۆر لە بەغداوە و هاتنەوەی بۆ هەولێر، چەندین ڕەهەندی نەتەوەیی و سیاسیی و فەرهەنگیی و کۆمەڵایەتیی و حزبیی سەیری تێدایە، ئەوەیان چیرۆکێکە بۆ خۆی، چۆنییەتی بڕیاردانی، خۆئامادەکردنی، ڕاکردنی، ماڵ و کتێب و منداڵ و موڵک و ژیانی، دەربازکردنی خۆی و خێزانەکەی، تالانکردن و فەوتانی ماڵ و کتێبەکانی، هاتنەوەی و ڕەوشی خوێندن و زانکۆ لە کوردستان، ململانێ و ئاستی ئەو ململانێیەی هەبوو؟! زۆر وردە بابەتی دی گرنگ و پڕبایەخ لەوبارەوە دەخوێنینەوە، لەقسەکانی دکتۆردا ڕەهەندێکی تاریکی کاروانی زانستیی لە زانکۆی سەلاحەدین بەتایبەتی و لە کوردستان بەگشتیی دەناسین.

وەکو چۆن پێشتریش لە بەغدا هەندێک شت سەبارەت بە کۆمەڵێ مامۆستا و پرۆفیسۆری کورد باس دەکات، لە کوردستانیش بە وردی باسی هەندێک کەسایەتی و هەڵوێست و ڕووداو دەکات، بێ پەردەش ناوی مامۆستاکان و نووسەران دەهێنێت و وەکو خۆی شتەکان دەگێڕێتەوە! ئینجا باسی ئەوە دەکات کە چۆن هەولێر و زانکۆی سەلاحەددین بەجێدێڵێت و بەرەو لیبیا کۆچ دەکات!

دکتۆر دەڵێت دامنەنابوو لەهەولێر دەربچم، بەڵام وەها بێزار بووبووم خەریک بوو یاخەی خۆم بدرم! دەبێت ئێمە تەسەوری ئەوە بکەین، کەسێکی ئەکادیمی و پسپۆر و پرۆفیسۆری وەکو دکتۆر موحسین وابڵێت؛ دەبێت ئەو

ناوەندە ئاکادیمییە –زانکۆی سەلاحەددین– لە چ دۆخێکی پەروەردەیی و زانستیی و ئەخلاقییەوە بێت؟!

**خۆرهەڵاتناسیی**

ئەمە و لەبەشەکانی دی هەڤپەیڤینەکەدا، ئازاد عەبدولواحد، پرسیارگەلێک لەبارەی کتێبەکانی دکتۆر دەکات، چ ئەوانەی لە زانکۆ وەکو میتۆد نووسیویێتی و چ ئەوانەی وەکو کتێبی (خۆرهەڵاتناسی) کە یەکێکە لەو کتێبانەی دکتۆر شانازی پێوە دەکات، هەروەها پرسیاری زۆر لەبارەی (خۆرهەڵاتناسی) دەکات و لەوێوە دکتۆریش زانیارییەکی زۆر لەم بارەوە دەخاتەڕوو.

لەم بارەیەوە دکتۆر موحسین باسی کۆمەڵێک ناوی گەورەی خۆرهەڵاتناسیی دەکات، کە لەبارەی شارستانییێتی ئیسلام و فتوحات و کوردستانەوە نووسیویانە، هەروەها بابەتی پێوەندی خۆرهەڵاتناسیی بە وڵاتانی خۆراوایی و خۆرهەڵاتی، بە دەزگەکانی هەواڵگریی، ئینساف و بێویژدانی، ستایشکردن و درۆ هەڵبەستن، تیۆری پیلانگێڕیی و ئەوەی خۆرهەڵاتناسەکان لەسەر کورد و ئیسلام و ناوچەکە نووسیویانە. لەم بەشەدا کۆمەڵێک پرسیاری قووڵ و جدی لەم بوارەدا دەکرێت و دکتۆریش بە زانیارییە زۆر و زەوەندەکانی وەڵامیان دەداتەوە. ئەم بەشەی کتێبەکە بایەخێکی مەعریفیی هەیە، لەبارەی ئیسلام، فەلسەفە و بیرکاری و ئیمان و زانست و ئایین و ئایینزاکانی کوردستان، کیمیاگەر و فەیلەسووفان، حەللاج و موعتەزیللە و دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆن و دەوڵەت و ستەمکاری و پێوەندی مێژوو و فۆلکلۆر و کەلەپوور و سەرچاوەکانی مێژوو و دەیان بابەتی دی لەم بەشەدا دەخوێنینەوە.

بەشێوەیەکی گشتی؛ خوێندنەوەی ئەم کتێبە بۆ من دڵخۆشی بوو، جیابوو لەو کتێبانەی عادەتەن لەبارەی فەلسەفە و عیرفان و ئەدەبەوە دەیانخوێنمەوە. ئەمەیان کتێبێک بوو بە تامی یادداشت و ڕۆمان و چیرۆکی بەرزبوونەوەی کەسێکی ئەکادیمی و قاڵبوو لەنێو دۆخی زانکۆ و پەروەردە و زانینەوە.

**کتێبگەلی کوردی:**


١. موحسین موحەممەد حوسێن. سوپای ئەیوبیان لەسەردەمی سەلاحەددیندا، وەرگێڕانی عثمان علي قادر. التفسیر. چاپی دووەم ٢٠١٣

٢. سەلاحەددین بدوێنین، یان خۆمان بە بەرپرسیار بزانین، لێپرسینەوەی سەرکردەیەک دوای هەشت سەدساڵ.

٣. دیالۆگێک لەگەڵ پرۆفیسۆر دوکتۆر موحسین محەمەد حوسێن، بەدران ئەحمەد حەبیب ئەنجامی داوە، وەرگێڕانی: ئاواز فاتح جاف. دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس. ٢٠١٢.

٤. «پ.د. موحسین محەمەد حوسێن «بێ ترس و دوور لە سۆز مێژوو دەنووسێتەوە. هەڤپەیڤین (ئازاد عەبدولواحید)

٥. پرۆفیسۆر موحسین محەمەد حوسێن، مامۆستا و مێژوونووسی ناوداری گەلەکەمان، ٥٠ ساڵە قەڵەمێک داهێنان و وزەی بەردەوام. هەولێر ٢٠١١.

٦. د. موحسین محەمەد حوسێن، ئیبن شەداد و کتێبەکەی (النوادر السلطانية) وەرگێڕانی ئاواز فاتیح جاف.

٧. نامۆبوون، وەرگێڕانی بۆ کوردی ئاواز فاتح جاف. ٢٠٢٢


**کتێبگەلی عارەبی:**


١.د. محسن محمد حسين. الاستشراق برؤية اشراقية. الوراق للنشر.٢٠١١

٢. ابراهيم محمود. التحليق من خرم الابرة. دراسة في نماذج كتابية للدكتور محسن محمد حسين. ٢٠١٨

٣. الاستاذ الدكتور محسن محمد حسين. في الفكر التاريخي و السياسة. أربيل ٢٠٢٠.

٤. الاستاذ الدكتور احمد ناجي الغريري. الاستاذ الدكتور محسن محمد حسين. حياته، أثاره، منهجه في كتابة التاريخ. ٢٠١١



“ دامەنابوو لەهەولێر دەربچم، بەڵام وەها بێزار بووبووم خەریک بوو یاخەی خۆم بدڕم ”


# کردنەوەی دەقەکان

بەشی دووەمی کتێبی (کردنەوەی دەقەکان) لێکۆڵینەوەیەکی سەرنجڕاکێشی نوێیە، بە خامە بڕشتەکەی نووسەری ناسراو مامۆستا حەمەکەریم هەورامی نووسراوە.

بەرهەمێکی هزریی بەپێزە، لە بیرورِا دەقدراوەکانی نێو کومەڵانی خەڵک دەکۆڵێتەوە، کە لە دێرین ڕۆژگارەوە لەنێو هزر و مێشکی خەڵکدا دەقیان گرتووە و بوونەتە ڕەنگ ڕێژی ڕەوشت و نەریتە نەگۆڕە سەپیزاوەکان، وەکو توێشەبەرەی ڕێبوار، لەپشتی خەڵک بەستراون، وەکو بەردی نێو دیوارێکی سەخت سەپێنراون، وایان لە خەڵک کردووە لەوانە بەدەر شتێکی دی نەبینن! وادەزانن (هەروابووە و هەرواش دەبێت) نووسەر ئەوشتە دەقدراوانە، کە دەداتە بەرتیشکی نووکی خامەکەی بۆمان ڕوون دەکاتەوە، ئەوشتانە هاوردەی لافاوێکی پڕ لە شەخەڵی سەردەمێکی تاریکن، هاتوون لەنێو جمگەکانی خەڵکدا کەناریان گرتووە و تووشی سڕبوونیان کردوون، بۆ دەربازبوون لێیان دەشێت مرۆڤ دەم نادەم هەڵگێڕ و وەرگێڕیان تێدا بکات و بە وردی پیایاندا بچێتەوە.

نووسەر لە پێشەکیدا دەڵێت: پار، ساڵی (٢٠٢١) بەشی یەکەمی (کردنەوەی دەقەکان) دەرچوو، لەنێو کتێبخانەی کوردیی و لە بواری هزریی کوردیدا، جێگەی خۆی گرت و لە مەیدانی ڕۆشنگەری کوردیشدا ئاڵای هزرکاری شەکاندەوە ئەمەش بەشی دووەمە، بەهەمان ڕێچکەدا ڕەوت دەکات، دەیەوێت بڕوات پەردە لەسەر شتە شاردراوەکان هەڵبداتەوە، بۆ ئەوەی خوێندەواری کورد بزانێت ئەو شتە وردانەی، کە لە ئێمەدا خۆیان حەشارداوە و گەورە بوونە و ڕۆژگاری ئێمەیان لە ڕاستەڕێ تۆراندووە و بەم دەردەیان بردووین، دەشێت لەوە زیاتر پەردەپۆش نەکرێن.



# لەبری بیرەوەری

- **شەو لەکێوان - بەشی (١٣)**


د. ئەرسەلان بایز

- **لە گەشتی وڵاتی میسر، فیلمی میسریم بینی!**

ڕەوەست نەوزارد

- **ئەوەی دەیبینی .. وەکو ئەوە نییە، کە دەیبیستی**

عەلی ئەڵوەنی






د. ئەرسەلان بایز

(١٣)

جیا لە بوونی خوا، یان هێزێک لە دەرەوەی ئیرادەی مرۆڤ، جیا لە مادده و جووڵەو گۆڕانکارییەکانی، حەقیقەتی ڕەها (مطلق) لای هیچ کەسێک نییە. چونکە حەقیقەت نسبییە، لە شوێنێک بۆ شوێنێکی دی، قۆناغ و سەردەمێک بۆ سەردەمێکی دی، کەسێک بۆ کەسێکی دی دەگۆڕێت....هتد. هەر یەکێک لە مرۆڤەکان تەنیا یەک لایەنی حەقیقەت دەبینێت، ئەویش لە دید و ڕوانگە و تەمەن و بەرژەوەندی خۆیەوە. بۆیە نابێت مرۆڤ خۆی بە حەقیقەتی ڕەها سەرقاڵ بکات. حەقیقەت چەند شتێکی ئاشکرا و چەندین شتی دیی نهێنی هەیە. بۆیە کاتێک نووسەر، یان قسەکەر قسە دەکات هەقە ڕەچاوی بەرانبەرەکانی بکات. دوور نییە بەرانبەرەکەی شتی بەهێزتری پێ بێت. ئەمەو کاتێک نووسەر، یان مێژوونووس، وتارێک، یان کتێبێک دەنووسێت هەقە بە جۆرێک بینووسێت ڕایەکی ڕاست و واقیعی تیادا بەرجەستە بکات. بە جۆرێک بنووسێت ڕاستییەکان ئاوەژوو نەکات. دەست بخاتە سەر ویژدانی خۆی و ناهەقی و زوڵم لە بەرانبەرەکانی نەکات ڕەش و سپی هەڵنەگێڕێتەوە. هەوڵبدات کەمترین ڕەخنەی لێ بگیرێت. بەڵام بەداخەوە واقیعی ئەمڕۆی کوردستان و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بە جۆرێک بەرجەستە بووە هەرکەسە و بە لەیلای خۆیدا هەڵدەدات و دەیەوێت هەموو ڕاستی و هەقەکان بە خۆی بدات و بەرانبەرەکەی لە بچووکترین مافی ڕەوا بێبەش بکات. ئەو جۆرە نووسینانە هیچ بەهایەکی مرۆڤایەتی و مێژووییان نییە. چونکە دەیان کەس لێیان ڕاست دەبێتەوە و ناهەقیەکان دەخەنەڕوو. بۆیە هەرکاتێک مرۆڤ قسە دەکات، یان کتێب دەنووسێت دەبێت ئەو ڕاستیە بزانێت، کە بەرانبەرەکەی هەیە. دوورنییە بەرانبەرەکەی وەڵامی پوخت و پاراو و ڕاستتری پێبێت.

هەر لەو ڕوانگەیەوە (ئەو) دەیەوێت بە جۆرێک مێژووی ئەو ساڵانەی خۆی لە شاخ باس بکات، کە کەمترین ڕەخنەی لەسەربێت. نووسینەوەی مێژووی شۆڕشی نوێ و (ی.ن.ک) لە شاخ بێ باسکردنی دەوری (عەباسی ڤیدیۆ) لە بواری شانۆ، فیلمی دیکۆمێنتاری، وێنەی فۆتۆگرافی کەلێنێکی گەورە لەو مێژووە دروست دەکات. بە هەمان شێوە دەوری خاتوو (هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد) لە بواری وێنەی فۆتۆگرافی و فیلمی دیکۆمێنتاری. لە کاتە سەختەکاندا، ئەو ساتانەی فڕۆکە مەرگ چینەکانی دوژمن، تۆپخانەکانیان، بۆردوومان و تۆپبارانی بارەگاکانی سەرکردایەتیان دەکرد، (هێرۆخان) بێباک لە مردن خۆی و کامیراکەی لە دەرەوەی خانوو، کونە تەیارەکان ڕووداوە مەترسیدارەکانی تۆمار دەکرد. ئەو هەزاران وێنە فۆتۆگرافیانەی، کە بە ڤیدیۆو کامیراکەی ئەو گیراون ئەمڕۆ بوونەتە ئەرشیفێکی دەوڵەمەندی (ی.ن.ک).

(عەباسی ڤیدیۆ) لە دایکبووی شاری بەغدا برای (سەلام عەبدولرزاق)ی شەهید، کە لەگەڵ (مولازم جوامێر) و چەندین هاوڕێی دیی (ڕێکخراوی هەڵۆی سوور) لە دوای چالاکییەکی قارەمانانە لەنێو شاری بەغدا گیران و شەهید کران. ئەو مرۆڤە هەر لە منالییەوە خولیای شانۆو تۆمارکردنی فیلمی دیکۆمێنتاری بوو، دوای هەرەسی ساڵی (١٩٧٥)یش کاتێک چووە ئێران لەوێ چەندین دەورەی لەسەر کامیرا بینی. ئەو مرۆڤە کاتێک لە شار بوو تیپێکی شانۆی گەڕۆکی دروست کردبوو، چەندین شانۆگەری لە دێهاتەکان نمایش کرد، لەوانە (ڕاپەڕینی قەڵادزێ، داستانی هەڵۆی سوور)

کاتێک پێوەندی بە شۆڕش و بارەگای سەرکردایەتی (ی.ن.ک) لە ناوزەنگ کرد چووە دەزگای ڕاگەیاندن. لەوێ لەگەڵ ژمارەیەک لە گەنج و خوێندکاری پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی و هەولێر، کە تازە پێوەندییان بە شۆڕشەوە کردبوو، تیپێکی

شانۆییان دامەزراند، بەشداربووانی دامەزراندنی تیپەكە (قادر ئەحمەد ناسراو بە كاروان، بەكر عەبدوڵڵا، ئازاد ساڵح، ئازاد كەركوكی، غازی غەفور، موئەییەد فەقێ) و چەند گەنجێكی دی بوون. ئەو تیپە سەر بە دەزگای ڕاگەیاندنی (ی.ن.ك) بوو. یەكەم بەرهەمیان بە ناوی (فایلی ژماری ٦٧- نووسینی نووسەری فەڵەستینی، ئیسماعیل فەهد ئیسماعیل) بوو، بەپێی واقیعی كوردستانیش دەستكاری كردبوو. ئەو شانۆگەرییە، لە پانتاییەكەی گوندی (زەڵێ) بە ئامادەبوونی دەیان كادیر و پێشمەرگە و گوندییەكان. بگرە (مام جەلال) و چەندین لە ئەندامانی مەكتەبی سیاسی نمایش كرا.
ئاوازی میوزیكی شانۆگەرییەكە لەلایەن كاك (دلێر ئیبراهیم) دانرابوو. لە ڕاستیدا لەو بێ توانا دارایی و پێداویستی كاری شانۆیی لەو شاخانەدا، ئەو شانۆگەرییە بۆ ئەو ڕۆژانە، سەركەوتن و دەنگ دانەوەیەكی باش بوو، تەنانەت (مام جەلال) وتارێكیشی لەسەر نووسی و لە بڵاوكراوەی (ڕێبازی نوێ) بڵاوكرایەوە. دواتر ئەو شانۆگەرییە لە چەندین گوندی دیی وەكو (شێنێ، وەرتێ، پلنگان...هتد) نمایشكرا. (عەباسی ڤیدیۆ) ئازا و بێباكانە لە مردن بە خۆی و كامیرایەكی (٨)ملم ناوچە بە ناوچە لەگەڵ یەكەیەكی پێشمەرگەكان دەگەڕا و ڕووداوی شاڵاو و پەلامارەكانی پێشمەرگەی بۆ سەر ڕەبیەكانی دوژمن تۆمار دەكرد، یان وێنەی دێهات و كانیاوە وێرانكراوەكانی دەگرت.
هەر لەوێ لە ناوزەنگ و دەوروبەریدا چەندین هونەرمەندی شێوەكاری ناسراو وەكو (ڕەمزی قوتبەدین، مەدحەت كاكەیی، گارا، ڕێبوار خالد، ڕێبوار سەعید) و كەسانی دییش لە ڕیزەكانی پێشمەرگە دابوون. دواتر دەوری زۆر جوانیان هەبوو لە بەرجەستەكردنی خەبات و قوربانیدان. چەندین پێشانگەی شێوەكارییان كردەوە. یەكێ لە جارەكان (مەدحەت كاكەیی، شێوەكاری گرافیك) شەو حەرەس دەبێت. درەنگانی شەو كابرایەك بەلای بارەگاكەیاندا تێپەڕ دەبێت، ئەویش وەكو هەر حەرەسێك، دەیەوێت دەنگی بدات. بۆیە لەسەر خۆ هاوار دەكات (عەزیزم كێی؟) كاتێك پێشمەرگەكانی دی گوێیان لە كاك (مەدحەت) دەبێت ڕادەكەن بۆ دەرەوە و پێیدەڵێن كاك (مەدحەت) دەنگدان وانابێت دەبێت بە توندی بڵێی: زەلام تۆ كێی؟ كەچی ئەو دەستبەرداری ڕێتم و بەرنامەی خۆی نابێت و دەڵێت وەڵلە برا من هەروا دەكەم. من ناتوانم خەڵك زویر بكەم.

+ + + +

ناوزەنگ یان خڕی ناوزەنگ كە بە دۆڵی حزبەكان ناسرابوو. مامۆستا (موحسین عەلی ئەكبەر)یش لە

**(هێرۆخان) بێباک لە مردن، خۆی و کامیراکەی لە دەرەوەی خانوو، کونە تەیارەکان ڕووداوە مەترسیدارەکانی تۆمار دەکرد**

كتێبەكەی خۆیدا دەڵێ (پایتەختی شۆڕشی كوردستان) ئەو دۆڵە چەندین حزب و گرووپی ئۆپۆزسیۆنی عێراق و ئێرانی لەخۆ گرتبوو لەوانە (ی.ن.ك، بزوتنەوەی سۆسیالستی كوردستان، لیژنەی تەحزیری «پ.د.ك» حزبی شیوعی عێراق، چەند گرووپێكی بچووكی توركمان و عەرەب) ئەمانە سەرجەمیان عێراقی بوون. ئۆپۆزسیۆنەكانی ئێرانیش (ئەشرەفی دەهقانی، حزبی ڕەنجدەران، مامۆستا شێخ عیزدین، یەكێتی كۆمۆنیستەكانی ئێران، چریكی فیدایی خەڵك) كۆكردنەوەی ئەو تێكەڵەیە لە (كورد، عەرەب، توركمان، فارس، چەپ، ڕاست، سۆسیالست، كۆمۆنیست) بۆ زیرەكی و لێهاتوویی مام جەلال دەگەڕایەوە.
یەكێ لەو گرووپانە بەناوی (حزبی ڕەنجبەرانی ئێران) بوو، كە لە نزیك دەزگای ڕاگەیاندنی (ی.ن.ك) لە توژەڵە دەژیان. كەسانی هۆشیار و ڕوناكبیری تەمەن ناوەڕاست بوون، هەریەكەیان چەندین زمانی بیانیان دەزانی. ئەوانە گرووپێكی ماركسی، زیاتر لەسەر بیروباوەڕی ماوتسی تۆنگ بوون، پێشتر بەشێك بوون لە ڕێكخراوی (سازمانی انقلابی ئێران) هەندێك لەوانە لە كوبا و چین و كۆریای





باکوور مەشقی سەربازی و تیۆرییان پێکرابوو. بێگومان ئەوانە مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی حزبەکە بوون، کە بە ناوی خـوازراوەوە هاتبوون. بـەڵام وەکو هەر پێشمەرگەیەک بە سادەیی دەژیان.

هەندێک لـەو گروپە ئێرانی و عێراقیانە لـە دوو سێ کەسێک زیاتر نەبوون، کەچی لە بڵاوکراوەکانیاندا باسی خەباتی کرێکارانی ئەمریکا و شیلی و ئەفریقایان دەکرد. بێ ئەوەی لەوێ پەیامنێر، یان پێوەندییەکی بێ سیم یان تەلەفزیۆنیان لە نێواندا هەبێت. هەموو سەرچاوەکان هەواڵی ڕادیۆکان بوون. ئەو گروپانە لە وڵاتی خۆیان دابڕابوون، جا چ جای خەباتی ئەو وڵاتە دوورانە (باقر مـورتـەزەوی خـوسرەو شـاهی) ئەندامی ڕێبەرایەتی (سازمانی ئینقیلابی کوردستان) لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ (حەسەن قازی) دەڵێت: (من سەرنووسەری ڕۆژنامەی- ستارخان بایراغی) بووم. کە لە شاری تەورێز دەردەچوو، ڕۆژێـک وتاریکمان بە نـاوی (با کـردەوەی سۆسیال ئیمپریالیزمی ڕووس لە ئێتیوبی) بناسین بڵاوکردەوە،

**هەندێک لەو گروپە ئێرانی و عێراقیانە لە دوو سێ کەسێک زیاتر نەبوون، کەچی لە بڵاوکراوەکانیاندا باسی خەباتی کرێکارانی ئەمریکا و شیلی و ئەفریقایان دەکرد**

دوای بڵاوکردنەوەی ئەو وتارە کرێکارێک هاتە ئۆفیسی (ستـارخـان بـایراغی) لـە خیابانی شـانـازی جنووبی تەورێز، داوای منی کرد و ویستی وەکو سەرنووسەری ڕۆژنامەکە قسەم لەگەڵدا بکا. ئەو قسەکانی ئاوا دەست پێکرد: ئەرێ ئێوە لە ڕۆژنامەکەتاندا بۆچی هیچ لەسەر ئێمە نانووسن؟ من لێم پرسی ئێوە کێن، کە ئێمە لەسەر ئێوە نانووسین؟ گوتی مـن لـە کرێکارانی شیرکەتی دیاکتۆرسازی تەورێزم. دەی ئەمن دەمتوانی چ وەڵامێک بەو پرسیارە بە حەقە بدەمەوە، جگە لەوەی کە پێی لێبنێم، کە ئێمە لە دیاکتۆرسازی تەورێزدا هەواڵنووسمان نییە. پێم وابوو وەڵامێکی چاکم داوەتەوە بە کابرا. بەڵام ئەو تەواو لەسەر خۆ گوتی: باشە چۆن ئێوە لە شاخی (لق) ئەفریقا هەواڵنووستان نییە و لەوێ کەس ناناسن؟ (کە لە بڵاوکراوەکانتان هەواڵی کرێکارانی ئەوێ بڵاودەکەنەوە) ئێمەش لە تەک ئێوەین و هەواڵەکانمان بڵاوناکەنەوە قسەی ئەو کابرایە، نەک هەر مەنتقی و دروست بوو، بەڵکو وتەیەکیش بوو، کە هەر بوونەوەرێکی زیندووی خەوتووشی وەخەبەر دەهێنا. بۆیە لە شەرماندا نەم زانی بڵێم چی.

حزبە چەپەکانی ئێران هـەروەکـو حزبی شیوعی و چەپەکانی دیی کوردستان (جیا لە کۆمەڵەی کوردستان) مەسەلەی کوردیان فەرامۆش کردبوو. حزبی شیوعی عێراق لە شۆڕشی ساڵەکانی (١٩٧٤-١٩٧٥)ی کوردستانی عێراق لە ژێر کاریگەری سۆڤیەت پشتیوانیان لە ڕژێمی دیکتاتۆری عێراق کرد و دژی گەلی کورد وەستانەوە. هەروەکو چۆن سازمانی انقلابی ئێران و حزبی توده دژی شۆڕشی کوردستانی ئێران وەستانەوە و پشتیوانیان لە حکومەتی ئیسلامی ئێران کرد. کاتێک وەخەبەر هاتنەوە کار لەکار ترازابوو، بوونی خۆشیان لە دەست دابوو.

\+ + + +

لە زستانێکی سەخت (ئەو) و شاراخان لەبەردەم زۆپا دارەکـەی ژوورەکـەی خۆیان لـەسـەرمان گرمۆڵەیان کردبوو. تەپ تەپ لە دەرگا نایلۆنەکەی بەر هەیوانەکەی ماڵەوەیاندا. کاتێک دەرگـای کـردەوە دوو پێشمەرگەی سکرتاریەتی مام جەلال بوون، لەگەڵ یەکێکی ناسیاو، نامـەیـەکیان ڕادەسـتـی (ئـەو) کـرد. کاتێک نامەکەی هەڵپچڕی تیایدا نووسرابوو: (بۆ چەند ڕۆژێک میوانێک ڕەوانـەی لاتـان دەکـەم. خزمەتی بکەن و ئاگاداریشی بن، تاکو خۆم لێی دەپرسمەوە. براتان مام جەلال) لە نامەکەدا هیچ پێناسەو بابەتێک باس نەکرابوو. (ئەو)یش میوانەکەی لە پێشمەرگەکان وەرگرت و لە ماڵەکەی خۆی دانا. هەر بە پەلە ژوورەکەی بەرانبەریان بۆ سازکرد. داریان خستە ناو زۆپاکەو گەرمیان کرد. میوانەکە پیاوێکی

هەندێک باڵا مام ناوەندی، سپیکەلە، ڕیش و سمێڵ پاک تاشراو، قژ کورت، دەستە جلێکی خاکی پێشمەرگانەشی لەبەردابوو، لەسەروسیما هەر بە ئەورووپی دەچوو. دوای جێگیرکردنی لە ژوورەکەی بەرانبەر ماڵی خۆیان لە گوندی توژەڵە، پێشمەرگەیەکیشی کردە چاودێر. دوای بەخێرهاتنی گەرم و نانوچا خواردنەوە. (ئەو) وردە وردە لە گەڵی کەوتە قسەکردن. هەرزوو زانی کە فارسە (ئێرانی)یە. دواتر میوانەکە بەسەرهاتی خۆی گێڕایەوە (من ئەفسەری فڕۆکەوانی شەرکەری هێزی ئاسمانی ئێرانم. لە چلەمین پەروازم بۆ بۆردومانکردنی سوپای عێراق. فڕۆکەکەم پێکرا. منیش بە پەڕەشووت خۆم هەڵدایە خوارەوە)

ئەفسەرەکە پلەی سەرگورد بوو، بەناوی (یەدوڵلا محەمەد شەریفی راد) لەکاتی کەوتنەخوارەوەی دەکەوێتە گوندێکی سنوری قەزای ڕانیە (سنووری هەرێمی ١٤ی «ی.ن.ک» کە سواراغای هەباساغای مامەنداغای ئاکۆ ئامر هەرێمی بوو. حکومەتی عێراق هەوڵێکی زۆری دا ئەو فڕۆکەوانە تەسلیم بە عێراق بکرێتەوە. تەنانەت تەماعێکی زۆریان خستە بەردەم سواراغا، بۆ تەسلیمکردنەوەی. بەڵام سەرەنجام سواراغا بە پێی دیسپلینی شۆڕش و پێشمەرگایەتی فڕۆکەوانەکەی ڕەوانەی سەرکردایەتی (ی.ن.ک) کرد لە ناوزەنگ.

(ئەو) سەیری کرد ماوەی ئەو چەند ڕۆژەی فڕۆکەوانەکە لەلای ئەوان مایەوە. نوێژی نەدەکرد. هێندە بڕوای بە ئایین و کۆماری ئیسلامی ئێران نەبوو. بۆیە ڕۆژێک (ئەو) لێیپرسی: جەنابتان هەروەکو دەڵێی لە چلەمین پەرواز پێکرای کەچی نوێژ ناکەیت، ڕۆژوو ناگریت، بڕواییشت بە سیستەمی ئەمڕۆی حوکمڕانی ئیسلامی ئێران نییە. ئەی باشە چی وای کرد، بەو جۆرە شەڕ بۆ حکومەتی ئێران بکەیت و بەو جۆرە ژیانی خۆت بخەیتە مەترسیەوە؟ ئەویش لە وەڵامدا گوتی: من ئێرانیم خاکی وڵاتەکەم کەوتووەتە بەر هەڕەشەی دوژمن. بۆ من گرنگ نییە کێ حوکمڕانە...گرنگ ئەوەیە بەپێی پیشەکەم بەرگری لە وڵاتەکەم بکەم.

مامۆستا (موحسین عەلی ئەکبەر) لە کتێبەکەی خۆی (ئەمری بیرەوەری) نووسیویەتی: (لەو ساڵ و مانگانەدا پێوەندی «ی.ن.ک» لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران زۆر خراپ بوو. ڕۆژانە تا دەهات خراپتر دەبوو. «ی.ن.ک» نەیدەویست ئەو پێوەندییە بپچڕێنێ، چونکە تاکە دەرگای هاتن و چوونی دەرەوە و چارەسەرکردنی بریندارەکانی پێشمەرگە و دابینکردنی ئازوقەی شۆڕش بوو. بۆیە هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدابوو، ئەو تاڵە مووەی، کە مابوو نەپسێ. کەوتنە دەستی ئەو فڕۆکەوانە ئێرانیە دەرفەتێکی

**کادیرەکانی کۆمەڵە لە دەزگای ڕاگەیاندنی (ی.ن.ک) لە توژەڵە کاری ڕۆژانەیان ئەنجام دەدا، پێیانوابوو ئەو دەزگایە (کۆمۆنە) یەکی بچووکە و دەبێت لەوێوە کوردستانێکی سۆسیالیست دابمەزرێنن**

باش بوو بۆ «ی.ن.ک». بۆ توندوتۆڵ کردنەوەی ئەو پێوەندییە، نوێنەرانی «ی.ن.ک» لە تاران (د.فوئاد، عەبدولڕزاق فەیلی، مامۆستا موحسین) هەرزوو ئەو هەواڵەیان قۆزتەوەو لە ڕۆژنامەکانی تاران بڵاویان کردەوە. مامۆستا موحسین دەڵێت: (ئێمە هەڵلایەکمان نابووەوە. مەسەلەکەمان زۆر گەورە و گرنگ کردبوو. پێمان وابوو ئێران لە پاداشتی ئەو چاکەیە هاوکاری باشمان دەکات. هیچ نەبێت ئەو چەکانەی لە دەرەوە هێنابوومان و دەستی بەسەردا گیرابوو. ئێران دوای ئەو فڕۆکەوانە ڕادەستمان دەکاتەوە. بەڵام بەداخەوە دوای تەسلیم کردنەوەی فڕۆکەوانەکە، هیچ گۆڕانکارییەک لەو پێوەندییە سارد و سڕە ڕووی نەدا).

پاش چەند ڕۆژێک دیسان بەپێی نامەی مام جەلال فڕۆکەوانەکەیان وەرگرتەوەو بە مەفرەزەیەک ڕەوانەی سەردەشت کراو لەوێ تەسلیمی پادگان (معسکر)ەکەیان کردەوە. دواتر فڕۆکەوانەکە کتێبێکی بە ناوی (سقوط در چهلەمین پرواز) بڵاوکردەوە، کە بەسەرهاتی خۆی دەگێڕێتەوە. هەروەها باس لەوەش دەکات کە چۆن لە دیلی و ئەو سەرمای زستانە لەلایەن (ی.ن.ک) خزمەت کراوە (شاراخان) خواردنی گەرم و خۆشی کوردی بۆ سازکردووە. ساڵێک دواتر، کاتێک (ئەو) و شاراخان لە شەقامی (ویللا)ی تاران دەڕۆیشتن. لە دواوە یەکێک دەستی خستە سەر شانی (ئەو) کاتێک ئاوڕی دایەوە هەمان فڕۆکەوانەکە بوو. زۆر سوپاسی کردن لەو خزمەتەی، کە کرابوو. ئینجا زۆر هەوڵیدا میوانداریيان بکات. بەڵام (ئەو) و شارا دەرفەتی ئەو میواندارییەیان نەبوو. بۆیە بە سوپاس و پێزانین ماڵئاواییان لە یەکدی کرد.

\+ \+ \+ \+

کۆمەڵە وەکو هەر ڕێکخراوێکی دیی ئایدۆلۆژی توندڕەو

> "ژمارەیەک گەنج لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی و هەولێر، کە تازە پێوەندییان بە شۆڕشەوە کردبوو، تیپێکی شانۆییان دامەزراند، کە بریتی بوون لە (قادر ئەحمەد ناسراو بە کاروان، بەکر عەبدوڵڵا، ئازاد ساڵح، ئازاد کەرکوکی، غازی غەفور، موئەییەد فەقێ) و چەند گەنجێکی دی"

بوو، ئەو سەردەم و ساڵانە ئەندام و پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لە دنیایەکی خەیاڵیدا دەژیان. هەروەکو گوتراوە ئایدۆلۆژیا مرۆڤەکان سەرخۆش دەکات. ئەندام و کادیر و لایەنگرانی کۆمەڵەش لە ڕێکخراوەکەی خۆیان بەولاوە دانیان بە هیچ ڕێکخراوێکی دیدا نەدەنا و شێلگیرانە خۆیان بۆ شەهید دەکرد. ئەندامەکانی کۆمەڵە پێیان وابوو، نەک هەر لە ڕێگەی ئایدیۆلۆژیەتی مارکسی لینینی، کورد لە ژێر دەستەیی ڕزگاری دەبێت و بە مافە ڕەواکانی خۆی دەگات، بەڵکو پێیان وابوو دەشتوانن لەنێو ئەو هەموو دەوڵەتە بورژوازییە— دکتاتۆرییە کۆنە پەرستانە، کوردستانێکی دیموکرات و سۆسیالیستیش دابمەزرێنن.

ئەو ساڵ و ڕۆژانەی دوای هەرەسی ساڵی ١٩٧٥، ئەو جۆرە بیرکردنەوەو ئایدۆلۆژیا وەکو ئاگری ناو پووش ڕۆژانە بڵێسەی بەرز دەبووەوە، بە ئان و سات دەستە دەستە لە گەنجەکانی کورد دەچوونە ریزی ڕێکخراوی کۆمەڵە و چەکی خەباتی پارتیزانیان لە شان دەکرد. کادیر و پێشمەرگەکانی، کە تەمەنی هەرە زۆریان لە خوار چل ساڵی بوو، ئازایانە بێ باک لە مردن دەچوونە سەر پەتی سێدارە و دژی دوژمن سروودیان دەگوت و هیوای سەرکەوتنیان بۆ شۆڕش دەخواست. پێشمەرگەکانیش لە مەیدانی شەڕدا بەور ئاسا پەلاماری ڕەبیەکانی سوپای عێراق و بەکرێگیراوەکانیان دەدا.

هەر بە هەمان بڕوا و متمانەوە، کادیرەکانی کۆمەڵە لە دەزگای ڕاگەیاندنی (ی.ن.ک) لە توژەڵە کاری ڕۆژانەیان ئەنجام دەدا، پێیانوابوو ئەو دەزگایە (کۆمۆنە)یەکی بچووکە و دەبێت لەوێوە کوردستانێکی سۆسیالیست دابمەزرێنن. بۆیە زۆر بە سادەیی دەژیان، هەمیشە خەریکی کاری جددی و خوێندنەوە و گفتوگۆ و کۆبوونەوە بوون. بە چاوی زەررەبینیش سەیری قسە و ڕەفتار و ژیانی سەرەوەی خۆیان و دەوروبەریان دەکرد. یەکێ لە ڕۆژەکان (ئەو) بۆ هەندێک کاروباری فەرمی سەردانی ناوزەنگی کردبوو. پاش عەسرێک، کە گەڕایەوە. (شارا)خان بە حەپەساوییەوە هاتە پێشوازی و گوتی:– وەڵلە ئەمڕۆ کادیرەکان هاتن و ماڵەکەمانیان خۆماڵی (تەئمیم)کرد. (ئەو)یش بە پێکەنینەوە گوتی: جا چیمان هەیە تاکو ببەن؟ ئێمەش وەکو ئەوان دەژین. (شارا) لە وەڵامدا گوتی: وەڵلە دوو بەتانی و (٦) هێلکە و قوتوێکی نسکافەیان بردووە (ئەو)یش گوتی: دەستیان خۆش بێت. دیارە حەزیان لێبووە و بردویانە بە خۆشی بیخۆن (شارا) گوتی: نا...نا گوتیان نابێت ئێوە ئەو شتانەتان هەبێت و بیخۆن، دواتر ئەو چووە لای کاک یوسف زۆزانی، کە لە هەموویان گەورە و بە ئەزموون و هێمن و واقیعیتر بوو. لە کاک یوسفی پرسی: کادیرەکان هەندێک شتیان لە ماڵەوە بردووە، کاک یوسف گوتی: وەڵلە نسکافەکەی منیشیان برد. هەردووکیان بەبێ ئەوەی هیچ قسەیەکی دیی لەو بابەتە بکەن، بڕیاریاندا ئێوارە کۆبوونەوەیەکی ئیداری دەزگاکە بکەن و بزانن کادیرەکان چیان پێویستە، ئینجا بردنی ئەو شتانە بۆ چی؟

ئەو جۆرە کۆبوونەوانەش ئاسان نەبوو، جیا لەوەی کاتێکی چەند سەعاتی دەخایاند. گفتوگۆکانیش قورس بوون. چونکە مەسەلەی فیکری و ئایدۆلۆژیاشی لەگەڵ تێکەڵاو دەبوو.

دوای نان خواردنی ئێوارە، هەموویان لە هۆڵە بچووکەکە کۆبوونەوە، بەڵام جۆرێک لە گرژی بە دەم و چاوی هەندێک لە کادیرەکانەوە دیاربوو (ئەو) کۆبوونەوەکەی کردەوە. لێی پرسین: ئایا کەسێک لە ئێوە پێداویستیەکی (جددی) هەیە لە جل و بەرگ، بەتانی، یان پێداویستیەکی بارەگاکە؟ گوتیان نەخێر. ئینجا (ئەو) پرسی: ئەی باشە بۆچی ئەو شتانەتان لە ماڵەکان بردووە؟ یەک دووانێکیان بە توندی قسەیان کرد (ئێمە کۆمەڵەین، دژی ژیانی بورژوازین، دژی جیاکارین، بۆچی ئێوە هێلکە و بەتانی زیادەتان لە ماڵەوە هەیە، ئینجا ڕۆژانە نسکافە دەخۆنەوە، ئەوانە هەمووی دیاردەی بوژوازین و لەگەڵ ڕێبازی فیکریی کۆمەڵە ناگونجێن. ئێمە کادیری ئەو ڕێکخراوەین و ئەو جۆرە ڕەفتارانە قەبووڵ ناکەین.

(ئەو)یش لە وەڵامدا گوتی برام: منیش بە خۆم و هاوسەرەکەم وەکو ئێوە یەک ژوورمان هەیە. جارجارە میوانمان دێ... ئەی چۆنیان بخەوێنین؟ نابێت دوو بەتانی زیادمان لە ماڵەوە هەبێت؟ ئینجا ئەو هێلکە و نسکافەیە بە پارەی خۆمان کڕیومانە و لەسەر بوودجەی بارەگاکە نەبووە، برام: ئەی تۆ بۆچی جگەرەی (Kent) دەکێشی هەموو هێلکە و نسکافەکەی ئێوە بردووتانە ناکاتە پارەی پاکەتێک جگەرە. شیاوی باسە ئەو کادیرەی قسەکانی دەکرد جگەرەیەکی بەدەمەوە بوو، کادیرەکە لە وەڵامدا گوتی: ئاخر من ناتوانم

جگەرە تەرک بکەم، برام منیش وەکو تۆ حەزم لە نسکافەیە. ڕۆژانە دوو فنجان دەخۆمەوە، ئەمجارەیان کادیرێکی دی لەو سەرەوە هەڵیدایە و گوتی: چۆن دەبێت تۆ دوو قات جل و بەرگت هەبێت و من یەک؟! (ئەو) لە وەڵامدا گوتی: برام، بەخوا منیش ئەم ساڵ یەک قاتم کڕیوە. قاتەکەی دی هی ساڵی پارە و (شارا) شووشتوویەتی و بە پاکی هەڵیگرتووە. ئەمساڵ سەر لە نوێ لەبەری دەکەمەوە. بەڵام ئەی تۆ کوا قاتەکەی پار بۆمان کڕیت؟ وەللە نازانم فڕێمدا. کۆبوونەوەکە زیاتر لە سێ کاتژمێری خایاند بەبێ ئەوەی بگەنە هیچ ئەنجامێک.

+ + +

پایزی ساڵی (١٩٨٢) شەڕی نێوان حکومەتی ئیسلامی ئێران و ئۆپۆزسیۆنی کوردستانی ئێران گەرم بوو، هێزەکانی پاسداران لە چەندین قۆڵەوە هێرشیان کردە سەر پێشمەرگەکانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی ئێران. مەترسی کەوتە سەر بارەگاکانی مەکتەبی سیاسی هەردوو حزب. لە ڕاستیدا شەڕەکە لە زۆر لاوە نابەرابەر بوو، چونکە دەوڵەت بەو هەموو توانا مرۆیی و دارایی و چەک و جبەخانەوە، کوردەکانیش بە چەکی سووک، بۆیە هێزی پاسداران ڕۆژ بە ڕۆژ پێشڕەوییان دەکرد و کوردەکانیش پاشەکشەیان دەکرد.

(د.قاسملۆ) داوای لە یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان و حزبی شیوعی کوردستان کرد هاوکارییان بکەن و هێزیان بۆ بنێرن. هەروەکو مامۆستا موحسین عەلی ئەکبەر لە کتێبەکەی خۆیدا بە ناوی (کاک نەوشیروان) نووسیوویەتی: (کاک عەزیز محەمەد نەچووە ژێر باری هیچ جۆرە بەڵێنێک. کاتێک (د.قاسملۆ) لە حزبی شیوعی نائومێد بوو ڕوویکردە (مام جەلال) و گوتی: ئێوە دەڵێن چی؟ (مام جەلال) گوتی: ئێمە لە سەر بڕیاری پێشووی خۆمان ماوین. ئەوەی لە تواناماندا بێت یارمەتیتان دەدەین) لەو شەڕەدا (ی.ن.ک) (١٧) شەهیدی دا. چەندین پێشمەرگە و قارەمانی وەکو (ملازم خولە عەزیز دەزەییش) بریندار بوون. ملازم خولە فیشەکێکی قەناس بەر بڕبڕەی پشتی کەوتبوو و فلج بوو، مامۆستا (عەبدوڵڵا حەسەن زادە) ئەوسا جێگری (د.قاسملو) بوو وتارێکی لە ڕادیۆی خۆیان بڵاوکردەوەو ناوی پێشمەرگەکانی (ی.ن.ک)ی نا هێزی پشتیوان، بەڵام هاوکاریکردنی (ی.ن.ک)یش بۆ کوردەکانی ڕۆژهەڵات ڕێگەی ئەوەی نەگرت، کە هێزی پاسداران هەموو بارەگاکانی ئۆپۆزسیۆنی کوردەکانی ئێران بگرن. تەنانەت کەوتنە تۆپ بارانکردنی بارەگای مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ک)یش

**بێ باسکردنی دەوری (عەباسی ڤیدیۆ) لە بواری شانۆ، فیلمی دیکۆمێنتاری، وێنەی فۆتۆگرافی کەلێنێکی گەورە لەو مێژووە دروست دەکات**

لە ناوزەنگ و توژەڵەو شێنێ. بۆیە (ی.ن.ک) ناچاربوو بارەگاکانی بگوازێتەوە بۆ قووڵایی کوردستانی عێراق. ساڵەکەی زۆر سەخت بوو. زیاتر لە مەترێک بەفر بارییبوو. بەفرەکە بۆ ماوەی چەند مانگێک پێشڕەوی سوپای پاسدارانی ڕاگرت. بەڵام لەگەڵ سەرەتای مانگی ئادار شەڕ بە گەرمی دەستی پێکردەوە. لە کۆبوونەوەیەکی مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ک) بڕیاریاندا یەکەمین دەزگای مەکتەبی سیاسی کە دەزگایەکی قورس و بە ئەرک بوو (دەزگای ڕاگەیاندن) بگوازرێتەوە بۆ گوندی باوزێی پشتی شارۆچکەی قەڵادزێ. ئیدی لە ڕێگەی چەند ولاخدارەوە ڕادیۆ و چاپخانە و کەلوپەلی دەزگاکە گواسترایەوە گوندی باوزێ، کە یەکێکە لە گوندە خۆشەکانی (پشدەر) گوندێکی خاوەن کانی و کانیاو و ڕەز و باخێکی زۆر. ئەوان یەک چادری (٦+٤)یان هەڵداو چەندین کەپریشیان بە دار و نایلۆن دروست کرد. شەوانی گەلێ سارد بوو کادیر و پێشمەرگەکانی، تا بەیانی جوقەی ددانیان دەهات. دواتر ئەوان بارەگەکەیان بۆ گوندی (سەرشیو) گواستەوە، کە تەنیا چل خولەکێک لە گوندی باوزێ دوور بوو.



# لە گەشتی وڵاتی میسر، فیلمی میسریم بینی!

ڕەوەست نەوزاد

بەهۆی ئاشنابوونم لەگەڵ فیلم و زنجیرەی میسری سەردەمی منداڵی ساڵانی هەشتاکان و دواتر نەوەدەکان و زانیاریم سەبارەت بەشارستانیەتی فیرعەونەکان و میسریە کۆنەکان و بوونی چەندین شوێنی ئاسەواری کۆنی وەکو ئەهرامەکان و ئەبوهۆل و چەندان پەرستگای تەمەن هەزاران ساڵی، ئارەزوویەکی زۆری گەشتکردنم بۆ وڵاتی میسر هەبوو کە میسرییەکان پێی دەڵێن (دایکی دنیا).

ڕۆژی ٢٠٢٢/١٠/٨ ئەو گەشتەم بووە ڕاستی و بەهۆی یەکێک لەکۆمپانیا گەشتیاریەکانی ناو هەرێمی کوردستان لەفرۆکەخانەی هەولێرەوە بەرەو فرۆکەخانەی قاهیرە گەشتم کرد و بەو وڵاتە و ئاواتە لەمێژینەیەم گەیشتم.

**میسرییەکان و داوای بەخشیش کردن**

لەگەڵ گەیشتنم بەو وڵاتە هەندێک شتی نامۆ و سەیرم بینی. زۆربەی خەڵکی ئەو وڵاتە داوای پارەت لێ بکەن، کاتێک چوومە ناو تێرمیناڵی فرۆکەخانەکە، یەکێک لەهاوەڵی گەشتەکەم کە کوردێکی شاری هەولێر بوو وتی لەکاتی پشکنینی پاسپۆرتەکەت ئەگەر وتیان بۆچی هاتوویت؟ نەڵێیت بۆ گەشت و خۆشی هاتووم، بڵێ بۆ چارەسەری نەخۆشی هاتووم، ئەگینا بۆ ئەوەی بەرتیلیان پێ بدەیت وازت لێ ناهێنن. پێشتریش خاوەن کۆمپانیا گەشتیاریەکە پێی وتبووم پێیان بڵێ بۆ سەردانی خزمەکانم هاتووم بۆ میسر، هەرچەندە دەبوایە بۆ ئەو کارە درۆیەک بکەیت، بەڵام باشبوو لێیان نەپرسیم و درۆکەشم نەکرد.

دوای دەربازبوونم لەپشکنینی پاسپۆرت، لەیەکێک لەکارمەندانی فرۆکەخانە پرسیاری دەرگای چوونە دەرەوەی فرۆکەخانەم کرد؟ دوای نیشاندانی شوێنەکە داوای پارەی لێکردم! منیش تەنیا دراوی سەد دۆلاریم پێ بوو، لەبەر خۆمەوە وتم خۆ نابێت بۆ پرسیارێک سەد دۆلارت پێ بدەم! ئیتر ئەو داوای پارە لێکردنەم بەدرێژایی گەشتەکەم بەردەوام بوو.

کاک وشیار کوڕێکی هەولێری بوو و لەوێ دەژیا، ئەو بووە ڕێبەری گەشتیاریمان، هاوکات هەر خۆیشی شوفێریشمان بوو، لەفرۆکەخانە هاتینە دەرەوە. ئەوەی باسیان بۆ کردبووین لەکۆنی و وێرانی شاری قاهیرە هەمووی ڕاست دەرچوو، بەدرێژایی چەندین کیلۆمەتر ڕۆشتین بەئۆتۆمبێل، کۆنی و وێرانی بەشێکی زۆری ئەو شارەمان بینی بەتایبەتی ناوچەی (جیزە) کە لەڕووی ئیداریەوە بەپارێزگایەکی سەربەخۆ لەقاهیرە ئەژمار دەکرێت و هەرسێ هەرەمە گەورەکەی میسریشی لێیە.

ئوتێلەکەی ئێمە هەر لەو ناوچەیە بوو، کاتێک ئەو هەموو باڵەخانە و شوقە کۆن و پیس و وێرانە و شەقامی تێکچوو و خەڵکی زۆر هەژارت دەبینی، ئینجا دەتوت ئێمە لەهەرێمی کوردستان سەرەرای ئەو هەموو کەموکوڕیانە، بەڵام بەبەراورد بەمیسر لەیەکێک لەوڵاتە پێشکەوتووەکانی ئەسکەندەناڤیا دەژین، بەپێچەوانەی ئێمەش تەنیا چەند کەسانێکی زۆر پارەدار نەبێت کە خانووی گەورە و تایبەتی خۆیان هەبوو، ئەگینا هەموو خەڵکی شارەکە لەشوقەی دەیان قاتی کۆن دەژیان.

**قاهیرەی ٢١ ملیۆن کەس!**

قاهیرەی پایتەخت بەقەرەباڵخی و جەنجاڵیەکەی ناسراوە. لەوێ پرسیاری ژمارەی خەڵکەکەیم کرد؟ وتیان لەئێستادا ژمارەی دانیشتوانەکەی زیاتر لە ٢١ ملیۆن کەسە و ساڵانە تەنیا لەو شارە یەک ملیۆن مرۆڤ زیاد دەکات کە یەکێک لەهۆکارەکان زۆری منداڵ خستنەوەیە لەلایەن خێزانە میسریەکانەوە. بۆ پشتڕاست کردنەوەی ئەو بابەتە یەکەم ڕۆژم لەشاری قاهیرە، پاش ئەوەی لەئوتێلەکەم بەرێکەوتم بۆ ئەوەی بچمە سەر ڕووباری نیل و گۆڕەپانی تەحریر، تاکسیەکم وەستاند

**ژنە بەتەمەنەکانیان وەکو ژنانی ناو فیلمەکان زۆر دەنگ گەورە و بە گلەیی و تووڕە بوون**

دوای چاکوچۆنی و مامەڵەکردن، شوفێرەکە وتی تۆ دیـارە خەڵکی میسر نیت؟ وتـم خەڵکی عێراقم. ئیتر زۆر بەشانوباڵی عێراق و (سەدام حوسێن)ی سەرۆکی لەناوچووی عێراقی هەڵدا!

وتی ئێمەی میسری عێراقمان زۆر خۆشدەوێت، عێراق باشترین وڵاتە و سەدام حسێنیش ئازاترین سەرۆکی عەرەبی بوو لەمێژوودا. منیش وتم باشە بۆ ئەوەندە سەدامتان خۆشدەوێت؟ وتی چونکە کاتی خۆی باوکم لەعێراقدا کاری کردووە و زۆر ڕێزیان لێ گرتووە. وتم بەڵام سەدام حسێن ئێمەی تووشی چەندین شەڕ و ماڵوێرانی کردووە؟! کابرای شۆفێر وتی قەیناکە! ئەو پیاوێکی قارەمان بوو. دواتر باسی ژیانی خۆی کرد و بەمنی وت ژنت هێناوە؟ وتم بەڵێ. ئینجا پرسی چەند منداڵت هەیە؟ یەک.

وتی یەک زۆر کەمە، من شەش منداڵم هەیە و تەمەنیشم لەتۆ بچووکترە. منیش وتم باشە ژیانی ئابووری خەڵکی ئێوەی میسری زۆر سەختە بۆچی ئەو هەموو منداڵە دەخەنەوە؟ وتی کێشە نییە دۆخی داراییمان خراپ بێت یان نا، ئێمە حەزمان لەمنداڵی زۆر و قەرەباڵخی ماڵ هەیە، خۆ ئەگەر دۆخمان زۆر خراپ بێت، ئەوا هەموو منداڵەکانم دەخەمە سەر شەقام و کاریان پێدەکەم.

یەکێکی دیکە لەدیاردە سەیرەکانی وڵاتی میسر و شاری قاهیرە، زۆری ژمـارەی ئۆتۆمبێل و خێرا لێخوڕینی ئۆتۆمبێلە کە زۆر بەکەمی پۆلیسی هاتووچۆ لەسەر شەقامەکان دەبینیت و ترافیک لایتیشیان زۆر کەمە و ئەگەر ئاگاداری خۆت نەبیت، ئەوا لەیەکەم ڕۆژی سەردانیکردنت بۆ ئەو شارە ئۆتۆمبێلەک لێت دەدات و کۆتایی بەژیانت دێت! جگە لەوەش، بەهۆی دەنگی هۆڕنی ئۆتۆمبێلەکان تووشی ژانەسەر و کەڕ بوونی گوێچکەکانت دەبیت، شوفێرەکان بەبەردەوام هۆڕن لێ دەدەن. مام (مونتەسر) ی شوفێری کۆمپانیاکەمان نوکتەیەکی گێڕایەوە و وتی: لەمیسر دەڵێن بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی قاهیرە یەکێک لەو مەرجانەی کە بۆ دەرچوون لەتاقیکردنەوەی شوفێری دیاری کردووە، زۆر لێدانی هۆڕنە لەکاتی تاقیکردنەوەدا.

## بە چاوی خۆم فیلمی میسریم بینی!

زۆرجار لەفیلمی میسری پۆلیسی جل سپیم دەبینی یا ژنێکی پیرم دەبینی کە زۆر هاروهاج بوو و هاواری بەسەر خەڵکیدا دەکرد یا ئۆتۆمبێلی بیجۆ و ڕینۆ و لادەی کۆن یا گوێدرێژ و عەرەبانەم دەبینی، دەموت تەنیا لەفیلمەکانیان ئەو شتانە هەن و لەواقیعدا شتی وا لەمیسر بوونی نییە، بەڵام لەیەکەم و دووەم ڕۆژمدا بەناو گەڕەک و بازاڕە میللی و کۆنەکانی بەشە هەژارنشینەکەی قاهیرە، هەمان دیمەنم بینی کە سـەدان ئۆتۆمبێلی ساڵانی شەست و حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو وەکو بیجۆ و ڕینۆ و لادە و مەرسیدیسی زۆر کۆن کە لەهەرێمەکەی ئێمە نزیکەی ٣٠ ساڵ دەبێت ئەو مۆدێلانە نەماون، جگە لەوەش بۆ یەکەمجار پۆلیسم بینی بەجلی سپی کە زۆرم پێ سەیربوو لەو وڵاتە گەرم و شەقامە پیسانە، ئەو جلە سپیانە پیس نابن؟!

لەلایەکی دیکە ئەو پیاوە دشداشە فشانەم بینی کە خەڵکی لادێی ئەوێ بوون، چۆن لای ئێمە بەوانەی جلی کوردی لەبەر دەکەن دەڵێن (مام حاجی) لەوێش پێیان دەگوتن (عـەم، موعەلیم، ڕەیـس) کە من وامدەزانی مۆدێلیان لەمیسر نەماوە. ژنە بەتەمەنەکانیشیان وەکو ژنانی ناو فیلمەکان زۆر دەنگ گەورە و بەگلەیی و توڕەبوون، بۆ ئەمەش شەوێکیان لەناوچەی شەقامی موعیز سەرکەوتمە پاسێک، دوو ژنی تێدابوو کە دیاربوو لەگەڵ کارمەندی بلیت برەکە کێشەیان هەبوو، بەدرێژایی نیوسەعات و بەبێ ماندوو بوون ئەو دوو ژنە هاواریان بەسەر ئەو پیاوە بەتەمەنە داماوەدا دەکرد و سەدان جنێویان پێدا، لەبەر خۆمەوە دەموت ڕێک ژنانی ناو فیلمە میسرییەکانم بینیەوە. لەلایەکی دیکەوە، ئەو کەر و عەرەبانانەی کە بەر لەڕاپەڕین و زیاتر لە سیی ساڵ لەمەوبەر لەشاری هەولێر هەبوون کە بریتی بوون لەگوێدرێژێک و عەرەبانەیەکی چوار تایەی گەورەی ئۆتۆمبێل، لەم سەردەمی عەولەمە و پێشکەوتندا، لەقاهیرە تەژی شەقامەکان بوو.

## ڕووباری نیل و کچ و کوڕە عاشقەکان

بەهـۆی کۆنی و پەڕپووتییەکەی نـاوچـەی (جیزە)ی قاهیرە، هەستێکی ناخۆشیان بەمن بەخشی بوو، یەکەم ڕۆژ زۆر لەو گەشتەم بۆ میسر پەشیمان بوومەوە و دەموت خۆزگە لەجیاتی میسر گەشتی وڵاتێکی دیکەم کردبایە، بـەڵام بڕیارمدا سـەردانـی ڕووبـاری نیلی بەناوبانگ بکەم، بەتاکسییەک و بەتەنیا، خۆم گەیاندە سەر ڕووباری نیل، ئیتر شارێکی دیکە و دنیایەکی دیکە هاتە بەرچاوم.

شارێکی خاوێن و بەزمانی هەولێری ناوچەیەکی (ڕاقی) و پڕ لەباڵەخانەی تازە و مۆدێرن، چەندین ئوتێلی جیهانی و ئۆتۆمبێلی گرانبەها و خەڵکی تازەگەر و گەشتیارێکی زۆری بیانیم بینی، کاتێک گەیشتمە سەر ڕووباری نیل، جوانی و سیحری ئەو ڕووبارەم بینی. ئیتر ئەوجارە زۆر

دڵخۆش بووم و وتم: باشبوو هاتمە میسر! بەخۆڕایی پێی ناڵێن دایکی دنیا. دواتر سەردانی چەندین پردی گەورە و مێژوویی سەر ئەو ڕووبارەم کرد و دەیان کچ و کوڕ و هاوسەری عاشق لەسەر ئەو پردانە وێنەی خۆیان دەگرت و دەیان کەشتی جۆراوجۆریش لەناو ڕووبارەکە گوزەریان دەکرد، کاتێک شەویش داهات ئەو شەقام و ڕووبار و کەشتیانە، دیمەنێکی جوانتریان بەخشییە شوێنەکە.

**شاری ئەسکەندەریەم چۆن بینی؟!**


بەرنامەی دووەم ڕۆژی گەشتەکەم بریتی بوو لەگەشتکردنمان بۆ شاری ئەسکەندەریەی دووەم گەورە شاری وڵاتی میسر کە بەجوانی کەناراوەکانی و شوێنە مێژووییەکانی بەناوبانگە. سەعات هەشتی بەیانی لەگەڵ پێنج گەشتیاری دیکەی کوردستان و عێراق لەشاری قاهیرە بەڕێکەوتین و دوای سێ سەعات ڕێکردن بەرێگایەکی خۆش و دوو سایدی، گەیشتنیە ئەو شارەی کە من پێشتر وامدەزانی شارێکی زۆر ناخۆش و کۆنە و باشییەکەی تەنیا ئەوەیە کە لەسەر دەریایە، بەڵام کە جوانییەکانی ئەو شارەم بینی کە بەشێکی زۆری کەوتۆتە سەر دەریای سپی ناوەڕاست.

یەکەم شوێن لەئەسکەندەریە کە بۆی چووین مۆزەخانەی ئەو شارەبوو کە چەندین پەیکەر و پارچەی کۆنی شارستانییەتی فیرعەونی و ڕۆمانی و گریکی و بەتڵەمی و ئیسلامی تێدا نمایش کرابوون کە بەشێکی زۆریان لەژێر ئاوی کەنار دەریای سپی ناوەڕاستی نزیک شارەکە دۆزرابوونەوە. شوێنی دووەممان قەڵای (قاتیبای) بوو کە هی سەردەمی سوڵتانی مەمالیک (قاتیبای) بوو کە یەکێکبووە لەسوڵتانە مەملوکەکانی میسر بەر لە ٥٤٥ ساڵ دروستی کردووە و ساڵی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو لەلایەن سەرۆکی پێشووتری میسر (جەمال عەبدولناسر) نۆژەنکراوەتەوە. قەڵایەکی زۆرجوان و سەرنجراکێش بوو و کەوتبووە سەر کەنار دەریای سپی و پانتاییەکی زۆری هەبوو و لەدووقات پێکهاتبوو: ئەو سەردەمە ژووری لەسێدارەدان و ژووری ئەسپ ڕاگرتن و عەمباری ئاوی خواردنەوەی بۆ کرابوو و دیمەنێکی جوانی بەخشی بووە ئەو شارە و دەوترێت ئەو قەڵایە لەسەر زەوی منارە بەناوبانگەکەی ئەسکەندەریە دروستکراوە کە یەکێکبووە لەحەوت شتە سەرسورهێنەرەکەی جیهانی کۆن و چەندین سەدەیە لەناوچووە.

دوای قەڵا سەردانی چەند مزگەوتێکی دێرینی ئەو شارەمان کرد، یەکێک لەو شوێنانەی کە لەشاری ئەسکەندەریە پێویست بوو سەردانی بکەین، کتێبخانە گەورە و تازەکەی بوو کە لەسەردەمی (حوسنی موبارەک)ی سەرۆکی پێشووتری میسر دروستکرابوو، ئەوەش بەبۆنەی کتێبخانە مێژووییەکەی ئەسکەندەریە دروستکرابوو کە مێژووەکەی بۆ هەزاران ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە و ئێستا بوونی نەماوە، بەڵام بەهۆی درەنگ کەوتنمان کتێبخانەکە داخرابوو.

**ئەهرامەکان، یەکێ لە حەوت سەرسوڕهێنەرەکانی جیهان**

بەرنامەی ڕۆژی سێیەم و کۆتا ڕۆژی شاری قاهیرە، سەردانیکردنی سێ هەڕەمەکەی پارێزگای (جیزە)ی



نزیک شاری قاهیرە بوو کە یەکێکە لەحەوت شتە سەرسوڕهێنەرەکەی جیهان کە تاکو ئێستاکە ماوەتەوە و لەناو نەچووە، ئەویش بەهۆی بەهێزی بناغە و شێوازی دروستکردنەکەیەتی کە بەر لەزیاتر لە ٤ هەزار ساڵ لەلایەن سێ فیرعەونەکەی میسر (خۆفۆ) و (خەفرەع) و (مونکەرەع) دروستکراوە.

لەکاتی نزیکبوونەوەمان لەناوچەکە، لەدوورەوە هەرەمە گەورەکە (خۆفۆ) وەکو شاخێک لەبەرامبەرمان دەرکەوت ئینجا زیاتر هەستم بەزانایی و بلیمەتی ئەندازیارانی میسری کۆن کرد، لەکاتی بلیت بڕینەکە بەکاک وشیاری کارمەندی کۆمپانیاکەم وت بلیتێکم بۆ چوونە ژوورە و بلیتێکی دیکەم بۆ چوونە ناو هەرەمە گەورەکە (خۆفۆ) بۆ ببڕێت. دوای چوونە ژوورەوە و نزیکبوونەوە لەو هەرەمانە، سەرت سوڕدەمێنێ کە چۆن بەر لەزیاتر لەچوار هەزار و پێنج سەد ساڵ، مرۆڤی وا بەهێز و بلیمەت هەبوونە و ئەو هەرەمانەی بەو ئەندازە جوان و رێکوپێکە، بەو بەردە گەورانە درروستکردووە و تائێستاش ماون و لەناو نەچوون.

بیرم لەوە دەکردەوە کە مرۆڤی میسری کۆن چۆن توانیویەتی بەهەزاران ساڵ لەمەوبەر بەردێکی دەیان تۆنی کە بەقەبارەی ژوورێک دەبێت بەشێوەی لاکێشەیی و چوارگۆشەیی بتاشێت و بیخاتە سەر یەک و ئەو شاخە دروستبکات کە تەنیاش وەکو گۆڕێک بۆ فیرعەونی میسر بەکاریان هێناوە. لەدوای چوونە ناو گۆڕەپانەکەی هەرەمەکان، چوومە نزیک ئەو دەرگایەی هەرەمە گەورەکە کە دەوترێت زیاتر لەهەزار و دوو سەد ساڵ لەمەوبەر، لەسەردەمی حوکمی یەکێک لەکورەکانی (هاروونە ڕەشید)ی خەلیفەی عەباسییەکان بۆ دەرهێنانی گەنجینەکانی پاشا (خۆفۆ) شکێنراوە.

کاتێک دەچیتە ژوورەوە بەناو ڕێڕەوێکی بەردین دەڕۆیت، سەدان گەشتیاری وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکا و بیانی لێیە. هەمووی بەتامەزرۆوە هاتوون بۆ بینینی ئەو شوێنە کۆنە. دوای ئەو ڕێرەوە دەگەیتە پەیژەیەک کە سەردەکەوێت بۆ ڕێڕەوێکی باریکی درێژ، مرۆڤ دەبێت خۆی بچەمێنێتەوە، بەڵام کێشەکە لەوە دایە ڕێڕەوەکە ڕێگای چوون و هاتنی خەڵکە و هەوا و ئۆکسجینیش لەناویدا زۆر کەمە و پلەیەکی گەرمیشی هەیە، بۆیە دوای چەند جارێک لەچوون و گەڕانەوەم بەناو ڕێڕەوەکە و دوو دڵیم، وتم با گوێ بەهەناسە نەمان نەدەم و ڕێڕەوەکەم بەپەلە بڕی!

**حکومەتی میسری ترسی لە گەشتیاری بیانی نییە، تەنیا لە خەڵکی میسر دەترسێت!**

دوای بڕینی ئەو ڕێڕەوەش، ڕێڕەوێکی دیکەی گەورە هاتە پێشم کە وەکو تاق دروستکراوە، بەردی ئەو تاقە هەر یەکێکیان بەقەد ژوورێک دەبوو و بەشێوازێکی زۆر جوانی ئەندازەیی دروستکرابوو، سەرت سوڕدەمێنێ چۆن بەو شێوەیە دروستکراوە! پاش بڕینی ئەو ڕێڕەوەش دەگەیتە دەروازەی ژووری گۆڕی فیرعەون (خۆفۆ) دەبێت دیسانەوە دوبارە خۆت بچەمێنیتەوە تاکو بچیتە ژوورەوە. لەکۆتایی گەیشتمە ژووری گۆڕەکە کە بەشێوەیەکی زۆرجوان بەبەردی گەورەی گرانیتی سوور دروستکراوە و گۆڕەکەش تەنیا بەشی خوارەوەی ماوە، بەشێکی بچووکی شکاوە کە دیارە لەکاتی دزینی کەلوپەلەکانی شکێنراوە.


دوای هاتنە دەرەوەم لەهەرەمە گەورەکە، ئەوجارە چوومە نزیک دوو هەرەمەکەی دیکە و کاتێک لەهەرەمی دووەم (خەفرەع) نزیک بوومەوە، دەیان خاوەن وشتر و ئەسپی میسری ڕێگات پێ دەگرن و دەڵێن سواری وشتر و ئەسپ ببە! منیش لەبەر ئەوەی هەموو سەرنجم لەسەر بینینی هەرەمەکان بوو، دەموت زۆر سوپاس نامەوێت، بەڵام ئەوان وازت لێ ناهێنن! ئەمجارە دەیانوت وەرە تەنیا ڕسمێک لەگەڵ وشتر بگرە و پارەشمان ناوێت کە لەڕاستیشدا وا نەبوو.

دوای ئەوە چوومە هەرەمی سێیەم (مونقەرەع) کە لەوانی دیکە بچووکتربوو، ئەوەی سەیربوو لەو هەرەمە ئەوەبوو کە پاسەوانەکە پێی وتم سەیرکە ئەو پاشایە لەسەر یەکێک لەبەردەکان ناوی خۆی نوسیوە بۆ ئەوەی ناوی بمێنێتەوە. دوای ئەوە دووبارە تووشم بوو بەفرۆشیاری کاڵا ئەنتیکەکانی میسر لەنزیک ئەو شوێنە و بانگیان کردم بەبێ ئەوەی خۆم داوا بکەم عەلاگەیەکیان بۆ پڕکردم لەشتی ئەنتیکی دروستکراو لەشێوەی بچووککراوی هەرەم و پەیکەری فیرعەونەکان کە لەکۆتاییدا بۆ ئەوەی وازم لێ بێنن، دانەیەک لەپەیکەری فیرعەونم لێیان کڕی و دوای ئەوە بەرەو پەیکەری (ئەبو هۆل) بەڕێکەوتم. پەیکەرێکی زۆر گەورە و سەرنجڕاکێش بوو، دەوترێت گەورەترین پەیکەرە لەجیهان کە لەسەر یەک پارچە بەرد دروستکرابێت.

## گۆڕەپانی تەحریر و فیلمی ئیرهاب و کەباب!

لەدوای تەواوبوونی گەشتەکەمان بۆ ئەهرامەکان، چووینە مۆزەخانەی نەتەوەیی میسر، بەڵام دیاربوو ئەو مۆزەخانەیە تازەبوو چونکە ئەوەی من دەمویست، مۆزەخانە کۆنەکەی میسری بوو لەگۆڕەپانی (تەحریر) کە زۆربەی لاشە مۆمیاکراوەکانی پاشاکان و گەنجینە زێڕینەکەی فیرعەونی لاوی (توت عەخ ئامۆن)ی تێدا بوو. بەتاکسیەک چوومە مۆزەخانەکە، بەڵام شانسی من بەهۆی درەنگ کەوتنم کە کاتژمێر ٤ی دوای نیوەڕۆ بوو، پۆلیسەکەی بەردەرگا وتی مۆزەخانەکە داخراوە. هەرچەندە هەوڵمدا و پێموت من خەڵکی وڵاتێکی دیکەم و پێم ناکرێت جارێکی دیکە بێمەوە، بەتایبەتی ئەو ڕۆژەش کە دوارۆژمان بوو لەشاری قاهیرەی پایتەخت و دەبوایە شەو بۆ شاری (شەرم شێخ)ی گەشتیاری بەڕێ بکەوین، سوودی نەبوو!

جانتاکەم لەکۆمپانیایەکی دڵنیایی دانا و بەپێ بەناو گۆڕەپانی تەحریری میسر گەڕام. دیمەنی فیلمە کۆنەکانی عادل ئیمام و نور شەریف و ئەکتەرەکانی دیکەم بیر کەوتەوە، بەتایبەتی باڵەخانەی کۆمەڵگای تەحریر کە فیلمی (ئیرهاب و کەباب)ی هونەرمەندی گەورەی میسری (عادل ئیمام)ی تێدا وێنە گیراوە.



تاکسیەکم گرت و بەڕێکەوتم بۆ بازاڕی (خان خەلیلی) بەناوبانگ، لەخان خەلیلی گەشتیارێکی زۆری بیانی دانیشتبوون و چا و قاوە و خواردنی جۆراوجۆری ئەوێ دەخۆن و دەخۆنەوە. پاش گوزەرکردن بەناویدا قاوەخانەکانی (فیشاوی) و (نەجیب مەحفوز)م بینی. زۆربەی دوکانەکانی ئەوێ شتومەکی جۆراوجۆریان دەفرۆشت و هەر لەوێشدا مزگەوتی ئیمام حسێنی لێ بوو، پاشان چوومە شەقامی (ئەلموعز) کە شەقامێکی کۆنی سەردەمی سوڵتان (موعزدینی فاتیمی)ە کە یەکێک بووە لەسوڵتانەکانی دەوڵەتی شیعەی فاتیمی لەمیسر، ناوچەکە چەندین مزگەوت و شوێنی کۆن و بازاڕی دێرین لەخۆ دەگرێت، وەکو مزگەوتی گەورەی (حاکم بیئەمریلا) و مزگەوتی (ئەقمەر) کە لەشەوانیشدا هەموو دوکانەکان کراوە بوون و چەندین جۆر خواردنی تایبەتی میسری لێ دەفرۆشرا. لەکۆتایی شەقامەکەدا دەروازەیەک دێتە بەردەمت و دیواری کۆنی شاری میسر دەردەکەوێ کە بەوتەی مێژوونوسانی شارەکە، شاری قاهیرە لەسەرەتادا تەنیا تاکو ئەو دیوارە فراوان بووە کە وەک دەوترێت زیاتر لەهەزار ساڵ لەمەوبەر لەلایەن دەوڵەتی فاتیمیەکان دروستکراوە و چەند جارێک نۆژەنکراوەتەوە.

پاشان بەرەو بازاڕێک ڕۆیشتم کە وەکو بازاڕی شێخەڵلاکەی هەولێری خۆمان عەرەبانەیەکی زۆری فرۆشیاری گەڕۆکی لێ بوو. ئەو شەوە جمەی دەهات لەکڕیارانی، دواتر بەپاسێکی کۆنی گەورە لەو بازاڕە سەرکەوتم و دووبارە چوومەوە گۆڕەپانی (تەحریر) و بۆ ماوەیەک سەردانی ڕوباری نیلم کردەوە، گەشتی پاسەکەم کاتژمێر ١١ی شەو بوو، ڕۆیشتمە نزیک ڕووبارەکە و سەرکەوتمە ناو یەکێک لەکەشتیەکانی ناو ڕووباری نیل، لەوێ خەڵکێکی زۆر بەخێزانەوە سەرکەوتن و بەگڵۆپی ڕەنگاوڕەنگ و گۆرانی تۆمارکراو، کەشتیەکە دەستیکردە جووڵە و بەچەپڵە و سەما و خۆشی میسریەکانی ناو کەشتیەکە، گەشتێکی خۆشی ناو (ڕووباری نیل)مان کرد.

لەو ماوەیەی مابوو، چەند شوێنێکی دیکە لەگۆڕەپانی تەحریر بەپێ ڕۆیشتم، زۆربەی دوکانی شەقامەکان کراوەبوون. خواردنی خێرا و ساردەمەنیم لەوێ خوارد تا گەیشتمە گۆڕەپانی بەناوبانگی (تەلعەت حەرب) کە بەناوی یەکێک لەسەرکردە گرنگەکانی سەردەمی دەسەڵاتی پاشایەتی میسر کراوە کە لەسەردەمی خۆی ئابووری میسری پێشخستووە و لەوێ پەیکەرێکی بۆ دروستکراوە. هەر لەو گۆڕەپانە باڵەخانەی (یەعقوبیان)

ی لێیە کە بە (عیمارەی یەعقوبیان) ناسراوە، بۆ ئەمەش دووبارە دەگەڕێمەوە سەر باسکردنی هونەرمەندی گەورەی میسر (عادل ئیمام) کە فیلمێکی لەسەر ڕووداوەکانی ناو ئەو باڵەخانەیەدا دەرهێناوە. کاتژمێر یانزەی شەو پاسەکە هات و جانتاکەم لەکۆمپانیاکە وەرگرتەوە و بەرەو شاری گەشتوگوزاری (شەرم شێخ) بەڕێ کەوتین.

**ماستاو کردن بۆ سەدام حسێن!**

دوای بەڕێکەوتنی پاسەکە بۆ (شەرم شێخ) سەرنشینەکی ناو پاسەکە کە لەتەنیشم دانیشتبوو، کوڕێکی گەنجی میسری پێست ڕەش بوو، دوای چاکوچۆنی وتی: خەڵکی کوێیت؟ ئیتر بەهەمان قەوانی شوفێر تاکسیەکەی قاهیرە دەستیکرد بەپیاهەڵدان بەعێراقی سەردەمی بەعس و سەرۆکەکەی، دەیوت: عێراق وڵاتێکی زۆر گرنگە و سەدام حسێنی سەرۆکەکەشی باشترین سەرۆک بوو! وتم نازانم بەڵام ئەو بۆ ئێمە مایەی چەرمەسەری بوو و تائێستاش زیاتر لەچل میلیۆن عێراقی بەدەست هەڵە و تاوانەکانی ئەو دەناڵێنن. وتی: لەبەر ئەوەی ئێوەی عێراقی خیانەتتان لەسەدام کرد، بۆیە ئەو وای لێکردن، ئەگینا من مامێکم و باپیرەشم لەعێراق کاریان کردووە و حکومەتی ئەوسای عێراق زۆر لەگەڵیان باشبوون!

شوفێری پاسەکەش کە زانی من عێراقیم، وتی عێراق بۆ ئێمە خۆشەویستترین وڵاتە! دەزانی ئێوە سەرۆکێکی چەند پاڵەوانتان هەبوو! بۆم دەرکەوت کە گفتوگۆکردن لەگەڵ میسریەکان و وەڵامدانەوەیان و تێگەیاندنیان لەوەی کە سەدام و حزبی بەعس خراپترین سیستەم و سەرۆک بوون، هیچ سوودێکی نییە، چونکە ئەوان تەنیا بیریان لەو ڕۆژانە دەکردەوە کە سەدام پارەی پێ دەدان یا چەند موشەکێکی بەدەوڵەتی ئیسرائیلەوە ناوە. دوای بەڕێکەوتنی پاسەکەمان لەڕێگای نێوان قاهیرە و شەرم شێخ، تووشی بازگەیەک بووین. پێشتر وتیان کە بەهۆی چوونی گەشتیارێکی زۆری بیانی و ئەنجامدانی چەند کردەوەیەکی تیرۆریستی و سازکردنی کۆنگرەی ژینگەی جیهانی لەشەرم شێخ، ئەو بازگانەی ئەوێ ئۆتۆمبێل بۆ ماوەیەکی زۆر دەوەستێنن و دەپشکنن، بەڵام ئەوەی حاڵی ئێمەی زۆر خراپتر کرد، ماوەی پێنج سەعات ئێمەیان وەستاند، هۆکارەکەشی کوڕێکی گەنجی میسری بوو، گوایە پسولەی فەرمانگەیەکی فەرمی ساختە کردووە.

ئەوەی بەلامەوە سەیربوو، کاتێک کارمەندەکانی ئاسایشی

**بۆم دەرکەوت کە گفتوگۆکردن لەگەڵ میسرییەکان و وەڵامدانەوەیان و تێگەیاندنیان لەوەی کە سەدام و حزبی بەعس خراپترین سیستەم و سەرۆک بوون، هیچ سوودێکی نییە**

میسری سەرکەوتنە سەر پاسەکە و داوای ناسنامەیان لێکردین، ناسنامەی هەموو سەرنشینە میسریەکانیان بردە خوارەوە، تەنیا پاسپۆرتی من و سێ گەشتیاری ڕووسیا نەبێت کە بەبێ سەیرکردن پاسپۆرتەکانیان پێمان دایەوە، دواتر پرسیارم لێیان کرد؟ وتیان حکومەتی میسری ترسی لەگەشتیاری بیانی نییە، تەنیا لەخەڵکی میسر دەترسێت! ئیتر پاش ڕزگاربوونمان لەو بازگەیە، وتیان دوو سێ بازگەی دیکەیش ماوە، بەڵام زۆر دوامان ناخەن. گەیشتینە بازگەی (سوێس) دوای وەستانێکی کەم، بەڕێکەوتینەوە و لەڕێگادا دیمەنی زۆر جوانم بینی.

شاخی (تور) یا شاخی پەیامبەر (موسا) یەکێ لەو شوێنە سەرنجڕاکێشانەی ناوچەکە بوو، دیمەنەکانی ئەو ناوچانە سەیر بوون، چونکە لەیەک کاتدا شاخ و دەریای سوور و بیابانیشی هەبوو. دوای یانزە سەعات گەیشتینە شاری شەرم شێخی گەشتیاری کە شارێکی پاکوخاوێن و تازەبوو بەبەراورد بەشارەکانی ئەسکەندەریە و قاهیرە، بەڵام بەهۆی سازکردنی کۆنگرەی جیهانی ژینگە کە سەرکردە و سەرۆکی زۆربەی وڵاتانی جیهان ئامادەی ببوون، لەهەموو لایەکەوە کرێکار و ئامێرەکان خەریکی کارکردن بوون بۆ ئەوەی شارەکە بەجوانترین شێوە بڕازێننەوە. دوای دابەزینم لەپاسەکە تاکسیەکم گرت و بەرەو مۆتێلەکەم بەڕێکەوتم. دوای ماوەیەکی کەم گەیشتمە مۆتێلەکە کە لەشەقامی (مۆتێلەکان) دوای پشوو وەرگرتنەکی کورت لەژوورەکەم، ئیتر دەستمکرد بەپرسیارکردن بۆ چوونە شوێنە گەشتیارییەکانی شارەکە کە زۆربەیان کەنار دەریا بوون.

کارمەندی پێشوازیەکە پێی وتم کە پاسیان هەیە و ڕۆژانە سێجار ئەو گەشتیارانەی مۆتێلەکە دەگەیەنێتە سەر کەنار دەریا، ئێمەش هەر بەپاسەکە چووینە سەر کەنار دەریای سوور، ماوەیەک مەلەم تێداکرد، سەرەڕای ئەوەی مانگی

**لە میسر دەڵێن بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی قاهیرە یەکێک لەو مەرجانەی کە بۆ دەرچوون لە تاقیکردنەوەی شوفێری دیاری کردووە، زۆر لێدانی هۆڕنە لە کاتی تاقیکردنەوەدا**

١٠ بوو، ئاوەکەی سارد نەبوو بەڵام کەشوهەواکەی گەرم بوو. هەر لەکەنار دەریا چەندین یاری بۆ سەر گەرمکردنی گەشتیاران هەبوو، وەک هەڵفڕین بەپەڕەشووت، چوونە ناو کەشتیەکی تایبەت کە ژێرەوەی شوشەیە و هەموو ژێر دەریای تێدا دەردەکەوێت. ئێوارە دیسانەوە هاتمەوە مۆتێلەکە کە بەشێوەیەکی زۆرجوان دروستکرابوو و لەناوەڕاستەکەی شانۆیەکی بەردینی بچووکی تێدابوو کە شەوانە یاری سەرنجڕاکێشی تێدا ئەنجام دەدرا.

### هاوینە هەوارە دڵڕفێنەکانی شەرم شێخ

جگە لەکەنار دەریا، شاری شەرم شێخ چەندین شوێنی گەشتیاری دیکەی وەک هاوینە هەواری (سۆهۆ) تێدایە. شەوی یەکەم بەتاکسیەک چوومە وێ، کاتەک ئەوێ دەبینی بۆت دەردەکەوێت کە میسریەکان شوێنی گەشتیاری زۆر بەزیرەکی و جوانی دروستی دەکەن. لەو شوێنەی بۆی چووین، سەدان کافتیریا و دوکانی ئەنتیکە فرۆشی و چێشتخانەی تێدا دروستکراوە و بەهەزاران گەشتیاری بیانی لەو شوێنە کاتەکانی خۆیان بەسەر دەبەن. ڕۆژی دووەم بەڕێوەبەری کۆمپانیاکە تەلەفۆنی کرد و وتی بەرنامەی ئەمڕۆمان گەشتکردنە بەناو بیابان و شاخەکانی شەرم شێخ کە پێی دەڵێن گەشتی (سەفاری)، بەڵام من زۆر حەزم لێی نەبوو و نەچووم، بۆیە ڕووم لەبازاڕی کۆنی شەرم شێخ کرد و لەگەڵ عەبدولحەکیمی موسڵاوی یەکێک لەو خواردنەوانەی کە زۆر حەزم دەکرد لەمیسر بیخۆمەوە (شەربەتی قامیشی شەکر)، شەربەتێکمان خواردەوە، تامەکەی وەک شەربەتی گندۆرە بوو.

شەوەکەش لەگەڵ عەبدولحەکیم چووینە هاوینەهەواری (خەلیج نیعمە)، ڕۆژی سێیەم کە کۆتا ڕۆژی بەرنامەی گەشتکردنەکەمان بوو، سەرکەوتنە ناو کەشتی و چوونە ژێر ئاوبوو بەئامێری هەوای ناو بتڵ، بەیانی کاتژمێر هەشتونیو بەڕێکەوتین و گەیشتینە نزیک کەشتییەکان و هەریەکە و هێلەگێکی ڕزگاربوون لەخنکانمان لەبەر کرد و سەرکەوتینە ناو کەشتیەکە. نانی نیوەڕۆشمان هەر لەناو کەشتیەکە خوارد، گروپەکەی ئێمە و گروپێکی خەڵکی موسڵ بووین، موسڵاوییەکان زۆربەیان پیاوی بەتەمەن بوون، بەڵام زۆر لەئێمەی گەنج بەزەوقتر بوون، بەردەوام گاڵتەیان لەگەڵ یەکتری دەکرد و قاقای پێکەنینیان دەگەیشتە ئەوبەری دەریای سوور!


دوای نانخواردن، تیمی ژێرئاوی کەشتیەکە هەموومانی کۆکردەوە بۆ ئەوەی وەرزشی چوونە ژێر ئاومان بەئامێر و هەوای ناو بتڵەکە فێرکات و چۆنیش لەژێر ئاودا وێنە لەگەڵ شاخە مەرجانیەکان بگرین و ژێرەوەی دەریاکە ببینن. بەهۆی کێشەی سەرئێشە گرتن لەکاتی چوونی ئاو بۆ ناو گوێچکەکانم، نەمتوانی بەشداری ئەو یاریە سەیروسەمەرەیە بکەم، بەتایبەتی کاتەک تاکو قوڵایی هەشت مەتر دەچنە ژێر دەریا.

وتم هیچ نەبێت با تۆزێک مەلە بکەم لەسەر ئاوەکە، چاویلکەیەک لەوانەی لووتیش لەچوونە ئاو دەپارێزێت، لەچاو کرد و سەری خۆم خستە ژێر دەریاکە، بەڕاستی دیمەنێکی زۆر سەیرم بینی؟ دەریاکە شارێکی ئەفسوناوی بوو لەژێر ئاو، ئەو هەموو ماسییە جۆراوجۆرەی تێدا بوو، ئەو کەسانەشی لەگەڵ ئێمەدا چووبوونە ژێر ئاو، ئەوانیشم بینی لەژێر ئاو مەلەیان دەکرد و بەکامێرای تایبەت لەلایەن تاقمی کەشتیەکەمان لەژێر ئاودا وێنەیان دەگیرا. هەر لەناو ئاوەکە ئەوەی زۆر سەرنجی ڕاکێشام، شاخە مەرجانیەکان بوو، پێشتر لەتەلەفزیۆن بینیبووم، بەڵام ئەمجارە ڕاستەوخۆ بینیم، گەشتەمان تا ئێوارە لەناو ئەو ئاوە سیحراوی و جوانەی دەریای سوور بەردەوام بوو.

شەو لەمۆتێلەکەمان ماینەوە و بەیانیەکەی بەپاسێک بۆ قاهیرە بەڕێکەوتین، ئەمجارە تەنیا بەشەش سەعات گەیشتینە قاهیرە و لەوێشەوە بەپاسێکی دیکە بەرەو فرۆکەخانەی قاهیرە و دواتر سەعات دوانزەی شەو لەفرۆکەیەک سەرکەوتین و دوای سێ سەعات گەیشتینەوە فرۆکەخانەی هەولێر.

لەم گەشتەمدا بۆم دەرکەوت کە وڵاتێکی گەورە و مێژوویی وەکو میسر ناتوانرێت بەهەفتەیەک هەموو شوێن و شتە گرنگەکانی ببینیت، بەڵام هیچ نەبێت هەولێری وتەنی بەگەشتکردنم بۆ ئەو وڵاتە دێرین و سەیروسەمەرەیە (مرازم حاسڵ بوو).

# ئەوەی دەیبینی ..
# وەکو ئەوە نییە، کە دەیبیستی



عەلی ئەڵوەنی

سەرەتا مانگی دەی ئەمساڵ داوەتنامەیەکی فەرمیم، لە دەزگای ئیماراتی بۆ بەرهەمهێنانی هونەریی پێگەیشت. وەکو هونەرمەندێکی کورد و سەرۆک وەفدی کوردی بەژداربووم لە یەکەمین پێشانگەی نێودەڵەتی، کە بە بۆنەی یادی پەنجا و یەک ساڵەی دامەزراندنی وڵاتی ئیماراتی عەرەبی یەکگرتوو لە (ئەل فوجێلە) کرایەوە.

وەکو هونەرمەندێکی کورد زۆر دڵخۆشبووم، کە بۆ ئەم پێشانگەیە دەستنیشان کرابووم، وەک خۆئامادەکردنێک چەند تابلۆیەکم دروستکرد، کە زۆربەیان بە زمانی عەرەبی بوون. هەروەها چەند داوەتنامەیەکی دیکەشم بۆ هەندێک هونەرمەندی دیکەی شاری هەولێر ڕێکخست، بەمەبەستی بەشداریکردن لەم پێشانگەیەدا.

لێرەوە چیرۆکی گەشتەکە دەستی پێکرد، چوون بۆ فڕۆکەخانەی بەغدا، لەوێشەوە لەگەڵ کۆمەڵێک هونەرمەندی عێراقی بەڕێکەوتین. هەرکە گەیشتینە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی بەغدا، کە بە (عباس بن فرناس) بەناوبانگە شتە سەیر و سەمەرەکان دەستیان پێکرد، کە بریتی بوو لە مامەڵەکردن لەگەڵ چەند کەسێک، کە لەو گۆڕەپانە وەستاون، بۆ ئەوەی بە پارە بمانبەنە ژوورەوە.

لە هەمووشی خۆشتر، کە مایەی پێکەنین بوو، ئەو کەسەی، کە دەتباتە ژوورەوە، کارمەندی ئەو فڕۆکەخانەیەیە، بێ پشکنین تا دەرگای تێرمیناڵت دەبات، بێ ئەوەی هیچ کەلوپەلێکت بپشکنن.

هەرکە چووینە ژوورەوە و تابلۆکانمان برد، کابرایەکمان لێ پەیدا بوو، وەک ئەوەی بڵێی لەو فڕۆکەخانەیە نییە. کەسێک بوو سەرەڕای ئەوەی تووڕەی کردم، بەڵام منی خستە پێکەنین، چونکە گوتی نابێت ئەم تابلۆیانە لەگەڵ خۆتان ببەن، چونکە یاسا ڕێگە نادات، ئێمەش داوەتنامە و بەڵگەنامەمان پێ نیشان دا، کە ئێمە هونەرمەندین و ناسراوین و بە شێوەیەکی فەرمی داوەتکراوین، بەڵام سوودی نەبوو، هەموو تابلۆکان دەستیان بەسەر داگیرا، ناچار ئێمە گەشتەکەمان بەبێ تابلۆکان کرد.

سواری فڕۆکە بووین و گەشتە دوو سەعات و نیویەکە بۆ دوبەی دەستی پێکرد. لەنێو فڕۆکە گفتوگۆی زۆر لە نێوانمان کرا و زۆر غەمبار بووین بەهۆی ئەو هەڵسوکەوتەی بەرانبەرمان کرا.

هەرکە گەیشتینە فڕۆکەخانەی (دوبەی) چیم بینی؟ سەرم سوڕما لەو سیستەم و پێشوازیکردنەی گەشتیاران.

یەکەم شت، کە سەرنجی ڕاکێشام ئەو کارمەندانە بوون، کە مۆریان لە پاسپۆرتەکان دەدا. هەر هەموویان دژداشە و عەگاڵی سپی و نەعلێکیان لە پێیە و لەگەڵ ئەوەشدا بازێکیان بە سنگەوەیە، کە پلەی سەربازیەکەیان دیارە و وێنەی خۆیانیش بە جلی سەربازی لەسەریەتی. ئایە ئەگەر کارمەندانی ئێمە لە فڕۆکەخانەی کوردستان، وەکو کارمەندانی فڕۆکەخانەی دوبەی، جلی کوردی لەبەربکەن نابێت؟ کە چاوم بە (دوبەی) کەوت وەکو نیویۆرکێکی بچووککراوم هاتەبەرچاو، بۆیە چەند پرسیارێک بە مێشکمدا هات و هەوڵم دا وەڵامیان بۆ بدۆزمەوە، کە بریتی بوو لەوەی (دوبەی) چییە و بۆ دروستکراوە؟

> “چاوم بە (دوبەی) کەوت وەکو نیویۆرکێکی بچووککراوم هاتەبەرچاو، بۆیە چەند پرسیارێک بە مێشکمدا هات و هەوڵم دا وەڵامیان بۆ بدۆزمەوە، کە بریتی بوو لەوەی (دوبەی) چییە و بۆ دروستکراوە؟”

دواتر بەرێ کەوتین بۆ (اماراتي الفجير) کە یەک کاتژمێر لە (دوبەی) دوورە و بۆ ڕۆژی دواتریش، کە چووینە دەرەوە، شارێکی چۆڵ و هۆڵ، ئێمەش گوتمان ڕەنگە لەبەر ئەوەبێت ڕۆژی هەینییە و خەڵک لە پشوودانن، بەڵام نەخێر وانەبوو، بۆ ڕۆژی دواییش، بە هەمان شێوە، هەر چۆل بوو. ئێمەش پرسیارمان کرد، بەڵام پرسیاکردن لە کێ؟ ئەوەی دەمان بینی یان هندی، یان ئەسیوپی، یان پاکستانی، یان ئەفغانی بوو.

دواتر لە لایەن بەرپرسانی ئەو شارە پێشوازیمان لێکرا و بەخێرهاتنێکی زۆر گەرمیان کردین، کە

ئێمەیان بە جل و بەرگی کوردییەوە بینی زۆریان پێ جوان بوو. دەرکەوت میللەتی ئیماراتی زۆر دڵپاک و میواندۆستن و زۆر کوردیان خۆش دەوێت، کە زانیشیان لە فرۆکەخانەی بەغدا تووشی ئەو ڕووداوە بووین، زۆر دڵگران بوون و گوتیان خۆزگە لە ڕێگەی فرۆکەخانەی هەولێر بهاتبان، ئامادەیی خۆشیان دەربڕی بۆ هەر قەرەبووکردنەوەیەک.

> **"وڵاتێکە ئەگەر بێگانە ئەو وڵاتە جێبێڵن، باوەڕناکەم کەس بتوانێت ئاو بکاتە دەمی خۆی، چونکە هەموویان فێری دانیشتن بوونە"**

من بەردەوام پرسیارم دەکرد، ئایە ئەم خەڵکە بۆ نایەنە دەرەوە، بۆ کار ناکەن، بۆ لە هەموو شوێنێک بێگانە کار دەکات. دەرکەوت ئیماراتییەکان تەنیا لە فەرمانگە حکومییەکان و شوێنە پلە بەرزەکان کاردەکەن، بە مووچەیەکی زۆر و دابینکردنی هەموو پێداویستییەکانی ژیانیان. ئەوەش پرسیارێکی دیکەی لا دروست کردم، ئایە ئەم وڵاتە و ئەم باڵەخانە و ڕێگاوبانە کێ دروستی کردووە؟ بە شانازییەوە وەڵامیان دامەوە، کە کۆمپانیە گەورەکانی دونیا لە ڕێگەی ئەندازیار و کرێکار و دیزاینەرە بیانییەکان دروستیان کردووە، لای خۆمەوە ئەم وڵاتەم بەراورد کرد بە وڵاتانی ئەوروپی، چونکە وڵاتانی ئەوروپیی ژیانیان و مووچەیان مسۆگەرە، بیمەی تەندروستیان هەیە و دەتوانن گەشت بۆ هەموو جیهان بکەن، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت کار بکەن و ماندووبن، بۆیە سەیرم پێهات ئەوانە تەنیا دانیشتوون و هەموو شتێکیشیان بۆ دابین دەکرێت. نەمبیست و نەمبینی باڵەخانەیەک، یان پرۆژەیەکی گەورە، پێم بڵێن، کە ئەمە ئەندازیار، یان کرێکارێک، یان هەر کەسێکی ئیماراتی دروستی کردووە. کە سەردانی کتێبخانەی گەورەی (شاریقە)مان کرد، لەوێش تووشی هەمان گێژاوی پرسیارکردن بووم، لەگەڵ بەڕێوەبەرەکەی، کە پێشوازی لێ کردین و بە ڕەگەز لوبنانی بوو، کەوتینە گفتوگۆ و پرسیارکردن و گەڕان بەنێو کتێبخانەکەدا.



بۆی باسکردین، کە دیزاینی ئەم کتێبخانەیە لە ئەوروپاوە هاتووە و ئەو پەیکەرەی لە بەردەم کتێبخانەکەیە، هونەرمەندێکی ئەوروپی دروستی کردووە.

دەرکەوت لەم کتێبخانەیەدا حەوت ملیۆن و نیو کتێب هەیە، کەچی لەهەموو بەشی کتێبخانەکەدا چەند گەنجێکی ئیماراتی، کە لە پەنجەکانی دەست تێنەدەپەڕین لەوێ بوون و دەیانخوێندەوە.

دواتر ئێمەیان بردە بەشێکی دیکەی کتێبخانەکە، کە بەشی چاپەمەنیی بوو، بە باشترین سیستەمی جیهانی دروست کرابوو. خوێنەر دەیتوانی کتێبێک بەهەر قەبارەیەک بێت، لە هەرکوێی جیهان بێت، بیکرێت و لە ماوەی چوار چرکەدا ڕابکێشرێت و چاپ بکرێت و پێی بدرێت، بەڵام ئەوانەی لەو بەشە کاریان دەکرد، پاکستانی بوون نەک ئیماراتی.

هەروەها بەشێکی دیکەی ئەم کتێبخانەیە تایبەت بوو بە دیزاین و درووستکردنی ماکێت بۆ ئەو قوتابیانەی، کە لە بەشەکانی ئەندازیاری دەیانخوێند و توێژینەوەیان هەبوو. ئەوەش بە هەمان دەردی ئەوانی دی، ئەوەی کاری دەکرد هیندی بوو. ئەی باشە ئەمە بۆ کێ دەکرێت و بۆ کێ دروست کراوە؟ بۆیە بۆم دەرکەوت سەرەڕای هەموو ئەو ئاسانکاریانەی کە بۆژیانی هاوڵاتیانی خۆی دابین کردووە، هیچی خۆی درووستی نەکردووە، بەڵکو بە پارەکەی تەنیا باڵەخانەکانی دروست کردووە، باڵەخانەیەک هەرچەند بەرز بێت تەنیا ٥.٤ گڵۆپ داگیرساوە و ئەوەی دیی چۆڵە، وەکو ئەو کتێبخانەیەی باسمان کرد

وڵاتێکە ئەگەر بێگانە ئەو وڵاتە جێبێڵن، باوەڕناکەم کەس بتوانێت ئاو بکاتە دەمی خۆی، چونکە هەمووی فێری دانیشتن بوونە، کاریان تەنیا فەرمانکردنە و کەسانی بیانی دەبێت کارەکانیان بۆ جێبەجێ بکەن.

# وێستگەی دیوان

- (١) پرسیار (شەفیقی حاجی خدر)
- گۆشەی دیوان.. شەقامی (النصر) لە هەولێر
- یەکەم بابەت (غریب پشدەری)
- نازناوی بەدرخان

حەمید بەدرخان

- بەختیار مستەفا، ئەو هونەرمەندەی لەسەر هونەر باوکی لە ماڵ دەریکرد

سالار کۆشار

- مێژووی بەشی زمانی کوردی ئەو قوتابیانەی (خوێندنی باڵا) یان تەواو کردووە (بەشی دووەم و کۆتایی

د. شوان سلێمان یابە

- ساڵۆنی لاپەڕە (٩)

پرسیار (١)

# چۆن کتێبێک بۆ وەرگێڕان هەڵدەبژێرێت، بەخواستی خۆت، یان لەسەر خواستی کەسانی دیکە؟

ئەوی ڕاستی بێت شێلانی هەویری ئەم پرسیارە ئاوی زۆر دەوێت. لەپێش هەمووشیاندا بوێری و ڕاستگۆییشی داخوازە. ئاخر هەر ئەم پرسیارە سەردەکێشێت بۆ ئەوەی بزانرێت وەرگێڕانی هەر کتێبێک چیرۆکی خۆی هەیە.

منیش وەڵامی ئەم پرسیارە بە دەرفەت دەزانم، تا لایەک لە پرسی دنەدانی وەرگێڕان بکەمەوە و ڕەوشی خۆمان لەگەڵ دونیای دەرەوە بەراورد بکەم، هەر لەوێشەوە بەگوێرەی ئەو چەند ساڵە و ئەو کتێبانەی وەرمگێڕاون، ئەگەر بکرێت بە ئەزموونی وەرگێڕێک ناو ببرێت، باس لە چیرۆکی یەکەمین هەوڵی نووسینی خۆم بکەم، ئاخۆ چۆن بوومە وەرگێڕ؟ هەروەها بەپێی ڕێسای مشتی لە خەرواریک، چیرۆکی یەک دوو لەو کتێبانەی تا ئێستە خستوومنەتە سەر ڕەفەی کتێبخانەی کوردی بگێڕمەوە.

جارێ لە پێشدا کاتێک کتێبخانەی کوردی لە ڕووی نووسین، بە کتێبخانەی گەلانی دەوروبەر نەک جیهانی خۆراوا بەراورد بکەین، دەبینین لەچاو ئەوان چەند کلۆڵ و هەژارە، چ جای بێینە سەر کتێبە وەرگێڕاوەکان. هەر لەسەرەتاوە ڕەوتی ڕووداوەکان لای ئێمە بەسەقەتی هاتووە؛ هەر بۆ نموونە ئەگەر ئایین بۆ مێژووی وەرگێڕان لە ڕێی وەرگێڕانی کتێبە پیرۆزەکان ڕچەشکێن بووبێت، واتە وەرگێڕانی تەوجیل (تەوارت و ئینجیل) و بنەما پیرۆزەکانی کۆنفیشیۆش لەو وڵاتانەی بڵاوبوونەتەوە بە سەرەتای وەرگێڕان دابنرێن، بەڵام ڕەوشەکە لای ئێمە تەواو پێچەوانەیە، لای ئێمە وەرگێڕان و بەکوردیکردنی ئایین و کتێبە پیرۆزەکەی تا نیو سەدەش پێش ئێستە شتێکی حەرام و بڤە بووە. بێگومان پرسی قەوارەی سیاسی و دەوڵەتبوون یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکان.

چونکە دەزگای نەتەوەیی، دەزگا بە واتای دامەزراوەیی، بەوکارە هەڵساون و تا ئێستەشی لەگەڵدا بێت بەردەوامن، ئیدی کێشەکانی نووسین و دواتر وەرگێڕان لەچاو ئەوەی ئێمە زۆر کەمن. کەچی لای ئێمە هەمووی تازە و ساوا و هەوڵی تاکەکەسی نووسەر و وەرگێڕەکانە. هەرچەندە سێ دەیەشە حوکمێکی خۆجێی، دەسەڵاتێکی فیدراڵیی بەتامی سەربەخۆییشمان هەیە، بەڵام بەداخەوە وەکو ئەوەی لە زۆر پرسی گرنگی ستراتیژی شکستی هێناوە، لەبارەی فەراهەمکردنی کایەی نووسین و وەرگێڕانیش، نەک هیچی نەکردووە، بەڵکو بەهیچ شێوەیەک لە لیستی پێشنۆرەیشدا نەبووە، بۆیە لە ڕووی دامەزراوەی کتێب و بەڵگەنامە و وەرگێڕان ئێمە لەگەڵ نەتەوەکانی دەوروبەر بەراورد ناکرێین.

لەباری ئاساییدا، وەرگێڕان وەکو دامەزراوەیەکی توانادار ئاراستەکراو چەندین لق و پۆپی لێدەبێتەوە، دەستەی دەستنیشانکردنی شاکار و سەرچاوە گرنگەکان لە سەرجەم کایەکانی زانست و زانیاری، دەستپێشخەری بابەتی وەگێرانن، ئیدی وەرگێر دەبێتە ئامێرێکی جێبەجێکاری ئەو پرۆژە ستراتیژییە گرنگە، لەم حاڵەدا، وەرگێڕ وەکو پیشەمەندێک، بژێویەکەی دەکەوێتە سەر کارەکەی و خەم و پرسی گەڕان و سووڕان بەدوای دۆزینەوەی کتێب و پرسی دارشتنەوە و چاپکردن و ساغکردنەوەی ناکەوێتە سەر شان.

ئەو دەبێتە پێکهاتەیەک لە ئامێرێکی زەبەلاح، کە ستراتژیەکی هەمەگیری هەیە و فرە ڕەهەندە. بەم جۆرە کتێب بەڕادان دەدەدرێت، ئیدی مەگەر وەرگێڕ هەر بۆ خۆی لە دەرەوەی ئەم بازنە بەرفراوانە بۆ میزاجی تایبەتییانەی خۆی، کتێبێک وەربگێڕێت، ئەمەش ڕیزپەڕییە و دەرچوونە لە ڕێسا گشتییەکە، نەک دیاردە.

> **"یەکەمین ئەڵقەی کردەی ئاڵۆزی وەرگێڕان، دۆزینەوەی دەقە، واتە پرسیارەکەی ئێوە، ئایا چی وات لێدەکا دەقێک لە نێو دەقەکان وەربگێڕیت؟"**

لەم ڕەوشەدا ڕاستە کردەی کتێبێکی وەرگێڕدراو بە هەوڵ و ماندوبوونی وەرگێڕەکەیە، بەڵام وەکو هەر کرێکار و فەرمانبەرێک ڕەنجەکەی لە بەرانبەر دەستکەوتە، دەستکەوتەکەش بژێوی ژیانە، بۆیە ڕۆڵەکەی ئەگەر لە کردەی وەرگێڕان گرنگ و لێبڕاوانە بێت، بەڵام لە ئامادەکاری بۆ وەرگێڕان و هەروەها لە پێواژۆی دوای دەستنووسی وەرگێڕان لە چاپ و ساغرکردنەوە، بەهیچ شێوەیەک ناکەوێتە سەرشانی ئەو، ئەو لێی بەرپرسیار نییە. لێرەدا دروست دەستەواژەی بەڕادانان جێگەی خۆی دەگرێت.

ئەگەر ئەمە، ڕەوشە گشتییەکە بێت، لێ لای ئێمە وەکو زۆر شتی دیکە تەواو پێچەوانەیە. ئێمە نەدەوڵەتین، نە ئەو دەسەڵاتەی ئێستەش، کە هەڵسووڕێنەری کاروباری وڵاتە بەو پێودانگە دەسووڕێتەوە، نە دەزگای گەورەی ستراتیژی وەرگێڕانیشمان هەیە، بۆیە ئەوەی دەمێنێتەوە، هەوڵی ئەملا و ئەولای هەندێک دەزگای چاپ و کتێبفرۆشیین، کە بەدوای بزنسی خۆیان کەوتوون و بەپێی خواستی بازاڕ لە ڕێی وەرگێڕانەوە هەوڵوتەقەلا دەدەن، واتە ئەوەی دەمێنێتەوە هەوڵ و کۆشش و خەباتی تاکەکەسییانەی خودی وەرگێڕەکانە، کە لەکات و توانستی تایبەتی خۆیان، ئەم کارە دەکەن و ئەو بوارەیان ئاوەدان کردووەتەوە.

ئینجا با بە وردەکارییەوە بێینە سەر ڕەوشی وەرگێڕان لای خۆمان، هەروەکو ئاماژەم پێدا ڕەوشێکی تەوا ڕیزپەڕ و پێچەوانەی باری ئاسایی نەتەوەیەکی خاوەن قەوارەیە. لای ئێمە کردەی وەرگێڕان هەر لە ئەلفیەوە، تا یایەکەی هەمووی هەر دەکەوێتە سەر شانی وەرگێڕ. سەرباری ئەو ئاریشە و ئاڵنگارییانەی بە بارە گشتییەکەدا، ڕووبەڕووی نووسین دەبنەوە، لە نەبوونی زمانێکی گشتگیری پەسەندکراو، نەبوونی ڕێنووسێکی یەکگرتوو، نەبوونی فەرهەنگێکی یەکگرتوو، ئیدی پرس و خەمەکانی پەیداکردنی دەق بۆ وەگێڕان و کردەکە خۆی و پاشان هەڵچنی و



دەقنوسکردنەوە، پاشان گەڕان بەدوای چاپ و ساغکردنەوە و بەبازاڕکردنیش، هەمووی دەکەوێتە سەرشان.

لەم دۆخە تێکچڕژاوەشدا، سەلیقە و میزاجی وەرگێڕ، کاردانەوە و بازاڕی کتێب، ڕەوشی چاپ و توانای ماددی خۆی، هەموو ئەمانە باندۆریان لەسەر کردەی چاپ و وەرگێڕانەوە هەیە. لەبەر ئەوە لە یەکچوونی هەموو ئەو سەرە داوانەش لای وەرگێڕانەکانمانە، بۆیە ئاراستەی وەرگێڕان تا ڕادەیەکی زۆر تاکرەهەندییانەیە، واتە هەر بوارێک و نزیکەکانی زیاتر بەسەر کردەی وەرگێڕان و چاپکردنی ئێمە باڵکێشە، ئەگەر تەماشای سەر ڕەفەکانی کتێبخانەی کوردی بکەین، دەکرێت بە ئاسانی ئەو جیاوازییە زەقە بدۆزینەوە، لە کاتێکدا  ئەگەر ئەدەب، لەنێو ئەدەبیشدا ڕۆمان، بەشی شێری بەرکەوتبێت و پانتایەکی تاڕادەیەک باشی وەرگرتبێت، بەڵام ژانرەکانی دیکەی ئەدەب کەمتر، ئینجا ئەگەر بەلای زانست و بابەتە زانیارییەکانی دیکەدا بچین، دەبینین کەلێنی جیاوازییەکە فراوان و فراونتر دەبێت، تا دەگاتە ئەوەی لە هەندێک بواری زانستی،  هیچ وەرگێڕانمان لەبارەیانەوە نەبێت.

> **"لە کتێبخانەی گوندەکە، چاوم بە یەک دوو کتێب کەوتن لەبارەی سەرکردە و دامودەزگای ئیسرائیل، بەتایبەتیش دەزگای هەواڵگریی مۆساد. بەخۆم نەبوو ناوونیشانی کتێبەکە، کە بەناوی کردەکانی مۆساد بوو، سەرنجی ڕاکێشام"**

لەوانەیە هەندێکجار پەنجەی خەتاباری بۆ نەتوانین و دەرەقەتنەهاتنی زمانەکەمان درێژبکرێت، بەڵام پێموایە ئەمە هەر بەهانەیەکی بێ بنەمایە. کاتێک سەیری ئەم کەمە کتێبە وەرگێڕاوانەی زانستی قوتابخانەکانی شەستەکان و حەفتاکان و تا ڕاددەیەکیش هەشتاکان بکەین، دەبینین سەرەتا و بنەمایەکی دینگەئاسامان لە بوارەکانی فیزیا و کیمیا و بیرکاری و جوگرافیاوە هەبووە، بەداخەوە ئەم ڕێڕەوە بەردەوام نەبوو. کەواتە هۆکارەکە دەرەقەتهاتنی زمان نییە، بەڵکو خەتاکە مشوورخۆری و نەبوونی پاڵپشتێکی بەهێز و ئاراستەکاری وەرگێرانە، بۆ ئەوەی بە پلان و ستراتیژییەوە خەمی ئەو بوارە چارەنووسسازانە بخوات.

ئەگەر ئەو پاڵپشتە خەمخۆرە دڵسۆزە هەبووایە، کەموکورتییەکانی زمانیشی چارەسەر دەکرد. ئەو سێ کورتهێنییەی لە سەرەتاوە ئاماژەمان پێدا، واتە نەبوونی زمان و ڕێنووس و فەرهەنگێکی یەکگرتوو چارەسەر دەکرا. ئەوسا زمانەکەمان لەبەر لێشاوی زمانەکانی دوروبەرمان و بەتایبەتیش لەو سەردەمەمان لە بەرانبەر شاڵاوی زمانی ئینگلیزی لە پاشەکشەدا نەدەبوو.

بابێینەوە سەر کاکڵی باسەکەمان. لێرەدا وەرگێڕ ناچارە ئەو تەنگوچەڵەمانە، یان هەر هیچ نەبێت ئەو ژینە ناتەندروستییەی ڕۆشنبیریی لەبارەی کتێب و خوێندنەوە لەبەرچاو بگرێت. یەکەمین ئەڵقەی کردەی ئاڵۆزی وەرگێڕان، دۆزینەوەی دەقە، واتە پرسیارەکەی ئێوە ئایا چی وات لێدەکا دەقێک لە نێو دەقەکان وەربگێڕیت؟

پێموایە خوێندنەوەی یەکەمی وەرگێڕەکە بۆ دەقێک بە زمانێکی بێگانە، سەنگی محەک و بڕیاردەرە بۆ وەرگێڕان. لێرەوە من باس لە ڕەوشی تایبەتی خۆم دەکەم، داوای لێبوردنیش دەکەم، چونکە لەوانەیە بەبێ نیاز منمنۆکێ بکەوێتە نێو ڕوونکردنەوەکەم، بەڵام ئەمە ڕاستییەکە و دەکرێت خوێنەر بە سەلیقەی زیرەکانەی خۆی پەی پێ ببات و حوکمی لەسەر بدات.

لە بەرسڤی پرسیارەکە، چۆن کتێبێک وەردەگێڕم، یان چیرۆکی وەرگێڕانی چاپکراوەکەم چییە؟ دەمباتە سەر یەکەمین هەوڵی وەرگێڕانم، بە واتایەکی دیکە، چیرۆکی چۆن بووم بە وەرگێڕ، هەڵهێنەری مەتەڵی چیرۆکی وەرگێڕانی کتێبێک لە کتێبەکانم هەڵبێنێت. کاتێک چیرۆکی دەستپێک بۆ هەر نووسەرێک ڕاست بێت، ئەوا ئەم پرسە بۆ وەرگێڕان دووجار ڕاستە.

من خۆم بە وەرگێڕێکی پیشەمەند (پرۆفیشیۆنال) نازانم، بێگومان بۆ ئەوەشم نەخوێندووە تا ببمە دیلمانج، پاشخانی خوێندکارییشم هیچ پەیوەندی بەسەر وەرگێرانەوە نەبووە. لێ ڕاستییەک هەیە، لەوانەیە هاوتەمەنەکانم، یان نەوەی پێش من لە مەبەستەکە زیاتر پێی ئاشنا بن. لە سەرەتای هەشتاکان، کاتێک کتێبەکانی قوتابخانە، بەتایبەتی هەرسێ کتێبی بابەتی کۆمەڵایەتییەکان (جوگرافیا و ئابوریی و مێژوو) کرانە عەرەبی، دواتریش بەدرەنگەوە کرانە کوردیی، بارێکی شێواوی لای قوتابیانی ناوەندی و دواناوەندی دروستکرد. بەتایبەتیش کاتێک

کتێبەکان بوونە عەرەبی، تەنانەت ساڵێکیش وانەبێژان عەرەب بوون (هەندێکیان لە میسرییە هاوردەکان بوون) ئەمە وایکرد، لەنێوان دووزمان، زمانی زکماکی و زمانی عەرەبی کە لەپڕ بەسەرماندا سەپا، بێین و بچین. ئەوکات خۆشی با و ترش، بۆ هەر قوتابییەک بە هەوڵی تاکە کەسیانەی خۆی و بەدەستگرتنی مامۆستا و ماڵ و یارمەتی کەسوکار، پرسی وەرگێڕان بە شێوەیەکی راستەوخۆ هاتەپێش.

لەم قۆناغەدا ئەم حاڵەتە بە توندی بەرۆکی گرتم، ئیدی ئاشنابوونم بە زمانی عەرەبی هەر لە دووتوێی کتێب، تا ئەوکاتەی لە قۆناغێکی باڵاتر بەرەو کۆلێژ رۆیشتم. زمانی عەرەبی بووە زمانی ئاخاوتنی کۆلێژیش، دەرەتانێکی لەبارەی وەرگێڕان بە شێوەیەکی کردەیی لە مێشکمدا جێی خۆی کردەوە. ناڵێم بوومەتە وەرگێڕ، بەڵام هەندێکجار هەر بۆ خۆم رۆڵی وەرگێرم دەبینی. یان هەر هیچ نەبێت لەکاتی دەرس شەرحکردندا، یان دەرخکردن، کە لەسەر کورسی پۆلی قوتابخانەدا بە کوردی بیرمان دەکردەوە، لە مێشکی خۆماندا دەبووایە بۆ مامۆستا بە عەرەبی دەریبدەین.

ئەم قۆناغەم لەگەڵدا هات، تا گەیشتمە قۆناغی زانکۆ. ئەمجارەیان بەرفراوانتر و قووڵتر. لەو قۆناعەی دواییدا دۆخەکە پێچەوانە دەبووەوە، ئیدی دەبووایە عەرەبی بکەمەوە کوردیی، بەتایبەتیش لەنیوەی دووەمی هەشتاکان، کاتێک لە قۆناغی سێیەم و چوارەمی کۆلێژ بوو (قانونی بەغدا) چەند نووسین (وتاری درێژ، جۆرە لێکۆڵینەوەیەک)م لەبارەی فەلسەفەی قانون و قانونی دەستووریی لە گۆڤاری رۆشنبیری نوێ بڵاوکردنەوە، هەڵبەت ئەوکات سەرچاوەکانم هەمووی بە زمانی عەرەبی بوون، هیچ زمانێکی بێگانەی دیکەشم نەدەزانی، هێشتەش ناڵێم نووسینەکانم وەرگێڕان بوون، بەڵام بە شێوەیەک لە شێوەکانی وەرگێڕان بوون، دەبوایە لە مێشکم تێگەیشتنەکەم لە رێی عەرەبییەوە بیکەمە کوردیی، ئینجا بە کوردیی دایبرێژمەوە. بەم جۆرە جیهانی وەرگێڕان لای من نامۆ نەبوو، بەڵام ئەوکات بەنیاز نەبووم ببمە وەرگێڕ. سوکوئاسان هۆیەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕایەوە، وەرگێڕانم بە کارێکی زۆر سەخت و تاڕادەیەک پیرۆز دەزانی، لام وابوو دەرەقەتی نایەم.




لێ دواتر، زۆر دواتر، دە ساڵ دواتر، ئەمجارەشیان هەر بەبێ ویست و نیاز، بەپێی دیفاکتۆی ژیان لەگەڵ زمانێکی دیکە ئاشنا بووم، ئەمجارەیان لەوێوە سەرەتای چیرۆکی بەرایی وەرگێڕانم هاتەگۆڕێ.

لە دوای کارەساتی ئابی ١٩٩٦ لە کوردستان هەڵقەنام و بە ئازار و زەحمەتییەکی زۆرەوە لە رێی ئێران و تورکیاوە گەیشتمە ئەورووپا و لە هۆڵەندا گیرسامەوە. ئەوێ بۆ من، نەک هەر جیهانێکی نوێ و ئارام بوو، بەڵکو زمانەکەشی تەواو نوێ و نامۆ بوو، ئاخر پێشتر تەنیا لە کتێبە مێژووییەکاندا ناوی هۆڵەندییم وەکو هێزی ئیستعماریی بەرایی، بەر لە فەرەنسی و بریتانییەکان خوێندبووەوە، هەروەها بارەگای دادگای دادی نێودەوڵەتی و هەندێک شتی دیکە. بەڵام ئەمجارەیان خۆم وەکو ئەمری واقیع کەوتمە نێوی، ئیدی لە

**"لە ساڵی ٢٠٠٨، دە ساڵ دوای گەیشتنم بە هۆڵەندا یەکەمین کتێبی هۆڵەندیم (نهێنییەکانی مۆساد) کردە کوردیی. خۆشبەختانە ئەم کتێبە دەنگ و سەدایەکی باشی لە کتێبخانەی کوردیی دایەوە و بووە مایەی ئەوەی کاری دیکەشی بەدوادابێت"**

ئۆردوگای پەنابەران بە شرە ئینگلیزییەکەی ئەوکاتم، کەم تا کورتێک کاری ڕۆژانەم پێ سەراوبن دەکرد! لێ ئەمە تێری نەدەکرد، خۆی هەر دەبوایە فێرە زمانەکەیان ببم. زمانەکەشیان لە ڕەچەڵەکی زمانە جەرمانییەکانە، ئاڵۆز و سەختە، خۆیانگوتەنی زمانی چینی ڕۆژاوایە.

ئەوەی ڕاستی بێت، پێویستی دیفاکتۆ وایکرد من فێرە هۆڵەندی ببم، لە ماوەی سێ مانگ لە ئۆردوگای پەنابەران مانەوە شتێکی وەها فێرنەبووم، دوای ئەوەی مافی پەنابەریم وەرگرت، منیان لە ئۆردوگاکە بۆ گوندێکی باشووری هۆڵەندا لە (زێیلاند) بەناوی (ئاردنبورخ) گواستەوە. لەوێ مەگەر هەر لەگەڵ کنێر جەمیلی هاوژینم بە کوردیی بدوابایین، دەنا هەموو ژینگە نوێکەمان هۆڵەندی بوو، ئینجا لە ڕێی قوتابخانەی زمان، لە سۆنگەی فەرهەنگی ئینگلیزی و عەرەبییەوە بووینەوە قوتابی و سەرمان بەسەر سپیارەی ئەلف بێکەی زماندا گرتەوە، هەروەها لە ڕێی تەلەفزیۆنیشەوە گوێمان لە زمانە نوێیەکە گرت. بەم جۆرە مانگ تێدەپەڕین و وشەدانی ئێمەش وردەوردە پڕتر دەبوو، تا وای لێهات بتوانم بەو زمانە بخوێنمەوە و لێی تێبگەم، ئینجا چیرۆکی وەرگێڕان لای من وەکو لێکەوتەی ڕێکەوتەکە هاتە ئارا.

جاران تەنیا بە کوردی و عەرەبی دەمخوێندەوە، ئەمجارەیان هۆڵەندیشی هاتەسەر، هەرچەندە لە سەرەتادا حنجەییانە بوو، وردە وردە ڕەوانتر دەبوو. خۆی هەر لە بنەڕەتەوە حەزم لە خوێندنەوەی کتێبی مێژوویی و یادەوەری سەرکردەکان بوو، بەتایبەتی ژیاننامەی سەرۆک و سەرکردەکان. بەڕێکەوت لە کتێبخانەی گوندەکە، چاوم بە یەک دوو کتێب کەوتن لەبارەی سەرکردە و دامودەزگای ئیسرائیل، بەتایبەتیش دەزگای هەواڵگریی مۆساد. بەخۆم نەبوو ناونیشانی کتێبەکە، کە بەناوی کردەکانی مۆساد بوو، سەرنجی ڕاکێشام، وەرمگرت و خوێنددمەوە. ئای خوایە لاپەڕە بە لاپەڕە لەگەڵیدا دەڕۆیشتم و باڵام دەکرد، ڕستە بەڕستە پێی سەرسام دەبووم، وەک پرسنێک (فزوولییەک) مەراقم زیاد دەبوو، لەهەمان کاتیشدا حەسرەت و داخیشم پێ دەخوارد.

**"لە هیچ کامێک لەو بیست کتێبەی وەرمگێڕاوە پەشیمان نیم، بەڵام خۆزگەم دەخواست هەر لە یەکەمەکەیانەوە و هەر بە دەستنووسی نیشانی کوردیزانی زیاترم دابا، تا لە هەڵەی تایپ و ڕێنووس بەدوور بام"**

بەڵێ، ئەوەی ڕاستی بێت، پێشتر من و کەسانی هاودۆخی من، شتیان لەبارەی ئیسڕائیل و شەڕەکانی لەگەڵ وڵاتە عەرەبییەکان خوێندبووە و بیستبوو، هەڵبەتە لە ڕێی زمانی عەرەبییەوە بوو. لێ کاتێک من بە زمانی هۆڵەندی ئەو کتێبەم خوێندەوە، ناوەڕۆکەکەی بۆ من زەنگێکی وشیارکردنەوە بوو. ئاخر پێشتر، کە لە بەغدا لە زانکۆ دەمخوێند و لەبارەی کێشەی عەرەب ـــ ئیسڕائیل دەمخویندەوە، شتگەلێک بوون بە زمانێکی نابابەتییانە، لایەنگیرانەی دەمارگیر نووسرابوون، هەر ئەو زمانە بوو، کە بە بەراز و مەیمون وێنادەکران، زمانی جوێن و سووکایەتیپێکردن بوو، تەنانەت ئەو دوو کتێبەی لە قۆناغی پێنجەم و شەشەمی ئامادەییش بە ئینگلیزی دەمانخوێند، ئەوانەی بە شێوەیەکی تایبەت باسی جووی تێدا بوو، بەهەمان ئاراستەدا دەڕۆیشت.

لە بیرمە لە قۆناغی پێنجەمی ئامادەیی (بەشی وێژەیی) لەپاڵ کتێبی زمانی ئینگلیزی (وەکو ڕێزمان و وشەدان) و وەکو پاشکۆیەک لە بەشە وێژەیەکەدا ڕۆمانێکی (چارلس دیکنز) بەناوی (ئۆلیڤەر تویست)مان دەخوێند، ڕاستییەکەی هەندێک برگەمان دەرخ دەکرد! لە ساڵی پاشتریش شانۆنامەیەکی شکسپیرمان بەناوی (بازرگانەکەی ڤینیس) دەخوێند. ئەوکات نەماندەزانی، بەڵام دواتر لە هۆڵەندا کاتێک کتێبم لەبارەی ئیسڕائیل و سەرکردەکانی دەخوێندنەوە، بۆم دەرکەوت و زانیم، کەر لە کوێ کەوتووە و کوندە لە کوێ دڕاوە. ئەوسا زانیم بۆ ڕژێمی سوننەی عەرەبی سەردەستەی عێراق (حزبی بەعس) ئەو دوو کتێبەی وەک مەنهەج داناون. تومەز هەر لەبەر ئەوەی لەو دوو کتێبەدا باسی دوو پیرەمێردی جوو بە بەدڕەفتاری چاوبرسی پارەپەرست تێدابوو. لە ڕۆمانەکەی (دیکنز) ناوی کابرای جوو (فێ یگن) و لە شانۆنامەکەی شکسپیریش ناوی (شایلۆک) بوو. وەنەبێت ڕژێمی سوننەی عەرەبی عێراق ئەو دوو کتێبەی لەبەر بەرزیی زمانی ئەدەبییانەی ئینگلیزییەوە کردبێتە مەنهەج، چونکە نە ئۆلیڤەر شاکاری دیکنز بوو، نە بازرگانەکەی ڤینیسیش شاکاری شکسپیر، بەڵکو هەر لەبەر ئەوە بوو تا لە مێشکی قوتابیانی عێراق بچەسپێنێت،

کە جوو کەسایەتییەکی پوولەکی و بەدرەفتار و دژەمرۆڤی شەڕانگێزیانەی هەیە و بەڵگەش نووسەرانی ئینگلیز خۆیانن.

کاتێک بە هۆڵەندی لەسەر ئیسرائیل و سەرکردەکانیانم خوێندەوە، وەکو ئەزموونێکی سەرکەوتوو، پێیان سەرسام بووم، هەرهیچ نەبێت لەبارەی سیاسیی و دروستکردنی قەوارەی نەتەوەیی لە ڕێی ئەو ستراتیژ تەکتیکانەی گرتبوویانە بەر، هەروەها کاتێک ئەو حاڵەتەم وەکو مارانگەزتەیەک لەگەڵ مێژووی سیاسییانەی شکست و خوێناوی خۆماندا بەراورد دەکرد، هەر ئاخ و ئۆف و حەسرەتم دەخوارد، ئاخر زانیارییەکان، هەم نوێ و هەم مایەی سەرسوڕمان بوون، پێی کارانگاز بووم، ئیدی شتێک لە کەللەی دام، ئەرێ گەلۆ تۆ بڵێی هاوڕێیانی منیش هەمان شتیان لەمێشکدا بێت، یان کاتێک ئەم جۆرە کتێبانە دەخوێنەوە، تۆ بڵێی بەهەمان حاڵەتدا تێنەپەڕن، باشە بۆچی لێیان نەپرسم. لەکاتی قسەوباس و وتوویژ بەبۆنەی لەو کۆڕ و کۆبوونەوانەی لە یەک دوو شاری گەورەی هۆڵەندا دەکران، ئەو پرسیارانەم لە دۆستانی پێش خۆم دەکرد. ئەوانیش هەر هەمان حەیفیان دەخوارد. ئنجا لە برادەرە نزیکەکانم دەستپێکرد، هەندێک ناوەڕۆکی کتێبەکانم بۆ باس دەکردن، ئەوانیش دیاربوو لەمن مەراقتر دەبوون، پاشان هەر لەسەر خواستی ئەوان، کە پێیان گوتم باشە بۆ نایخەیتە سەر کاغەز. بەم جۆرە کات دەڕۆیشت و منیش زمانەکەم باشتر دەبوو، تەنانەت کۆرسێکی ساڵ و نیوی وەرگێڕانیشم خوێند، بە هۆیەوە هەندێکجار وەکو وەرگێڕی زارەکییش ڕاستەوخۆ لە کۆڕەکان بە کارەکە هەڵدەستام. دوای ئەوە کەڵکەڵەی بڵاوکردنەوەی چەند بەندێکم لەو کتێبەی دواتر لە ٢٠٠٨دا لە هەولێر بەچاپم گەیاند، وەکو دەستپێکی وەرگێڕانم لە گۆڤاریکی کوردی، کە لە ئاڵمان دەردەچوو بەناوی (تێگەیشتنی ڕاستی) کە ئەوکات کاک حەمەزیاد مەولود سەرنووسەری بوو، ڕەوانشاد شاسوار ڕانیەیی سەرپەرشتی دەکرد بڵاوکردەوە. وەرگێڕانەکەی ئەوێ بەر دڵان کەوت و بووە مایەی دنەدانم، تا دەست لە کتێبەکە هەڵنەگرم.

ئەوەبوو لە ساڵی ٢٠٠٨، دە ساڵ دوای گەیشتنم بە هۆڵەندا یەکەمین کتێبی هۆڵەندیم (نهێنییەکانی مۆساد) کردە کوردیی. خۆشبەختانە ئەم کتێبە دەنگوسەدایەکی باشی لە کتێبخانەی کوردی دایەوە و بووە مایەی ئەوەی کاری دیکەشی بەدوادابێت. هەرواش دەرچوو. ئیدی ئەو بەندەی کتێبی نهێنییەکانی مۆساد، ئەوەی باسی ڕفاندنی (ئەدۆلف ئایخمان)ی نازی دەکات، ئەو تاوانبارەی هۆلۆکۆست، کە دوای بیست ساڵ لە خۆشاردنەوە هەڵاتن لەدەست دادپەروەری، دەزگای هەواڵگری مۆساد لە ئەرجەنتین سووسەی دەکا و دەیرفێنێ و دەیهێنێتە ئیسرائیل و دەیداتە دادگا. دادگاش و لە پێواژۆیەکدا بڕیاری مەرگی دەدا و لەسێدارەی دەدەن، ئینجا تەرمەکەی دەسووتێنن و خۆڵەمێشیشی فڕێدەدەنە نێو زەریا. ئەم کارەشیان وەکو خۆیان گوتیان بە دوو مەبەست کردوە، بۆوەی لەمەودوا زات نەکرێت تاوانی دیکەی وەها بکرێتەوە و تاوانباران لە دەست سزای ڕەوا دەرنەچن، واتە ببێتە دەرسێک بۆ دۆست و دوژمن. دوا بەندی کتێبەکەش، باسی چۆنیەتی گرتنی سەرکردەی کورد عەبدوڵلا ئۆجەلانی دەکرد، کە چۆن لە کینیاوە بۆ بندەستی دەسەڵاتی دوژمن بردرا.

من وەرگێڕانەکەم بۆ ئەوەبوو، تا خوێنەری کورد ڕاستییەکان لە کتێبێک وەربگرێت، کە بابەتیانە و لە زمانی دەستی یەکەمەوە نووسرابێتەوە، هەروەها بەڵکو بۆ سیاسەتەوانەکانیشمان ببێتە بەرچاوڕوونی پەند و عیبرەت. ئەمە چیرۆکی یەکەمین وەرگێڕانم بوو.

ئەوکات نیازم نەبوو درێژە بە کاروانەکە بدەم، تا




**“ من خۆم بە وەرگێڕێکی پیشەمەند (پرۆفیشیۆناڵ) نازانم، بێگومان بۆ ئەوەشم نەخوێندوووە تا ببمە دیلمانج، پاشخانی خوێندکارییشم هیچ پەیوەندی بەسەر وەرگێڕانەوە نەبووە ”**

دەیگەیەنمە ئەم ڕۆژەی ئێستەمان. هەڵبەتە خۆم لە هیچ کامێک لەو بیست کتێبەی وەرمگێڕاوە پەشیمان نیم، بەڵام خۆزگەم دەخواست هەر لە یەکەمەکەیانەوە و هەر بە دەستنووسی نیشانی کوردیزانی زیاترم دابا، تا لە هەڵەی تایپ و ڕێنووس بەدوور بام.

پێموایە هەر وەرگێڕێک خاڵێکی دەستپێکی خۆی هەیە، چیرۆکی یەکەمین وەرگێڕانیشی هەیە، لەوانەیە لەگەڵ هەر وەرگێڕانێکدا چیرۆکی دیکە بێتە پێشەوە. ئەمەش هەر هیچ نەبێت لای من وادەکات، کتێب لەسەر خواستی دەزگای چاپ و پەخش بە پێواژۆی بەراداندا بەرێوەنەچووە.

لە سەرەتاوە ئاماژەم بەوە کرد، لەبەر هەوڵی تاکەکەسییانەی دۆخی وەرگێڕان، کەمتر وایە دیاردە گشتتیەکەی بە ڕاداندان لە ڕێی دەزگایەکی گەورە و بەرفرەوان و بەتوانای ئاراستەکارەوە بکرێت، بۆیە دوای خوێندنەوەی چەند کتێبێک، یەکێکیانم بەدڵ بووبێت و بە ناوەڕۆکەکەی سەرسام بووبم و پێموابووبێت بابەتەکە بۆ من نوێیە و هی ئەوەیە زیاتر سەرنج بدرێت، ئینجا پێمخۆش بووە لەگەڵ دۆست و برادەرانیشم هەمان بابەت تاوتوێ بکەم، کاتێک لای ئەوانیش دڵگیر بووە، ئینجا ویستوومە لەڕێی خوێنەرانیشەوە ناوەڕۆکی کتێبەکە گشتگیرتر بکرێت و بخرێتە نێو کتێبخانەی کوردیی.

لێرەوەش دەمەوێت تێهەڵکێشییەک لە پێشەکییە بەپێزەکەی (تاریک و ڕوونی) مامۆستا هێمن بکەم، لەوێدا کە باسی شاعیرییەتی خۆی دەکات، دەڵێ شیعرم بۆ خۆم نووسیوە، منەت بەسەر کەس و باری ئەدەبی کوردیدا ناکەم. هەر بەڕاستیش وایە، من وەنەبێت وەرگێڕێکی پیشەمەند بووبم و هاندرابم ڕەفەی چۆڵی وەرگێڕان لە کتێبخانەی کوردیی پڕبکەمەوە، ئیدی بڵێم شانم وا و باڵم وا، گوایە مەیدانەکەم بە چۆڵی بینی ویستوومە پڕی بکەمەوە، ئیدی دەستم بە وەرگێڕان کردووە.

نەخێر، وەها نەبووە و نییە، من گەر وەرگێڕیش بم، وەرگێڕێکی ئارەزوومەندم، بە سەلیقە و تێگەیشتنی خاکەڕاییانەی خۆم، کاتێک کتێبێک بە زمانێک لەو زمانانەی دەیزانم دەخوێنمەوە، پێی کارانگاز دەبم، باش هەڵیدەسەنگێنم، لەوانەیە لەپاڵیدا زانیاری زیاتر لەسەر نووسەر و ناواخنی کتێبەکە پەیدابکەم، تا قەناعەتەکەم جێگیر بکەم، ئینجا لەگەڵ هاوڕێ نزیکەکانم باسی دەکەم، هەڵسەنگاندنی ئەوانیش بۆ من زۆر گرنگە، پاشان ناوی خوای لێدێنم، ئەوسا گەر بە دڵی خوێنەران بێت، ئەوا مایەی خۆشحاڵی و سەرفرازیمە، خۆ ئەگەر وەهاش دەرنەچوو، وەکو دەڵێن ماڵی قەڵب سەر بە ماخۆکەیەتی.

> **بەنیاز نەبووم ببمە وەرگێڕ. سوکوئاسانن هۆیەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕایەوە، وەرگێڕانم بە کارێکی زۆر سەخت و تاڕادەیەک پیرۆز دەزانی، لام وابوو دەرەقەتی نایەم**

لێرەدا دەرفەتە شتێک لەسەر لێکەوتەی وەرگێڕان بڵێم، ئەمەشم هەر لەماوەی ئەو ساڵانەدایە، کە کتێبەکانم تێدا وەرگێڕاوە، ئەوەی ڕاستی بێت، زۆر لە وەرگێڕانەکانم لەسەریان نووسراوە، پەسن دراون، باسی ناوەڕۆکیان بە باشی کراوە، هەروەها باسی زمانی وەرگێڕانییش، هەندێکیش گلەیی لە بەکارهێنانی هەندێک وشە و زاراوە، یان لە هەڵەی تایپ، بەڵام هێشتە ئەوەی پێی دەگوترێت ڕەخنەی بابەتی، ڕەخنەیەک لەسەر بنەمای بەڵگەوبەند (ئەرگومێنت)ی زانستییانە ڕۆنرابێت نەبووە، بەوەی بابای ڕەخنەگر بێت و تەواوی وەرگێڕانەکە لە هەموو بارێکەوە، لەپێش هەمووویشیانەوە لەگەڵ دەقی زمانە ماکەکە بەراورد بکات، ئینجا پێویستی هەبوونی ئەو جۆرە وەرگێڕانە و زمانی دەقنووسکردنەوەکەی لە تەتەڵە بدات، بۆیە وادەلێم، چونکە ئەگەر ڕەوتێکی وەها هەبووایە، بێگومان لەباری نەرێیدا دەستم لێی هەڵدەگرت، ئیدی خۆم بە وەرگێڕ نەدەزانی، لەباری پێچەوانەشدا، هەڵبەت پێی شاگەشکە دەبووم و لەوانەبوو زیاتر خۆم ماندووبکەم و بەرهەمی پڕترم بهێنابا کایە.

هەر بەڕاستی ئەو جۆرە هەڵسەنگاندنە ڕەخنەییە بەپێویست دەزانم، هیوادارم گۆڤارەکان لایێ لەو مەسەلەیە بکەنەوە، هەروەها هەقە ئەو دامودەزگایانەی بایەخی وەرگێڕانیش دەزانن، کۆڕ و سیمینار بۆ وەرگێڕان بگرن و تەنانەت خەڵاتی ساڵانەش بۆ وەرگێڕان دابهێنرێت.

**شەفیقی حاجی خدر**

# شەقامی (النصر) لە هەولێر


ئەم شەقامە بە هاوکاری دەزگای خۆراکی نێودەوڵەتی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان، لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٤ دەست بە دروستکردنی کرا و لە ساڵی ١٩٦٩ کۆتایی بە کارەکانی هێنرا، ئەم شەقامە بە یەکێک لەشەقامە سەرەکیی و گرنگەکانی ئەودەمی هەولێر دادەنرێت، کە لە ڕێگەی ئەم شەقامەوە سەنتەری هەولێر دەبەستراییەوە بە ڕێگە سەرەکییەکانی، کەرکووک-هەولێر و مووسڵ-هەولێر و شەقڵاوە-هەولێر و کۆیە-هەولێر و عەینکاوە-هەولێر و ڕێگەی مەخموور-هەولێر.

گرنگی ئەم شەقامە لەوەدابوو، هەر بارێکی تایبەت بۆ گواستنەوەی قورس لە هەولێرەوە بۆ دەرەوە لە ڕێگەی ئەم ڕێگەیەوە بوو، چەنکە وەکو شەقامەکانی دی، هیچ شەقامێکی دیکەی بەسەروە نەبوو، بۆیە بوونی ئەم شەقامە بووە هۆی کەمبوونەوەی پاڵەپەستۆ بۆ سەر شەقامەکان و شەقامە لاوەکییەکانی دیکە، لەوەش گرنگتر خاڵی نزیککردنەوە بوو بۆ نێوەندی شار، لە کاتێکدا لە دە ساڵی ڕابردوودا نێو شار زۆر فراوان ببوو.

درێژی ئەم شەقامە بەپێی نەخشە و دیزاینی تایبەت دە کلیۆمەتر و نیو بوو، پانییەکەشی شەست مەتر، بریتی بوو لە دوو جادە، بۆ هاتن و چوون، پانی هەر لایەک دە مەتر و لەناوەڕاستیشدا، بەدرێژایی شەقامەکە، باخچەیەک هەبوو، کە پانییەکەی بیست مەتر بوو، لەتەک هەر لایەکیش شۆستەیەک هەبوو، کە پانی هەر لایەکی دە مەتر بوو.

دیزاین و نەخشەی ئەم شەقامە لەلایەن (هۆبەی تەکنیکی بەڕێوەبەرایەتی پلان و نەخشەی گشتییەوە، کە سەر بە وەزارەتی شارەوانی و ئیشغال بوو دیزاین کرابوو) نەخشە و دیزاینەکە هەموو لایەنێکی تەکنیکی و هونەریی دەگرتووە، ئەمەش بۆ ئەوەی شەقامەکە بەشێوەیەکی هونەریی و تەکنیکی و بەشێوازێکی نوێ قیرتاو بکرێت، بڕی خەمڵێندراوی جێبەجێکردنەکەشی چوار سەد و پەنجا هەزار دینار بوو، وەک لە سەرچاوەی کتێبی (أربيل في أربعة أعوام)دا هاتووە، بەڵام ئەندازیار ئیسماعیل عەبدولغەنی ئال خەنجەر، کە ئێستەش لە ژیاندا ماوە و لە کاتی خۆیدا یەکێک بووە لە ئەندازیارەکانی جێبەجێکردنی ئەم پرۆژەیە سەبارەت بە بڕی تێچووی ئەم شەقامە دەڵێت: (بڕەکە شەش سەت و پەنجا هەزار دینار بووە)

نەخشەکە وابوو، ناوەڕاستی شەقامی ناوبراو بکرێتە باخچە و دار و درەختی لێبچێنرێت، تا ببێتە پشتێنەیەکی سەوز بەدەوری شاری هەولێردا، ئەمەش هەم بۆ خۆشکردنی کەش و هەواکەی، هەم دیمەنێکی جوان ببەخشێتە شارەکە، جگە لەوەی کردنەوەی ئەو شەقامە و قیرتاوکردنی بەشێوازێکی نوێ، بووە هۆی فراوانبوونێکی زیاتری شارەکە و ڕێکخستنەوە و بونیادنانی باڵەخانەکان بەشێوەیەکی سەردەمیانە و دروستکردنی کۆمەڵە خانوویەکی نوێ لەسەر



پردی سێتاقان، یەکێک لەو سێ پردەی دەکەوتە سەر ئەو شەقامە

ئەو پارچە زەوییانەی دەکەوتنە ئەمبەر و ئەوبەری شەقامەکە، ئەمەش هۆکارێک بوو بۆ زیاتر فراوان بوونی شاری هەولێر.

سەبارەت بە چۆنیەتی دروستکردنی ئەو شەقامە ئەندازیار سەید ئیسماعیل دەڵێت: نزیکەی ٤٠٠ کرێکار لەم پرۆژەیەدا کاریان دەکرد و ڕۆژانەیان دوو درهەم بوو، کە مانگانە دەیکردە سێ دینار، لەگەڵ ئەوەشدا هەموو مانگێک بڕێک خۆراکیان پێدەدرا، کە نرخەکەی دەگەیشتە (١٧) دینار، چونکە زۆربەی کرێکارەکان خۆراکەکانیان دەفرۆشتەوە.

تاهیر بابان سەرۆکی ئەندازیاران بوو، لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی نەخشەدانان لە بەغدا، ئەو سەرپەرشتی دروستکردنی ئەو شەقامەی دەکرد.

سێ پردی سەرەکیش دەکەوتنە سەر ئەو شەقامە، وەک: پردی سێتاقان و پردی سایلۆ پردی دەروازەی شەقامی مووسڵ.

لە ڕووی ئەندازەیی شەقامەکەوە ئەندازیار ئیسماعیل ئال خەنجەر باسی گرفتەکانی بەردەم جێبەجێکردنی پرۆژەکەی کرد، کە بووەتە هۆی تێکدانی شێوە بازنەییەکەی ئەو شەقامە، وەک: ئەوەی کە (قرية ضباط الصف) لە دەروازەی ڕێگەی عەینکاوە کەوتبووە بەر ڕێگەکە، بۆیە بە ناچاری ڕێڕەوی شەقامەکە لار کراوەتەوە، هەروەها لە نزیک یاریگەی هەولێر دیواری حەوشەی خانووی (عەبدولخالیق ئەحمەد چەلەبی)یش نزیکەی دە مەترێک کەوتبووە سەر شەقامەکە، ئەویش ڕازی نەبووە ئەو دیوارە بکشێنێتەوە، بە ناچاری لەوێش شێوە بازنەییەکەی ئەو شەقامە تێکچووە.

ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد، کە ئەم پرۆژەیە لە لایەن لیژنەیەکی تایبەتەوە چاودێری دەکرا، بەسەرۆکایەتی عەبدولمونعیم ئەلمەسرەف پارێزگاری ئەوکاتی هەولێر و جێگرەکەی سەعید زینی و ئەندامیەتی هەریەک لە محەمەد شەهاب چەلەبی سەرۆکی ئەوکاتی شارەوانی و محەمەد حەسەن دزەیی بەڕێوەبەری ئەوکاتی بانکی کشتوکاڵ.

ئەوکاتیش بەهۆی ئەوەی مقاولی زۆر گەورە بوونیان نەبووە، پرۆژەکە ڕاستەوخۆ لە لایەن وەزارتی شارەوانی و ئیشغال جێبەجێکراوە، بەڵام کاسانێکیش وەکو وردە مقاول کاریان تێدا کردووە وەکو: عزەدین محەمەد قەرە و سەعید یونس (کە لە ژیاندا نەماون) هەروەها قادر بلە، کە ئێستەش لە ژیاندا ماوە.

ئەوسەردەم هیچ کارگەیەکی قیر لە هەولێر نەبووە، بۆیە پەیوەندییان بە کۆمپانیای (تاج) کردووە لە بەغدا، کە کارگەی قیری هەبووە، خاوەنەکەی تاج عەبدولساحب موسەوی بووە، ئامادە بووە کارگەکەی لە بەغداوە بهێنێتە هەولێر و لە دەوروبەری یاریگەی هەولێر دایناوە، تا ئەوکاتەی شەقامەکە تەواو بووە.


*** شەقامی (النصر) ئەو شەقامەی ئێستەیە، کە پێدەگوترێت شەقامی (٦٠) مەتری، ئەوکات کە ویستوویانە دروستی بکەن پێیان گوتوە شەقامی (النصر ٦٠) بەڵام دواتر بەیەکجاری بووەتە جادەی شەست مەتری و ئێستەش هەر بەو ناوە ناسراوە، هۆیەکەشی ئەوە بووە، کە لە بنچینەدا ئەو شەقامە، کە دروستکراوە پانییەکەی شەست مەتر بووە.**

*** سەرچاوەی ئەم بابەتە کتێبی (أربيل في أربعة أعوام)ە کە ساڵی ١٩٦٨ بە زمانی عەرەبی چاپ و بڵاوکراوەتەوە، هەروەها ئەو زانیاریانەی لە لایەن سەرنووسەری ئەم گۆڤارە لە سەید ئیسماعیل عەبدولغەنی ئال خەنجەر وەرگیراوە.**



سەرەتای دەستپێکردنی پرۆژەی دروستکردنی شەقامی نەسر

(یەکەم بابەت گۆشەیەکی گۆڤاری دیوانە، تێدا هەرجارەی یەکەم بابەتی نووسەرێک، یان شاعیرێک، یان هونەرمەندێک دەخەینەڕوو، بە مەبەستی ئاشناکردنی خوێنەران بە سەرەتا و یەکەم بەرهەمیان)




# غەریب پشدەری:

لە ١٩٦١/٧/١١ یەکەم شیعرم نووسی، بەڵام کە خوێندمەوە هەستم کرد ڕووی مەجلیسان و نێو شیعران و سەر لاپەڕانی نییە، بۆیە بڵاوم نەکردەوە، ئیدی بۆ ماوەیەکی زۆر وازم لە شیعر نووسین هێنا، تاکو ساڵی ١٩٧٢ یەکەم شیعرم لە ڕۆژنامەی ژین بڵاوکردەوە، بەڵام یەکەم بابەتم پەخشانێک بوو، لە ١٩٦٢/٥/٣ لە ڕۆژنامەی ژین بڵاوکردەوە، کە بڵاوبووەوە، لە خۆشیان لاقم عەردی نەدەگرت، پێموابوو هەموو کەس تەماشای من دەکات، زۆر کەیفم بەخۆم دەهات، زیاتریش کەیفم بە ناوەکەی خۆم دەهات، چونکە تازە پشدەریم بۆ خۆم کردبووە نازناو، لەوەو بەدوا هەرچیم بڵاوکردبێتەوە، هەر بەناوی غەریب پشدەری بووە

## پارچە پەخشانێکی کوردی


پارچه په خشانیکی کوردی
به ره و سه یوانه
غریب پشده ری

**بەرەو سەیوان** **غریب پشدەری**

گورەی بەهارە، کات ئیوارەیە، زە ردە ی خۆری پرشنگ دار تیکە لاوی بەستە و ساز و ئاوازی هاژەی بەفراوی نەو سەر چیاو ناو دوڵە کپانەیە کە (بەستە و ناوازێکی تایبە تی ئەو توێیان پیک هیناوە تا ئیستا نەبیستراوە ) بە جۆرێک ئادەمیزاد هەر لە هەواوە ئەخەنە باوەشی بیر و لیک دانەوە.

منی کلول و بیر و هوش بلاویش، سەرم بە یەخەی خۆما بەرداوەتەوە هەنگاوی وورد و لە سەر خۆ ئەنیم، بێ ئەوەی بزانم ڕوو لە کوێ ئەکەم و قاچە لەرزۆکەکانم (لاشەی پەک کەوتە ) پەل کێشی کوێ ئەکەن؟

هەر بەدەم ڕۆشتنەوە سەرم هەڵ بڕی، خوم لە بەردەم تووڵەڕێ یەکی باریکادی، کە خۆی پیچابوەوە باڵای (ئەو گردەی کە پی ئەڵێن: گردەکەی سەیوان شاری خامۆشان وە لە تەوقە سەریا دوایی دێ، کە هەرگیز ئەوەم بە خەیالا نە ئەهات، کە ڕووم کردبێتە نە م شوێنە) ناچار دەستی باریکەڕێم بەرنەدا تا چوومە ناخی ئەو شارە بێ دەنگەی کە تەنانەت (لەرەی پوشیکی لێ بەدی نە ئەکرا) جگە لە (شوێنەواری لاشەی ڕاکشاوی ئەوانە نەبێت کە خەوی تا هەتایان لێ کەوتووە) و ئادەمیزادی هوشیار ئەخەنە ئەندێشەی قوولی بێ بنەوە، بویە وا لە پڕ واقی ووڕما و بیر و هۆشی بڵاوم لە گەڵ شاڵاوی دە نگی خەیالێکا تێک ئاڵان کە هەر بە گوێ ی خەیاڵ ئەم بیست کە ئەی وت ئیمرۆ ئێوە دێن و بە سەرمانا.

ڕائەبورن و پێمان پیا ئەنێن ئاخۆ کێ ئەنێ سبەینێکە (ئێوەش بوون بە میوانمان و لە کۆشی گەرمی خەوی تا هەتایە ڕاکشان و خەوی یەک جاریتان لێ کەوت) بە سەرتانا ڕابورن و پێ بە گلو خولی سە رسینگی لاشەی بێ گیانتانا بنێن؟

ئایا ئەزانن ئێمە کێین باوکو باپیرانی ئێوەی بۆ ئێوە مردوین. ئێوەش ئەبنە باوکو باپیرانی مردوی ئەوانەی، کە (دوای ماڵ گواستنەوەتان بۆ شاری ئێمە) دێتە لاتان جا مەگەر ئەوسایە ئێوەش وەکو ئێمە سکاڵای دڵی خۆتان بەم جۆرە هەڵڕیژن و بڵێن (سەد خۆزگە بە نەهاتنتان نە ئەو سەردانە و نە ئەو پێ پانانەش)


کاتێ ئەمەم بیست هەروا بە واقی ووڕماوەوە چۆن چوو بوم، ڕێ و ڕێ گەڕامەوە، بۆیە تا قاروقیژی ناو بازاڕ پەردەی گوێ یان نە هەژاندمەوە ئەو دەنگە لە گوێما هەر ئەزرنگایەوە

**ڕۆژنامەی ژین، ژمارە (١٦٧٥) لە ١٩٦٢/٥/٣**

# نازناوی « بەدرخان »

لیرە و لەوێ زۆر کەس پرسیاری ئەوە دەکات، ئایا تۆ نەوەی بەدرخانییەکانیت؟ منیش لە زۆر شوێن و ڕاگەیاندنەکاوە ڕوونم کردەوە؟ بۆ گۆڤاری (دیوان)یش دەنووسم، کە چۆن ئەو نازناوەم پێدراوە؟

کاتێک لە ٢٠٠٠/١٠/٢٢ مانگنامەی بەدرخان، لە شاری سلێمانی، وەکو یەکەمین بڵاوکراوەی ئازاد و سەربەخۆ و هونەری بڵاوکرایەوە، لە پاشان بوو بە دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوە ی بەدرخان (٢٠٠٤) لە هەمان کاتیشدا فێستڤاڵی بەدرخان لە شاری سلێمانی و دهۆک و هەولێر ئەنجامدرا (٢٠٠٤-٢٠٠٦) لە کۆتایی فێستڤاڵی سێیەمینی بەدرخان لە شاری هەولێر ٢٢-٤-٢٠٠٦ لە لایەن شازادە سینەم بەدرخان جەلادەت بەدرخان وتارێک پێشکەش کرا و لە وتەکەیدا، سەرەڕای سەرکەوتنەکانی فێستیڤالەکانی بەدرخان نازناوی (بەدرخان)ی بە من بەخشی، کە لە نێو ئاپۆڕەی میوانانی فێستیڤاڵی بەدرخان لە هەولێر، کە بەڕێزان (عەدنان موفتی، کەمال فوئاد، فەرهاد عەونی، مستەفا ساڵح کەریم، زیرەک کەمال، ئەکەد موراد، سینەم خان جەلادەت بەدرخان، سەلاح سەعدوڵڵا.... چەندانی دیکە ئامادەگیان هەبوو.



بۆیە لە ساڵی ٢٠٠٦ تاکو ئەمڕۆ، بە شانازییەوە ئەو نازناوەم هەڵگرتووە و بۆتە جێگای ڕێز و پێزانینی من بۆ ماڵباتی ڕۆشنفکری بەدرخانیان. بۆیە هەندێکی خزمەکانم گلەیی ئەوە دەکەن بۆچی پاشناوی هۆزەکەی خۆمم هەڵنەگرتووە، ئەو نازناوە ڕۆژنامەوانییەم هەڵگرتووە.

چۆن شانازی کردن بە نازناو، سەنگ و قورسایی کەسێتییەکە دیاری دەکات، لە هەمان کاتیشدا ئازادییە کەسییەکانیشت بەرتەسک دەکاتەوە.



حەمید ئەبوبەکر ئەحمەد

**(حەمید بەدرخان)**

**ئەڵمانیا ٢٠٢٢/١٢/٨**

سالار گوشار

# بەختیار مستەفا، ئەو هونەرمەندەی لەسەر هونەر باوکی لە ماڵ دەریکرد

ئەستەمە مرۆڤ بەگژ مەحاڵدا بچێتەوە و هیچ پەناو پەسێوێکیش نەبێت پشتی پێبدات، کەچی موکڕیش بێت لەسەر بەرگەگرتن.

زۆر ڕووداو هەن، خۆت بۆ ئامادەنەکردووە، لەهزری تۆدا مەحاڵە، لێ ڕووشدەدەن، ڕووداتیشیان ئاراستەی ژیان و هزر و بیروبۆچوونت دەگۆڕن.

کەم نین ئەوانەی بەهۆی ڕووداوێکەوە سەرکردەی گەورە و شۆڕشگێری دیار و هونەرمەند و نووسەری گەورە و دیکتاتۆری گەورەیان لێدەرچووە.

ئەم بەسەرهاتەم دوور بە دوور بۆ باسکرابوو، پاڵەوانی ڕووداوەکە لەسلێمانی بوو، بۆیە بڕیارمدا بچم چاوم پێی بکەوێت و لەنزیکەوە، چیرۆکە ڕاستەقینە تراژیدیاکەم بۆ بگێڕێتەوە.

منداڵێک زۆرحەزی لەموزیک دەبێت، لە منداڵییەوە خولیای موزیک دەبێت، زۆرجار خەون بەو خولیاوە دەبینێت و لە خەونیدا موزیک دەژەنێت، بەڵام هیچ دەرفەتێک نەبووە، بۆ ئەوەی بەو حەزەی بگات، چونکە خێزانەکەی، خێزانێکی داخرواو بوونە، بەتایبەتی باوکی کەسێکی ئایینی توندڕۆ بووە، موزیکی پێ حەرام و دەرچوون لە داب ونەریتی کۆمەڵگە زانیوە، هونەری پێ خوێڕیاتی و سووک و لادان لە ئەخلاق و ئابڕوو زانیوە.

## لەناو ئەم جەریانە دەبێ چیبکا

ئەو منداڵە بەهرەمەندە، لەونێوەدا دەبێت چی بکات؟ دوور لە چاوی باوکی و بەدزییەوە، بەدوای حەز و ئارەزووەکەی دەکەوێت، لەگەڵ هاوڕێ و هاوتەمەنەکانی خۆی، لە کەند و چۆمە پیسەکانی حەسارۆکان، بەدوای قامیشدا دەگەڕێت، تا ئامێرێکی، وەک، دووزەلەی پێ دروست بکات، زۆرخەریکی ئەو خوە دەبێت، تا وای لێدێت بەتەواوی فێرە دووزەلە دەبێت، لێرەوە ڕۆژ بە ڕۆژ پەرە بە تواناکانی خۆی دەدات،

لەڕێی سەنتەرەکانەوە، بەشداری خولی موزیک و کاری هونەریی دەکات، بەبێ ئەوەی پێشتر هیچ خولێکی موزیکی بینیبێت، لەو سەنتەرانە دەست بۆ ئامێرەکانی دیکەی، وەک باڵەبان، کلارنێت، شمشاڵ، نەی، کیبۆرد، زوڕنا و ساز و ڕیتم دەبات، تا وای لێدێ لەچەند فیستڤاڵێکیش بەشداری دەکات.

لەیەکێ لەو فیستڤاڵانە، لەهۆتێل چوارچرا



> **خەڵک ڕەحمەت بۆ باوکم دەنێرن، ئەویش لەسەر مۆسیقا منی لە ماڵ دەرکرد**

هونەرمەندی گەورە مەزهەری خالقی دەناسێت،

ئەو هەر بەدزی ماڵەوەی بەشداری زۆربەی چالاکییە هونەرییەکان دەکات، بەشێوەیەک دەبێتە ناوێکی دیار، هەر بەم هۆیەوە ناوبانگ پەیدا دەکات و بەهۆی ئەو ناوبانگەیەوە، لەیەکێ کەناڵەکان داوەت دەکرێت، بەڵام لە ترسی باوکی ڕازی نابێت، چونکە چەندین جار بەهۆی ئەم کاری هونەرییەوە، بەدەستی باوکی لێدانی خواردووە، بەڵام کەناڵەکە دەڵێت ئێمە نایەڵین هیچ شتێک ڕووبدات، بەمشێوەیە ڕازی دەکەن بچێتە بەرنامەکە.

یەکێ لەهاوڕێکانی هەواڵی ئەوە دەگەیێنێتە باوکی، کە کوڕەکەی چووەتە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆن و مۆسیقاشی لێداوە، ئیدی لێرەوە ڕووداوەکە دەست پێدەکات، کاتێک دێتە ماڵەوە، پاش لێدان و کۆمەڵێک سووکایەتی پێکردن، ئینجا باوکی لەماڵ دەریدەکات، پێیدەڵێت بە هیچ شێوەیەک نابێت بێیتەوە ماڵ و تۆ کوڕی من نیت.

ئالێرەوە بڕیاردەدات بەگژ مەحاڵدا بچێتەوە و لەسەر ئەم خولیا هونەرییەی بەردەوام دەبێت، سەری خۆی هەڵدەگەرێ و دەچێتە سلێمانی، لەسلێمانی دەچێتە لای هونەرمەندی گەورە مەزهەری خالقی، کە ئەوکاتە سەرۆکی ئەنیستوتی کەلەپووری کورد بوو، لەوێ خۆی پێ دەناسێنێتەوە و دەڵێت من بەختیارم، بەختیار مستەفا ئەوەی ژەنیاری باڵەبان و شمشاڵ، سەرلەبەری بەسەرهاتی خۆی بۆ دەگێڕێتەوە، مەزهەری خالقیش ئەوەی بیر دێتەوە، کە کاتی خۆی لە هەولێر چاوی پێی کەوتووە، ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە (هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد)ەوە دەکات دادە هێرۆش هەرزوو بەفریای دەکەوێت و بۆ ماوەی یەک ساڵ هۆتێلێکی بۆ دابین دەکات (هۆتێل شارام) پاش ئەو ساڵە دەیبەنە بەشەناوخۆیی، لەوێش ماوەیەک دەمێنێتەوە، لێرە بەدواوە بەشداری هەموو کاروچالاکییە هونەرییەکان دەکات.

هونەرمەند ئەنوەر قەرەداغی دەنێرێتە دوای و بۆماوەی چوارساڵ لە تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان کاردەکات و بەشداری بەرنامە و کارە هونەرییەکان دەکات، بەشدار دەبێت لە هەموو فێستیڤاڵەکانی کوردستان و دەرەوەی کوردستان.

لە ئەنجامی ئەو چالاکیانەیدا هونەرمەندی میللی کەریم خەمزەیی دەناسێت پێیدەڵێت هونەرمەندێکی لێهاتووی وەک تۆ چۆن دەبێت لە بەشەناوخۆیی بمێنێتەوە دەیباتەوە ماڵی خۆی و وەک کوڕی خۆی هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکات.

نۆ ساڵ لە ماڵی هونەرمەند کەریم خەمزەیی دەمێنێتەوە، پاشان ژن دێنێت و خێزانێکی بەختەوەر دروست دەکات و لە کاری هونەریش ڕۆژ بە ڕۆژ لە هەڵکشاندایە.

دواجار سەبارەت بە پەیوەندی بە باوکی و کەسوکارییەوە گوتی: زۆرجار بۆکاری هونەریی دەچمەوە هەولێر، سەردانی کەس وکاریشم دەکەم، زۆر پەیشمانن لەوەی کاتی خۆی لەگەڵیان کردووم، بەڵام تائێستە نەچوومەتەوە ماڵی باوکم، باوکیشم تائێستە لێی نەپێچاومەتەوە، بەڵام ڕەنگە جاروبار لە تەلەفزیۆن بمبینێت، چونکە جارێکیان کچێکی خزممان بۆی گێڕامەوە گوتی: جارێک تۆی لە تەلەفزیۆن پیشاندابوو، ئێمەش هاوارمانکرد، ئەوە بەختیارە، بەڵام هەتا ئەو هات تۆ لەسەر شاشە نەمابووی.

ئێستەش لەهەرشوێنێک، کە گۆرانییەک دەڵێم، یان کە ژەنینێکی باش دەژەنم دەڵێن ئەک ڕەحمەت لەباوکت بۆخۆت و ژەنینت، سەیرە، خەڵک ڕەحمەت بۆ باوکم دەنێرن، ئەویش لەسەر مۆسیقا منی لە ماڵ دەرکرد.

*** بەختیار مستەفا ساڵی ١٩٨٦ لەگەڕەکی مەلایان، لە هەولێر لە دایکبووە، ئەم ڕووداوەش لەساڵی ٢٠٠٤ ڕوویداوە، من لەساڵی ٢٠٢١ بەرنامەیەکەم بۆ تۆمارکرد، تائێستەش چەندین گۆرانی تۆمارکردوە و کلیپی بۆکردون، کە لە ئاوازی خۆیەتی.**

# بەشی زمانی کوردیی کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی سەلاحەدین
## ٢٠٠٣-٢٠٠٤ بۆ ٢٠١٣-٢٠١٤



د. شوان سلێمان بابە

### ساڵی خوێندنی ٢٠٠٣-٢٠٠٤

٥١- د. عومەر ئەحمەد عەبدوڵڕەحمان، یەکەمی بەش بووە بە پلەی (زۆرباش) ئێستە مامۆستایە لە بەشی زمانی کوردی کۆلێژی پەروەردەی شەقڵاوە زانکۆی سەلاحەدین .

٥٢- م. هەژار قادر ئیسماعیل سێیەمی بەش بووە بە پلەی (باش) ئێستە مامۆستایە لە بەشی زمانی کوردی کۆلێژی زمانی زانکۆی سەلاحەدین .

٥٣- م. میدیا جەلال مەجید چوارەمی بەش بووە بە پلەی (باش) ئێستە قوتابی دکتۆرایە و مامۆستایە لە بەشی زمانی کوردی کۆلێژی مەخمووری زانکۆی سەلاحەدین .

٥٤- د. کەیفی محەمەد عەزیز بیست و چوارەمینی بەش بووە بە پلەی ( ناوەند) ئێستە مامۆستایە لە بەشی زمانی کوردی کۆلێژی پەروەردەی بنەرەتی زانکۆی سۆران .

### ساڵی خوێندنی ٢٠٠٤-٢٠٠٥

٥٥- د.سافیە محەمەد ئەحمەد یەکەمی بەش بووە بە پلەی (زۆرباش) ئێستە مامۆستایە لە بەشی زمانی کوردی کۆلێژی پەروەردەی بنەرەتی زانکۆی ڕاپەرین .

٥٦- م. نیعمەت قەرەنی ئیسماعیل دووەمی بەش بووە بە پلەی (زۆرباش) ئێستە قوتابی دکتۆرایە و مامۆستایە لە بەشی زمانی کوردی کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی سەلاحەدین .

٥٧- م. بازیان یونس محێدین سێیەمی بەش بووە بە پلەی (زۆرباش) ئێستە قوتابی دکتۆرایە و مامۆستایە لە زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر .

٥٨- م. تابان نوری حەمەسەعید پێنجەمی بەش بووە بە پلەی (باش) ئێستە مامۆستایە لە بەشی زمانی کوردی کۆلێژی پەروەردەی قەڵادزێ زانکۆی ڕاپەرین .

٥٩- م. هێرۆ عەبدوڵڕەحمان مستەفا شەشەمی بەش بووە بە پلەی (باش) قوتابی دکتۆرایە و مامۆستایە لە کۆلێژی کشتوکاڵی زانکۆی سەلاحەدین .

٦٠- م. ڕزگار واحید حەمەدەمین هەشتەمی بەش بووە بە پلەی (باش) ئێستە مامۆستایە لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی هەولێر .

٦١- م. کانیاو عوسمان مستەفا نۆیەمی بەش بووە بە پلەی (باش) ئێستە مامۆستایە لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی هەولێر .

٦٢- م. عوسمان عەبدوڵڵا فەرەج بیست و نۆیەمینی بەش بووە بە پلەی (ناوەند) ئێستە مامۆستایە لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی هەولێر.

٦٣- م. مەریوان عەزیز عەبدوڵڵا سی و هەشتەمینی بەش بووە بە پلەی (ناوەند) ماستەری لە (ڕێگاکانی وانەوتنەوە) لە وڵاتی لوبنان وەرگرتووە ئێستە لە بەڕێوەبەرایەتی هەماهەنگی ئەنجومەنی وەزیرانە.

٦٤- بوشرا حەمەساڵح حەمەعەلی چل و نۆیەمینی بەش بووە بە پلەی (ناوەند) ئێستە مامۆستایە لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی هەولێر.

٦٥- م. ئارەزوو محەمەد عەلی دەرچووی خولی دووەمە ئێستە مامۆستایە لە بەڕێوەبەرایەتی

پەروەردەی هەولێر.

٦٦- د. ئاسۆ عەبدولڕەحمان کەریم دەرچووی خولی دووەمە ئستە مامۆستایە لە بەشی زمانی کوردی کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی سەلاحەدین.

## ساڵی خوێندنی ٢٠٠٥-٢٠٠٦

٦٧- م.سەرکەوت سەعدی قادر یەکەمی بەش بووە بە پلەی (زۆرباش) ئێستە قوتابی دکتۆرایە و مامۆستایە لە بەشی زمانی کوردی کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی سەلاحەدین .

٦٨- م. هاوکار مامەند تەها هەشتەمی بەش بووە بە پلەی (باش) ئێستە قوتابی دکتۆرایە و مامۆستایە لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی هەولێر .

٦٩- م. شوان غازی پیرداود دەیەمی بەش بووە بە پلەی (باش) ئێستە قوتابی دکتۆرایە و مامۆستایە لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی هەولێر .

٧٠- م. کانیاو ڕەحمان حەمەد یانزەهەمینی بەش بووە بە پلەی (باش) ئێستە مامۆستایە لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی دەوروبەری هەولێر .

٧١- م. سەعد فاروق یوسف (م. سەعد شێخ بزێنی) سیەمینی بەش بووە بە پلەی (ناوەند) ئێستە مامۆستایە لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی هەولێر

٧٢- م. سروە تاهیر عەلی سی ویەکەمینی بەش بووە بە پلەی (ناوەند) ئێستە مامۆستایە لە بەشی زمانی کوردی کۆلێژی پەروەردەی شارەزوور زانکۆی هەڵەبجە.

٧٣- م. ڕێبوار کەریم سلێمان دەرچووی خولی دووەمە، ئێستە قوتابی ماستەرە و مامۆستایە لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی دەوروبەری هەولێر .

٧٤- م. هەژار حەیدەر ئەحمەد دەرچووی خولی دووەمە ماستەری لە (کارگێڕی سەرچاوە مرۆییەکان) وەرگرتووە ئێستە لە پاشکۆی وەزارەتی پەروەردە دەوام دەکات .

## ساڵی خوێندنی ٢٠٠٦-٢٠٠٧

٧٥- م.سروە فەیسەڵ عەزیز یەکەمی بەش بووە بە پلەی (زۆرباش) ئێستە مامۆستایە لە بەشی زمانی کوردی لە زانکۆی سۆران .

٧٦- م. بەیان مەلا حەمەدەمین دووەمی بەش بووە بە پلەی (زۆرباش) ئێستە مامۆستایە لە بەشی زمانی کوردی کۆلێژی پەروەردەی مەخموور زانکۆی سەلاحەدین .

٧٧- م. کارزان عبدالله جێژنی سێیەمی بەش بە پلەی (زۆرباش) ماستەری لە بەریتانیا تەواو کردووە ئێستە مامۆستایە لە بەشی زمانی کوردی کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی سەلاحەدین.

٧٨- م.بێری یاسین حوسێن پێنجەمی بەش بووە بە پلەی (زۆرباش) ئێستە مامۆستایە لە بەشی زمانی کوردی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی زانکۆی سەلاحەدین .

٧٩- د. ڕێبوار محەمەد ئیسماعیل دەیەمی بەش بووە بە پلەی (باش) ئێستە مامۆستایە لە بەشی زمانی کوردی کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی سەلاحەدین .

٨٠- م. هەڵمەت سەردار عومەر بیستەمینی بەش بووە بە پلەی (باش) ئێستە مامۆستایە لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی هەولێر پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایان .

٨١- م.نزار محەمەد حوسێن سیەمینی بەش بووە بە پلەی (ناوەند) ئێستە قوتابی ماستەرە و مامۆستایە لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی هەولێر .

٨٢- م. سەنگەر عەبدوڵلا ڕەحمان چلەمینی بەش بووە ئێستە قوتابی ماستەرە و مامۆستایە لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی هەولێر .

٨٣- م. دانا حەسەن حوسێن چل و حەوتەمینی بەش بووە بە پلەی (ناوەند) ماستەری لە (پێشەنگی پەروەردەیی) وەرگرتووە ئێستە مامۆستایە لە کۆلێژی ئەزمەڕ بۆ بەهرەداران.

## ساڵی خوێندنی ٢٠٠٧-٢٠٠٨

٨٤- م.ڕێبین خالد خدر یەکەمی بەش بووە بە پلەی (زۆرباش) ئێستە قوتابی دکتۆرایە و

مامۆستایە لە بەشی زمانی کوردی کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی سەلاحەدین .

٨٥- م. سەیوان محەمەد تاهیر دووەمی بەش بووە بە پلەی (زۆرباش) ئێستە قوتابی دکتۆرایە لە زانکۆی کوردستان لە شاری (سنە) مامۆستایە لە بەشی زمانی کوردی کۆلێژی پەروەردەی شەقلاوە زانکۆی سەلاحەدین .

٨٦- م. یوسف عەلی محەمەد سێیەمی بەش و بە پلەی (زۆرباش) ئێستە مامۆستایە لە بەشی زمانی کوردی کۆلێژی پەروەردەی شەقلاوە زانکۆی سەلاحەدین .

٨٧- م. ئومێد عەزیز مستەفا حەوتەمی بەش و بە پلەی (باش) ئێستە قوتابی دکتۆرایە لە زانکۆی کوردستان لە شاری (سنە) مامۆستایە لە بەشی زمانی کوردی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت زانکۆی سەلاحەدین .

٨٨- م. شوان نەجمەدین عومەر هەشتەمی بەش بووە بە پلەی (باش) ئێستە مامۆستایە لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی هەولێر .

٨٩- م. جەمال حەسەن مینە دەیەمی بەش بووە بە پلەی (باش) ئێستە مامۆستایە لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی هەولێر .

٩٠- م.خەبات هادی جەمیل دەرچووی خولی دووەمە، ئێستە مامۆستایە لە بەشی زمانی کوردی کۆلێژی زمانی سەلاحەدین .

## ساڵی خوێندنی ٢٠٠٩-٢٠١٠

٩١- م. عەبدوڵڵا محەمەد خالید دووەمی بەش بووە بە پلەی (زۆرباش) ئێستە قوتابی ماستەرە و لە کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی سەلاحەدین دەوام دەکات .

٩٢- ئاڤێستا عەبدولخالق عەزیز، نۆیەمی بەش بووە بە پلەی (باش) ئێستە قوتابی ماستەرە لە کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی سەلاحەدین

## ساڵی خوێندنی ٢٠١١-٢٠١٢

٩٣- م. تەلعەت محەمەد عەزیز یەکەمی بەش بووە بە پلەی (زۆرباش) ئێستە مامۆستایە لە بەشی زمانی کوردی کۆلێژی پەروەردەی ئاکرێ زانکۆی دهۆک .

٩٤- م. ئیسماعیل حەمەدەمین سلێمان دووەمی بەش بووە بە پلەی (زۆرباش) ئێستە قوتابی ماستەرە و لە بەشی زمانی کوردی کۆلێژی پەروەردەی شەقلاوە زانکۆی سەلاحەدین دەوام دەکات .

## ساڵی خوێندنی ٢٠١٢-٢٠١٣

٩٥- د. بەهار عەبدولجەبار جامی یەکەمی بەش بووە بە پلەی (نایاب) ئێستە مامۆستایە لە بەشی زمانی کوردی کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی سەلاحەدین .

٩٦- م. کەنار یاسین عومەر دووەمی بەش بووە بە پلەی (زۆرباش) ئێستە قوتابی ماستەرە و لە کۆلێژی پەروەردەی مەخموور دەوام دەکات .

٩٧- م. نەجات عەبدوڵڵا عەبدولحەمید سێیەمی بەش بووە بە پلەی (زۆرباش) ئێستە قوتابی ماستەرە و لە کۆلێژی پەروەردەی شەقلاوە دەوام دەکات .

## ساڵی خوێندنی ٢٠١٣-٢٠١٤

٩٨- م. ڤیان عەباس ئیسماعیل یەکەمی بەش بووە بە پلەی (زۆرباش) ئێستە قوتابی ماستەرە و لە کۆلێژی پەروەردەی مەخموور زانکۆی سەلاحەدین دەوام دەکات .

٩٩- م. جیهان یوسف ئەحمەد دووەمی بەش بووە بە پلەی (زۆرباش) ئێستە قوتابی ماستەرە و لە کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی سەلاحەدین دەوام دەکات .

١٠٠- م. گەزەنگ عەبدولقادر عەبدوڵڵا سێیەمی بەش بووە بە پلەی (زۆرباش) ئێستە قوتابی ماستەرە.

١٠١- م. ڕابەر ئیسماعیل ئەحمەد سیانزەمینی بەش بووە بە پلەی (باش) ماستەری لە وڵاتی تورکیا لە شاری وان تەواو کردووە.

١٠٢- م. ڕێبەند ئیسماعیل ئەحمەد بیست و هەشتەمینی بەش بووە بە پلەی (باش) ماستەری لە وڵاتی تورکیا لە شاری وان تەواو کردووە.


* بەشی زمانی کوردی لە ساڵی خوێندنی ١٩٩٢-١٩٩٣ لە کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی سەلاحەدین کراوەتەوە و تاکو ئێستە بەردەوامە

# ڕوونکردنەوە و ڕاستکردنەوە

**بەڕێز کاک سمکۆ**

سڵاو و ڕێز و خۆشەویستی

دەست خۆش چاوپێکەوتنەکەت زۆر ئەمانەت بڵاوکردووەتەوە، بەڵام چەند هەڵەیەکی بچووکی تێکەوتووە، پێم باش بووڕاستیان بکەمەوە.



١- کوێستانی خەیلانیان ناوی (سپی ڕێز)ە نەک (پیرزین)

٢- ئەو مەلایەی دەچووە لای ڕەوەندەکان، مەلای خەتێ خۆی بووە، ئەو باپیرە گەورەی منی بردووەتە لای خۆی، دواتریش لە شوێنی خۆی داناوە و کچێکی خۆشی لێ مارە کردووە، واتە داپیرەمان کچی مەلای خەتێیە.

٣- لە یەکەم شیعرم ١١ی ئازار، سەرەتا وادەست پێدەکات:

ئازار بۆی هێناین مژدەی ئازادی

لە یادمان نەما زوڵم و بێ دادی...هتد

٤- دانیشتنەکەی پێش چوونە شاخمان لە یانەی مافناسان (حقوقیین) بوو، نەک ئەندازیاران.

دووبارە هەر ساغ و سەورکەوتوبی

برات

**نزار خەیلانی**

**ئەڵمانیا ٢٠٢٢/١١/٢٠**

* ئەو ڕوونکردنەوە و ڕاستکردنەوەی نزار خەیلانی سەبارەت بەو چاوپێکەتنەیە، کە لە ژمارە (١٧)ی گۆڤاری دیوان بڵاوکراوەتەوە.

* هەروەها بە پێویستی دەزانین ئێمەش وەکو گۆڤاری دیوان ئەو هەڵەیە ڕاست بکەینەوە، کە لە ژمارە (١٨)ی ڕابردوو بەسەرماندا تێپەڕیوە، لە بابەتی (برا و خوشک، باسی شەیداهۆی برایان دەکەن) لە لاپەڕە (٥) لە جیاتی بنووسرێت (عەلی عوسمان) نووسراوە (عوسمان عەلی) هەروەها لە لاپەڕە (٧)یش لە جیاتی (ڕێزان عوسمان) نووسراوە (ڕێزان عەلی).

لە لاپەڕە (٢) پێڕستیش لە بەرانبەر بابەتی (پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی و ئاییینی لە تورکیا) بە هەڵە ناوی د. ئەحمەد حەمەدەمین نووسراوە، ڕاستییەکەی بابەتەکە هی ( ژیلوان عەبدوڵڵا هەڵەدنی)یە.

# سالۆنی لاپەڕە (٩)

## شەممە: ٢٠٢٢/١١/١٩



( کام سەرنجی دەق ناسی؟ وەڵامێکی لیکسیکۆنی بۆ د. سەروەر عەبدوڵا لەبارەی زەینەب خان )، ناوونیشانی ئەو کۆڕە بوو، کە ڕۆژی شەممە ٢٠٢٢/١١/١٩ بۆ (پێشڕەو سەید برایم) ڕێکخرا، دواتر هەریەک لە عەبدوڵڵا زەنگەنە و مومتاز حەیدەری ئاڵوگۆڕی بۆچوونەکانیان خستەڕوو.

## شەممە: ٢٠٢٢/١١/٢٦






بەئامادەبونی نووسەران و ڕۆشنبیران و ڕۆژنامەنوسان ڕۆژی شەممە ٢٠٢٢/١١/٢٦

مەڕاسیمی ناساندن و دابەشکردن بۆ کتێبی (سەددامییەکانی میدیا) کە لە نووسینی ڕەنگین عەبدوڵڵا بوو ڕێکخرا، لە مەراسیمەکەدا نووسەر تیشکی خستە سەر ناوەڕۆکی کتێبەکە و بۆ ئامادەبوانی ڕوونکردەوە.

## شەممە: ٢٠٢٢/١٢/٣






ڕۆژی شەممە ٣/ ١٢/ ٢٠٢٢ لە سالۆنی لاپەڕە نۆ

مەڕاسیمی ناساندن بۆ کتێبی پرسی زمانی کوردیی لەعێراقدا، لە نووسینی خەلیل عەبدوڵڵا کرا و نووسرا ئاماژەی بۆ پرسە دەستوریی و قانونییەکان کرد، کە پەیوەندییان بە پرسی زمانی کوردییەوە هەبوو.

## شەممە: ٢٠٢٢/١٢/٧

ڕۆژی شەممە ٢٠٢٢/١٢/١٧ بە ئامادەبوونی ژمارەیەک لە نوسەر و ئەدیب و ڕۆشنبیران کۆڕێک بۆ زرار سەرتاش، سەبارەت بە چاپکردن و بڵاوکردنەوەی ڕۆمانی فاتە هەڵۆ ڕێکخرا، لە کۆڕەکەدا نووسەر تیشکی خستە سەر خەبات و تێکۆشانی ئەو ژنە قارەمانەی شەقڵاوە، کە چۆن لە پێنا مافی ڕەوای گەلەکەی بووە بە هەڵۆ.






بەئامادەبونی ژمارەیەکی بەرچاو لە نووسەران و ڕۆشنبیران ڕۆژنامەنوسان و هونەرمەندانی هەولێر کۆڕێک سەبارەت بە شەهابەی هەولێریی ڕێکخرا، لە کۆڕەکەدا وێڕان پیشاندانی فیلمە دیکۆمێنتارییەکە، کە لە دەرهێنانی ستار محەمەئەمین و بەرهەمی تەلەفزیونی گەلی کوردستان کە نالی هەولێر بوو، ستار محەمەدئەمین سەبارەت بە ئەزمونی کاری دۆکیۆمێنتاری لەنێو فیلمی شەهابەی هەولێریی قسەی کرد.



# فێستیڤاڵی شانۆ لە ئامەد



ئەگەر شانۆگەری پەیامێکی مرۆڤایەتی بێت لەگەڵ مانەوە و پێشکەوتنی مرۆڤ، ڕەوتی شانۆش هەنگاو بە هەنگاو پێگەی خۆی قایمتر دەکات و قۆناغ دوای قۆناغ هاوتەریبی سەردەم خۆی نوێ دەکاتەوە.

لە فێستیڤاڵی شانۆی ئامەد، چەندین نمایشی جۆراوجۆر و جیاواز و سەرنجڕاکێش نمایش کران، ئەوەی لەو فێستیڤاڵەدا کرا، دەتوانین بڵێین شانۆی کوردیی لە توانایدا هەیە ببێتە ناسنامەی کورد لەسەر ئاستی شانۆی جیهانیدا.

لە هەر چوار پارچەی کوردستان بەشداری کرابوو، لە کۆی هەژدە شانۆ سیانزەیان بە کوردی بوون، ئەوانیدیکەش بە زمانی تورکی، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجی هەموان بوو، ئەوەبوو، کە تیپی شانۆی (ئامەد) لە ئاستێکی بەرزدا بوو، توانیان ببنە جێی سەرنجی بینەران و هونەرمەندان.

زۆربەی ئەکتەرەکانی گروپی ئامەد، لە ئاستێکی بەرزدا ڕۆڵیان بینی، ئەگەر لە ئاستی نمایشەکانی تورک و فارس باڵاتر نەبووبن، هیچیان لەوان کەمتر نەبوو.



کۆمەڵێک کوڕ و کچی هونەرمەندی کورد لە ئامەد مێژوویان بۆ شانۆی کوردیی دروست کرد، چونکە ئەگەر باس لە مێژووی شانۆ لە ئامەد و باکووری کوردستان بکەین، دەبێت ئەو ڕاستییە بزانین، کە سەرهەڵدانی بزاڤی شانۆی کوردیی لەوێ، سەرەتایە، هەر نزیکەی دە ساڵێک دەبێت شانۆ بووەتە مەنزڵگایان.

ئەگەر بەر لە ڕاپەڕین زەمەنی زێڕینی شانۆی کوردیی بووبێت لە باشوور، ئەوە ئێستە باکوور، بەتایبەتی باژێڕی ئامەد بەو زەمەنە زێڕینەدا تێدەپەڕێت.

تاکە ئامانجیان ئەوەیە شانۆ بە زمانی کوردیی نمایش بکرێت، تەنیا بۆ ئەوەی زمانی کوردیی و مرۆڤی کورد لە باکوور ون نەبێت و پارێزراو بێت.

شانۆ لای ئەوان پردێکە بۆ گەیشتن بە ئامانج. لە سێبەری شانۆدا هەوڵی دروستکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی و پێشکەوتووخوازیی دەدەن، پەیامی خۆیان لە ڕێگەی شانۆوە دەگەیەنن و گەشە بە داهێنان و هونەری ڕەسەن و کلتوور دەدەن. توانیویانە ڕۆشنبیریی بینەر بەرەو لووتکە بەرن، چونکە شانۆ دەتوانێت عەقڵ و ڕۆشنبیریی تەماشاکار لەگەڵ خۆیدا پێش بخات، بەهۆی ئەوکارە جدیانەی، کە ئێستە لەگەڵ دەقی شانۆدا دەکرێت، چونکە شانۆ توانیویەتی بە ئەندازەیەکی باش ژنان بهێنێتە مەیدانی هونەر و بە خۆشەویستییەوە بۆ پارێزگاریکردن لە کلتووری نەتەوەیی و ڕەسەنایەتی، تەوقی دابونەریتی کۆن بشکێنێت و لەسەر شانۆ مێژوو تۆمار بکەن.

لەگەڵ هونەرمەند عەلی کەریم، کە بە یەکەوە میوانی فێستیڤاڵی ئامەد بووین، گەیشتینە ئەو ڕایەی، کە دەتوانم بڵێم فێستیڤاڵی ئامەد فێستیڤاڵێکی نموونەیی و تایبەتمەند بوو، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ جۆر و شێوازی نمایشەکان، لە ڕووی بونیادی هونەریی و سازدانی فێستیڤاڵەکەوە، هەر بۆ نموونە جیاوازیی لە پێشوازی بنیەران لە ڕێگەی بلیتەوە. بە پێچەوانەی تێکڕای فێستیڤاڵەکانی باشوور، لە ماوەی ٣٠ ساڵی ڕابردوودا، ئەگەر سەیری ئاستی نمایشەکانی ئەم فێستیڤاڵەی ئامەد بکەین، دەبینین ئاستێکی بەرزی جیهانیی هەبوو. بە تایبەتیش بەرهەمەکانی هەردوو گروپی ئامەد و ئیستانبووڵ، کە بەرهەمەکانی ئەم دوو گرووپە جێگەی سەرسامی بوون، کە دەکرێت بڵێین فێستیڤاڵی ئامەد بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ فێستیڤاڵەکانی باشوور بەراورد ناکرێ.

عەبدولعەزیز مەجید